


# مافی ژن
## لە کۆمەڵی کوردەواریدا

ژیلا.ف — تەیفور

# Mafi Jen
## La Komali Kurdavarida



**Nousar: Jilla F. / Tayfur**

Kitab-i Arzan

2000



Mafi Jen la Komali kurdavarida
Jilla F / Tayfor
KITAB-I ARZAN
Helsingforsgatan 15, 164 78 Kista - Sweden
Telefax: +46(0)8 752 77 09
Mobil: +46(0) 70 4926924
ISBN 91 88880 37 0

مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا
نوسین و لێکۆڵینەوە: ژیلا . ف تەیفور
گەڵاڵە و کاری کامپیوتێری بەرگ و دیمەنەکان: خوسرەو زەبێحی
چاپی یەکەم کتێبی هەرزان ساڵ ٢٠٠٠ سوئید

# پێرست

پێشەکی ـ گرینگی دیاری کردنی ماف ........................ ا ـ ح

بەشی یەکەم: بەر لە مێژوو ................................ ٣
ژن (دایک) خودای ئینسانی سەرەتایی ............... ٣
ژن دامەزرێنەر و بنەوانی کۆمەڵی سەرەتایی ......... ٨
ژن کەسی دووهەم ................................ ١٤

بەشی دووهەم: شارستانییەتە گەورەکانی نێوان دووزێ .......... ١٧
زاگرۆس.......................................... ١٩
سومر............................................ ٢١
بابل............................................. ٢٥
ئاشور............................................ ٢٩

بەشی سێهەم: زەردەشت و ئایینی زەردەشتی ................ ٣٣
ماد............................................. ٢٥
پارس............................................ ٤٠
ژن لە میتۆلۆژی ئایینی زەردەشتیدا ................ ٤٤
ئەشکانی......................................... ٤٨
ساسانی (یاساکانی زەردەشتی)...................... ٥٦

بەشی چوارەم: عەرەب و ئیسلام ........ ٧٥

هێرشی عەرەب ........ ٧٧

بە موسڵمان بوونی کوردان ........ ٧٨

ژن لە یاسای ئیسلامدا ........ ٨٣

١ـ ژنانی کۆیلە (کەنیز) ........ ٨٣

٢ـ زەمی ........ ٩١

یاساکانی تەورات ........ ٩٧

یاسی مەسیحی ........ ١٠٦

٣ـ مافی ژنی موسڵمان ........ ١٠٩

بەشی پێنجەم: ئیزەدی و کاکەیی ........ ١٢٧

ئایینی کوردی؟ ........ ١٢٩

ئیزەدی ........ ١٣٠

کاکەیی ........ ١٣٦

بەشی شەشەم: دەسەڵاتی تورکان ........ ١٤٥

یاسای مەغول ........ ١٤٧

عوسمانی و ئێران ........ ١٥١

ئیمپراتۆری عوسمانی ........ ١٥٢

ژنی خێڵ و عەشیرەت ........ ١٦٠

ژنی لادێ ........ ١٦٣

ژنی میر و بەگ ........ ١٦٣

ژنی شاری ........ ١٦٤

ئێران ........ ١٦٥

سەفەوییەکان ........ ١٦٦

قاجار ........ ١٧١

پێوەندی کورد و قاجار ........ ١٧٤

ژن و دەسەڵات ........ ١٧٤

ژیانی ژن لە کۆمەڵی ئەوکاتەدا ........ ١٧٥

لادێ و عەشیرەت ........ ١٧٧

شار ........ ١٧٩

کار ........ ١٨١

خوێندەواری ........ ١٨٢

بەشی حەوتەم: سەدەی بیستەم ........ ١٨٥

عێراق ........ ١٩٦

سوریە ........ ١٩٩

دیمەنی ئەوڕۆ ........ ٢٠٠

کۆتایی ........ ٢٠٥

سەرچاوەکان ........ ٢٠٧

پەراوێزی بەشی شەشەم: دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانی دا ... ٢١٣

## گرینگی دیاری کردنی ماف

نامانەوێ بڵێین ژن* و پیاو لە دوو دنیای جیاوازدا دەژین، بەڵام ناشتوانین بڵێین ژیانیان وەک یەکە و جیاوازی نییە. ناکرێ جیاوازییەکانیش کە لە هەموو ژیانی کۆمەلایەتی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە و وەکوو هەموو جیاوازییەکانی دیکە برینێکی مێژووییە بە لەشی مرۆڤەوە، بە دوو نموونە هێنانەوە دیاری بکرێ. بێ گومان ئەمەش مەیدانێکە کە دەبێ خەباتی تێیدا بکرێ. لە ڕاستیدا، توێژینەوە و نیشاندان ولە ئاکامدا سەلماندنی مافی یەکسانی ژن لە کۆمەڵدا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵی کۆمەلایەتی ومێژوویی ویاسای وسیاسی و... هەیە کە نە بەیەک لێکۆڵینەوە دەکرێ و نە کاری تاکە کەسییە. بە تایبەت ئەگەر ژنان بۆ خۆیان دەست پێشخەر نەبن وکار وخەباتی بۆ نەکەن، پیاو نە دەیەوێ ونە پێدەکرێ ئەو ئەرکە جێ بە جێ بکا.

باسی مافی ژن لە کوردەواریدا و تەنانەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بگرە هەموو ولاتە ئیسلامییەکاندا، شتێکی تازەیە. ئەم باسە پاش هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئیسلامی لە ئێراندا خولێکی تازەی دەست پێکردووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەسەلاتی سەرەڕۆی مەلاکان لە ئێراندا بەر لە هەموو شتێک ژیانی ژنانی پەلاماردا و کۆمەڵی زیاتر لەوەی هەبووکردە ژنانە و پیاوانە و مرۆڤی بە پێ سێکس دابەش کردەوە. ئەو نەختە گۆڕانەش کە لە سەردەمی ئگریسی پاشایەتیدا پێک هاتبوو برایەوە هەوەڵ نووک. یەکەم خەلاتی دەسەلاتداری پاسدارەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ناوچە و بە تایبەت کورد جگە لە کوشتن و بڕین و ماڵ وێران کردن زیاد کردنی زەخت لەسەر ژنان (بە داخەوە بەدەست پیاوانی کورد) و لە زیندان کردنەوەیان بوو. دانانەوەی هێندێ یاسای کۆن کە تا ڕادەیەک لەبیر چووبوونەوە، ژیانی ژنانی بردەوە دەورانی تاریکی ئومەوییەکان. هێزەکانی سەر بە ئەم ڕژیمە لە ولاتانی دیکە زیندو کرایەوە و دیمەنێکی تازە، بێ مانا و ناڕێک لەگەڵ هەل و مەرجی ئەورۆی دنیادا، درا بە ژنان. چارشێو دۆلاخ جارێکی دیکە بە ئیجبار درایەوە بەسەر ژناندا. چەند ژن هێنان پەرەی ئەستاندەوە. ڕەجم کردنی ژن کە زۆر لە مێژ بوو نەمابوو هاتەوە گۆڕێ. بۆ وێنە لە مانگی گەلاوێژی ئەوساڵ (١٩٩٧) دا ژنێک لە بوکان بەردەباران کرا کە لە مردەشورخانە زیندوو بۆوە.

مەبەستی ئەم نووسراوە بەشێکی زانینی ئەوەیە کە بۆ وێنە، ئاخۆ بۆ ڕەجم کردنی ژن، وەکوو شەیتان، بۆتە باو، ئاخۆ ئیسلام دای هێناوە یا پێشتر بووە و دەسەلاتداران (شەریعەت دانەران) ئەمەیان کردۆتە دابی ئیسلام؟ یان ئەو کاتە بۆ وایان کردووە و دوایە بۆ دەوری نەماوە و ئێستا بۆ سەری هەلداوەتەوە؟ بۆ هێزە ئیسلامییەکانی ولاتانی دیکەش بەر لە هەموو شتێک، ژنانیان کردۆتە ئامانجی داسەپاندنی ئیسلامەتی خۆیان و بە کۆنەپەرستانەترین شێوە لەگەلیان دەجوولێنەوە؟ وەکوو ئەوەی کە طالبانی ئەفغان دەیکەن و لە شارە وێران کراوەکانی کوردستاندا چاویان لێدەبڕن؟ بێ گومان بەشێک لە کورد کە ئێستا لە ژێر دەسەلاتی ڕژیمی ئێران دان و ئەو بەشەی کە خۆیان بە جوولانەوەی ئیسلامی دەزانن و ئەو بەشەش کە لایەنگری ئێرانن بەلام ڕاستەوخۆ بە ئیسلامی ناناسرێن، بیانەوێ و نەیانەوێ لەژێر کارتێکەری ئەو یاسا کۆنەپەرستانە دان کە مرۆڤ و مێژوو خەریک بوون بە جێیان بهێڵن و خۆیان لەوە دەرباز بکەن کە نیوەی کۆمەلەکەیان بە نیوە مرۆڤ بزانن و یاسای تایبەتی بۆ لە زیندان کردنی دابنێن. ئەورۆ لە دونیادا هەر جوولانەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەلایەتی بە پێ ئاکار و کردەوە و ڕوانگەی سەبارەت بە ژنان هەلدەسەنگێندرێ و پێشکەوتوویی و

*زۆر جار لە باتی وشەی "ژن"، وشەی ئافرەت بەکار دەبەن! ئەم وشە چ لە " ئافرۆدیت "ی یۆنانییەوە هاتبێ و چ لە عەفریتەی عەرەبییەوە، لە ریشەی زمانی کوردییەوە دوورە. لە هەموو زمانە هاوبنەماڵەکانی کوردی دا هەر وشەی " ژن" بە هێندێ گۆڕانەوە بە کار دەبرێ وەک " زن" لە فارسی دا و " ژنە" لە روسیدا و.... لە لایەکی دیکەوە هێندێ وشەی دیکە وەک " ژیان"، "ژینەوە" و... هەر لە وشەی "ژن" ەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە چی ئەم جۆرە وشانە لە وشەی ئافرەتەوە دروست نەکراون و لە زمانی کوردی دا نەگوتراون. پەیوەندی وشەی ژن و ژیان بۆ خۆی نیشاندەدا کە ژن بە سەرچاوەی ژیان ناسراوە. کە وابوو وشەی ئافرەت زۆر لە زمانی کوردیەوە نامۆیە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێ ئەم وشە بەکار ببرێ. بەلام لە باسی تایبەت بە ژنان دا جێ خۆی ناگرێتەوە.

دواکەوتوویيان بەم پێوانەیە دادەبێژرێ.

ئەگەر نەمانەوێ سەر بۆ ئەم دواکەوتوویيە دانەوێنین، ئەگەر بمانەوێ مرۆڤ بین و هاوژین و دایک و خوشک وکچی خۆمان بە مرۆڤ بزانین، دەبێ وا بکەین کە ئەو کۆنەپەرستییە بگەڕێتەوە ئەو گۆڕستانە لێوە هاتووە. ئەمەش خەباتێکی کولتوری ـ کۆمەلایەتی دەوێ و بە دوو تەقە تفەنگ جێ بەجێ نابێ. ئەمە پێش هەموو شتێک زانینی قوولی کۆمەلایەتی دەوێ و قوڵ لێی هەڵمالینێکی زانایانە.

ئەوەی ئێمە کردوومانە لەچاوی ئەوەیدا کە دەبێ بکرێ یەک لە ملیۆنە، بەلام بۆ خۆی هەنگاوێکە و هیوایەک. هیوای ئەوە کە ڕچەمان بۆ زانا و لێکۆڵەرەوەکان شکاندبێ.

بەبڕوای ئێمە یەکەم هەنگاو ناسین و توێژینەوەی ئەو یاسایانە بوو کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵە. یاسایەک کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە مێژوودا، لەبەر هەل و مەرجێکی تایبەتی بەسەرمان دا سەپاوە، ئەوڕۆ نە هەل و مەرجەکە ماوە و نە مانەوەی بە قازانجە. تەنیا ئەوەندەیە کە دەسەلاتی کۆنەپەرستمان بەسەردا زاڵە و ئێمەش بە نەزانینی خۆمان ملمان بۆ یاساکانی کەچ کردووە.

بۆ گەیشتن بە نیشاندانی چۆنیەتی ژیانی ئێستای ژنان لە کوردەواریدا ولێکۆڵینەوەی ئەم چۆنیەتییە ئاوردانەوە لە مێژو پێویستە، هەتا بزانین مافی ژن لە رەوتی مێژودا، لە " فۆرماسیۆن"ە جۆر بە جۆرەکاندا چۆن بووە و بە چ شێوەیەک گۆڕاوە وچەندە دیاردەکانی لە کۆمەڵی ئەو رۆدا بەدی دەکرێ. هەر لە دەورانی ژن خوداییەوە هەتا ئایینەکانی زەردەشتی وئیسلام ودەسەلاتە جۆر بە جۆرەکان ـ ئەوانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ کوردەواریدا هەبووە یا هێشتاش هەر ماویانە ـ چ شوێنەوارێکیان لە سەر مافی ژن لە کۆمەڵی ئێستای کوردەواریدا بە جێ هێشتووە. بۆ وێنە سەرچاوەی چەند ژن هێنان چ بووە، کەنگێ بوەتە داب، چۆن بوەتە یاسا و بۆ هێشتا بەردەوامە؟ ئەگەر هۆی پێک هاتنی دیاردەیەک بزانین و هەل ومەرجی کۆمەلایەتی گەشەکردن و بەردوام بوونی دیاری بکەین، دەزانین چۆن گۆڕانکاری تێیدا بکەین یان بە چ شێوەیەک بەگژیدا بچین.



لە ئەدەبی کوردی دا زۆر کەس هەلومەرجی ژیانی ژنیان هێناوەتە بەر باس ولێکولینەوە. لەمانە بەشێک هەر بە بەژن وبالایاندا هەلکوتووە وژنیان وەکوو بووکە شوشەیەک چاولێکردووە کە مافی دلداری هەیە وبۆ خۆشەویستی دەبێ. زۆر جارانیش بێ وەفایە!. ئەمانە خۆیان لەوە پاراستووە کە ژن لە کاردا ولە بنەمالە وکۆمەلدا ببینن. بەشێکی دیکە پێیان وایە کە ژنی کوردەواری ئازادی وسەربەستی لە ژنی نەتەوەکانی دیکە زیاترە، بەلام لە باسەکەیاندا تەنیا ئاماژە بۆ روالەتی پەیوەندیەکانی کۆمەڵ دەکەن. بۆ وێنە جل وبەرگ، یا هاتووچووی نێو کۆلانان، یاخۆ ژوان لە کاتی بێری دا وهتد... ئەمانەش بە ئەنقەست باسی مافە خوراوەکان ونایەکسانی ژن وپیاو لە کوردەواریدا لە بیر دەکەن. بۆ ئەمانە ـ بەکردەوە ـ نایەکسانی شتێکی سروشتی وئاساییە.

بەشێکی کەمتر هەن کە باسی چەوسانەوە وکزی وداماوی ژن لە کوردەواریدا دەکەن، بەلام هاودەردیەکەیان لە بەزەیی پێدا هاتنەوە تێ ناپەڕێ وناوێرن لەوە بەولاوەتر بڕۆن. ئاکامی لێکۆلینەوەکەیان دەبێتە بڕێک مۆژیاری کردنی پیاوان کە لە ئاستی ژن دا بە ئەخلاق تر ودلنەرمتر بن.

چەند نووسراوەیەکیش کە بە تایبەتی لە سەر بابەتی ژن نووسراون، پاش باسە گشتیەکان دەچنە سەر باسی ژنی کورد، ئەمانە گەرچی بڕێک باسی کلۆلی ژن لە کۆمەلدا دەکەن، بەلام کە دەگەنە ژنی کورد زیاتر خۆیان بە باسی ژنە هەلکەوتوەکانی کوردەوە خەریک دەکەن و هوکارە کۆمەلایەتییەکان بنکۆڵ ناکەن وخۆیان لە کێشە دەپارێزن.

چەند لێکۆلینەوەیەکێش قامکیان بۆ مافی نابەرانبەر لە قانون ولە ئایین وکۆمەلدا راکێشاوە، وەک باسە بێ وێنەکەی "عبدوالخالیق مەعروف" سەبارەت بە مافی ژن لە ئیسلامدا، بەلام بە داخەوە بەشە کۆمەلایەتییەکەی ناتەواوە.

ئێمە پێمان وایە کە یەکەم مەرجی بوون و نەبوونی مافی یەکسانی لە کۆمەلدا یاسایە ـ چ یاسای ئایینی ، چ کۆمەلایەتی و سیاسی. یاسایە کە ماف دیاری دەکاو بە سەر داب ونەریت ونەخلاق وهتد... دا زالە. بۆ وێنە ئەگەر داب ونەریت ئیزنی ژن بە ژنە بدا، بەلام یاسا بەرگرێ لێ بکا پاش ماوەیەک ئەو دابە


دەکەوێتەوە. یا ئەگەر یاسا بە مێرددانی کچی کەمتر لە هەژدە ساڵی قەدەغە کردبێ، با ئایینیش ڕێگا بدا، پاش ماوەیەک کچی منداڵ بە مێرددان کەم دەبێتەوە. هەروا کە لە شارەکاندا بە زۆربەیی وای لێهاتووە. دیارە ئەمە گۆڕانی گشتی ژێربینای کۆمەڵیشی لەگەڵە. یانێ خودی یاساکەش بە پێ گۆڕانی کۆمەڵ دێتە گۆڕێ. هەر دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی هەتا نەبێ بە یاسا بەکردەوە هیچ پشتگرێکی بۆ بەدی هاتن نییە. گرینگ ئەوەیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ (یا یەک توێژ) ناچارن پەیرەوی یاسا بن. دیارە یاسا بۆ خۆی بەرهەمی چۆنیەتی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە وبە پێ پێوانە وقۆناخی مێژوویی کۆمەڵ و بە لەبەرچاوگرتنی داب ونەریت وئایین دادەنرێ وجگە لەوە کە چەندە بەڕێوە دەچێ یان ناچێ، نیشاندەری مافی دیاری کراوە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵ لە کاتی دەسەڵاتی ئەو یاسایەدا. هەروەها نیشاندەری چۆنیەتی سیمای ئەو سەردەمەیە. بەگشتی، لە هەموو شتێکدا کە پێوەندی بە مافەوە هەبێ ئەوە یاسایە کە سەریشکە. بۆ وێنە ئەگەر ژنێک زوڵمی لێ بکرێ ـ بابی بیەوێ بە زۆر بە مێردی بدا ، مێردەکەی مافی بخوا، یا ... ـ ئاخر پەنا وپشتیوانی ئەو ژنە دادگایە. تەنیا کەرەسەی دادگاش یاسایە. جا ئەگەر یاسا بۆ خۆی لە سەر نایەکسانی بنیات نرابێ، زۆر و زوڵمەکە بە ئاسانی و بە ئاسایی دەکرێ. تەنیا ڕێگای بەرگریش گۆڕدرانی یاساکەیە. خەباتیش ئەو کاتە بە ئاکام دەگا کە بتوانێ یاسای کۆن بگۆڕێ ویاسای تازە دابنێ. ئەوەش دەزانین کە یاسایەکی دواکەوتو بە یاسایەکی دواکەوتووتر چارەسەر ناکرێ وەکوو هیندێک پێیان وایە.

❀



## شێوەی کار

بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی ژیان و مافی ژنان لە هەر دەورەیەکدا، بە پێویستمان زانی پێنج شت چاو لێ بکەین.




- میتۆلۆژی
- ئایین
- دەسەڵاتی فەرمانڕوا
- داب و نەریت ـ کولتور
- یاسای مەدەنی

ئەمانە، جگە لەوە کە هەرکام بەشێک لە ژیانی کۆمەڵ دیاری دەکەن و بیر و بۆچوونەکان دەردەخەن، پێوەندییان پێکەوە هەیە و کارتێکەری و بەرانبەرکێ لە نێوانیاندا هەیە. بۆ وێنە یاسا دانەر داب و نەریت وئایینی کۆمەڵ لەبەرچاو دەگرێ و داب و نەریت لە ئایینیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئایین بۆ خۆی بە لەبەرچاو گرتنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یاسا دادەنێ و هتد... جار واشە بۆ زانینی هەل و مەرجی دەورەیەک جگە لە میتۆلۆژی هیچ بەدەستەوە نییە، یا خۆ لە دەورەیەکی دیکەدا دەقی یاساکان هەیە و نیاز بە میتۆلۆژی نییە.

بەم شێوە کەڵکمان لە سەرچاوەکان وەرگرتووە و بەلەبەرچاو گرتنی تایبەتییەکانی هەر دەورانێک ئەم پرسیارانەمان لە پێش خۆمان داناوە.

- جیاوازی ژیانی کچ و کوڕ لە بنەماڵەدا.
- کچ بە مێرد دان و چۆنیەتی سەوداکردن.لەم بووارەدا.
- جیاوازی مافی ژنی منداڵدار و ژنی بێ منداڵ.
- دەسەڵاتی ژن لە نێو ماڵدا و بەسەر منداڵدا.

- مافی ژن لە کاتی تەڵاق و جیابوونەوەدا.
- یاسای دانراو بۆ زینا و ....
- مافی سەودا و ژیانی کۆمەڵایەتی.
- بەشی ژن لە میراتدا.
- جیاوازی ژن و پیاو لەبەرانبەر یاسادا.

هەرکام لەم پرسیارانە بۆ خۆی دەیان پرسیاری دیکە دێنێتە پێشەوە، کە ئێمە هەوڵمان داوە بە پێ دەرەتانی سەرچاوەکان وەڵامی بدەینەوە. لەم بوارەدا هەوڵ دراوە مافەکان بە پێ یاسا نووسراوەکان دیاری بکرێ و لەو بەشانەدا، بە تایبەت بەشی بەر لە مێژوو، کە دێکومێنت نییە یا دەست نەکەوتووە، بە پێ کۆمەڵناسی بەرابەردانان (تطبیّقی) ئەو داب و نەریتانە کە نیشانەدەری چۆنیەتی یاسای کۆمەڵگای ئینسانین دیاری بکرێ.


***

ئەم نووسراوە لە ماوەی سێ ساڵدا وەکوو زنجیرە لە چواردە بەشدا، لە گۆڤاری گزینگدا چاپ کراوە. لەبەر گرینگی بابەتەکە بە باشمان زانی وەکوو کتێب لە چاپی بدەینەوە، دیارە گۆڕانکاری و پێداهاتنەوەی تێیدا کراوە و وێنەی لێی زیاد کراوە، بەڵام بەگشتی ناوەرۆکەکەی نەگۆڕدراوە.

ژیلا. ف / تەیفور. ب

هاوینی ١٩٩٩





چۆنیەتی پێوەندی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵی ئینسانیدا بە سێ دەوران دابەش دەکەن، یانێ لە کۆمەڵی ئینسانیدا سێ بێچمی ژن ومێردایەتی دیتراوە،کە تا رادەیەک لە گەڵ سێ دەورانی گەشەکردنی کۆمەڵی ئینسانیدا ڕێک دەکەوێ.

بۆ دەورانی کێوی بوون، ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ. بۆ دەورانی بەربەری، ژن ومێردایەتی یارگیری. بۆ ژیوەر( شارستانیەت) یەک هاوژینی کە زینا وفەحشاشی لەگەڵە. (بڕوانە٣ ل ١١٣ )* بەشی یەکەم لە ئینسانی سەرەتاییەوە دەست پێدەکا و هەتا ئەوکاتە دەگرێتەوە کەپێی کوتراوە دەسپێکردنی مێژو( ئەوکاتە کە نووسین دەستی پێکردووە ویاساکان نووسراونەتەوە) واتە لەوکاتەوە کە ژن خودا بووە هەتا ئەو کاتەی کە بۆتە مۆڵکی بێ ئەم لاوئەولای پیاو.

## ژن، (دایک)** خودای مرۆڤی سەرەتایی

ئەو ئینسانەی کە لە ئەشکەوت ژیاوە و بە کۆکردنەوەی خواردەمەنی و ڕاو بژیوی خۆی پەیدا کردووە، تەنیا جیاوازی لەگەڵ گیان لەبەرانی دیکە ئەوەندە بووە کە لە سەر چۆنیەتی چێ بوون و گۆڕانی دنیای دەور و بەری خۆی پرسیاری بۆ هاتۆتە گۆڕێ. ئەم پرسیارە بیروباوەڕێکی بۆ ئەو دروست کردووە کە بەر لە هەموو

---

* ڕەقەمی یەکەمی ئەم ژمارانە کە لە نێو دوو کەواندا هاتووە، ژمارەی سەرچاوەیە کە لە لیستەی ئاخری کتێبەکەدا هاتووە و ڕەقەمی دووهەم ژمارەی لاپەڕەیە.

** بەکار هێنانی وشەی "دایک" لە مانای تەواوی خۆیدا گرینگە. ئەگەر ژن دایک نەبوو هیچکام لەو بایەخانەی نییە کە باس دەکرێ. تایبەتییەکە لە منالدار بوونەوە دێ. ئەگەر ژنێک منداڵی نەبووبێ بایەخی نەبووە، دواتر دەبینین کە لە یاسای بەشی زۆری ئایین و کۆمەڵەکاندا ژنی بێ منداڵ بێ بەش دەکرێ یا خۆ دەکرێ تەڵاق بدرێ. بۆیە وشەی "دایک سالاری" بۆ ئەم دەورە دادەنرێ و هیندێ تێگە وەک "ژن فەرمانی، یا مێ وجاخی،و..." کە لە کوردیدا بەکار براون ناوەرۆکی بابەتەکە ناگەیەنن.

شتێک چۆنیەتی چێ بوونی خۆیەتی. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە دایک، وەکوو یەکەم چێکەر. لە شوێنەوارەکانی ژیانی ئەو مرۆڤەدا ئاسەوارێکی ڕێنوێنی کەری گرینگ سەبارەت بە پێوەندییەکانی کۆمەڵی ئەو کاتە و باوەڕی ئەو مرۆڤە بەجێ ماوە، ئەویش ئەو پەیکەرە چکۆلانەن کە لە هەموو دنیا، لەجێگە ژیانی ئینسانێ بیست هەزارساڵ لەمەوبەردا – دەورانی بەردی کۆن – دۆزراوەتەوە وپێیان دەڵێن پەیکەرەی "دایکی مەزن" .

یەکەم پەیکەرە لە باشووری ئۆتریش دیتراوەتەوە کە ئێویان ناوە « ونووسی ویلندرۆف ». دواتر لە داوێنەکانی پیرنە هەتا سیبری ئەم پەیکەرانە دۆزراونەتەوە. لە کوردوستانیشدا لە "**سەراو**"( ١٥ کیلومەتری کرماشان ) "ونووسی سەراو" دۆزراوەتەوە. (١ل٦٨) ئەم پەیکەرانە لە گڵ یا لە بەرد یا لە ئێسک وعاج دروست کراون وهەموویان یەک تایبەتییان هەیە. مەمک ونشیمەن وزک وشەرمگای پەیکەرەکان زۆر گەورە نیشاندراون کە مەبەستێکی ڕەمزیان تێیدایە. لێکۆڵەرەوان بە گشتی وای بۆ دەچن کە ژن خۆی لە خۆیدا بۆ ئینسانی ئەو سەردەمە ـ چ ژن چ پیاو ـ گیاندارێکی سەرنج ڕاکێش وسەیر بووە. کاتێک دنیا پڕە لە ڕاز وپرسیار، ژن پرسیاری هەرە گەورەی مرۆڤە، ئینسانێک کە میکانیسمی زگپڕبوونی ژن نازانێ، منداڵدار بوونی ژن بەلایەوە رازێکی گەورەیە. چوونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گیانلەبەرێکی دیکە. " ئینسانی تێکەڵاو لەگەڵ سروشتی ئەو دەم، ئینسانێک کە بۆ دۆزینەوەی بژێوی ڕۆژانە لەگەڵ هەموو جۆرە مەترسییەک بەرەو ڕوو بووە، دەیدیت کە بە ئاسانی لە مەمکی ژنەوە شیر دەتکێ ومنداڵ دەیژێ وگەورە دەبێ. مێ وەکوو بنەوانی خواردنی بەردەست دەبیندرا. ئینسان شاهیدی ئەوەبوو کە مێ یەکێکێ وەک خۆی دەزێ، کەوابوو ژن زایینەرە. ئەو دەسپێکەری ژیانە. ئینسان لە ئەوەوە دەست پێدەکا.... زایینی منداڵ وەکوو زەوینە کە بەرەکەت دەدا و خواردن، کە موشکلەی هەرە گەورەی ئەو مرۆڤەیە، پێک دێنێ، ریشەی تێدا سەوز دەبێ و بەر دەدا. ژنیش سەرچاوەی شیرە، جۆگەیەک شیر لە لەشی دایە. کەوابوو ژن خودای شیرە، ژن خودای ئاوە، چوونکە هەموو ئاوەکانی دنیا لە سینگی دایکی زەوییەوە هەڵقوڵیوە."(٢ ل ٣٣ )

کاتێک بیرکەینەوە کە خواردن گەورەترین وگرینگترین شتی ئینسانی



ئەوسەردەمەیە، تێدەگەین مەمکی دایک کە چاوگەیەکی شیری تێدایە، چ ڕەمزێکی گەورەیە. هەروەها پاڵ پشت بوون وپاراستنی منداڵ هەتا وەسەرپێ دەکەوێ و گەورە دەبێ. ئەمانە و زۆر شتی دیکە دەبنە هۆی ئەوە کە مرۆڤ پێ وابێ ڕۆحیانەتێکی زۆر گەورەتر لەو ژنەێ کە دەی بینێ ئەو توانایییە دەدا بەو ژنە ونەوە "**دایکی دایکانە**". بە گریمانی نزیک بە تەواو دەتوانین بڵێین ئەو پەیکەرانە بێچمێکی ڕەمزی بووە کە ژنان بۆخۆیان دروستییان کردووە و بۆ خۆیان پەرستوویانە. ئەمە سەرەتای پەیدا بوونی خوداکانە کە یەکەمیان « ژن خودایە ».

"بە گشتی، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە پەیکەرە بێ دەم وچاوەکان کە لە دایکی مەزن (ونووسەکان ) چێ کراون ژن خوداکانن کەبە نێو خودای بارداری وهەڵگری منداڵ لە سەرانسەری دنیادا هەبوون، و وەکوو نیشانەیەکی ئایینی نەتەنیا بۆ ژنان بەڵکوو بۆ پیاوانیش، یەکەم ڕەمزی بارەوەری، چێکەری، پەناگا، خۆراک دەر وپەنادەر بووە."( ١ ل ٣٧)

ئەگەر زانیمان کە پرسیارە وڵام نەدراوەکان مەفهومی خودایان لە مێشکی ئینساندا دروست کردووە، ئەوە دەزانین کە زایینی ژن و بە دنیا هاتنی منداڵ، بیری زایینی زەوی وشین بوونی گیا وگوڵ وبەرهەم دانی پێک هێناوە. زایینی چاوکە لە خاک، زایینەوەێ ساڵ بەساڵ و... هەموو زایینەکان دەبێ سەرچاوەیەکیان هەبێ! ئەوە دایکی هەموانە! ئەوە "دایکی مەزن"ە.

کۆمەڵی رووت وقوتی ئەو دەورانە هیچ شتێکی وای نەبووە کە خاوەنیەتی پێوە بێ جگە لە منداڵ، ئەویش ژن بەدنیای هێناوە، خۆی بەخێوی کردووە وخۆی پاراستویەتی. کەوابوو بۆ خۆشی خاوەنیەتی، نەک باب. لە ڕاستیدا بابی منداڵ بە تەواوی دیار نەبووە، چوونکە ژن ومێردایەتی بە کۆمەڵ بووە. هەرکەس یا بڵێین هەر ژنێک بۆ خۆی دیاری کردووە کە دەیەوێ لەگەڵ کێ بێ، یا لەگەڵ چەند کەس بێ، یا چەندە لەگەڵی بژی.

زانایان بە پێ کۆمەڵناسی بەرانبەردانان بەو ئاکامە گەیشتوون کە لە کۆمەڵی سەرەتایی ـ دەورانی بەردی کۆن ـ دا هیچ چەشنە بنەماڵەیەک بە مانای ئەورۆیی نەبووە. کۆمەڵ هەموو پێکەوە یەک بنەماڵە بوون وهیچ سنورێک بۆ تێکەڵبوونی ژن ومێرد نەبووە. بۆ سرنجدانی ئەم باسە پێش هەموو شتێک دەبێ

ئەو تێبینیەی ئینکلس مان لەبیربێ کە دەڵێ: " هێندێ لە ئایینەکان بە یاسای خۆیانەوە جۆرە بۆچوونێکیان لە مێشکی ئێمەدا پێک هێناوە کە هەمووشتێک جگە لەو[یاسایانە] بە خراپ دەزانین. بەڵام هەتا ئەو کاتەی کە هەل ومەرجی سەرەتایی لە پشت چاویلکەی بەستێک ( فەحشا ) وە تەواشا بکەین تێگەیشتنی [ئەم مەبەستە] بەتەواوی ئاموەکین دەبێ. ( ٣ ل ٥٨ )

لێکۆڵینەوەکانی " مۆرگان " زانای ئەمریکی یەکێک لە بنەڕەتەکانی ناسینی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی سەرەتاییە. مورگان لەم بارەدا دەڵێ: " لە ڕۆژگاری کۆندا پەیوەندی جینسی ئینسان لە ناو هۆزدا بە هیچ یاسایێکەوە بەند نەبووە وبەگشتی هەر ژنێک بۆ هەر پیاوێک وهەر پیاوێک بۆ هەر ژنێک دەبوو. مەبەست لەم قسە ئەوەیە کە ئەو بۆچوون وسنوورانە کە ئەورۆ یا لە دەورەی پێش ئێمەدا بۆ پەیوەندی جینسی ئینسان دانراوە لە سەرەتادا نەبووە. بۆ وێنە بیری زینا لەگەڵ مەحرەمان نەبووە، چوونکە نەتەنیا لە دەورانی سەرەتاییدا برا وخوشک بۆ یەک دەبوون بەڵکوو ئێستاش لە ناو بڕێک لە تایفەکانی ئالاسکا، ئامریکای باکووری وشیلی وهیندوستاندا پەیوەندی جینسی لە نێوان باب ودایک ومنداڵدا ئێزن دراوە".

وەک دەزانین ئێستاش سنووری " مەحرەم " لە ئایینەکانی جۆر بەجۆردا جیاوازە، بۆوێنە لە ئیسلامدا ئامۆزا وپوورزا و... ئەوەی بە چوار پشت دەگەنە یەکتر دتوانن ببن بە ژن ومێرد کە چی لە ئایینی مەسیحیدا بۆ یەک نابن. لە ئایینی زەردەشتیدا ژن و مێردی برا و خوشک بە پیرۆز زانرا بووە. ئەمە لە خۆیدا بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە سنووری " زینا" و فەحشا دروست دەکا. ئەگەر ئێمە بیر لە چیرۆکی باوە ئادەم ودایەحەواش بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئینسان زیاد بکا هیچ ڕێگایەک جگە لەوە براو خوشک ببن بە ژن ومێرد نەبووە. لە "تەورات" دا کاتێک کە باسی دەورانی کۆن دەکرێ برا و خوشک توانیویانە ببن بە ژن و مێرد، یان کچ لەگەڵ باب دەنوێ. کە چی دواتر ئەم کارە بەرگری لێ کراوە. گەرچی نوسینەوەی تەورات بۆ خۆی لە باری مێژووییەوە دەکەوێتە دەرانی باوک سالاری بەڵام خۆ بە خۆ ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە نیشان دەدا.

لە چیرۆکی ئەبی مەلک دا ئیبراهیم بۆ ئەوەی خۆی لە مەترسی بپارێزێ و لەبەر جوانی ژنەکەی نەیکوژن ژنەکەی بە خوشکی لە قەڵەم دەدا (سەفەری پەیدا



بوون بەشی بیستم برگەی ١١ تا ١٣ ) کە ئەم کارە لە چیرۆکی فیرعەونیشدا دەکرێ. (سەفەری پەیدابوون برگەی ١١ تا ٢٠ ) دواتر دەبینین کە ژنەکەی "سارە" خۆشکییەتی بەڵام خۆشکی حەق ودا نییە ئەمە دەر دەخا کە ژن و مێردی براو خۆشک (ئەگەر لە یەک باب و دایک نەبووبێتن تەنیا دایکیان یەک بووبێ ) قەدەغە نەبووە.

« ئیبراهیم گوتی وەمزانی لەخودا ترسێک لەم جێگادا نییە و من لە بەر ژنەکەم [بۆ ئەوەی ژنەکەم لێ بستێنن ] دەکوژن * لەڕاستیدا ئەو خۆشکی منە بەڵام کچی بابم نییە کچی دایکمە و بۆتە ژنی من .

ـ کچەکانی لوط لەگەڵ بابیان نزیکی دەکەن و منداڵیان لێ دەبێ.

«"لوط" لە "صوغر" هاتە دەرێ و لەگەڵ دوو کچەکەی لە کیو نیشتەجێ بوو. چوونکە دەترسا لە طوغر دا بمێنێتەوە، لەگەڵ دوو کچەکەی لە ئەشکەوتێک دەبوون* کچە گەورەکەی گوتی بابمان پیر بووە و پیاو لە سەر زەوی نەماوە کە بە پێ ڕەوتی ئاسایی دنیا لەگەڵ ئێمە جووت ببێ* وەرە هەتا شەراب بدەین بە بابمان و لەگەڵی بنوین هەتا بەرەیەک لە بابی خۆمان ڕاگرین* هەر لەو شەوەدا شەرابیان بە بابیان دا و کچە گەورەکە هات لەگەڵ بابی خۆی نووست. بابی لە نووستن و هەستانی ئەو بە خەبەر نەهات* ڕۆژی دووهەم کچە گەورەکە بە کچە چکۆلەکەی گوت کە من دوێنە شەو لەگەڵ بابم نووستم وەرە با ئەو شەویش شەرابی بدەینێ و ئەتۆ لەگەڵی بنوو هەتا بەرەیەک لە بابمان ڕاگرین* ئەو شەوەش شەرابیان دایە بابیان و کچە چکۆلەکە لەگەڵی نووست و باب لە نووستن و هەستانی ئاگای نەبوو* دوایە هەر دوو کچەکە زگیان پڕ بوو* گەورەکە کوڕێکی بوو نێویان نا موئاب و ئەوە هەتا ئێستاش بابە گەورەی موئابیانە* کچە چکۆلەکەش کوڕێکی بوو کە ناویان نا بن عەمی وئەو بابی بنی عمون ەکانە* (سەفەری پەیدابوون بەشی ١٩برگەی ٣٠ تا٣٨ )

بە پێ ئەم چیرۆکە، کەس لە سەر زەوی نەمابووە. هەر دوو کچەکەش منداڵەکەیان کوڕ بووە. دیارە بۆ زیاد بوونی جەماوەر، کچیش پێویستە. کە وابوو دەبێ یا دووبارە لەگەڵ بابیان نووستبێتن هەتا کچیان بێ، یان دەبێ ڕاوەستابن هەتا کوڕەکانیان گەورە بن و ئەوجا کوڕەکان لەگەڵ دایکیان کۆ بووبنەوە و دایک لە کوڕەکەی خۆی بوو بێتنە خاوەن کچ. دیارە لەوەو دواش خۆشک و برا یا خۆ دایک و

منداڵ دەبێ ببن بە ژن و مێرد. دیارە ئێمە دەزانین ئەمە ئەفسانەیە، بەڵام ئەفسانەکان(بەتایبەت ئەفسانەکانی کتێبە پیرۆزەکان) چۆنیەتی بیرکردنەوە و سنووری مەحرەم لەکاتی خۆیدا، دیاری دەکەن.

کە وابوو بنە ماڵە بە درێژایی تەمەنی ئینسان بێچمی‌جۆر بە جۆری هەبووە کە لەگەڵ سیمای ئەورۆییدا جیاوازی زۆرە. ئەو سنوورانەی کە دواتر بە هۆی جۆراوجۆر بە سەر کۆمەڵدا سەپێندراوە و مرۆڤ پێیان راهاتووە، لەو رۆژگارەدا نەبووە. بەڵام مانای ئەم وتە ئەوە نییە کە لە کردەوەدا تێکەڵ پێکەڵی زاڵ بووبێ، بەڵکوو پەیوەندی ژن ومێرد ماوەی دیاری کراوی هەبووە وتەنانەت پەیوەندیە گروپییەکانیش زۆربەیان ماوەیەکی خایاندووە.

گرینگ ئەوەیە بزانین لە کۆمەڵی سەرەتایی دا دەسەڵات وخاوەنیەتییەک ئەگەر هەبووە، بەدەست ژنەوە بووە. دیارە ژن لە مەقامی دایکەتی دا. لەو کاتەدا دایکە کە هەموو منداڵەکانی بە بنەماڵەیەکی هاوبەش دەزانێ.

بۆ کۆمەڵی ئەو کاتە ئەو خودایەش کە ژیانی بە دەستە وسروشت دەژینێتەوە، هەرلە بێچمی ژن دایە و پشتگری دایک دەکا.

شوێنەواری دەورانی ئەشکەوت نشینی بە زۆربەیی لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە. دۆزرانەوەی پەیکەرەی ونووسی سەراو نیشاندەدا لەم خاکەشدا خودای مرۆڤ "دایکی مەزن" بووە. دواتر لە دەورانی مێژوویی دا دەبینین کە نێوی چند ژن خودا بەسەر بەرد نووسەکانەوە هەڵقەندراون کە تا ئەو کاتەش هەر پەرستراون و بە تەواوی لەبیر نەچووبوونەتەوە.

## ژن، دامەزرێنەر وبنەوانی کۆمەڵی سەرەتایی

وێژەیەکی کوردی هەیە دەڵێ " وەجاخت نەکوژێتەوە ". وەجاخ بە مانای ئاورگە، بەڵام لەم وتەدا بەمانای، منداڵە. زۆر جاریش بە مانای کوڕ بە کار دەبردرێ. ئەو ئاورگەی کە ئەگەر کوژرایەوە هەڵکردنی دژوارە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە شەمچە و ئەوت نەبووە وئاور هەڵکردن بە بەردی چەخماخ وپیفک [قرۆڵە پرتووکاوی دارە گوێز] کارێکی گەلێک دژوار بووە. بۆیە ئەو دەم ئینسان



نەیدەهێشت ئاورگەکەی بکوژێتەوە و دایە دەبووا کەسێک ئاگاداری لێ بکا وسووتەمەنی لێ زیادکا وئاورەکە بەردەوام بایسێ. لە سەرەتادا ژنان بەرپرسی ئەو کارە بوون. ئاورگەکە ناوەندی کۆبوونەوە بووە و ژن خاوەنی ئەو ئاورگە بووە. بۆیە بڕیاریش بە دەست ئەو بووە. لە دەورانی کشتوکاڵدا کە ژنان بە کاری مەزراوە خەریک بوون ئەو ئەرکە دراوە بە منداڵان، بۆیە ئەگەر کەسێک منداڵی هەبوو، دەڵێن: "وەجاخی روشنە و ناکوژێتەوە. " لە کۆمەڵی گەورەتردا ئاورگی گشتی هەبوو کە نەدەکوژایەوە وخەڵک لەوێ ئاوریان دێنا وبەرپرسی دەبوو بە پیاوی ئایینی. (وەک ئایینی زەردەشت) بەڵام پێش ئەوە با بزانین ژن لە دامەزرانی کۆمەڵی وەرزێڕی و بنەماڵەدا چ دەورێکی هەبووە.

لەگەڵ پاشەکشە کردنی سەرما لە ئاخر سەهۆڵ بەندانی، دەورانی چوارمی زەوین ناسیدا، تاقمە ئینسانەکان دابەزینە ناو پێدەشتەکان وکشتوکاڵی سەرەتایی دەستی پێکرد. "ژن خودا" لەم دەورانەدا گرێ درا بە زەوییەوە، چوونکە ژن بوو کە دەستی بە وەرزێڕی کرد.

ژن بە هۆی مانەوەی زیاتر لە جێگایەک، سا لەبەر دووگیانی یان لەبەر راگرتنی منداڵی ساوا، زیاتر لە دەور وبەر دەڕوانی وژماردنی کاتی دەزانی. ئەو دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە بە وردی لە سروشت بڕوانێ و چۆنیەتی ڕەوتی بەرهەمدان و سەوز بوونەوەی گیا ببینێ. کشتوکاڵ بە هۆی ئەم زانینەوە دەستی پێ کرد. ژن خاوەنی بەرهەمی کشتوکاڵی سەرەتایی بووە. پیاو گەڕۆک بووە و بە دوی ڕاوەوە بووە. ژن ئاگای لەماڵ و مەزراکەی خۆی بووە و بۆیە بڕیاری ژن ومێردایەتیش بە دەستی ئەو بووە. ئەو پیاوی هەڵبژاردووە.

ئەم شێوە ژیانە لە ئایینەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە. تەواوی دیاردەکانی ئایینی و پەرستن و نیایشەکان بە دەوری ژن خودایەکدا سووڕاوەتەوە. کە خودای بەرەکەت وبەرهەمی زەوی بووە. ئەو ئاورگی مەزنی پاراستوە هەتا منداڵان سەرمایان نەبێ.

خانوو چێکردن بە ئەستۆی ژنان بووە چوونکە بۆخۆیان و منداڵەکانیان سەر پەنایان پێویست بووە. جل وبەرگ ودروومان وگڵێنەکاری و... بە دەست ژنان هاتووەتە بوون. ئینسانی وەرزێڕ ئینسانی نیشتەجێ یە ولە گەڕۆکی دەرهاتووە،

بنەماڵە وهۆزی پێک هێناوە وبێ گومان سەرۆکی ئەم بنەماڵە ژنە،کە دایکی منداڵەکانە، بەرهەم هێنەرە وخاوەنی بەرهەمی خۆیەتی. لەم کۆمەڵەدا گەرچی هەموو مافی بەرانبەریان هەیە، بەڵام بڕیار وفەرمان بەدەست دایکە.

لەناو هۆزەکانی شوانکاریشدا ژن دەسەڵاتیماڵداری هەبووە، دەکرێ بڵێین ژن بووە کە یەکەم جار ئاژەڵی لینی کردووە. گەرچی پیاوە کە شوانی دەکا، بەڵام بەرهەم وەرگرتن لە ئاژەڵ بەدەست ژنانە. شیر دۆشین، ماست وپەنیر هەوێن کردن، خوری رستن وچێشت لێنان و... ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی سەرۆک بوونی ژن لە کۆمەڵی ئاژەڵداری سەرەتاییدا.

" ئەو کۆمەڵناسانەی کە بە پێ کۆمەڵناسی بەرانبەردانان لە کۆمەڵی وەرزێڕی ئەوروپی ـ بەجێماو لە دەورانی بەردی نوێ ـ لێکۆڵیونەتەوە، رایان گەیاندووە کە ئەو کۆمەڵانەی کە لە دوورگەکانی ئوقیانوسی ئارام وئەمریکای باشووری وبەشێک لە دوورگە تازە ناسراوەکانی ئەمریکای ناوەندی وشوێنە تەریک ماوەکانی ئاسیای رۆژهەڵاتی باشووری، هەروەها نیپاڵ و هۆزە لێرەوارنشینەکانی فیلیپین دا نیشتەجێن، هێشتا لە ژێر سیستەمی کۆمەڵایەتی دایک سالاریدا دەژین. لە سیستەمی ناوبراودا پیاوەکانن کە دەگوێزرێنەوە گوند یا ماڵی ژنەکان. جیابوونەوە بە دەستی ژنە و منداڵ لە هەموو حاڵێکدا لە لای دایک دەژی. ئەگەر منداڵ کوڕ بێ، پاش گەورە بوون بە دووی ژندا دەچێتە گوندێکی دیکە. ئەگەر کچ بوو، بۆ خۆی ماڵ و حاڵ پێک دێنێ. پیاو بە بێ ئیزنی ژنەکەی مافی هیچ جۆرە سەودایەکی نییە. ژنان لە کشتوکاڵدا ـ بەپێ هیندێ باوەڕی کۆن ـ کەڵک لە پیاوان وەرناگرن. تەنیا لە جێژنی خەرماندا، پیاوان بۆیان هەیە حەوتوویەک بچنە سەر مەزرا و لەگەڵ ژنان جێژن بگرن. لەم جێژنانەدا پیاوان دەتوانن لەگەڵ ژنانی دیکەش نزیکی بکەن. پیاوان زیاتر کاریان راوە ماسی وبەرگری لە هۆزەکەیانە لەکاتی هێرشی دوژمن دا. .سەرۆکی هۆز بە تەمەنترین ژنی ئەو هۆزەیە وشەورایەک لە نوێنەرانی بنەماڵەکان سەرپەرستی هۆز دەکا. زەوی موڵکی هۆزە وتەنیا ژنان دەتوانن بۆ کشتوکاڵ وەریگرن. پشتی منداڵ دایکیەتی ولە دایکیەوە میراتی پێ دەگا. (کورت کراوە، ١ ل ٥٦.٥٧ )

لە کۆمەڵی نیشتەجێ و وەرزێڕیدا سنووری ژن و مێردی لە گەڵ خزمی



نزیکدا بەرە بەرە دورتر دەبێتەوە. بە بڕوای مورگان دوای ئەوە کە بنەماڵەی هاوخوێن دروست دەبێ، تەنیا ژن ومێردایەتی بەرەی پێشوو و بەرەی دواتر قەدەغە دەکرێ. یانێ دایک و باب و منداڵەکانیان.

دواتر لە تایفەی هاوبەش Panaluenne دا ژن ومێردایەتی برا وخوشکیش قەدەغە دەکرێ. لەکۆتاییدا مۆرگان باسەکەی بەو ئاکامە دەگەیەنێ کە بازنەی ژن ومێردایەتی کەلە سەرەتادا هەموخێڵەکەی دەگرتەوە و هەموو ژن ومێردێک دەیانتوانی پێکەوە بن، لە بەرێکەوە چکۆلەتر بۆوە، لە پێشدا خزمی نزیک وپاشان دوورتر ودوورتر لە ژن ومێردی بێبەری بوون تا ئەو رادەی کە ژن ومێردی بە کۆمەڵ ئیمکانی نەما. لە ئاکامی ژن ومێردایەتی کردنی ئەندامانی ئەوخێڵانەی کە هاو خوێنی یەکتر نین، چ لە باری چەندیەوە وچ لەباری چۆنییەوە رەگەزێکی تازە پێک هات کە لە باری ئامادەیی و ئەقل وبیرکردنەوەوە، تارادەیەکی زۆر لە بابەکانیان بە تواناتربوون. (٥ ل ٣٠ ،٣١) ئەمە دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەموو لایەنەی کۆمەڵ.

هەرچی کشتوکاڵ پەرەی دەستاند وبەرهەم زیادی دەکرد، لە گرینگی ڕاو وشەڕ،کەم دەبۆوە. پیاوان زیاتر نیشتەجێ دەبوون و زیاتر لە مەزرادا یارمەتی ژنیان دەدا. مانەوەی پیاو (باوک) لە هۆزدا بووبە هۆی ئەوە کە بەرە بەرە دەسەڵاتێ زیاتر بێ و جێگای دایک بگرێتەوە. هەتا دەورانی دەسەڵاتی دایک بە سەر بنەماڵەدا کۆتایی پێهات.

کۆمەڵی کوردەواری یەکێک لەو کومەڵە کۆنانەیە کە هەموو دەورانەکانی سەرەتایی بەتاقی کردۆتەوە. هەر وەک دەزانین ئاخر دۆزینەوەکان نیشاندەدەن کە یەکەم کشت وکاڵی ئینسان لە گوندی « چەرمۆ »بووە. " گوندی چەرمۆ لە دۆڵی چەمچەماڵ، رەنگە کۆنترین ئاوەدانی رۆژ هەڵاتی ناوەراست بێ کە بە پێ دۆزینەوەی گرووپی لێکولەرەوەی زانستگای شیکاگۆ، یەکێک لەو ئاوەندانە بووە کە بۆ یەکەمجار گەنم وجۆ وگەنمە شامی تێدا کێڵدراوە. " (٤ ل ٢٢)

وەک دەزانین، لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر رۆژگاری کۆن لە کوردواریدا زۆر کەم کراوە، بەڵام لە دەوروبەرەکەیدا کە دەتوانین بڵێین جیاوازییان لە گەڵ کوردواری زۆر کەم بووە، یا تێکەڵاوی کۆمەڵایەتییان زۆر بووە، لێکۆڵینەوە هەیە

و نیشان دەدا کە دەورانی دایک سالاری لەم ناوچەدا بە بەربلاوی هەبووە. " لە بەهاری ١٩٤٩ دا کەوناراناسان بۆ یەکەم جار لە هەڵکۆڵینەکانی ئەشکەوتی «تەنگ بیدە » کە لە کێوەکانی "بەختیاری" دایە ئاسەواری ئینسانی پێش مێژویان دیتەوە ولەسەر ئەساسی ئەم ئاسەوارانە پلە و جێگای ژنیان لە کۆمەڵی ئەوێدا ئاوا ڕاگەیاند.

"لەو کۆمەڵە سەرەتاییەدا ئەرکی تایبەتی بەئەستۆی ژن دانرابووە. ژن جگە لەوەی کە پارێزەری ئاور و ڕەنگە چێکەری گلێنە بووە، دەبووا داردەستێک بە دەستەوە بگرێ و لە ریشە گیای خواردنی بگەڕێ ومیوە کۆکاتەوە. ئاسینی وەرزی سەوزبوونیان و دان گرتنیان بەتاقی بکاتەوە وئەمە ئەوی بەرەو چۆنیەتی ڕوانی ڕوەک ڕێنوێنی کرد. یەکەم هەوڵدانی ژن بۆ کشتوکاڵ لە زەویە لەبارەکاندا دەورانێ بەردی کۆنی کۆتایی پێ هێنا... ژن کارەکانی هۆزی ئیدارە دەکرد وگەیشتە پلەی سەرۆکی ئایینی. پشت بە ژن دەگەیشت چوونکە خوێنی پاکی هۆزلە لەشی ئەودا بوو. " ( ١ ل ٨٣ )

برێک لە دیاردەکانی ئەو سەردەمە ئێستاش هەر بەجێ ماون، ئەمە بەو مانایە نییە کە ژن ئێستاش خاوەن دەسەڵاتە، یا دەسەڵاتی لە ژنی کۆمەڵانی دیکە زیاترە، ئەم جۆرە دیاردانە لە هەموو کۆمەڵێکدا هەیە و بە پێ ئەوانە ڕابردوومان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە کوردەواریدا جەمال نەبەز ئاوای بۆ دەچێ: " ... دەزانین هەتا ئەورۆش لەنێو کوردەواریدا نەریتێک هەیە کە بە پێی ئەوە کوڕی ئازا و کچی جوان نێوی دایکیان هەڵدەگرن نەک نێوی باوکیان. وەک خولە پیزە، عسەی ئامەوحەسەنی ئامێ ( کە گۆرانی بێژێکی بەنێوبانگ بووە ولە١٨١٢ەوە تا ١٨٨٠ژیاوە ) هتد. جا ئەمە وەنەبێ هەر ئەورۆ وابێ بەڵکوو شوێنەواری ئەمە لە کۆنترین چیرۆکە فۆلکلۆری یەکانی کوردا دەبینرێ. وەک چیرۆکی « کارۆ سلێفێ » جا ئایا ئەم رامانە میتۆلۆژیاییە بەرامبەر ژن وئەم ئازادی یە خۆرسکی یە ڕێژەیی (نسبی ) یەی کەژن لە کۆمەڵگەی کورددا هەیەتی پتر لە ئازادی ژنی عەرەب وفارس وتورک. پاشماەی کۆمەڵگایەکی ژن فەرمانی کۆنە ولە کوردوستاندا وەک ئەز بۆی دەچم یا شتێکی دی یە. "( ٦ ل ٢١.٢٠ ) پاشتر ئێمە دینەوە سەر ئەم باسە، کە ئایا ژنی کورد ئازادی پترە یان نە!!



لە کوردەواریدا بەو پارەی کە بۆ خوازبێنی کچ دەیدەن وشەی " شیربایی " بەکاردەبەن واتە بابەتی ئەو شیرەی کە دایک پێ داوە. ئەم دابە ـ جگە لە باسی کڕین و فرۆشتنی کچ کە دواتر هاتوەتە گۆڕێ ـ نیشانەی ئەو مافەیە کەدایک بەسەر منداڵەوە هەیبووە.

ڕەشاد میران نەریتێک لە فەرەیدون قەرەداغی یەوە دەگێڕێتەوە کە دیاردەی دەسەڵاتداری ژنە لە ڕۆژگاری دوور لە کۆمەڵدا. " لەساڵانی کەم بارانی لە سلێمانی وقەرەداغ دا یاری « شەڕە گاگەل» یش دەکەن ـ گوایە ئافرەتی گوندێک گاڕانی گوندێکی تر دەدزن وئافرەتانی ئەم گوندەی دواییش هەڵمەت دێنن بۆ ئەوەی گاڕانەکە بستێننەوە ولە نێوان ئافرەتانی هەردوو گوندەکەدا شەڕ دەقەومێ. جاری وادەبێ کە لەم شەڕەدا دەست وقاچ دەشکێن وتەنانەت مردووش دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا پیاو دەست ناخەنە ناو ئەم یاریە « ژنانە » یە وئەمان تەنیا تەماشاکەر دەبن. (٧ ل ٨٢ )

لەو سەردەمەدا برێک لە هۆزەکان وایان لێ هاتووە کە ژنیان زۆرتر لە پیاویان بووە، بەڵام چوونکە بڕیار بە دەست ژنان بووە نەکراوە بە ئاسایی خوازبێنی یان لێ بکرێ. بۆیە جاروبار پیاوان ـ لەو هۆزانەوە کە پیاویان زۆرتربووە ـ هێرشیان بۆ کۆمەڵی ژنان بردووە وژنیان لێی ڕفاندوون. ئەم ژن ڕفاندنە لەودوا وەکوو بیرەوەرییەک لە کۆمەڵدا ماوەتەوە و بودتە سەرچاوەی هیندێ داب ونەریت. لەناو تورکەمەنەکاندا، ڕۆژی زەماوەند زاوا دەبێ لەگەڵ برازاواکانیدا بڕۆن بووک بەزۆر لە دەست بنەماڵەکەی دەربێنن. زۆر جار ئەم نەریتە ڕەمزییە دەبێتە شەڕێکی ڕاستی وسەروگوێلاکی یەکتر دەشکێنن. لە کوردەواریشدا لە دووی ژن چوون وبەرگری کردن لە بردنی بووک و دانانی جێگای دیاریکراو بۆ دەست لە دەست نانی بووک وزاوا وهیندێ مرومشت، کەزیاتر وەکوو شانۆگەری دەچوو، تا ئەم دووایییانە هەر مابوو. ژن هەڵگرتنیش کە هەر هەبووە وهەر ماوە.

ئەمانە و دەیان وێنەی دیکە، نیشاندەری ئەوەن کە کۆمەڵی کوردەواریش وەکوو کۆمەڵانی دیکە، هەموو ئەو قۆناخانەی کە باسمان کرد، تێ پەڕاندوە و هەموو کاتێک ژن کلۆڵی دەستی پیاو نەبووە.

❀

## ژن، کەسی دووهەم

وردبوونەوەیەکی ساکار لە کۆمەڵانی ئەورۆ بە تایبەت کۆمەڵی کوردەواری و ئەو کۆمەڵانە کە لەو ئاستە لە پێشکەوتن دان، دەردەخا کە جیاوازی نێوان پیاو وژن تا چ رادەیەکە ونابەرانبەری لە نێوان ئەم دوو مرۆڤەدا چەند زۆرە. دیارە ئەم جیاوازیە لە بنەماڵەی جۆربەجۆردا وەک یەک نییە. بە پێ ئەوەی کە بنەماڵەیەک لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بێ ولە چ چین وتوێژێک بێ وماڵ ودارایییان چەند بێ،جیاوازی دەسەڵاتی پیاو و ژن دەگۆڕدرێ. **هەرچی دەسەڵاتی پیاوەکە لە کۆمەڵدا زۆرتر بێ لە ماڵیشدا زۆرترە. هەرچی ژن لەکاری بەرهەم هێناندا زیاتر بەشداربێ دەسلاتی لە بنەماڵەشدا زیاترە.** ژنە دەرەبەگێک گەرچی لە ژنە جوتێرێک بە درسەڵاتتر دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە چینایەتیەکەیەتی، دەنا لە ماڵی خۆیدا ولە بڕیاردان و لە سەر ماڵ وموڵکی بنەماڵەدا، بەو رادەیە نییە کە ژنە جوتێرێک مافی لە ناوماڵدا هەیە ودەتوانێ لە بڕیارەکانی ژیانیاندا بەشداربێ. بە گشتی لە کۆمەڵی دابەشکراو بە چین وتوێژی جیاوازدا دەسەڵاتی ئینسانان جیاوازە، بەڵام لە هەمواندا مافی ژن لە پیاو کەمترە. ئەمە لەوکاتەوەیە کە پیاو بوو بە خاوەن بنەماڵە وپشت بووبە باوک و ژن ومێردایەتی «سیندیاسمیک - [یارگیری] » تێک چوو. ئەم تێکچوونە بەشی هەرە زۆری بە پێ گۆڕانی شێوەی ئابووری ژیانە و بەشێکیشی پەیوەندی بە مێژوو و بەسەر هاتی کۆمەڵی دیاری کراوەوە هەیە. لە هەموو کۆمەڵێکدا یەک شت ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە "ژنان بۆ خۆیان یەک هاوژینییان کردە باو. بەم شێوە کە لە پێشدا ئەم هەقەیان لە پیاوانیتر بە قازانجی پیاوێک ئەستاندەوە. چوونکە ئەگەر بە کەیفی پیاوان بێ ئێستاش نایانەوێ دەست لە هەقێکی ئاوا بکێشن.

ژن لە پێشدا هاتە پلەی دووهەم و لەودوا بەرە بەرە بوو بە موڵکی پیاو، هەروا کە منداڵەکانی وکوێلەکانی وئاژەڵەکانی موڵکی بێ ئەم لاونەولای بوون ودەیتوانی بیان فرۆشێ، بە کرێیان بدا وتەنانەت بشیانکوژێ."(٣ل ٨٣)

دیارە ئەم گۆڕانە بە تێکرا نەبووە وکاتێکی زۆری خایاندووە. مەبەستی ئێمەش نیشاندانی ئەم گۆڕانەیە. کە باوک بوو بە سەرۆک، بنەماڵە بە مانای



ئەوڕۆیی پێک هات. لەو بنەماڵەدا ژن، تەنانەت ئەگەر دایکیش بێ، کەسێ دووهەمە وهەموو پیاوەکان تەنانەت کوڕەکانی خۆشی کەسی یەکەمن ودەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە.

" وشەی فامیلیا Familia [بنەماڵە ] لە سەرەتاوە بەو مانا مودێرنە کە ئێمە لێی تێیدەگەین، کە تێکەڵاوێکە لە بەروالەت هەست داربوون وناکۆکی نێوماڵ ، نییە. لەناو "رۆمی" یەکاندا تەنانەت بە ژن وپیاوێک ومنداڵەکانیان نەدەکوترا، بەڵکوو تەنیا کوێلەکانی دەگرتەوە. فامۆلوس بە مانای کوێلەی ماڵی وفامیلیا بەمانای تەواوەتی کوێلەکان بوو کە موڵکی یەک کەس بوون. تەنانەت لە کاتی "گیوس"دا فامیلیا وەکوو میرات بە وەسیەت [ی خاوەن فامیلەکە] دەدرا بە یەیکی دیکە. رۆمییەکان ئەم وشەیان داهێنا و نیشانەی ئورگانێکی تازەی کۆمەڵایەتییە کە سەروکی ئەم ئورگانە[باوک] ، ژن ومنداڵ وچەند کوێلەی بە پێ یاسایەکی باوک سالارانە لە ژێر چەپۆک دایە وژیان ومەرگیانی بە دەستە.
(٣ ل ٨٥، ٨٦)

پیاو بۆ دەسەلاتداری خۆی - هەروەکوو ژن لە کاتی دایک سالاریدا - کەرەسەی دەوێ. ئەو کەرەسە پێش هەموو شتێک خاوەن بوونە وهەتا ئەو خاوەندارییە ( مۆلکییەت ) کەمترین باوک سالارییەکە کزترە. بابێک کە بە زۆر بژیوی منداڵانی پەیدا دەکا قسەی لە ماڵێ ناڕوا. هەر وابزانە لە ناو خەڵکی بێدەسەڵاتدا. بۆ وێنە لە ناو کوێلەکاندا، یا لە ناو خەڵکی ئاسایی شارەکانی ئەو کاتەدا، سەرەڕۆیی باوک نەیدەتوانی بەو شێوە بێ کە لە ناو ئەشراف و کوێلەدار وبەگ زادەکاندا بووە. سەرەڕای ئەوەش هێندێ یاسای گشتی هەبووە کە هەمووانی گرتۆتەوە. بۆ وێنە حەقی جیابوونەوە. ...هەتا ماوەیەکی زۆر گەرچی پیاو بە هەموو جورێک بەسەر ژندا زاڵ بوو بەڵام ژن مافی جیابوونەوەی هەبوو دواتر بەرەبەرە لێی ئەستاندراوە.

یەیکی دیکە لەو هەقانە کە پیاو تا ئێستاش یەک لایەنە بۆ خۆی ڕاگرتووە ئەوەیە کە ژن هەقی ئەوەی نییە کە لەگەڵ پیاوێکی دیکە نزیکی بکا و دەبێ "وەفای" هەبێ، بەڵام ئەو مافە بە ژن نەدراوە کە ئەو داوایە لە پیاوەکەی بکا. ئەم هەقە بوەتە یاسای کومەڵایەتی، بوەتە یاسای ئایینی، بوەتە فەرهەنگ.

وئەخلاق. و هەموو ئەمانە پیاو خۆی بە قازانجی خۆی داینلوە. وەفای ژن، خەیانەت نەکردن، یا بڵێین " زینا " یەکێکە لەو شتانە کە لە هەموو کۆمەڵێکدا یاسای تایبەتی پیاوانەی بۆ دانراوە.

"پیاوی رۆمی پێوابوو کە وەفاداری ژنەکەی ئەو مافە دابینی دەکا کە ئەو ژیان ومەرگی ژنەکەی بە دەستە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا ژن دەیتوانی بە دڵخوازی خۆی هەرکاتێک ویستبای ژن ومێردیەکە تێک بدا وجوێ بێتەوە." (٣ ل ٩٩)

" لە کاتێکدا پیاو لە دەرەوەیماڵی خۆی مافی پەیوەندی لەتەک ژنانیتردا هەبووە، ژن هەتا مێردکردن دەبوا کچێنی خۆی بپارێزێ وکاتێکیش مێردی کرد بەتەواوی وەفای بۆ مێردەکەی هەبێ. دەنا زۆر بە توندی سزا دەدرا. بەم جۆرە دوو پێوانەی ئەخلاقی وسوننەتی ویاسایی جیاواز بۆ دوو جنس پێک هات."(٨ ل٤٤)

لەناوچە کوردنشینەکانیشدا دەتوانین دەست لەسەر هیندێ شت دانین کە وەک کۆمەڵەکانیتر ئەم ڕەوتانەی تێپەڕاندووە . بۆ وێنە:

بە گرێمان لە کوردوستانی کەونارا چاڵ کردنی ژن لەگەڵ مێردەکەی هەبووە. "لە گۆڕستانی "گوێ تەپە" لە دوازدە گۆڕ کە هەڵدراوەتەوە،( چوار لەبەرد وهەشت لە گڵ ) لە چوار گۆڕی بەردی ولانی کەم سێ گۆڕی گڵیدا ولە هەرکامیاندا دوو پروسک (ئسکلت ) وجاری وایە زیاتر لە دوو دۆزراوەتەوە. رەنگە وا بیر بکرێتەوە کە ئەمانە گۆڕستانی هاوبەش یا گۆڕی بنەماڵەیەکە، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە هیندێ لە گۆڕەکان ( بەتایبەت گۆڕی A کە "براون" هەڵی داوەتەوە. یەکێک لە مردووەکان راکشاوە وجامێکی لە ژێر سەردایە وچواریتر هەڵتروشکاون. دووان بە دانیشتانەوە لە سووچەکانی گۆڕەکەدا ناشتراون. ) خاوەن کوێلە و کوێلەکانین. رەنگە هیندێ جار ژنیش دەبوا لەگەڵ مێردەکەی بنێژرێ. ئەگەر وابووبێ نیشانەی ئەوەیە کە باوک سالاری زۆر بە هێز بووە."(٩ ل ١١٩)

هیندێ شتی دیکە وەک کرین و فرۆشتنی ژن ــ با نێوەکەشی گۆڕدرابێ ــ یا بە میرات بردنی ژن، ــ پاش مردنی مێرد، ژنەکەی دەدرێ بە براکەی. کە ئێستاش لە برێ ناوچە هەر ماوە ــ و زورشتی دیکە نیشانەی ئەو یاسایانەن کە لە کاتی دیاریکراودا بە سەر کۆمەڵدا سەپاون و هەر بەو دەقە یان بە هیندێ گۆڕانکارییەوە شوێنەواریان هەر ماوە. ❀

# بەشی دووهەم:



ژیوەرە گەورەکانی نێوان دووزێ

لەم بەشەدا باسی ئەو ژیوەرە سەرەتاییانە دەکرێ کە بەر لە بڵاو بوونەوەی ئایینی زەردەشتی لە جیرانەتی کۆمەڵی کوردەواریدا بوون، یاخۆ دەسەڵاتیان بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هەبووە،

دیارە سەبارەت بە ژیوەرە کۆنەکان ئەوەندە نووسراوە و شوێنەوار بەدەستەوە نییە کە هەموو بابەتەکان بە وردی ڕوون بکرێنەوە، بەڵام بەپێ ئەوەی کە لەدەست دایە دەکرێ هەتا ڕادەیەک چۆنیەتییەکە دیاری بکرێ.

بۆ نیشاندانی پێوەندی ژیوەرە جیرانەکان لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکاندا، باسێکی کورتی مێژووی ئەو کاتە بە پێویست دەزانین.

## زاگرۆس

لە سەرتاسەری زاگرۆسدا هەر لە ئاگرییەوە بگرە هەتا دێنا (لە لۆڕی گەورە) چوار هۆزی دەسەڵاتدار نێویان ماوە، بەڵام هێشتا ئەوەندە بەڵگە نەدۆزراوەتەوە کە بەتەواوی ڕوون کەرەوەی چۆنیەتی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتییان بێ.

لە هۆزەکانی ڕەسەنی دانیشتوو لە سەرتاسەری زاکرۆسدا وەکوو " لۆلۆبی"، "گۆتی" و"کاسی" ئاسەواری دەورەی مێژوو وەک بەردنووس وپەیکەرە، ئەوەندە نین کە بە پێ ئەوانە بتوانین یاساکانی ئەو دەسەڵاتداریانە دیاری بکەین. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەم هۆزانە بەزۆربەیی لە ژێر ڕکێفی ئیمپراتوورییەکانی بابل و ئاشووردا بووە، جاری واش بووە کە ئەمان بەسەر ئەواندا زاڵ بوون. بەم جۆرە تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە. کەوابوو دەکرێ بە پێ باسی هاوسێیەکانیان "سومر و بابل و ئەکەد" وای دابنێین کە ئەوانیش لە ڕەسم ویاسای ئەوان زۆر دوور نەبووبن. بۆ وێنە لە ناو گۆتییەکاندا ژن توانیویەتی ببێ بە فەرماندەری سوپا(٢ل٣٢). لە بەرد نووسی " ئانوبانینی" ( ٢٥٥٠-٢٦٧٠)

پادشای لۆلۆبی دا ژن خودا نی نی ninni دەبیندرێ کە بازنەی پادشاهی دەدا بە "ئانوو" ودوو دیلیشی پێشکەش دەکا.(٢ ل٣٦) جیاوازییەک کە لە نێوان خێڵەکانی زاگرۆس و ژیوەری پێدەشتەکاندا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە خێڵەکانی زاگرۆس (جگە لە عیلام) زیاتر گرینگییان بە ئاژەڵداری داوە و کەمتر خەریک شارستانییەتی نیشتەجێی و وەرزێڕی بوون. ئەم جۆرە کۆمەڵانە زۆر زوو پیاو سالارییەکی توند و تیژیان بەسەردا سەپاوە و دەسەڵاتی ژن لەوێ زۆر کەمترە لە کۆمەڵی وەرزێڕی. دیارە لە کۆمەڵی وەرزێڕیشدا دەسەڵاتی ژن هەتا ئەو کاتەیە کە بازێڕە گەورەکان پێک نەهاتوون.

لە ژیوەری مەزنی عیلامدا (لوڕی گەورە) دیاردەی زۆر هەیە کە جێگای بەرزی ژن لە ئایین ودەسەڵاتدا نیشان دەدەن، بەڵام ئەمە چەندە لە کۆمەڵدا ڕەنگی داوەتەوە دیار نییە، چوونکە خەتی عیلامی هێشتا نەخوێندراوەتەوە(١٠ ل٣٦) وئەو شتانەش کە بە خەتی سومری یا بابلی نووسیویانە ڕێنوێنیمان ناکا. دەتوانین بڵێین بردنی کۆڵەکە یاسای حەمورابی بۆ شوش جگە لە ڕەمزی سەرکەوتن جۆرێک باوەڕ بەو یاسایەش دەگەیەنێ، چوونکە عیلامیەکان نە تەنیا ماوەیەکی زۆر بەسەر بابل دا زاڵ بوون، بەڵکوو هەتا ناوچەی کەرکوکیان بەدەستەوە بووە (لە ١١٦٥هەتا١١٥١پ،ز). بە پێ لێکۆڵینەوەی هیندێ ئاسەوار دەردەکەوێ کە ژن لە سەرۆکایەتی ئایین و دەسەڵاتدا، تا ڕادەیەک بەشدار بووە. شایەتی ئەم وتە ئەمانەن:

– لە "سنجاخ "ە کانی دەورەی عیلام دا دیمەنی ژن خودای فەراوانی، رسق، و... دەبیندرێ کە نێوی کیریرشا Kirirsha بووە ودەیان سەدە پەرستراوە. ئایینی ئەم ژن خودایە بە " نانایە Nanaia " ناسراوە کە هەتا دەورانی "پارتی" یەکان درێژەی هەبووە. پەیکەرەی ئەم ژن خودا، لە گۆڕستانی پارتییەکاندا دۆزراوەتەوە. نێوی ئەو هەتا ئێستاش لە سەر دایە گەورەکانی کورد « نەنە ـ نەنک » هەرماوەتەوە.

– "لە گوندی کوڕانگۆن لە خاکی مەمەسەنیدا هیندێ نەخش بەسەر تاشە بەردەکانی کێوێکەوە ماوە کە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ، ز. بە پێ لێکۆڵینەوەی " هرتسفلد " ئەم نەخشانە، دوو خودای ژن وپیاو نیشاندەدا کە لەسەر تەختێک کەوا لە شێوەی مارە و پەپکەی داوە، دانیشتوون. (٢ ل ٣٧ )



– ژن خودا"ئیشوشیناک"Inshushinak یەکێک لە خودا گەورەکان بووە کە بە خودای نەتەوەیی ناسراوە. ئەو ژنی "شالا" گەورە خودای عیلام بووە.

– پەیکەرەی شاژن "ناپیر ئاسۆ" Napir,asu ژنی شا "ئونتاش" کە لە برۆنز دارێژراوە ١٧٥٠ کیلۆیە. لە سەر داوێنی ئەم پەیکەرە نووسراوە "هەر کەس ئازارێک بەم پەیکەرە بگەیەنێ تووشی هەموو جۆرە بەڵایەکی ئاسمانی دەبێ". سەرەڕای ئەوەش سەریان پەڕاندووە. ( ٢ل٣٦)

***

## سومر

سومرییەکان لە بەشی سەرەوەی یەکاوی ئەروەند(شط العرب) ولەدوو بەری ئەم چۆمەدا ژیاون.

دۆزراوەکانی شاری " ئۆر " نیشاندەدا کە ژیوەری سومری دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠ پ،ز. ئاوەدان کردنەوەی یەکێک لە شارەکانیان بە نێوی " نیپوور " دەگەڕێتەوە بۆ ٥٢٦٢ پ،ز .

"سومر" و "ئەکەد" لە ٢١٤٠ دا، یەکیان گرتبووە ـ سومرییەکان بوونەتە ژێر دەستەێ ئەکەد ـ و پێکەوە " کەلدە " یان پێک هێناوە. کەلدە سەرانسەری خاکی دووزێ گرتبۆتەوە. لە ئاکامدا دەوڵەتی بابل پێک هاتووە.

یەکەم یاسا کە نووسراوەتەوە، یاسای سومرییە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم یاسا و تەواشا کردنی یاسای بابل دەکرێ بڵێین ڕەوتی گەشەکردنی بەم شێوەی خوارەوە بووە.

سەرەتایی ترین یاسا کە مرۆڤ دایمەزراندووە، یاسای تۆڵە ئەستاندنەوەیە (قەساس ). دوای ئەوە کە هوز دامەزرا وسەرۆک هۆز پەیدا بوو جەریمە دانرا. کاتێک پیاوی ئایینی بوو بە خاوەن دەسەڵات ودەم ودەزگای پەیدا کرد، بڕێک یاسای دانا و بوو بە نێوبژیکەری خەڵک، بەرە بەرە یاساکانی بوون بە یاسای

ئاسمانی وبۆ خۆشی بوو بە نوێنەری خودا. ئەمە سەرەتای پێک هاتنی دادگە ئاینییەکانە. هەر چۆنێ بێ، سەرەتای پێک هاتنی مەحکەمەیە. دواتر دەوڵەت بووەتە شەریکی دادگەی ئایینی. جەنگاوەرە سەرەڕۆکان دەسەلاتیان بەدەستەوە گرتووە و خۆیان کردووە بە پادشا و دواتر بە داگیرکردن، یاخۆ ڕێک کەوتن لەگەڵ بەشی ئایینیدا، بوون بە نوێنەری خوداش. یانێ هێزی ئایینی و سوپایی تێکەڵاو بوون، ئەو کاتە یاسایەکی تازە هاتووەتە گۆڕێ و پاراستنی کۆمەڵی وەئەستۆ گرتووە. لەوە بەدوا پێویست بووە یاسایەکی نووسراو هەبێ. ئەم یاسا تێکەڵاوێک بووە لە شەریعەت، داب ونەریت (کە بەشێوەی چیرۆک و میت بە ئێمە گەیشتووە) وفەرمانە دەوڵەتییەکان.

یاسای نووسراو، بۆ یەکەم جار لە سومر هەبووە، کە دواتر بووەتە سەرچاوەی یاسای بابل. یاسای سومر سەبارەت بە ژنان بڕێک لە یاساکانی بابل نەرمترە. دەکرێ بڵێین: گەرچی لەو کاتەدا، باوک سالاری و پاشایەتی جێ کەوتبووە، بەڵام ژن هێشتا بە تەواوی بێ دەسەلات نەببووە. هێشتا لە ئایینی سومریدا چەندین خودا هەبووە کە ژن بوون، وەکوو "نانایە" کە خودای دەژ (باکیرە)ی زەوی بووە وخودای تایبەتی شاری "ئۆر". خودای شاری کیش لاگاش " نینگر سگ" (دایکێ خەمخۆر) بووە، کە پێیان وابووە خەمی خەڵک دەخوا و لەلای خوداکانی دیکە بۆیان دەپاڕێتەوە. هەر وەها یەکێک لە سێ خودای هەرە مەزن، ژن خودایەک بووە، بە نێوی "ئەآ"

یەکەم شیعری ئینسان کە وەدەست کەوتووە لە ٤٨٠٠ پ.ز دا شاعیرێکی سومری لەکاتێکدا کە ژن خودای شاری"لاگاش" یان بە ئەسیری بردووە "گوتویەتی.

ئەی داخەکەم، گیانم لەداخی شارەکەم وگەنجەکانیدا گڕی گرتووە.
ئەی داخ ،بۆ شارەکەم " ژێرسۆ "[لاگاش]،
لە داخی گەنجەکانی، گیانم دەسووتێ.
لە ژێرسۆی پیرۆزدا، منداڵان بە هەژاری دەژین،



شاژنی پایە بەرز لە پاراستانی خۆی وەدەر نراوە.
ئای خاتوونی شارە خەمینەکەم کەی دەگەڕییەوە؟ (٨ ل ١٤٦)

ـ یاسای "ئۆر، ئەنگۆر" پێشکەش بە شمش خودای گەورەی سومر کراوە.

ـ دادگا لە پاراستانەکان دا دایر بووە ودادرەس قەشەکان بوون. یاسای سومری خەڵکی هان نەداوە بۆ چوونە دادگا. هەر کێشەیەک لە پێشدا وەپێش سەرنجی خەڵک خراوە وداوای نێو بژێرییان لێیکردوون، ئەگەر هەر نەکرابێ، ئەوجا کێشەکە براوەتە دادگا.

ـ لە پاراستانەکان، مەدرەسە بۆ منداڵان هەبووە. کچ وکوڕ لەوێ نوسین وحساب وهەندسە فێر دەبوون.

ـ ژن ومیردایەتیش وەکوو بازرگانی ومیرات و وەسیەت، یاسای تایبەتی هەبووە.

ـ خەلاتی یەک کە کچ لە ماڵە بابییەوە بردوویەتی هەر لە ژێر دەستی خۆیدا بووە. گەرچی مێردەکەی توانیویەتی کەڵکی لێ وەرگرێ. میراتبەری ژن، ژن بۆخۆی دیاری کردووە.

ـ هەر چەندە کە پیاو دەستڕۆیشتوویی بەسەر منداڵەکانیدا هەبووبێ، ژنیش هەر ئەوەندەی ماف هەبووە.

ـ لە نەبوونی مێرددا، ئەگەر کوڕی گەورە نەبوایە، ژن بە مەزرا و دارایی دا ڕادەگەیشت.

ـ ژن مافی ئەوەی هەبووە کە سەودا وبازرگانی بکا، کۆیلە بۆخۆی بکڕێ، یا کۆیلەکانی ئازاد بکا.

ـ لە هەر پاراستانێک، ژمارەیەک ژن هەبوون، هێندێک خزمەتکاربوون وهێندێک بۆ نووستن لەگەڵ جێگر ونوێنەرێ خوداکان لە زەوی، تەرخان کرابوون. ژنی سومری ئەم خزمەتکارییەی بێ شتێکی پیرۆز بووە و بابی ئەم کچەکانیش هەستیان بە سەربەرزی کردووە کە کچەکەیان بۆ ئەو کارە هەڵبژێردراوە، جێژنیان گرتووە و قوربانیان کردووە وخەلاتی یان لەگەڵ کچەکەیان دەناردووە.

ـ ئەگەر ژن نەزۆک بوایە پیاو دەیتوانی بەرەلای بکا. ئەگەر ژنێک لە زک

پربوونی خۆی بەرگری کردبا ، لە ئاودا دەیان خنکاند . *

ـ پیاو دەیتوانی ژنەکەی بفرۆشێ یا لە باتی قەرز، بیدا بە داواکار!

ـ پیاو دەیتوانێ ژنەکەی لە سەر زینا کردن بکوژێ، بەلام بۆ پیاوی زیناکار سزا نەبووە.

ـ ژنێک کە زینای کردبا ، مێردەکەی دەیتوانی ژنێکی دیکە بهێنێ و پلەی ژنی یەکەم بهێنێتە خوارەوە.

ـ ژن دەیتوانی ببێ بە شا. نێوی یەکێک لە ژن ـ شا کان " شوب ، ئەد "بووە کە شایەکی زۆر دلنەرم وبە بەزەیی بووە.

ـ ژنانی چینی دەست رویشتو، ژیانێکی زۆر بەشکۆیان هەبووە و زێڕ و زیوەری زۆریان بە خۆدا کردووە. لە گلکۆی "شوب ـ ئەد" دا ئەم شتانە دیتراوەتەوە: سوراودانێک لە زمڕودی سورمەیی مەیلەو شین، دەرزیلەی زێڕی سەر فیروزە، کەرەسەی خۆ رازاندنەوە لە گوێ ماسی کە بە زێڕ نەخش کراوە. ئەم کەرەسە کە لە قامکە چکۆلەی دەست گەورەتر نییە کەوچکێکی زۆر چکۆلەی زێڕی تێدا بووە کە دەکرێ بلێن سوراویان پێ لە سوراودانەکە هەلگرتووە. میلەیەکی چکۆلە کە بۆ رێک کردنی پێستی لای نینۆک بەکار بردراوە، مەقاشێکی چکۆلە بۆ هەلگرتنی موی برۆ، کلکەوانە وملوانکەی زێڕ کە ئەقیمەکەی بەردی لاجەوەردە. (٨ کورت کراوە ل١٤٣-١٦٤)

***

---

* بەتاوان زانینەی نەزۆک بوون هەتا ئێستاش هەر ماوە! ئەگەر ژن مندالی نەبێ، پیاوی کورد بە مافی خۆی دەزانێ تەلاقی بدا، یا ژن بێنێتە سەری. کەسیش ناپرسێ، داخۆ خەتای پیاوەکەیە یا ژنەکە. زۆر جار بووە پیاو چەند ژنی گۆڕاوە وهەر مندالی نەبووە. ژنان بۆ ئەوەی تەلاق نەدرێن هەزار دەوا ودەرمان وپەت پەتی دەکەن، و بەرۆکی هەموو جۆرە شێخ ومەلا و نوشتو نوس و چاکەیەک دەگرن، و بەقسەی هەموو جۆرە فێلبازێک دەکەن، بەلکوو مندالیان بێ.... دواتر نە تەنیا مندالدار بوون، بەلکوو کوڕدار بوونیش هەر ئەم گرینگییەی هەبووە وهەیەتی. ئەمە میراتی ئایینی زەردەشتییە و لەکاتی خۆیدا باسی دەکەین.



## بابل

لەسەرەوەی سومر، ئەکەد دامەزرا کە یەکەم پادشایان نێوی " سارگۆن " بوو. سارگۆن ٣١٠٠ پ.ز هاتوەتە سەرتەخت. سارگۆن عیلامی گرت و شمشێرەکەی بە ئاوی کەنداو شوشت. لەولاوەش گەیشتە مەدیتەرانە.

میتۆلۆژی وئایین ویاسا و دەسکەوتەکانیتری سومر بە میرات گەیشتە ئەکەد (بابل) ولەوێوە گەیشتە لای "ئاشورییەکان".

ئەگەر نەلێین کورد لەم شارستانیەتەدا بەشدار بووە، دەتوانین بلێین هاوسێ بووە وکارتێکەرێ دوولایەنەیان هەبووە.

" گۆتی " یەکان سێسەد سالێ دەسەلاتی بابل یان بەدەستەوە بووە ( ٣١٠٠ ـ ٢٨٠٠ پ.ز). مەردۆخ دەلێ: "گۆدێ ئا " پادشای هەرە بەهێزی بابل لە کوردەکانی گۆتی بووە. ناوچەی " لۆلۆبیۆم " ماوەیەکی زۆر بەدەست ئەکەد وکەلدە وئاشورەوە بووە، و" کاسی " یەکان (لۆڕی بچووک) دووسەد سال ناوچەی دووزێ یان لە ژێر رکێف دا بووە. (١١ل ١٣٨)

لە ئەکەد دا ٦٥٠٠٠ خودای گەورە و بچووک هەبووە کە بەشێکی زۆریان ژن خودا بوون. بۆ وێنە " ئەشتەر" و"ئانا" دوو خودای گەورە وخۆشەویست بوون.

لوتکەی ئەم ژیوەرە سەردەمی حەمورابی (١٩٥٥-١٩١٣پ .ز) بووە. ئەو یاسایەکی گشتی داناوبووکە بە یاسای حەمورابی بەناوبانگە. ئەم یاسا لە سەر کۆلەکە بەردێک نووسراوە کە ئێستا لە موزەخانەێ " لوڤر" لە پاریس دەپارێزرێ. ئەم کولەکە بەردە لە شوش دادیتراوەتەوە، چوونکە دواتر لە سالی ١١٠٠پ.ز دا عیلامیەکان بردبویانەتە ئەوێ.

لەم یاسانامەدا بەرزترین وئازادانەترین یاسا لەتەک سەخت ترین وبێ بەزەییانەترین سزا، لەپالێ یەکدان. یاسای « گیان لەباتی گیان » وتوێژینەوە (داوەری ) بەشێوەی ئەزموونی "ئۆردالی" [ ئەوە بەم شێوە بووە کە، گومان لێکراو دەبووا خۆی لە ئاو یا لە ئاور باوێ، ئەگەر زیندو هاتبایە دەرێ، ئەوە ئۆبالی بە ئەستۆ نەبوو.ـ چیرۆکی ئیبراهیم لە تەورات دا وسیاوەش لە شانامەدا

نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم یاسا لە زۆر کۆمەڵدا باو بووە.] لەگەڵ شێوەی قەزایی زۆر ڕێک وپێک وکاری ژیرانە، کە لە توندی کردن وسەرەڕۆیی پیاو نیسبەت بەژنەکەی بەرگری دەکا، پێکەوە دەبیندرێن. لەم یاسانامەدا ٢٨٥ چاوە یاسا بە شێوەی زانایانە لەژێر سەردێڕی، یاسای دارایی گوێزەرەوە، دارایی نەگوێزەرەوە، بازرگانی، پیشەسازی، بنەماڵە، ئازاری لەش وکار دا، هاتوون. ئەم کومەڵە یاسا بێگومان لە کۆمەڵە یاسای ئاشور کە هەزارساڵ دواتر نووسراوە، زۆر لە شارستانیەتەوە نزیکترە ولە هێندێ بارەوە بە ئەندازەی یاسای وڵاتێکی تازەی ئورووپی پێشکەوتووە. (٨ ل ٢٦٢ )

ڕۆحی ئەم یاسا ماوەی پازدە سەدە سەرەڕای هەموو گۆڕانێک کە بەسەر وڵاتدا هاتبووە، هەر مابووە، تەنیا لە هێندێ هەل ومەرجدا نەختە گۆڕانێکی تێدا کرابووە. پێشکەوتوویی ئەم یاسا لەوەدابوەو کە لەباتی سزای ئایینی و متافیزیکی، سزای دنیایی دانرابووە ولە تیژی بەرەو نەرمی رویشتووە. لەسزای لەشیەوە سرنج بۆ تاوانی ماڵی دراو،. بۆوێنە لەپێشدا دادگایی کردنی تاوانبار بە شێوەی ئوردالی و بە یارمەتی وەرگرتن لە خوداکان کرابووە. ئەگەر پیاوێک بە جادووگەری یا ژنێک بە زینا تاوانبار کرابا، زەختیان لێ دەکرد کە خۆی لە چۆمی فورات باوێ. ــ دیارە خوداکان هەمووکاتێک پشتیوانی ئەو کەسە بوون کە مەلەوانی باش بووە ــ ئەگەر ژن لە خنکان رزگاری بوایە مانای ئەوە بوو کە گوناباز نییە. ئەگەر نوقم بایە، داراییەکەی دەدرا بەو کەسە کە ئەوی تاوانبار کردبوو. ئەگەر رزگاری هاتبا، تەواوی دارایی ئەو کەسە کە تۆمەتی لێی دابوو پێ دەبڕا. لە سەرەتاوە تەنیا قەشەکان دادوەر بوون وهەتا ئاخریش دادگا هەر پاراستان بوو. لەکاتی حەمورابی بەولاوە، دادگای غەیرە ئایینیش پێک هاتبووە وتەنیا لە بەرانبەر دەوڵەتدا بەرپرس بووە. بەردبەرە ئەم دادگایانە جێگای دادگای قەشەکانی گرتەوە.

زۆر ئۆباڵ هەبوو کە بە مردن سزا دەدرا، وەکوو **سوکایەتی بە ناموس**، منداڵ دزین، چەتەیی، بڕینی ماڵ بە شکاندنی دەرکە، زینا لەگەڵ مەحرەمان، پەنادان بە کوێلەی هەڵاتوو، **کوشتنی شوو لەبەر ئەوەی ژنەکە مێردێکی دیکە بکا**. پشت کردن لە دوژمن لە مەیدانی شەڕدا، کەڵکی خراپ



وەرگرتن لە مەقامی ئیداری، دەغێڵە کردن لە شرابفرۆشتندا و...

چەند یاسا سەبارەت ژنان:

- باب ودایک کەرەسەی زەماوەندی منداڵانی خۆیانیان پێک دێنا. لە نێوان دوولایەنەدا دیاری دەدرا. ئەمە بێگومان پاشماوەی شێوەی کۆنتری ژن و مێردایەتییە کە بە کڕین وفرۆشتن دەکرا. زاوا دەبووا دیارییەکی بەنرخ پێشکەشی بابی بووک بکا ولە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بابی بووک خەڵاتییەکی بەنرخ بدا بە کچەکەی. کەوابوو ناکرێ دیاری بکەین لە ژن ومێرد کامیان لەم سەودایەدا دەکڕدران. جاری واش هەبووە کە ژن ومێردایەتی کوتومت وەکوو سەودا بووە. بۆوێنە شمش نزیر[پادشای سەردەم] دە "شکل"[پارەی ئەوکاتە]ی بۆ شیربایی کچەکەی وەرگرتووە. ئەم دابە هێشتاش لەنێو کوردەواریدا باوە و لەم ئاخرانەوە **کڕین بە دولاریشی** لێ زیاد بووە!!

- پیاو دەیتوانی ژنی خۆی تەڵاق بدا وتەنیا کارێک کە دەبوا بیکا ئەوە بوو کە پێی بڵێ " تو ژنی من نیت "[وەک تەڵاق دان لە لای شافیعی مەزهەب]. پاشان خەڵاتییەکەی پێی بداتەوە. بەڵام ئەگەر ژنێک بە پیاوێکی کوتبا کە "تو مێردی من نیت" فەرز بوو لە ئاودا بیخنکێنن.

- ئەزۆک بوون، زینا کردن، ئەسازان لەگەڵ مێرد وخراپ بەڕیوە بردنی ناوماڵ، لەو شتانە بوون کە یاسا ڕێگای بە پیاو دەدا هەتا ژنەکەی تەڵاق بدا.

- سەبارەت بە رازی بوونی پیاوێک بە ژنێک و بەئەمەک بوون، نێوان ژن و پیاو لەوکاتەدا کەمتر لەوە نەبووە کە ئێستا باوە.... ئەگەر ژنێک زینای کردبا، یاسا وابوو کە لەگەڵ پیاوە زیناکارەکەدا لە ئاوی چۆمدا بیان خنکێنن. ئەگەر مێردەکەی دڵی بۆ سووتابا و نەیکوشتبا ژنەکەی رووت وقوت لە کۆڵاناندا بەرەڵا دەکرد.

- لە یاسای حەمورابی دا دەڵێ: " ئەگەر روون بێتەوە کە ژنێک لەگەڵ پیاوێک نووستوە ولە کاتی ئەو کارەدا نەیان گرتبن، لەسەر ئەو ژنە فەرزە کە بۆ پاراستنی ئابڕوی مێردەکەی خۆی لە چۆمدا بخنکێنێ".

- ئەگەر ژنێک توانیبا بیسەلمێنێ کە بۆ مێردەکەی بە ئەمەک بووە، بەڵام مێردەکەی لەگەڵی ئەسازاوە وزەختی لێکردوە ، دیارە ئەیدەتوانی تەڵاق وەرگرێ، بەڵام بەکردەوە مافی ئەوەی هەبوو کە ماڵی مێردەکەی بەجێ بێڵێ. لەکاتی وادا دەگەڕایەوە ماڵی دایک وبابی خۆی. ئەو جگە لە خەڵاتییەکەی هەمرو ئەو شتانەی کە بە کار و زەحمەتی خۆی پێکی هێنابوو، لە گەڵ خۆی دەبرد. ( ژنانی بریتانیا هەتا ئاخری سەدەی نۆزدەش مافێکی ئاوایان نەبوو )

- بەگشتێ ئەگەر ژن خەڵاتی نەبا پلەی کۆمەڵایەتی لە کەنیز زیاتر نەبوو.

- خۆ لادانی ژن لە کاری ناوماڵ هەروەها پێڕانەگەیشتن بە شوو، دەیتوانی سزای مردن بێ.

- ژن ئەرکی جۆر بەجۆری لە ئەستۆ بووە، لە منداڵداریەوە بگرە هەتا ئاو لە چۆم هێنان، یا لەبیر هەڵگوێزان، ئیتر گەنم هاڕین وچێشت لێنان وتەشی رستن و شت چنین وپاک وخاوێنی ناوماڵی بەئەستۆ بووە. ئەم ئەرکانە خۆی لە خۆیدا ئەو ئازادیەشی دەدایە کە وەک پیاوان لە کوچەو کۆڵاندا هاتووچوو بکا. (وەک ژنی لادێی ئێستای کوردەواری)

- ژنان دەیانتوانی خاوەنی شتی خۆیان بن ولە داهاتی دەسڕەنجی خۆیان کەڵک وەرگرن .

- ژن مافی کڕین وفرۆشتن ومیرات بردن و میرات بەجێ هێشتن ووەسیەت نووسینی هەبووە.

- هێندێ لە ژنان دووکانداریان کردووە وهێندێکیش نووسەر بوون وئەمە نیشان دەدا کە کچانیش بۆیان هەبووە وەکوو کوڕان بچنە مەکتەب وخوێندن.

- یەکێک لەو دابانە کە زیاتر لە ناو چینی دەوڵەمەند وئەشرافدا باو بووە - ورەنگە هەر ئەم دابەیە کە پێشەکی پەیدا بوونی چادر وحیجاب لەناو موسڵمان وهیندیاندایە، - ئەوە بووە کە ژنان جێگای تایبەتییان لە ناوماڵدا هەبووە، وەکوو خەڵوەتی وئەندەرونی. کاتێک ژنان لە ماڵ چوونەتە دەرێ، خولام و خواجەی خەڵوەت لەگەڵیان ڕۆیشتووە.

- بە پێ یاسا میراتی پیاو بە منداڵەکانی دەگەیشت وژنەکەی مافی تێیدا نەبووە.



- بێوەژن مارەیی وخەڵاتی خۆی وەردەگرت وتا ئەو کاتە کە زیندوو بوو بە کابانی ماڵ دەژمێردرا.

- میرات بۆ هەموو منداڵان وەک یەک بووە و کوڕ وکچ وەک یەکیان وەبەرکەوتووە.

- ئەگەر کەسێک لە کچێکی دابا وبیکوشتبا، کاریان بە خۆی نەبوو بەڵکوو کچی کوژەرەکەیان دەکوشت.

- ژنێکی قەشە ئەگەر چووبایە مەیخانە دەکوژرا.(٨ ل ٢٨٨تا ٢٩٠)

***

## ئاشور

دەورەی یەکەم ئاشوری کۆن. ( لە ٢٣٥٨ هەتا١٧١٦پ.ز)

لە دەوروبەری سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین دا مەڵبەندی ئاشوریيان بریتی بووە لە چەند دەسەڵاتی بچوک کە گرێدراوی هۆزەکانی کورد بوون. "یەکەم دەسەڵاتداری ئاشور لەم دەورەدا (سەدەی ٢٣پ.ز )کوڕی " ئیاکۆلابا " بووە کە نێوەکەی لە گوێی دەچێ ... یەکێک لە پادشاکانی ئاشور لە سەدەی ١٩دا نێوی "ئاداسی " بووە کە دەڵێن زاکرۆسی بووە. پاش ئەو " لولولایێ " هاتووە کە لە نێوەکەیدا دیارە لە هۆزی لۆلۆ بووە". (١١ ل ١٤٧)

دانیشتوانی ئاشور تێکەڵاوێک بوون لە سامییەکان وهۆزە غەیرە سامییەکانی رۆژهەڵات وکوردە چیاییەکانی قەفقاز. ( ٩ ل ٢١٣)

یەکەم دەوڵەتی بە هێزی ئاشور بە دەستی " شەمشێ ئادای دووهەم" دانرا (١٧١٦پ.ز).

ماوەی ١٥٠٠ساڵ نێوان دووزێ وزاکرۆس لە ژێر هەڵمەت وڕکێفی ئاشووریان دا بووە. شەڕ وشەڕ کردن وشەڕکەری، کاری کردوەتە سەر فەرهەنگ وکولتور وداب ونەریتی هۆزەکانی ئاشور وهەموو شتێکیان دەبێ لەم ڕوانگەوە چاو لێ بکرێ.

دەورەی دووهەم (٧٤٥-٦٦٠پ.ز)

سەردەمی هەرە پڕ شکۆی ئاشور لە دەوری " ئاشور بانی پاڵ" ( ٦٦٩ - ٦٢٦پ.ز)دایە. ئەو کۆتایی بە شارستانیەتی عیلام هێناو و کۆمەڵە یاسای ئاشور لە سەردەمی ئەودا نووسراوەتەوە. لە ساڵی ٦١٢پ.ز دا، ئەم دەسەڵاتە بە دەست مادەکان کۆتایی پێهات.

گەرچی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاشور و بابل زۆر جیاوازییان پێکەوە نەبووە، و یاساکانی ئاشور پاش بابل دانراون، بەڵام سەرەتاییتر وئایینی ترن. پلەی کۆمەڵایەتی ژن زۆر هێنرابوەتە خوارێ، سەرەڕای ئەوەش ژن مافی پاشایەتی هەبووە.

"سامورامات" (٨٠٨-٨١١) شاژنی دایک، سێ ساڵ تاج وتەختی ئاشوری بەدەست بووە. ئەم شاژنە سەرچاوەی ئەفسانەی مێژوویی "سەمیر ئەمیس"ە لە یۆناندا. بە پێ ئەم ئەفسانە سەمیر ئەمیس نیوە خودا، نیوە شایە، فەرماندەرێکی بە جەرگ وئەندازیارێکی قابل وحاکمێکی ئاگا وبە تەدبیرە. جگە لەم ئەفسانە کە "دیودوروس" ی سیسیلی چێ کردوو، ، شتێکی دیکە لە دەستدا نییە. (٨ ل٣١٣)

چەند یاسای ئاشور سەبارەت بە ژنان:

ـ شا خەڵوەتی (حەرەم) هەبووە وفرە ژنی لەلای شاکان باو بووە. ژنان لەوێ هەر ئەو کارانەیان کردووە کە ئێستاش لە حەرەمەکاندا دەیکەن. یانێ گۆرانی گوتن وهەڵپەڕکێ و زڕ وزیوەر بە خۆوە هەڵاوەسین، پێکەوە شەڕکردن ودرومان و پیلان گێڕان.

- ژن ومێردی وەک بابل بووە، بەڵام لێرە بەتەواوی دەکرِدرا. ژن لە ماڵی بابی دەمایەوە، هەرکات مێردەکەی نیشتیای لێ با دەچوو سەری دەدا.

- ژنان دەیانتوانی بێ ڕووگرتن لە کوچە وکۆڵان هاتووچوو بکەن. ڕوو گرتن و حیجاب تەنیا بۆ ژنانی بەستۆک بووە.

- پیاوان بۆیان هەبووە، هەر چەندە کە بتوانن، ماشۆقەیان هەبێ، بەڵام ژنان



دەبوا بەئەمەک بن وناموسی پیاوەکەیان بپارێزن. ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لە کاتی خەیانەت دا گرتبا، هەقی هەبوو بیکوژێ.

ـ ئەگەر ژنێک دەستی لە پیاوەکەی هەڵێنابا زۆر بە توندی سزا دەدرا.

ـ سزای لەبەرچواندنی منداڵ کوشتنی دایکەکە بوو. تەنانەت ئەگەر دایکەکە لەکاتی منداڵ لەبەرچواندنەکەدا مردبا، تەرمەکەیان دێنا، دارێکی نووک تیژیان لە زکی ڕۆ دەکرد ولە مەیدانی گشتی دایان دەنا. *

ـ بۆ "بەستۆک "ی یاسای تایبەتی هەبووە وبە جۆرێک ئازاد بووە. [ئەمەش یەکێک لە تایبەتییەکانی کۆمەڵی سەربازییە] (٨ ل٣٢١تا٣٢٥)

❀

تێ بینی: ئەم یاسایانەی سومر،ئەکەد وئاشور تەنیا بۆ ئینسانی ئازادە. کوێلە، چ ژن، چ پیاو، لە ژماری ئاژەڵدا بووە و یاسای تایبەتی خۆی هەبووە.

---

* شتێکی گرینگ کە لە یاساکانی ئەم دەورانە و پاشان لە یاساکانی زەردشتیش دا دەبیندرێ، ئەو سزا زۆر سەختەیە کە بۆ منداڵ لەبەرچواندن دانراوە. ئەمە زیاتر ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەڵی کۆن گرینگییەکی زۆری بە زیاد بوونی بەرە داوە و لەنێوبردنی منداڵی بە تاوانێکی گەورە زانیوە. دیارە ئەم گرینگییەش لەوێوە دێ کە لەبەر نەبوونی پاک و خاوێنی و نەناسینی زۆربەی نەخۆشییەکان منداڵ زۆر دەمرد و بەگشتی تەمەنی نێوەنجی زۆر کەم بووە (سی ساڵ). هەروەها بۆ پێک هێنانی سوپا و شەڕکردن، خەڵکی زۆر پێویست بووە. دەوامی هێز و دەسەڵات لە زیاد بوونی خەڵکدا بووە تا ئەو ڕادەی کە نرخی ژن بە پێ منداڵ دیاری کراوە و هەر ژنێک منداڵی زیاتر بووبێ ڕێزی زۆرتر بووە و ئەگەر نەزۆک بووبێ بێ بایخ بووە. ئاشوورییەکان بەوە بەناوبانگن کە دایە بەکۆڵ ئەسپەوە بوون و لەشەڕکردندا بوون. بۆیە لەناو ئاشوورییەکاندا ئەم تاوانە زۆر بە توندی سزا دراوە. ئەوەش بزانین کە بایخی زۆر بەکوڕ دان هەر لە دەوری ئاشوورییەکانەوە بۆ ئێمە بە میرات ماوە.

# بەشی سێیەم



# زەردەشت و ئایینی زەردەشتی

## ماد (٧٠٨-٥٥٠ پ.ز)

پێکهاتنی یەکێتی هۆزەکانی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی ماد (٧٠٨ یا ٧٠١ پ.ز) بەو مانایە نییە کە یاسایەکی گەلاڵە کراویش پێکهاتبووە. هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە بەپێی ئەوە بزانین لەو کاتەدا چ کۆمەڵە یاسایەک بەسەر ئەم وڵاتەدا حاکم بووە. ئەوەندە دەزانین کە ئایین و یاساکانی بابل و ئاشور کە پێشتر باسمان کردووە، لەم ناوچەشدا هەبوون و پاراستانی زۆر بۆ خوداکانی بابل لە "ئاتروپاتن" دروست کرابووە. ئایینی دیکە کە خۆجێی (بوومی) بووە ئایینی "مەغ"ەکان بووە کە پێش لە بڵاو بوونەوەی ئایینی زەردەشت (زەرتوشترا- زەرتوشت) لە مەڵبەندی مادەکاندا برەوی هەبووە.

یەکێک لە شەش چینێک کە هێرۆدۆت لە کۆمەڵی ماددا نێویان دەبا "مەغ"ەکانن، بە وتەی "پلوتارک" ناوەندیان "رەی" (رەغە -لە نزیک تارانی ئەو رۆ دا) بووە. (٥ ل ١٤٤)و دەسەڵاتی ئایینی بە دەست ئەوانەوە بووە.

بە پێی هێندێ لیکدانەوە، مەغەکان تیرەیەک بوون کە کاری ئایینی یان بە ئەستۆ بووە. دیاکۆنۆف دەڵێ: هەموو پیاوێکی ئایینی مەغ بووە، بەڵام هەموو مەغێک پیاوی ئایینی نەبووە. (٩ ل ٣٤٥)

مولتون لە کتێبی (زەردەشتی گرایی کەونارا ل١٨٢) دا دەڵێی "مەغان" تیرەیەکی خۆجێی ـ نە ئاریایی و نە سامی ـ بوون. ئەوان بە تەنیا کاهین و غەیب وێژی ماد دەژمێردرێن ... ئەمانە لە پێشدا جادوگەر بوون و بە خوێندنی وێرد و هێندێ کردەوەی تایبەتی (کۆڕ بەستن) چەپەڵی و شەڕیان دوور کردۆتەوە و چاکەیان بانگ کردووە. وشەی مەغ چۆتە ناو زمانی لاتین و دواتر لە زمانە ئوروپاییەکاندا بۆتە Magi بە مانای جادو. (١٤ ل٣٤،٢٣) (ڕەنگە کوورەی زیکری دەروێشان هەر لەو کاتەوە مابێتەوە، چوونکە مەغەکانیش کورەیان بەستووە و چوونەتە خەلسەی دەروونەوە.)

ئایینی مەغەکان پەرەستنی خوداکانی سروشت بووە کە پێیان کوتراوە " دێو " (٩ ل٦٤١). راستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ئایینە کە پێی کوتراوە ئایینی "زروانی" (هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەمانە دوو ئایینی هاوپەران بەڵام یەک نین) دواتر لەگەڵ ئایینی زەردەشتی دا وەها تێکەڵ بوون کە ناکرێ لێکیان جوێ بکەینەوە (لانی کەم لەم باسەی ئێمەدا کە تایبەتی بە ئایینەوە نییە) تەنیا دەتوانین بڵێین هێندێک لە خوداکان و داب و یاسا ئایینییەکان کە دواتر بە ئایینی زەردەشتی ناسراون، پێش بڵاو بوونەوەی ئایینی زەردەشتی هەبوون. مەغەکان دواتر بۆخۆیان بوونەتە پیاوی ئایینی زەردەشتی و تەنانەت ـ بە پێ وتەیەک ـ خودی زەردەشتیش هەر لەم تیرەیە و ئەویش مەغ بووە. واتە ئەمانە تازە و کۆنیان تێکەڵ کردووە. بۆ وێنە:

ئاناهیتا (ژن خودای زەوی و بارەوەری) دەتوانێ هەر ئەو دایک خودا بێ کە بە نێوی "کریشنا، نانا، نانایە، ئیشتر و..." پێشتر پەرستراوە. یان لانی کەم پەسنەکانی ئەوانیان داوە بەم ژن خودایە. (١٤ل ١٠٢٥) **پروفسۆر گیرشمەنیش هەر لەسەر ئەم باوەڕەیە.**

ژن خودا ئاناهیتا دواتر لە بەشی پێنجمی ئەوێستا بڕگەی ١٣،٧، ٦٤، ١٠١، ١٠٢، ١٢٣، ١٢٦، هەتا ١٢٩ پەسن دراوە.

دوای ئەو "میترا (خودای هەتاو)ە و"هومە" (گا خودایەک کە خوێنی خۆی وەکوو شەربەتی ژیان بە ئینسان بەخشیووە) پەرستراون. گیایەکیش بەنێو هومە هەبووە کە شیرەی ئەم گیایان وەکوو ماددەیەکی پیرۆز خواردوەتەوە و مەستیان کردووە. (٨ ل٤٢٣)

بڕێک نێو **لە** نووسراوەکانی ئاشووریاندا (بەر لە سەدەی حەوتەم) هەیە کە دواتر لە ئایینی زەردەشتیش دا دووپات کراونەتەوە، وەک: ئەهورە (باش)، مەزدە (خاوەن خێرەد) بەگ (خودا) [نێوی بەگ لە ناو کورددا هێشتاش ماوە و بە خاوەن دەسەڵات دەگوترێ]. هورەش بە هەورامی دەبێژن "هۆرە و هەوایەکی تایبەتییە لە گۆرانی چڕین دا. ئەم هەوایەلەوکاتاندا پەسنی ئەهورای پێی دراوە.

دانانی لەشی مردوو لە هەوای ئازاد دا هەتا پەلەوەر بیخۆن، دابی کاسییەکان بووە کە دواتر بوەتە یەکێک لە دابەکانی زەردەشتی. (٩ ل ٣٤٣-٣٤٤)



کە وابوو ئێمە لە باسی ئایینی زەردەشتی دا باسی هەموو ئەو نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییانە دەکەین کە لە شەریعەت و باوەڕە جیاوازەکانی ئەم ئایینەدا هەبوون و پەیوەندیان بە ماف و ژیانی کۆمەڵایەتی ژنەوە هەبووە. چوونکە، هەر چۆنێک بێ، لە دەوری ئایینی زەردەشتی دا هەموویان باو بوون و دواتر بە نێوی ئەم ئایینەوە ناسراون و بوونەتە بەشێک لە داب و یاساکانی ئەم ئایینە.

بە بڕوای زۆربەی لێکۆڵەرەوان زەردەشت لە "ئاترووپاتن" [قەڵەمڕەوی ماد]دا بە دنیا هاتووە. لە دایک بوونەکەی هێندە لە ئەفسانە دەچێ کە بوونی دەخاتە گومانەوە. سەرەڕای ئەوەش "پروفسۆر ویلیام جەکسۆن" کە زۆر باوەڕی پێیەتی دەڵێ (رەنگە بکرێ ٦٦٠ پ.ز بە ساڵی لەدایک بوونی زەردەشت بزانرێ.)(٢٤ل ٧٧) ساڵی مردنیشی بە ٥٨٣ پ.ز زانراوە. (١، ل ٤٨٨)

لە کێوی سەهەنددا ئەشکەوتێک هەیە کە ئەشکەوتی زەردەشتی پێی دەڵێن و لە نزیک مراغە ئاگردانە کۆنێک هەیە کە دەڵێن پاراستانی خودی زەردەشت بووە. (٢٤، ل٧٩)

ئەو جێگایە کە زەردەشت یەکەم مریدی خۆی(کوڕی پوری بە نێو مدیومانگە) ـ لە ئەوێستا دا نێوی براوە ـ لەوێ ئێرشاد کردووە، دێ خوڕخوڕە [لە شاروێران، ١٦،٥ کیلومەتری رۆژهەڵاتی شاری مەهاباد] بووە.

لە لایەکیترەوە سرودەکانی ئەوێستا ـ بە پێ لێکدانەوەی زمانەوانی ـ دەبێ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی بانی ئێران (خوراسان) نووسرابنەوە. (٩ ل٥٥) بۆیە لێکۆڵەرەوان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە: زەردەشت لە ئاترووپاتن شارەوەدەر (تەبعید) کراوە و چۆتە لای خوراسان و "ویشتاسب" نێوێک ـ نێوی لە ئەوێستادا هاتووە ـ کە حاکمی ئەوێ بووە، ئایینەکەی زەردەشتی پەسن کردووە و بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو ئایینە. ئەم بیرە، بە پێ ئەم دێڕانەی ئەویستا پێک هاتووە کە دەڵێ: "*روو لە کام خاک بکەم، بۆ کوێ بڕۆم [لەکوێ] لە پەنایەک بگەڕم. خاوەن دەسلات و رێبەران دووریم لێدەکەن و لە وەرزێڕەکانیش ڕازی نیم. هەروەها لەو درۆ پەرستانە کە فەرماندەرانی شارن، چۆن دەتوانم ئەتۆ ڕازی بکەم! ئەی مەزدا*. (١٥)

هەرچۆنێک بێ ماد لانکەی ئایینێکە کە دواتر بە نێوی زەردەشتی ناسراوە. بە وتەی دیاکۆنۆف ئەو فێرکردنانە کە دواتر بوونەتە بنەڕەتی ئایینی زەردەشتی و لەگەشەی بیر و باوەڕی خەڵکی دنیای کەونارادا دەورێکی گرینگییان هەبوو، لە قەڵەمڕەوی پادشاهی ماد دا پێک هاتن. (٩ ل١) یەکێک لە نیشانەکان ئەوەیەکە : کۆنترین ئاگردان و پاراستانی زەردەشتی لە "نووشی جان تەپە" [ ٦٠ کیلومەتری باشووری هەمەدان و ٢٠ کیلومەتری رۆژهەڵاتی مەلایر] -لە ساڵی ١٩٦٨ دا دۆزراوە ـ کە تەمەنی دەگاتە نێوان سەدەی هەشت تا شەشی پ.ز. (١٦ل٢١.٢٢)

هەڵبژاردنی ئایینی زەردەشتی، لە لایەن مادەکانەوە، دوو هۆی بنەڕەتی هەبووە.

یەکەم ئەوەیە کە پادشاکانی ماد، بۆ ئەوەی هێزی وردە واڵەی بەربڵاوی هۆزەکان کۆ کەنەوە و هەمووی بهێنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، نیازیان بە ئایینێک بووکە ئەم ئیزنەیان بداتێ. ئایینی زەردەشتی هەموو خودا چووکە سروشتییەکان لادەدا و یەک خودا (ئەهورامەزدا) دەکاتە دەسەڵاتداریان. (بڕوانە سەرچاوەی (٩ل ٣٦٠ بەولاوە)

دووهەم ئەوەیە کە مەغەکان کە دیتیان ئایینەکەی زەردەشت لە پەرەسەندن دایە (بۆ ئەوەی نەبێتە دژی ئەوان) ئەو ئایینەیان هەڵبژارد(٩ل٣٤٨) و پاشان تێکەڵیان کردەوە لەگەڵ ئایینەکەی خۆیاندا، و تواندیانەوە و بۆ خۆیان بوون بە کاهێنی ئەو ئایینەش. نێویشیان بوو بە "مووبەد".

بەرە بەرە بە کۆبوونەوەی هێز لەدەست پادشادا، وای لێهات کە سەرۆکایەتی کۆمەڵ لە پیاوە ئایینیەکان ئەستێندراوە و کەوتە دەست پیاوە ئیزامی و شەڕکەرەکان. پادشاهی و سروک ئایینی تێکەڵ بوون، تا ئەو ڕادەیە کە شا وەکوو "سەر پریستار" [کاهێنی گەورە] دیاری کرا .[وەک بابل، وەک خەلیفەکانی ئیسلام و ویلایەتی فەقیە لە ناو شێعەدا] (١٤ل ٢٩) سەرەڕای ئەمەش ناکرێ بڵێین ئایینی زەردەشتی بەسەر تەواوی کۆمەڵدا داسەپێندرا بووە و ئایینەکانی دیکە لە نێو چووبوون. چوونکە پاش مادەکانیش دەبینین کە "گئۆماتای مەغ" (٥٥٦ پ.ز) ڕاپەڕیوە و بە وتەی بەردنووسی داریوش (ی هەخامەنشی) کە دەڵێ: "ئەو پاراستانەی کە گئوماتای مەغ وێرانی کردبوو من ئاوەدانم کردەوە"،



دەبێ گئوماتا وهەوالانی ـ گەرچی لە مەغەکان بوون ـ زەردەشتی نەبووبن. هەروەها دەزانین کە کووروش، یەکەم پادشای پارس، لە کاتی گرتنی بابل دا، ڕێزی لە هەموو خوداکانی ئەوێ گرتووە، بە تایبەت مەردوک خودای بابل. ئەمە کردەوە لە زەردەشتی ناوەشێتەوە، یانێ کووروش نابێ زەردەشتی بووبێ. چوونکە دەزانین کە زەردەشتییەکان هەرچی ئێرانی نەبێ بە تۆڕەمەی شەیتانی دەزانن.

ئایینی زەردەشتی، یەکەم جار، لە زەمانی داریوش دا بووەتە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆری ئێران. بۆیە دەبێ چاوێک بەو کاتەدا بخشێنین کە هێشتا ئایینی زەردەشتی بەتەواوی دەسەڵاتی بە دەستەوە نەگرتبووە، بزانین ـ هەتا ئەو جێگا سەرچاوەکان ڕێگا دەدەن ـ پلەو پایەی ژن، بەر لەم ئایینە لەکۆمەڵدا چۆن بووە؟

ـ بە وتەی هێرۆدۆت: لە بنەماڵەی مادەکاندا، باوک دەسەڵاتی بێ ئەم لاونەولای هەیە و چەند ژن هێنان لە ناویاندا باوە. (٢ ل ٦٦)

ـ ئەگەر کەسێک کوڕی نەبووایە، کوڕی کچەکەی دەبووە کوڕی ئەو، ئەم دابە دەبووە هۆی ئەوە کە کچی خۆیان مارە بکەن، هەتا پادشاهی و دەسەڵاتەکە لە بنەماڵە نەچێتە دەرێ. (٢ ل ٦٩)

ـ "ئاریان" کە وتەکانی سەبارەت بە ئەسکەندەر لە ڕاستیەوە نزیکترە دەڵێ: مادەکان سەد ژنیان پێشکەشی ئەسکەندەر کرد کە جلی سوارەیان لەبەردا بوو و لەباتی ڕم تەوەرزینیان پێ بوو و لەباتی قەڵخانی قورس قەڵخانی سووک. (٢ ل ١٠٠) ئەمە نیشاندەدا کە ژنان لە ریزی لەشکر دا هەبوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە نیشان بدا لەناو مادەکاندا، ژنان توانیبێتیان ببن بە شا یان سەرۆکی بنەماڵە.

ـ مێژووی ئەم سەردەمە پڕە لە چیرۆکی ئەو کچانە کە بە هۆی مەسڵەتی سیاسییەوە، لە پادشاکان مارەکراون و بوونەتە دیاری یان بارمتەی شەڕ وکێشە. بۆ وێنە "ئاستیاژ" کچی "کیاکزار" (پادشای لیدی) دراوە بە "هووەخشەترە" پادشای ماد، هەتا شەڕ ڕاوەستێ. ئەو کچی خۆی "ئامی تیس"ی کردۆتە بارمتەی سەر قەباڵەی پەیمانێک لەگەڵ پادشای بابل و داویە بە "بخت النصر" کوڕی "نەبوپۆلاسار". (٢ ل ٦٧)

ـ بە پێ مێژووی سەردەمی ماد ـ جگە لە ساڵەکانی ئاخرـ ئەوان دایمە لە شەڕ و کێشە لەگەڵ هاوسێیەکانیاندا بوون. بێ گومان شەڕ کاری پیاوان بووە و کوڕیان بۆ سەربازی بردووە. کە وابوو کاری کۆمەڵ و تەنانەت کرێکاری لە کۆشک دا، بەشێکی زۆری کەوتووەتە سەرشانی ژنان. دواتر لە پارسدا، کە هەر لەو هەل ومەرجەدا بوون، دەبینین کە کرێکارانی ژن لە پیاوان زۆر زیاترن.

باقی تایبەتیەکانی کۆمەڵ دەمێنێتەوە کە لەگەڵ ئایینی زەردەشتی باسی بکەین. چوون بەڵگە و سەرچاوە بۆ ژیان لە سەردەمی ماددا زۆر کەمە، دەبێ لە شێوەی بەرابەردانان کەڵک وەربگریز.

## پارس

دەسەڵاتی ماد بەدەست "کورش" یەکەم پادشای پارس لە ٥٥٠پ.ز دا کۆتایی هات. بە وتەی ویل دورانت: دینی زەردەشتیش لەپاڵ بنەماڵەی باوک سالار و یاسا و چەند ژنیدا، لە مادەکانەوە بە میرات گەیشتە لای پارسەکان.(٨ ل ٤٠٦)

سووچەکانی ئەم ئیمپراتۆریە، بە دەستی داریوش لە لایەکەوە گەیشتە "میسر" و لە لایەکی دیکەوە، چووە سەر چۆمی "سێند" لە سەرەوە، قەفقاز و ئەرمەنستان وچوڵی تورکەمنستانی گرتەوە و لە خوارەوە هەموو کەنداوی فارس و عەرەب. کە وابوو کوردەواری بە تەواوی لە ژێر دەستی پارسەکاندا بووە.

هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە یاسایەکی گشتی بەسەر وڵاتدا حاکم بووبێ و زیاتر لەوە دەچێ کە هەر ناوچەیەک یاسا و نەریتی خۆی هەبووبێ. بۆ وێنە کورش چوەتە هەر کوێ ڕێزی لە ئایین و یاسای ئەوان گرتووە. هیندێ لێکۆڵەرەوە لە سەر ئەو باوەڕەن کە زیاتر یاساکانی بابل بەڕێوە چووە. سەرەڕای ئەوەش ناکرێ بڵێین داب و نەریتی پارسەکان کە حاکمی وڵات بوون، هەر لە نێو خۆیاندا ماوەتەوە، ژیان لەژێر دەسەڵاتی تایبەتیدا، ئەویش بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی کارتێکەری دوولایەنەی کۆمەڵایەتی و یاسایی. ئەگەر قسەکەی ویل دورانتیش لەبەر چاو بگرین، ئەو دەم دەبینین کە نەریتەکانی پارس لە ڕاستیدا لە مادەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. بە تایبەت دەزانین کە ماد و پارس دوو هۆزی خزم



بوون و کورش بۆ خۆی کچەزای "ئاژیدەهاک" ئاخر پادشای ماد بووە. چاو لێکردن لە نەریتەکانی ئەم کۆمەڵە، پێش ڕەسمی بوونی ئایینی زەردەشت، نیشان دەدا کە چۆن ئایینەکە بۆ خۆی نەریتەکانی گەڵاڵە کردۆتەوە. دیارە ئێمە تەنیا باسی ئەو نەریتانە دەکەین کە سەبارەت بە ژنانن.

بە گشتی هیندێک لە خاوەن ئەزەران پێیان وایە پلەو پایەی ژن بەرلە ڕەسمی بوونی ئایینی زەردەشت بەرزتر بووە، دواتر ئەم ئایینە ئەوانی بە تەواوی زەبوون کردووە. (بڕوانە ٥ ل ٤٣٣)

ـ وتەیەکی کۆنی ئێرانی هەیە [لەناو کوردیشدا هەیە] کە دەڵێ: "کچ نێعمەتی خودا نییە". ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە کچ لە ماڵی بابی نەدەمایەوە و نەدەبوو بە سەرمایەی داهاتوو و وەکوو ڕەنجی بەخەسار چاوی لێکراوە.

ـ منداڵ هەتا تەمەنی پێنج ساڵی لەژێر دەسەڵاتی دایکدا دەبوو و دوایە دەکەوتە ژێر سەرپەرستی باوکەوە.

ـ کوڕانی چینی حاکم لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەچوونە فێرگە، بەڵام خەڵکی ئاسایی تەنیا بۆ سوپاییگەری دەنێردران. [فێرگە بۆ کچان نەبووە]

ـ شا بۆ ئەو پیاوانەی کە کوڕی زۆریان بووە هەموو ساڵێک خەڵاتی ناردووە. یانێ خوێن بایی ئەو کوڕانەی ـ کە دوایە لە مەیدانی شەڕدا بەکوشتی دەدان ـ لە پێشدا داوە. (٥ ل ٤٣٥)

ـ خەڵاتی دان بە کچ باو بووە . بە پێ بەڵگەکانی پرسپولیس، داریوش ـ جگە لە شتی دیکە ـ سەد سەر مەڕی کرۆتە خەڵاتی کچەکەی.(٢ ل ٧٨)

ـ چەند نمونە بۆ باو بوونی چەند ژنی: کورش سێ ژنی مارەکراوی هەبووە. ناوی شەش ژنی مارەکراوی داریوش هەیە. ئەمە جگە لەو ژنانە بوون کە تەنیا بۆ لەگەڵ نووستن، لە خەڵوەتیدا ڕایان گرتوون. بۆ وێنە ئەردەشیری سێهەم سێسەد و شەست ژنی لەم چەشنەی هەبووە (شەوێک یەک ژن لە ساڵدا).(٢ ل ٧٩،٨٠)

ـ سەرەڕای هەموو ئەو ژنانە کە هەیانبوو و دەیانتوانی هەیانبێ، ئەگەر بە گوێیان گەیشتبا کە ژنێکیان چاوی لە پیاوێکی دیکە کردووە، دەسبەجێ دەیانکوشت. چوونە سر جێگای کەنیزەکانی شا تاوانی مەرگ بووە.

ـ قەزاوت بە شێوەی "نوردالی" [بڕوانە بەشی دووەم بابل] باو بووە. (٨ ل ٤١٩)

ـ جاری وایە لەبۆ بەدەست هێنانی دەسەلات دایکی خۆیانیان کوشتووە. (کوڕەکانی "ئامنیس" برازای ئەردەشیری سێهەم، ژنی حاکمی "هراکلیە" دایکی خۆیان کوشت.

ـ هێرۆدوت دەنووسێ: "بە پێ یاسای "مەغ"ی، دەکرا کە کچ ببێتە ژنی باوک یان برای خۆی." نموونە بۆ ئەو وتە:

ئاتۆسا کچی کورش بە نۆبە مارەکراوە بۆ براکانی کەمبوجیە و بەردیا.

"ئاتۆسا" کچی "ئەردەشیری دووهەم "کە ژنی بابی بوو، دواتر بوو بە ژنی براکەی خۆی "ئەرەشیری سێهەم".

داریوشی دووهەم لەگەڵ خۆشکی "ماریساتید" هاوسەر بوو.

ئەردەشیری دووهەم دوای مردنی ژنی یەکەمی لەگەڵ دوو کچی خۆی "ئاتۆسا"و "ئامستریدا" زەماوەندی کرد. (٢ ل ٨٧)

ـ پلۆتارک دەڵێ: منداڵان بە بێ ئیزنی دایکیان دانەدەنیشتن.

ـ شا لە میوانیدا، لە خواردەستی دایکیەوە و لە سەرەوەی شاژن دادەنیشت. (٢ ل ١٠٦) سەرەڕای ئەوەش خراپترین جنێو لە نێو پارسیاندا، [لەناو کوردیشدا وایە] ئەوە بووە کە بە پیاوێک بڵێن "وەکوو ژنیت!، یا لەژن کەمتریت!" (٢ ل ١٠٨)

ـ ژنانی چینی دەستڕۆیشتوو تەنیا دەیانتوانی لە کەژاوەدا هاتوو چوو بکەن و مافی دواندنی پیاوانیان نەبووە. ژنی شودار مافی نەبوو هیچ پیاوێک بدوێنێ تەنانەت ئەگەر باب یا برای خۆی با. کەنیزەکان ئازادییان زیاتر بوو، چوونکە دەبووا خزمەتی میوانان و خاوەنەکەیان بکەن. (٥ ل ٤٣٤)

ـ پادشاکانی پارس، یەکێک لە ژنەکانی مارەکراویان دەکرد بە "شاژن" [مەلەکە] (دیارە لەسەر شاژنی هەمیشە گێرەوکێشە بووە)، بۆ وێنە "ئاتۆسا لە دەرباری ئەردەشیردا زۆر بە دەسەلات بووە.

ـ خشایارشا لە میوانییەکدا لە دووی "شاژن" دەنێرێ کە بێتە نێو مەجلێسەکەوە، [پارسەکان ژنانی خۆیان بردۆتە میوانی و مەجلیسانەوە] ئەو بە



بیانوویەک نایەت. شا تووڕە دەبێ و تانجی "شاژنی" لێی دەستێنێتەوە. (٢ل ١١٤)

ـ ژن و منداڵ لە کاری بەرهەم هێنان و کاری خانووبەرە چێکردن و کۆشک هەڵخستندا بەشدار بوون، بەڵام مزەیان (حەقدەستیان)لەگەڵ پیاوان وەک یەک نەبووە. لە هیندێ کاردا ژمارەی ژنان زۆر زیاتر لە پیاوان بووە. بە پێ بەڵگەیەکی سەردەمی خەشایارشا کرێکاری پیاو ٢,١/٤ شکل [پارەی ئەو کاتە] حەقدەستی وەر گرتووە، بەڵام ژن ١ شکل. کوڕ ١,٢/٣ بەڵام کچ ٢/٣ی شکل.

بە پێ ئامارێک کە "تیورین" لە کرێکارانی (کۆیلە و ئازاد)، بیناکردنی کۆشکی کردووە، نیشانددەدا، لە هەموو بەشەکاندا کۆی پیاوان و کوڕان لە کۆی ژنان و کچان کەمتر بوون. [دیارە هیندێک کاری تایبەتی ژنانی تێیدا نەبوون]

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کرێکاری پێشەکار | پیاو | ٤١,٦ | ژن | ٥٨,٤ | |
| کرێکاری سادە | پیاو | ٢٨,٤ | ژن | ٧١,٦ | |
| شوان : | پیاو | ٥٤,٨٥ | ژن | ٤٥,١٥ | |
| شەراب ساز : | پیاو | ٥٤,٥ | ژن | ٤٥,٥ | (بڕوانە٩ / بەشی پێنجەم) |

بۆ بەراوردێکی ژیانی چینایەتی نموونەیەک لە نرخی پارە دێنینەوە.

ئومستد" دەڵێ: دەوڵەمەندان ١٥ شکل ـ کە زیاتر لە داهاتی یەک ساڵی وەرزێرێک بوو ـ یان دەدا بۆ پاوندێک خوری ئەرخەوانی. (٢ ل ١١٥) [یانێ پارەی کاری پازدە رۆژی ژنێکی کرێکار بۆ نیوکیلو خوری. هەروەها دیارە ژیانی وەرزێر زۆر لە کرێکارەکەش خراپتر بووە]

لە کۆمەڵێکی لەم چەشنەدا کە دەسەلات یەک لایەنە بۆتەوە، بەڵام ئایین و یاسا یەکدەست نییە، پێویستی بە یەک لایەنەکردنەوەیەکی گشتی هەیە هەتا دەسەلاتەکە مانای ڕاستەقینەی خۆی بسەلمێنێ. لە هەل و مەرجێکی وادا، ئایین و یاسایەکی یەکگرتوو لە ژێر نەزەری ڕێکخراوێکی شایانی ئەو ئیمپراتۆرییە پان و بەرینەدا پێویستە. بۆ ئەوەی خەڵک لە ژێر چەتری ئاڵایەکدا کۆ ببنەوە، دەبێ خودایەکیان هەبێ کە هەموویان بڕوایان پێ بێ، هەتا شایەک کە نوێنەری ئەو خودایەیە، دەسەڵاتە هەمە لایەنەکەی مانا بدا. لەبەر ئەم پێویستییە، ئەوێستا دەکەنە کتێبی ئایینی یەکگرتوو و لە سەردەمی داریوش دا دەنووسرێتەوە. ئەوێستا

بۆ خۆی هەمووی سروود و دۆعایە و باسی ئاسمان وگەردوونە و زیاتر پێوەندی بە میتولۆژی یەوە هەیە و بەو شێوە دەرسی ئەخلاق دەدا. دواتر ـ هەروەها کە باسمان کرد ـ کاهێنەکان (مەغەکان) یاسای کۆمەلایەتی بۆ ئەم ئایینە دادەتاشن، چوونکە دەزانن کۆمەڵ ناتووانی تەنیا بە دۆعاکردن بەرێوە بچێ).

## ژن لە میتۆلۆژی ئایینی زەردەشتی دا.

میتۆلۆژی بەشێکی زۆری ئەم ئایینەی داگیر کردووە و لەوێدا دەردەکەوێ کە جێگای ژن چۆن دیاری کراوە.

"زروان" (خودای کات) "ئەهورامەزدا" و "ئەهریمەنی" چێ کرد.[دواتر زروان لەم ئایینە لابراوە و ئەوانەی باوەڕیان بە زروان بووە بە لادین ناسراون] ئەهورامەزدا شەش "ئەمشاسپەند" (ئەمری پیرۆز)ی لەگەڵە، کە سێ یان مێ یە وسێ یان نێر.

بەهمەن (بیری باش). ئوردیبهشت (باشترین ڕاستی)، شەهریوەر (پادشاهی مەلەکوتی ئاسمان)، ئەمانە نێرن.

سپەندارمەز (شایستەیی پیرۆز و فریشتەی نگابانی زەوی) خورداد (تەواوەتی «کەماڵ») ئەمورداد (ئەمری) ئەمانە مێ ن. (١٧ ل ٦٠) [دەبینین لەم چێ کەرییەدا هاوتایی ودابەش بوون لە نێوان دوو جنس دا هەیە]. سپەندارمەز بۆ خۆی کچی ئەهورامەزدایە(!) و لەدنیای ڕۆحانی دا ڕەمزی ئەمەک، فەرمانبەرداری، خۆ بەخت کردن و ئاشتی یە. (٢ ل ٤٦)

ئەمانە نیشان دەدا کە پەسنی ژن بە چییەوە دراوە، ژن دەبێ بە ئەمەک بێ (بۆ پیاو) فەرمان بەربێ (لەپیاو)و بەلە خۆبردوییەوە ئاسایش پێک بێنێ(بۆ پیاو).

پاش ئەمشاسپەندەکان، "ئیزەد"ەکان چێکراون، کە یاریدەدەری ئەمشاسپەندەکانن. دوای ئەوان "فریشتە"کانن کە یاریدەی ئیزەدەکان دەدەن.

ژمارەیەک لەمانە پەسنی ژنانە و کچانەیان پێ دراوە. بۆ وێنە:

لە هەموو گەورەتر "ئاناهیتا"یە کە پێشتر باسمان کرد. پاش ئەهورامەزدا لە



بەردنووسەکاندا نێوی ئەو براوە.

« ئەهورامەزدا بە سپەنتمای زەردەشتی کوت: لەبۆمن ئەی زەردەشت سپەنتمان ئەم ئەردەویسور ناهیدە بپەرستە، کەسێک کە بە هەموو جێگایەکدا بلاو بۆتەوە، [ئەو] دەرمانکەر، دەژمنی دێوان، مل کەچی ئاینی ئەهوراییە، پیرۆزێکە کە زیادکەری گەل وئاژەڵە، پیرۆزێک کە زیادکەری داراییە، پیرۆزێک کە زیادکەری ولاتە.» (١٨)

ـ مرۆڤ لەکاتی دۆعا کردندا ئەم شتانەیان لە ئاناهیتا ویستووە: پیاوانی خاوەن هێز، ئەمرازی شکۆ و داراییان لێی گەرەک بووە. پیاوانی ئایینی لەکاتی نوێژدا، زانین و خێرەدیان لێی ویستووە. کچان، شوو و ژنان ئاسان زایین یان داواکردووە.

کەوابوو، وایان داناوە کە ژن پێویستی بە خێرەد و دارایی و زانین نییە.

ـ "پارندی" ئیزەدی نگابانی دارایی خەڵک، "ئوشانە" ئیزەدی بەرەبەیان ، "هروتات فریشتەی نگابانی ئاو، "ئەمرتات" فریشتەی نگابانی دانەوێڵە، ئەمانە ژنن. فریشتە "ئەشی" (ارد) کە یاریدەدەری سپەندارمەزە کچێکی زۆر جوانە کە نیشانەی دەوڵەمەندی و بەخشین و بەرەکەتە، ئەم فریشتە منداڵدار بوونیش نگابانی دەکا و لەو ژنانە کە منداڵیان نابێ توورەیە و خۆشیانی ناوێ.. "ئەشتاد (ئەرشتاد) (یاریدەدەری ئەمرتات) نگابانی گوڵ و گیا و بێ مەرگییە و ژیانی ناو بنەماڵە رێک و پێک دەکا. (٢ ل ٥٣، ٥٥) یانێ کاری ژنان بە خودی ژنان ئەسپێردراوە، ئەو ئەرکانەی کە بە ئەستۆی ژن بووە لە بنەماڵە و کۆمەڵدا، ئیزەد و فریشتەکانیشی هەر ژن بوون.

ـ لە ئەوێستا (فەروەردین یەشت )دا هێندێ لە ژنانی زەوینی ستایش کراون . وەک: پئورچیستا (کچی زەردەشت و ژنی جاماسپ). هوتئوسا (ژنی گوشتاسب). هۆما (کچی گۆشتاسب) ویسپ تئوروشی (بەزێنەر)، ئوشت ونیتی، توشنامتی، ودوت، فرنگها، ئوردونیت. [ئەم سێیانەی ئاخر کچن]

گرنگ ئەوەیە کە، لە ئەوێستادا لە هەر کوێ ستایشی پیاوان هاتووە ، ستایشی ژنانیشی لەگەڵ کەوتووە، تەنیا پەسن و ئەرکەکان لێک جیاوازن.

ـ ئاخر مانگی ساڵ و پێنجەم رۆژی مانگ، رۆژی سپەندارمەزە و یەکێک لە جێژنەکانی ئەو رۆژگارە بووە. بە وتەی "ئەبوو رەیحان بیرونی" ئەم ڕۆژە جێژنی ژنان و مزە بگیران نێو نرابووە ولەم رۆژەدا لەلایەن پیاوانەوە دیاری دراوە بە ژنان.(٢ ل ٤٧)

ـ"پەری" لە ئەوێستـا دا دێوی مێ (دەڵەدێو)ە (١٩) کەچی لە فەرهەنگی سامی دا "جن" ی باشە، لە بەرانبەر دێو دا کە جن ی خراپە. لە نووسراوەکانی زەردەشتی دا لە جووت بوونی پەری و مرۆڤ بوونەوەری ئەهریمەنی و زیانەخورۆ دێتە دنیاوە. (٢٠)

پاش ئاسمان نۆیەی زەوی دەگا. چێکەری ئینسان : «گیومەرد » Gayomard ـ کەیومەرس ـ بەمانایێ ژیانێ فانی. ئێویێ یەکەم ئینسانە وشەشەمین چێکەردەی ئەهورامەزدایە [ئەو، نە نێرە و نە مێ]... لەتۆمێ ئەو دوومروڤ پەیدا بوون، "مەشێ و مەشیانە"، ئەم دووانە هەتا نۆ مانگ لە شێوەێ رێواس بوون. هەردوو لەیەک دەچوون ـ وەکوودووانە ـ دیارنەبوو کامیان نێرە وکامیان مێ. ئەهورا پێیانێ گوت کە ئێوە باوک ودایکێ دنیان، ئێوەم بەئەقلەوە چێ کردووە ، کارەکان بە ژیرێ بەرێوە بەرن! بیرێ باش، وتاری باش ، وکردوەێ باشتان هەبێ ودێو مەپەرەستێ. [لێرە ژن و پیاو هەردوو بەرانبەرن وژن لە پیاو نەبووە ، وەک لە ئایینەکانی سامی دا هەیە.] هەرکامیان بیری کردەوە کە ئینسانە، ... ئەوان گوتیان گەردوون ئەهورا چێ کردووە، دوایە ئەهریمەن عەقڵیانی دزی و گوتیان : ئەهریمەن چێ کردووە.[یەکەم درۆ (کە گەورەترین گوناهە لە ئایینی زەردەشتیدا) پێکەوە دەیکەن] دوایە شیری بزن دەخۆن، مەشیانە دەڵێ: هەتا ئەو شیرەم نەخواردبوو ئارامم هەبوو، بەڵام ئێستا ئارامم لێ براوە. ئەمە درۆی دووەم بوو کە مەشیانە کردوویەتی [بیانوویەک بۆ ئەوە کە پیاوان لە ژنان چاکتر بن.] دواتر مەشیانە شیری مانگا دەدۆشێ و دەیرێژێ و بەم کارەی ئەو دێوان بە هێز دەبن، ئەم گوناهە گەورەش لە ئەستۆی مەشیانەیە. [ گوناهێک کە قەت پێی نابەخشرێ،(وەک سێوەکەی دایە حەوا) ئیتر ژن بە پێ ئەم چیرۆکانە، دایە چەپۆکەسەرە] پاش ماوەیەک بیریان لە منداڵداربوون کردەوە، ... ئەودەم لەگەڵ یەک جووت بوون ومنداڵیان بوو، هەموجاریک دووانەیەکیان دەبوو ،دووانەکان یەیکیان کوڕ بوو



یەیکیان کچ. [لە دینە سامییەکاندا دوو کوڕیان دەبێ "هابیل و قابیل" ] ئینسان بەم شێوە لە ئەوانەوە زیادی کرد." (کورت کراوە ٢١ ل ٩٠)

گوناهبار بوونی ژن دەگاتە ئەو جێگایە کە دەبێتە داروودەستەی ئەهریمەن. "تئودور بارکۆنایی" دەڵێ: کاتێک ئەهورامەزدا ژنی پێشکەشی پیاوچاکان کرد ئەوان هەڵاتن چوونە لای ئەهریمەن. ئەهورا مەزدا خۆشبەختی و ئاسایشی بەخشی بە پیاوچاکان. شەیتانیش ژنانی خۆشبەخت کرد و ئیزنی دا هەر چییان دەوێ، داوای لێ بکەن. ئەهورامەزدا ترسا کە نەکا ژنان پێوەندی لەگەڵ پیاوچاکان بکەن و لەم ڕێگاوە پیاوچاکان لە مەترسی بکەون. بۆیە خودایەکی بە نێوی "نەرسا" چێ کرد، لە ڕواڵەتی لاوێکی ١٥ ساڵەی زۆر جواندا و لەدووی ئەهریمەنی خست. ژنان ئەویان دیت، دڵیان لێ چوو و داوایان لە ئەهریمەن کرد کە خودا نەرسایان بداتێ.(٢ ل ٤٥)

شا بەیتی ئەم چیرۆکە میتولۆژییانە لە کتێبی "بۆند هێش"(کۆنترین کتێبی ئایینی زەردەشتی) دایە کە تا ڕادەیەک لەگەڵ چیرۆکەکەی سەرەوە پێوەندی هەیە. لە بەشی نۆهەمدا سەبارەت بە چێ بوونی ژنان دەڵێ:

کاتێک "هۆرمۆزد" ژنی چێ کرد، گوتی: «ئەتۆشم چێ کرد (گەرچی) ئەتۆ چێبوونت پەتیارەییە ولە جەهی (Djahika )بووی. [جەهی دەڵە دێوی کچی ئەهریمەنە، کە یەکەم کاری ئەوە بووە ئەهریمەن بۆ شەڕ لەگەڵ ئەهورامەزدا هان بدا، نموونەی هەرە بەستۆکییە.] لەنزیک قونگەوە زارێکم بۆ دروست کردووی کە جووت بوونت هیندە پێ خۆش بێ، وەک لە زارتدا لە بەتامترین چێشت (خۆشتر) ولەلایەن منیشەوە هاودەمێکت هەیە،[پیاو] چوونکە پیاو لە تۆ دێتە دنیاوە. [یانێ سروشتی پیاو لە ئەهورایە وژن لە ئەهریمەن] [لەگەڵ ئەوەش] ئازارت [تەنانەت] بەمنیش کە هۆرمۆزدم دەگا. بەڵام ئەگەر چێکراوێکی دیکەم دیتباوە کە پیاوم لە ئەو بەدنیا هێنابا، هەرگیز ئەتۆم چێ نەدەکرد. چوونکە چێکەری پەتیارەییت لە جەهی یەوەیە. بەڵام لە ئاو وزەوی و ڕوەک ومەڕ، لەبەرزی کێوەکاندا ولەبنی (گوند)دا ویستم[گەڕام] ونەمدیتەوە، چێکەردەیەک کە پیاوی دروستکار لە ئەو بێ، جگە لەژن کە چێکەرییەکەی لە جەهی یە، پەتیارەیە.(٢٢ ل ٨٥،٨٤)

پێمان وا نییە نیازیە لێکدانەوە هەبێ.

چیرۆکی ئاخر زەمان و ڕۆژی حەشر و هەستانەوەی مردووان و پردی سەلات (چینوود پرد) و تەرازووی خەیر و شەڕ و بەهەشت و جەحانم، هەموو لە ئایینی زەردەشتەوە چۆتە ناو ئایینەکانی دیکەوە، بۆ وێنە:

ڕۆح پاش جیابوونەوە لە لەش، سێ ڕۆژ لە ژوور سەری لەشی مردوو ڕادەوەستێ، لەم ماوەیەدا خۆشی و ناخۆشی بەوپەڕی زەختی خۆیانەوە ڕووی تێدەکەن، ڕۆژی چوارەم بایەکی بۆن خۆش لە باشوورەوە هەڵدەکا و ڕۆحیانەتەکە لەگەڵ خۆی دەبا بۆ سەر پردی چینوود (پردوسەلات) لەوێ ئەگەر کابرا دیندار بووبێ لەگەڵ "کچێکی" زۆر جوان [لێرە پەسنی جوانی کچەکە دراوە کە وەک پەسنی فریشتەیە لای ئێمە] بەرەوڕوو دەبێ کە وێژدانی خۆیەتی. کچەکە دەستی دەگرێ، دەیباتە لای ئەهورامەزدا و لەوێ بە خۆشی وەردەگیرێ. ئەگەر دیندار نەبووبێ، لەگەڵ "ژنێکی" بەو تەشک و بەو ئەخلاق بەرەو ڕوو دەبێ و دەکەوێتە ناو جەحانم و دەبێتە کۆیلەی ئەهریمەن. (٥ ل ٤٩٥،٤٩٦)

گرینگی ئەم چیرۆکە لەوە دایە کە "ویژدان" بە کچ و ژن چوێندراوە،. بەلام دیار نییە کە ویژدانی کچ و ژنانیش هەر کچ و ژنن یا خۆ... ؟؟]

## ئەشکانی

بە تەواوی دیار نییە کە هاتنی ئەسکەندەری مەقدونی و دەسەلاتی زنجیرەی سلوکی (٣٢٣ـ٢٥٠ پ.ز)کە هەموو خاکی داگیرکراوی ئەسکەندەریان بەدەستەوە بووە، چەندە کارتێکەری لەسەر کوردەواری هەبووە. گەرچی ئێستاش هیندێ ناوی یۆنانی لە کوردستاندا ماوەتەوە وەکوو "ئاسۆس" و "پیرە مەگنون"، بەلام دەسەلاتی یۆنانییەکان ئەوەندەی نەخایاندوە کە کارتێکەری قوولی لەسەر فەرهەنگ و ئایینی خەلک بووبێ. بەتایبەت کە ئەوان زۆر کاریان بە ئایین و داب و نەریتی خەلکەوە نەبووە. پاش ئەوان ئەشکانییەکان لە باکووری بانی ئێران و نێوان



دووزێ یەوە هەتا دەگاتە باشووری ئەرمەنستانی ئێستایان بەدەستەوە گرتووە (٢٥٠ پ.ز هەتا ٢٢٤زایینی). لە دەوری ئەواندا، لە سەردەمی دەسەلاتداری "بەلاش" ی ئەشکانی دا(٥١ـ٨٧ ز)جارێکی دیکە ئەوێستا کۆکرایەوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە پارتییەکان (ئەشکانییەکان) باوەڕێکی تەواویان بە ئایینی زەردەشتی هەبووبێ و ئایینی زەردەشتی بە ئایینی ڕەسمی لە هەموو لایەک ناسرابێ. چوونکە هەر ئەمارەتەو یاسای خۆی هەبووە. هەر چۆنێک بێ، کوردنشینەکان یەکێک لەو مەلبەندانە بووە کە لەو سەردەمەش دا ئایینی زەردەشتی بە توندی تێیدا ڕاگیردرا بووە. بە پێ پاشماوەکانی ئەو سەردەمە، دەردەکەوێ کە ژن خودا ئاناهیتا هەر پەرستراوە. پاراستانی میترا هەبووە و ئاگردانەکانی زەردەشتی گراوە.

لەو سەردەمەدا، تێکەلاوی لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆمی زۆر بووە و بیناکردنی پاراستانی میترا لە ڕۆژئاوادا، لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە کە دواتر بووە بە مێحرابی مەسیحی یەکان. پادشاکانی ئەشکانیش دابی چەپەڵی زۆر لە دەورانی هەرە تێک ڕووخاوی ڕۆم فێر ببوون، وەکوو ڕاگرتنی کەنیزی زۆر و فەخر کردن بە فرە ژنی و بێ بایەخ بوونی ژن و پەرە پێدانی بەستۆکی. بۆ وێنە «"سورن" کە بە وتەی پلوتارک، پاش پادشا بالاترین دەسەلاتی هەبووە، لە کاتی لەشکر کێشاندا دووسەد ئەڕابە ژنەکانی خەلوەتی بۆ لەگەڵ دەبرد، هەتا گرنگی سیاسی و شکۆی خۆی نیشان بدا.»(٢ ل ١٢٥)

لە سەرەتای دەورانی پارتەکاندا، ڕێزی شاژن زۆر بووە و جار جار پەیکەرەی ژن خودا لە گۆڕەکانیاندا دەبیندرێتەوە. «"ئەنتیوخوس "ی سێهەم لە سالی ١٩٣ پ.ز دا فەرمانی دا کە ژنەکەی بە نێو "لائودیسە"وەکوو خۆی بپەرەسترێ. ئەم فەرمانە بەسەر کۆلەکە بەردێکەوە هەلقەندراوە کە لە ئەهاوەندا دۆزراوەتەوە.»(٢ل ١٢٤)

دواتر وای لێهاتووە کە شاژنەکان هیچ دەسەلاتی سیاسییان نەماوە و لە کاتی شەڕ و ئاڵ و گۆڕدا لە ماڵ ماونەتەوە وشاکان تەنیا کەنیزەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە. (٥ ل ٥٨٦)

«لە ژیانی کۆمەلایەتیدا ژنان بەشدارییەکی زۆریان نەبوو، [دیارە مەبەست ژنی چینی دەست ڕۆیشتووە] و بە گشتی ڕێزی ژن لای پارتییەکان زۆر کەمتر لە

ڕێزی ژن لای ماد و پارسەکان بووە. تەنیا یەک نموونە هەیە کە ژنان تێکەڵاوی سیاسەت بووبێتن. "موزا" دایکی فەرهادی پێنجەم، لەجێ کوڕەکەی کە چکۆلە بووە، پادشاهی کردووە هەتا ئەو گەورە دەبێ. یانێ دایکی شا توانیویەتی ببێتە جێگری پادشایەتی. (٥ ل ٥٨٨)

دواتر کوڕەکەی دەبێتە شووی دایکی [ژن و مێردی لەگەڵ خزمی نزیک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات]و لە ساڵی دووهەمی زاییننییەوە، نەخشی هەردووکیان لەسەر قەرەپوڵ دەدرێ. (٥ل ٥٨٩)

هەل و مەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەوری ئەشکانییەکان زۆر ڕوون نییە. بەردنووس و ئاسەوار کەمن، یا خۆ نەدۆزراونەتەوە. تەنیا دوو کتێب بە جێ ماوە کە ڕەنگە بکرێ بە پێ لێکدانەوەی ئەوانە سەر لە چەند و چۆنی مافی ژن لە کۆمەڵی ئەو دەورەدا دەربێنین. یەکێک لەو کتێبانە چیرۆکی "وەیس و ڕامین" و یەکی دیکە "ئێردویراف نامە"یە.

چیرۆکی وەیس و ڕامین دواتر لە لایەن "فەخرەالدین ئەسعەدی گورگانی" یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر شێعری فارسی. ئەم کتێبە چیرۆکێکی ئاشقانەیە. لەوێدا بە شێنەیی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان باس کراوە. بێوەری بوونی جێنسی، جیاوازی زۆری تەمەنی ژن و مێرد، دەست تێوەردانی بێ سنووری باب و دایک لە ژیانی منداڵەکانیاندا و بڕیار لەسەر چارەنووسیان. پێوەندی نهێنی ژنانی بارەگای پادشاه لەگەڵ پیاوانی دیکە، هەموو ئەمانە لەم چیرۆکە شێعرەدا خۆ دەنوێنن.

«لەم چیرۆکەدا، وەیس کچێکە داوێن پاک، شەرمێون و جوان کە بە ڕاگرتنی داوێن پاکییەوە، بەدوی ئارەزووی خۆی دەگەڕێ. دایکی وەیس کە زۆر بە ڕێزەوە نێوی دەبردرێ، دیار نییە لەبەرچی، کاتێک کە هێشتا کچەکەی بە دنیا نەهاتبووە، قەولی داوە بە موبدێک[ مەلای زەردەشتیان] کە ئەگەر منداڵەکەی کچ بوو، بیدا بە ئەو. دوایە سۆزی خۆی لەبیر دەکا، کچەکە ئاشقی براکەی ڕامین دەبێ[هاوسەری برا و خوشک کە ئەودەم نەتەنیا ئاسایی بووە بەڵکوو بە پیرۆز زانراوە] دایک زەماوەندیان بۆ دەکا. بەڵام چارەنووس کایەیێکی دیکەی پێیە. پیرە مێردە موبدەکە بابی کچە دەکوژێ وبە زۆر کچە لەدایک و برای جوێ دەکاتەوە و دەیباتە کۆشکی خۆی. [هاوسەری پیاوی پیر و کچی جوان ـ لە کوردەواری ئێستاش



ئاساییە]. شەوی بووکێنی دووهەم (لەگەڵ قەشەکە) وەیس لە پۆن دا دەبێ و موبد لێی بێوەری دەبێ. وەیسی لاو کە ڕقی دنیای لە کوژەری باوکییە، بەرگی ئازیەت باری لەبەر دەکا... بەڵام ئەم ئازیەتە لەڕاستیدا بۆ جیابوونەوە لە دڵدارەکەی و ڕوخانی کۆشکی هیوا و ئارەزووەکەیەتی. ئەو بووکێکە کە چارەنووس لەشەوی بووکێنیدا ڕفاندوویە و بردوویەتە باوەشی پیرە پەڕپووتێکی ڕق هێنەر و نامۆ کە دەستی بە خوێنی بابیەوە تلاوە.» ئاخرەکەی وەیس بە هیمەتی دایکی دەگاتە دڵبەرەکەی و براو خوشک وەکوو ئاشق و ماشوق بەیەک شاد دەبن. مێردی وەیس بە کەین و بەینەکە دەزانێ و لۆمەی دەکا، بەڵام وەیس کە ئاشقێکی لە گیان بردووە، دەڵێ: "دەم کوژی بم کوژە، یاخۆ وەدەرم نێ، یا چاوم هەڵکۆڵە، یاخۆ هەتا هەتایە لە زیندانم کە، یا ئەگەر دەتەوێ ڕووت لە بازاردا بم گێڕە، [بەڵام بزانە] ڕامین گیان و ڕەوانی منە.» (٢٣ ل ٥٥ هەتا دوایی بەکورتی)

لێرە جگە لە دلێری کچەکە چەند شتێکی دیکەش دەردەکەوێ، وەک ئەو سزایانە کە بۆ ژنێکی ئاوا کە "خەیانەت" بە مێردەکەی بکا لەبەرچاو گیرا بووە. خۆ پاراستن لە ژنی پۆن دار، منداڵ لەسەر لانکە بە مێرددان (لە کوردەواریدا ئێستاش هەر ماوە)و....

وەیس تووشی گەورەترین گوناهەکانی سەردەمی خۆی دەبێ. ئەو درۆ دەکا، سوێندی بەدرۆ دەخوا، شەوانە کاتێک کە موبد دەرکەکانی داخستووە، دەچێتە لای ڕامین. (زینا). کاتێک موبد دەگاتە سەریان و ڕامین هەڵدێ، وەیس بە موبد دەڵێ کە لە ستەمی شووەکەی پەنای بە ڕاز و نیاز لەگەڵ یەزدان بردووە. پەیمان شکێنی لە لایەن دایکەوە، و....

لە دەورەی سلوکییەکاندا دەم و دەزگا و بارەگای موبدەکانی زەردەشتی تێک چووبووە، بۆیە لە کاتی پارتەکاندا هەوڵیان داوە جارێکی دیکە خۆیان ساز کەنەوە. بەم مەبەستە هاتوون کتێبێکیان نووسیوەتەوە کە هەواڵ لەو دنیاوە دێنێ. بە ڕواڵەت و بە وتەی خودی کتێبەکە، یەکێک لە موبدەکان شەربەتی هوم(شیرەی داری پیرۆزی هوم کە زۆر مەستی هێنەرە) دەخوا و دەچێتە ئەو دنیا و پاش بە هۆش هاتنەوە ئەو شتانە دەگێڕێتەوە و دەڵێ "ئاوام دیت". ئەم کتێبە نێوی "ئێردویراف نامەیە" و باسی ئەوە دەکا کە گوناباران بە چ شێوەیەک لەو دنیا سزا دەدرێن و چ

شتهایەک گوناهە. هەروەها بڕێک دەستووری دیکە. دیارە هەموو ئەو شتانەن کە ئەودەم موبدەکان پێویستیان پێ بووە، هەتا خەڵک لە عەزابی ئەو دنیا بترسێن و بیانکەنە گوێ ڕایەڵی خۆیان و بەم شێوە بیانبەستنەوە بە یاسای ئایینییەوە. ئێمە چەند نموونە دێنینەوە کە سەبارەت بە ژنانە، چۆنکە یەکەم هێرش بۆ مافی ژنان بووە. ژنان لە کاتی سلوکییەکاندا، تا ڕادەیەک خۆیانیان لەژێر سەرەڕۆیی سەرۆکی بنەماڵە دەرهێنابووە و موبدەکان دەیانویست بیبەنەوە دۆخی جاران.

لەم کتێبەدا دەڵێ: «بە ژنێک ماڵی خۆت ڕوون بکەوە کە خۆش نێو بێ، خۆش تەبع بێ، شەرم و ترسی باشی هەبێ و باب و باپیر و مێرد و سەرداری خۆی خۆش بوێ»(٥ ل ٦٦٧)

یانێ مل کەچ بوونی بێ ئەم لاوئەولای ژن بۆ هەموو پیاوانی بنەماڵە.

ئەو کەسانەی کە لەگەڵ هاوخوێن [برا و خۆشک و کچ و...] هاوسەرییان نەکردبێ بە گونابار زانراون و وەک و ئەوانە ژمێردراون کە یەشت (دۆعای هەرە پیرۆز) یان نەکردبێ. دەڵێ:

- «ڕەوانی ئەو کەسەم دیت کە "خویدوەدەتە"[هاوسەری لەگەڵ هاوخوێن]یان کردبوو کە ڕووناکییان بە ئەندازەی کێوێک لێوە دەدرۆشایەوە.»(٢ ل ١٣٢)

گوناهەکان بەم شێوەن:

- «ڕۆحی ژنێکم دیت کە کەلاکی خۆی دەخوارد. پرسیم تاوانی ئەم ژنە چ بووە؟ سروشی پارێزکار و ئیزەدی ئاگر وڵامیان دامەوە کە، ئەمە ڕۆحی ئەو ژنەیە کە بە دزی مێردەکەیەوە گۆشتی زۆری خواردووە وبە خەڵکی دیکەی داوە.»

کە وابوو، پیاو مالکی بێ ئەم لاوئەولای ماڵ و موڵک بووە و لادان لەم یاسا سزایەکی بەم چەشنەی بۆ دیاری کرابووە.

- «دوایە چەند ژنم دیت کە هەرکام چەند زمانیان ـ لەزاردا ـ بوو. پرسیم گوناهی ئەمانە چییە؟ ... وڵامیان دامەوە کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنانەیە کە لە دنیادا زبانیان لە بەرانبەر پیاوەکانیان دا درێژ بووە و ئەوانیان بە زمان ئازار داوە.

- «ڕۆحی ژنێکم دیت کە، بە زمان تاوەیەکی گەرمی دەلستەوە ودەستی ببو بە ئاورگی ژێر تاوەکە. پرسیم ئەمە چی کردووە کە ئاوا سزای قورسە؟ سروش و...



وڵامیان دامەوە کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنەیە کە لە دنیادا حازرجوابی لە بەرانبەر مێردەکەیدا کردووە. سەگ زمان بووە، نافەرمانی کردووە و لە نووستن دا پیاوەکەی چاک ڕازی نەکردووە و بەدزی مێردەکەیەوە پاشەکەوتی کردووە.(١٧ ل٦٤)

گوێ لەمستی و بێ زمان بوون، بە کەیفی پیاو کردن و... پەسنی چاکی ژن بووە، و لادانی ئەو لەم ئەرکانە، ئەو سزا گەورانەی بۆ دیاری کرابووە کە باسی دەکا. جگە لەمانە ژن ئەودەمیش هەر وەکوو ئێستا [لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی کوردەواریدا] وەکوو مەکینەی منداڵ دروست کردن چاوی لێکراوە.

- «ڕۆحی ژنێکم دیت کە شیوەنی دەکرد ودەهات ودەچوو، تەرزەی سووری بەسەردا دەباری و بەسەر مسی سوورەوە بوودا دەڕویشت وسەروچاوی خۆی بە کێرد دەڕنی. پرسیم ئەمە چی کردووە کە سزایەکی ئاوا دژواری هەیە؟ سروش و... گوتیان کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنەیە کە بێ ئەوەی بیەوێ لە کەسێک منداڵدار بووە ومنداڵەکەی لە بەر چواندووە. ئێستا پێی وایە دەنگی ئەو منداڵە دەبیسێ وهەڵدێ. هەلاتنەکەی وەها دژوارە وەکوو بەسەر ئاوردا بڕوا، بەلام هەر دەنگی منداڵەکە دەبیسێ وسەروچاوی خۆی بە کێرد دەڕنێ ومنداڵەکەی دەوێ، بەلام نایبینێ، هەتاهەتایە.» (١٧ ل ٦٣)

- «ڕەوانی ژنێکم دیت کە دەگریا و پێست و گۆشتی لە مەمکی خۆی هەڵدەکەند و دەیخوارد. پرسیم... گوتیان ئەمە ڕەوانی ئەو گونابارەیە کە منداڵەکەی لەبەر برسییەتی و نەبوونی بەرەڵا کردووە».(٢ ل١٣٣)

ئەمە لە لایێکەوە نیشان دەدا کە ژنی برسی و بێ جێ و ڕێ زۆر بووە و منداڵی وێڵ ئەوەندە زۆر بووە کە موبدەکان کەوتوونەتە بیر چارەسەر کردنی. یەکەم تاوانبارانیش هەر دایکەکانن.

- «ئەودەم ڕەوانی ئەو ژنانەم دیت کە بە دەستی خۆیان مەمکیان لەسەر تاوەی گەرم دانابوو، پرسیم... گوتیان کە ئەمانە ڕەوانی ئەو ژنانەن کە منداڵەکەی خۆیان شیر نەداوە و برسی و تینوو بەرەڵایان کردووە و لەبەر ماڵی دنیا شیریان بە منداڵی خەڵکی دیکە داوە».(٢ ل١٣٣)

دایانی کردن بۆ منداڵی دیکە لە کاتێکدا منداڵەکەی خۆی برسییە،

گوناهێکی گەورە بووە. دیارە هەمیشە ئەو ژنانە دایانی دەکەن کە بۆ خۆشیان برسییانە. هیچ کات لە هیچ ئایینێکدا هۆی گوناه ناپرسرێتەوە.

ـ «گەیشتمە جێگایەک و ڕەوانی ژنێکم دیت کە چڵک و چەپەڵی خەڵکیان تەشت تەشت دەرخواردی دەدا، پرسیم ئەم لەشە چ گوناهێکی کردووە کە ڕەوانی ئاوا سزا دەدرێ؟ سروشی پارێزکار و ئیزەدی ئاگر گوتیان " ئەمە ڕەوانی ئەو ژنە گونابارەیە کە لەکاتی پۆن دا دووری لە پیاوەکەی نەکردووە و ئەم ئایینەی ڕێز نەگرتووە و لە ئاو و ئاگر نزیک بۆتەوە.» نزیک بوونەوە لە ئاو ئاگر کە پیرۆز بوون بۆ ژنی پۆن دار کە بە ناپاک دانراوە لە هەموو کاتێکدا قەدەغە بووە.

ـ «ڕەوانی پیاوێکم دیت کە خوێناوی پۆنی ژنیان لە زاری دەکرد و منداڵی خۆی دەکولاند و دەیخوارد، پرسیم... گوتیان کە ئەوە ڕەوانی ئەو پیاوە گونابارەیە کە لە دنیادا دەشتان[ پۆن ]ی لەبەرچاو نەگرتووە.»

ـ « ڕەوانی ژنانێکم دیت کە خوێناوی پۆنی خۆیان دەخواردەوە، پرسیم... گوتیان کە ئەمە ڕەوانی ئەو ژنانەیە کە پارێزی [کاتی] پۆنیان نەکردووە و [ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە ]ئاو و ئاگر و سپەندارمەز، زەوین و خورداد و ئەمۆرداد یان ئازار داوە. و چاویان لە ئاسمان و تاو و مانگ کردووە و یەکسم و ئاژەڵیان بە پۆنی خۆیانەوە ئازار داوە و دەستیان لە نێرەکان داوە. »

ـ «ژنانێکم دیت کە بە دەست و ددانی خۆیان مەمکی خۆیان دەبڕی و سەگان زکی ئەمانەیان هەڵدەدڕی و دەیان خوارد و هەر دوو پێیان لەسەر ئاگر دانابوو، پرسیم... گوتیان کە ئەمە ڕەوانی ئەو ژنانەیە کە لە دنیادا لە کاتی پۆن دا خواردنیان دروست کردووە و لە پێش پیاویان داناوە ».

پارێزی پۆن بەم شێوە بووە کە ژن، لە دەورانی پۆندا، دەبوا لە جێگاییێکی تاریک دوور لە ئاو و ئاوەدانی ، خراپتر لە گول، دانیشێ، بە شێوەیەک کە نەتوانێ چاوی بە ئاو و ئاگر و ئاسمان و هەتاو و مانگ بکەوێ و دەست لە هیچ نەدا و کەس لە سێ هەنگاویەوە نەچێتە پێشەوە و هەر خواردنێکیشیان بۆ دانابا، لە سێ هەنگاویەوە سپڵۆت دوبوو و تەنانەت خۆشی نەیدەتوانی دوو ژەم لە خواردنێک بخوا.

بیر کەینەوە ئینسانێک کە یەک لە چواری ماوەی ژیانی بە سپڵۆتێکی ئاوا



دابندرێ تا چ ڕادەیەک لە ناو کۆمەڵدا ڕیزی هەیە.

ئەم دابە لە دەوری ساسانییەکاندا گەیشتبووەتە ئەوپەڕی خۆی، تا ئەو ڕادەیە کە ئەگەر کەسێک دەستی بە ژنی پۆندارەوە دابا وەکوو ئەوە بوو کە دەستی بە لەشی مردووەوە داوە و چەندین ڕۆژ دەبووا پارێزی زۆر سەیر و پڕ زەحمەت بە جێ بێنێ هەتا خاوێن بێتەوە.

جادووکرنیش یەکێک لە گوناهە هەرە گەورەکان بووە، باوەڕ وابووە کە تەنیا ژن توانیویەتی جادوو بکا چوونکە پێوەندییەکی بە ئەهریمەنەوە هەیە. بۆیە زۆر لە سزاکان لەگەڵ جادوو کردندا هەڵسەنگێندراون کە بۆ خۆی سزای کوشتن بووە. (لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دەیان سووتاندن) لە ئێردویرافنامەدا دەڵێ: «ئەدوودەم ڕەوانی ژنێکم دیت کە مەمکیان دەسووتاند و زکیان دڕی بوو و ڕیخۆڵەکانیان دەدا بە سەگ. پرسیم کە ئەم ژنە چ گوناهێکی کردووە؟ گوتیان ئەمە ڕەوانی ئەو گونابارەیە کە لەدنیادا ژار و ئاو و ڕۆنی ئەفسون کراوی تێکەڵ کردووە و ڕای گرتووە و دەرخواردی خەڵکی داوە ».

کۆ کردنەوەی چۆنیەتی ئەشکەنجە دراوان و هۆی ئەشکەنجەکان نیشان دەدا کە بیرو ڕای ئەو سەردەمە ـ کە بە داخەوە جیاوزیەکی زۆری لەگەڵ ئێستادا نییە ـ ئەوە بووە کە ژن تەنیا وەک کەرەسەیێکی جینسی دەبێ لە خزمەتی پیاو دابێ. کۆی دیەنەکانی ئێردویراف نامە ئاوایە.

لە هەشتا دیەنی ئەشکەنجە لە دۆزەخ دا، تەنیا لە حەڤدە دیەن ئاماژە بە جنسیەت لە گوناهەکاندا نەکراوە. یانێ ژن و پیاو وەک یەک دانراون. لە چوار دیەندا ژن وپیاو پێکەوەن ولەیەیکیاندا ژنەکە گلەیی لە مێردەکەی دەکا کە بۆ ڕێنوێنی نەکردووە بۆ کاری باش. سێ دیەنی دیکە پەیوەندی بە جنسییەتەوە نییە.

لەحەوت دیەندا کە ژنان ئەشکەنجە دەبن تەنیا دوو شوێن باسی جنسییەت نییە. لە پێنج شوێنی دیکەدا، یان گوناهەکە بەکردەوەی جینسییەوە پەیوەندی هەیە، یان بە ئەندامە جنسییەکانیان ئەشکەنجە دەدرێن. لەم شوێنانەی باسکراودا خەڵک بە کۆمەڵ ئەشکەنجە دەدرێن. لەو بەشانەی کە ژن وپیاو بە تەنێ ئەشکەنجە دەدرێن، لە سی ویەک دیەنی ئەشکەنجەی پیاواندا، بیست وپێنج یان جینسی نین وتەنیا شەش شوێن جنسییە. بەڵام لە نۆزدە ژن کە گوناهیان کردووە.

لە هەموویان دا جنسییەت لە باسدایە. یان بە بۆنەی ژن بوونیانەوە گوناهیان کردووە، یان بە ئەندامی جنسییان ئەشکەنجە دەدرێن. بەم جۆرە، گوناهی ژنان سەد لە سەد جنسییە، لەکاتێکدا بیست وچوار لەسەد گوناهی پیاوان جنسییە. ژمارەی ئەو پیاوانەی کە بە ئەندامی جنسی یان ئەشکەنجە دەدرێن، تەنانەت لەوانەی کە گوناهی جنسی یان کردووە، کەمترە وتەنیا یەک یا دوو جار شتی وەکوو کوشتنی منداڵی خۆی وخواردنی مێشکەکەی یا هەڵقەندنی موی سەر وڕیشە کە ئەوانەش بە تەواوی جنسی نین... (١٧ ل ١٠٧)

وادیارە کردەوەی جینسی ژنان دەیانباتە بەهەشت یا دۆزەخ، بەڵام پیاوان پیشە ودەست ڕۆیشتوویی وچاک وخراپیانە کە بەهەشت و دۆزەخیان بۆ دیاری دەکا.

دواتر لە دەورەی ساسانی یەکاندا هەموو ئەم بیر و بۆچوون و پەندە ئایینیانە دەکرێتە یاسا و مەحکەمە بە پێ ئەو یاسایانە بەڕێوە دەچێ.

## ساسانی (٢٢٤_٦٥٢زایینی)

باسی دەورەیەکە کە لە هەموو شارستانیەتە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەدا کوێلەتی و کوێلەداری لەوپەڕی گەشەی خۆیدا بووە و باوک سالاری تا ئەو ڕادەیە لە کۆمەڵدا جێ کەوتبووە کە پێشتر وێنەی نەبووە. ئەم ئەزمە بە ڕوونی لە یاساکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە نووسراوە: "ئەگەر کوڕ سێ جار وڵامی بابی نەداتەوە وفەرمان نەبا دەبێ بکوژرێ". (١٧ ل ٨٦)

لەو ناوچەی کە باسەکەی ئێمە دەگرێتەوە، گەرچی تاک و تەرا لە میتولۆژیدا نێوی خودا ژنەکان هەر مابووە، بەڵام جگە لە ئاناهیتا باقیەکەیان لەبیر چووبونەتەوە، بڵاوبوونەوەی ئایینی جوو و پاشان مەسیحی، کۆتایی بە ئەفسانەی ئاسمانی بوونی ژن هێنا و بۆ هەتاهەتایە پیاوی کردە تاکە سواری ئاسمان و زەوی. هەروا کە باسمان کرد، لە ئایینی زەردەشتیدا سەرەڕای باوەڕ بە بوونی خودا ژنەکان، ئەم ئایینە سەبارەت بە ژن زۆر بێ بەزەیی بووە . ئەم مەسەلە لە یاساکانی دەورەی ساسانیدا ڕوونتر خۆی نیشان دەدا و دەری دەخا کە یاسای



کۆمەڵ جیا لە بیر و باوەڕی ئایینی، خۆی بەسەر ژیان و کردەوەی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا دەسەپێنێ. شەریعەتەکانیش بە پێ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە دیاری دەکرێن، نەک بە پێ ئەسڵ و بنچینە ئایینییەکە.

پێتەختی ئیمپراتۆری ساسانی "مەداین"[سی کیلومێتری بەغدا] بووە و سنوورەکانی دەسەڵاتیان لە ڕۆژئاواوە هاوسێ ڕۆم بووە و لە ڕۆژهەڵاتەوە جیرانی هێندوستان، لە باکووریشەوە لەگەڵ ئەرمەنستان شەڕیان هەبووە. کە وابوو کوردەواری بە هەموو بەشەکانی ئێستایەوە لە نێو جەرگەدا و نزیک لە پێتەختی ئەم ئیمپراتۆرییە بووە. یەکێک لە پاراستانە هەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە بە نێو "ئازەرگوشەسب" لە شاری "شیز"دا بووە کە شاکانی ساسانی هاتوون لەوێ ئەرکی دینییان بە جێ هێناوە. (٢٤ ل ١٤٥،١٦١) ئاسەواری ئەم پاراستانە لە تەخت سلێمان سێ سووچی نێوان دیواندەرە، سەقز و تیکاب، لە نزیک ئەشکەوتی کەرەفتوودا هەر ماوە. هەروەها ناوەندی مویدەکان ئاتروپاتن[ئازەربایجان] بووە و ئەوێ مەوقووفەی ئەوان بووە.

خاڵێکی گرینگ کە دەبێ دەست نیشان بکرێ ئەوەیە کە لەم دەورەدا ئایینی زەردەشتی بە ئایینی نەتەوایەتی زانراوە و زۆر بایەخی پێدراوە. گرینگی ئەم خاڵە لەوەدایە کە بە وتەی "کریستێن سن" «هەموو کەسێک لە لانکەوە هەتا گۆڕ لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرستی مویدەکاندا بووە. هیچ شتێک بایەخی یاسایی نەبوو مەگەر ئەوەی مویدەکان (مەغەکان) بڕیاریان لەسەر دابا. ئەوان مافی دادیاری و نووسینی ڕۆژی لەدایک بوون و کەمەر بەستن و زەماوەند و تەبەڕوک کردن و قوربانی کردنیان هەبووە و هەموو جورە فێرکردن و ئەمر بەچاک و خراپییەک بە دەست ئەوان بووە »[وەکوو مەلاکانی ئەوڕۆی ئێران]. (٥ ل ٦٣٤)

بە پێ ئەم خاڵانە دەکرێ بڵێین: بێ هیچ گومانێک کوردەکان لەم دەورەدا زەردەشتی بوون و کوردەواری بە پێ یاساکانی (زەردەشتی) دەورەی ساسانی بەڕێوە براوە، زۆربەی ئەم یاسایانە کە لە کتێبی "وەندیداد" و "ماتیکانی هەزار دەستان"دا نووسراون، ئەوڕۆ بەدەستەوەن. کە بریتین لە هەموو داب و باوەڕەکانی پێشوو، بە ئیزافەی شتی تازەی سەردەم.

**فرە ژنی:** لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ ژن هێنانی پیاو، بە پێ یاسا، ژمارە دیاری نەکرا بووە. دەوڵەمەندی پیاو بە ژمارەی ژنەکانیدا دیاری دەکرا. بۆ وێنە «بە وتەی مێژووزانانی ڕۆژهەڵات ناس، خەسرەو پەروێز سێ هەزار ژنی بۆ لەگەڵ نووستن لە خەڵوتیدا هەبووە و بە گشتی دوازدە هەزار ژن لە بارەگای دا بوون.» (٢ ل ١٥٨) یان بە پێ چیرۆکێک بەهرامی گۆڕ بە جارێک چوار خۆشکی ناردۆتە خەڵوەتی خۆی» (١٦ ل ٢٠٦)

**هاوسەری لەگەڵ هاوخوێن و لە نێو بنەماڵەدا:** گومان کە ئەم جۆرە هاوسەرایەتییە لە ئایینی زەردەشتیدا بە پیرۆز زانرابوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا، مانایەکی دیکەشی پێی درابوو. لەو دەورەدا زۆر بایەخ دراوە بە خوێنی پاکی بنەماڵەی ئەشرافی و ئەمە بۆ خۆی بۆتە هۆی هاوسەری لە نێو بنەماڵەدا، لەبەر تێکەڵ نەبوونی خوێنیان لەگەڵ چینەکانی تر. واتە کۆمەڵی ئەو سەردەمە، کۆمەڵی "کاستی" بووە و چینی خوارتریان بە نزم و سپڵۆت داناوە. بۆیە دەبووا ژن و مێرد لە باری پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوپەرا بن. ئەم یاسا تەنیا بۆ ژنی یەکەم (شا ژن) بەڕێوە دەبرا. وێنە بۆ هاوسەرایەتی نێو بنەماڵە زۆرن، "یەزدگردی سێهەم کچی خۆی "شیرویە"ی هێنابوو. "بەهرام چوبینە" خۆشکی خۆی "گەردیە"ژنی بوو. (٢ ل ١٥٠،١٥١)

**سپڵۆت بوونی ژن لە کاتی پۆن دا:** پێشتر باسمان کرد کە چ دابێکی دژوار هەبوو بۆ ژنێک کە لە کاتی پۆن دا بایە وگوتمان لە جێگایەکی تەریک کە لە هەموو لایەکەوە پازدە هەنگاو لە هەموو شتێکی پیرۆز وەکوو ئاو و ئاگر و خۆر ... دوور با، ڕادەگیرا و کەس بۆی نەبوو لە سێ هەنگاویەوە بچێتە پێشەوە. لووتکەی ئەم ئەشکەنجە بۆ ئەو ژنانە بوو کە منداڵی مردوویان بە دنیا هێنابا، «ئەمانە دەبووا پاک بکرێنەوە، دەگوترا دێو چووەتە زگیانەوە. بۆ ئەم کارە، دەهاتن تێنکەلاوێک لە میزی گا و خۆڵەمێشیان چەند جارلە منداڵدانی دەکرد، [لە هیندێ سەرچاوەدا گوتراوە دەرخواردیان دەدا] ئەم ژنە هەتا کۆتایی هاتنی دابی پاک بوونەوە، نەدەبوا ئاو بخواتەوە، چوونکە ئاو پیرۆز بوو. نەدەبوا لە هیچ کەس



نزیک بێتەوە، ئەو لە کۆخێکی چکۆلەی دوور لە ئاوەدانیدا، بە خواردنێکی زۆر کەمەوە زیندانی دەکرا. پاش دوازدە ڕۆژ، موبدێک دەهات بە میزی گا "غوسڵ" ی دەدا، ئەوجا ئیزنیان دەدا بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی.» (١٦ ل ١٨١،١٨٢)

**بێ دەسەڵات بوونی ژن لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتیدا:** لە هەموو چوارسەدساڵی دەورانی ساسانیدا، نێوی دوو ژن هەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە، ئەویش لە ئاخرەکانی تێک شکانی زنجیرەکەدا. "پوراندۆخت" و "ئازەرمیدۆخت" بە سەر یەکەوە دوو ساڵ، بە نێو پادشای ساسانی بوون، بەڵام چەندیان دەسەڵات هەبووە، و فەرماندارە ناوچەییەکان چەندەیان بە گوێ کردوون باسێکی دیکەیە. وا دەردەکەوێ هەتا هاتوون جێ خۆش کەن لایان بردوون.

دەسەڵاتدارێتی وڵات بە دەم و دەزگای ئایینی بووە و پادشا بۆ خۆی بە گەورە پیاوی ئایینی زانراوە و نوێنەری خودا بووە. زۆر بە ناوبانگە کە ئایینی زەردەشتی بە سێ دروشمی "بیری باش ـ گوتاری باش و کرداری باش" دەناسێن، بەڵام لە پێشدا ناڵێن **ئەم "باش"ە چییە و کێ دیاری دەکا؟** دیارە وەک هەموو ئایینێکی دیکە مەلا و موبد و قەشە و... بە لێکدانەوەی ئەو گوتانە، کە پێی دەگوترێ گوتە ئاسمانییەکان، باشی و خراپی بە کیفی خۆیان و بە دڵی دەسەڵاتداران دیاری دەکەن و بڕیاری چۆنیەتی شەریعەتی سەردەمی خۆیان دەدەن و لە ڕەوتی زەماندا بە پێ هەلومەرج دەیگۆڕن. دیارە گۆڕانکارییەکە ئەوەندە نییە کە فەلسەفەی بنەڕەتی دانەرەکان بشارێتەوە. لە دەورەی ساسانیشدا ئەو شەریعەتە کە موبدەکان دایان نابوو، مافی ژنی بەم جۆرە دیاری دەکرد.

ـ بە منداڵی کوڕ هەژدە مانگ شیریان دەدا بە کچ پازدە مانگ. (١٧ ل ١٠٥) [دەسپێکردنی جیاوازی هەر لە کۆرپەییەوە]

بۆ گەورە کردنیشی دەتوانێ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە:

ـ باوک دەتوانێ منداڵی خۆی، گەرچی یەک منداڵیش بێ، بە هۆی هەژارییەوە، بدا بە یەیکی دیکە گەورەی بکا [ئەم کارەیان زیاتر لەگەڵ کچان کردووە، چونکە چاوە قانوونەکانی دیکە زیاتر سەبارەت بە مافی ئەو کچەیە کە

دراوە بە یەیکی دیکە گەورەی بکا؟ «بەشی ٣٢چاوەی ١٠»*(٢٥)

هێشتا کچە زاری بۆنی شیر دەدا کە کاتی مێرد کردنی دەگا. لە کتێبی شایست و ناشایست دا، تەمەنی مێرد کردن بەم شێوە دیاری کراوە:

- «پرسیان شوو کردنی ژنان چ کاتێک ڕەوایە؟ بزانن کە لە دین دا ئاوا دیاری کراوە کە کچ کاتێک بوو بە نۆ ساڵان دەبێ دەزگیران بکرێ، کاتێک بوو بەدوازدەساڵان بیدەن بەشوو. ئەگەر کاتی شۆردنی گەیشت (پۆن) وخۆی سزاواری مێردکردن زانی و نەیاندایە شوو، ئەگەر بابی نەیدا، هەرجار کە پۆن بێ وسەر بشوا، بابی لەو دنیا لەسەر پردی چینود [پرد وسەلات] دەبێ هەزار ودووسەد دراوی بەرد تاوان بدا. ئەگەر دایک ڕەزای نەبێ، ئەوە تاوانی دایکە، ئەگەر برا نیزن نەدا دەبێتە تاوانی برا، ئەگەر سەرۆکی بنەماڵە بەرگری بکا، گوناهی ئەو دەبێ. ئەگەر کچەکە بۆ خۆی نەیەوێ مێرد بکا، لەسەر پردی چینود دەبێ ببڕێرێ. ئەگەر قەت مێرد نەکا لە حاڵێکدا بۆ مێردکردن دەشێ، [ئەم کچە] ئەگەر ببێتە هەشتاد ساڵەش وبمرێ، ئەگەر سەدهەزار چاکەی لەدنیادا کردبێ، ڕزگاری نابێ وڕۆحی ناچێتە بەهەشت وهەتاهەتایە لە دۆزەخ دا دەمێنێتەوە.» (١٧ ل ٥٩)

ئەم چاوە یاسا جگە لە دیاری کردنی تەمەنی شووکردن، ئەوەش دەردەخا کە بڕیاری شوو کردن، بەدەست باوک، دایک، برا، و سەرۆکی بنەماڵە بووە. لەو جێگاش کە بڕیار بە خۆیە، وەها سزایەکی بۆ دانراوە کە قەت نەتوانی بڕیاری وەها بدات.

لە جێگای دیکە دەڵێ:

« بەپێ دین ئاوایە کە کچ وکوڕ لە تەمەنی چواردە ساڵدا باڵق دەبن، یا لە دوازدە کەمتر نەبن. لەوکاتەدا ژن وشوو بوونیان ڕەوایە.» (١٧ ل ٦٠)

لە کوردەواریدا گوتەیەک هەیە کە تەمەنی مێرد کردنی کچ ئاوا دیاری دەکەن. دەڵێن: "ئەگەر بە پێچە و کڵاو لێت دا و نەکەوت ئەوە کاتی مێرد کردنی گەیشتووە!"

---

*هەموو ئەو بڕگانە کە ژمارەی بەش (ب) و ژمارەی چاوە (چ) یان هەیە. چاوە یاسان کەلە سەرچاوەی ٢٥ وەرگیراوە.



دیارە مێرد کردن بەو هاسانییەش نەبووە، بۆیە گوتراوە: «کچان بۆ پەیداکردنی مێردی باش یارمەتی لە یەزدان بخوازن!» (١٧ ل ٦٠)

- ئەگەر کچێک بێ ڕەزامەندی بابی مێردی بە پیاوێک کرد، مافی لە ماڵی بابی نامێنێ ودەبێ لە ماڵی مێردەکەی بژی « ب ١٩چ١» [واتە میرات نابا وناشتوانێ بگەڕێتەوە ماڵی بابی]

- باب مافی ئەوەی نییە کە کچەکەی بە زۆر بە مێرد بدا. «ب ١٩- چ ٣»

- کچ لەکاتی مێرد کردندا، تەنها ئەو شتەی پێدەبڕدرێ کە بابی وەکوو خەڵاتی بۆی دیاری کردووە. «ب٣٥چ٢»

- مێرد ناتووانێ دەست بەسەر ماڵی ژندا بگرێ. «ب٣٥چ٤»

مێرد کردن و ژن هێنان یەک شێوە نەبووە و ژن وەکوو داراییەک بووە کە سەودای جۆر بەجۆری پێوە کراوە. شێوەکان ئەمانەن کە لە نێو زەردەشتیانی دواتریش دا باو بوون و هەن :(١٧ ل ٦١گێڕانەوە لە بۆندهێش بەشی ٢٩ بڕکەی ٩،٨)

سەرۆک ژن(شاژنی)

کچێکی باکێرە کە بە ڕەزامەندی خۆی مێرد بکا، سەرۆک ژنی پێی دەگوترێ، یانێ لە هەموو ژنەکانی دیکە سەرترە و خاتوونی ماڵە. منداڵانی ئەم ژنە، لە دنیا و ئاخێرەت دا هی شووەکەین. دەکرێ پیاوێک دوو سەرۆک ژنی هەبێ، بەڵام فرە ژنی زیاتر لە شێوەی چاکر ژنیدا یە. خەرج دان و ئاگاداری لێکردنی ئەم ژنە، هەتا ئاخر عومر ئەرکی سەرشانی شووە.

- سەرۆک ژن، مافی ئەوەی هەیە بۆ دابین کردنی خەرجی خۆی ومنداڵەکانی لە داهاتی زەوی وچاوکە وخانوو وکوێلەکانی مێردەکەی کەڵک وەرگرێ بەو مەرجەی لە لایەن مێردەکەیەوە نیزن درابێ وبێبەش نەکرابێ. [یانێ شوو دەتووانێ ژن بێ بەش بکا]. «ب ١٧چ ٨»

نیوەک ژن

کچێکی باکێرە کە تاقانەیە و بابی منداڵی دیکەی نییە، کاتێک مێرد بکا نیوەک ژنی پێیدەگوترێ. ئەو دەبێ یەکەم کوڕی خۆی بە نێوی بابی خۆی بکا و

میراتی باوکی کچە بەو کوڕە دەگا. لەوە بەدوا دەبێتە سەرۆک ژن. ئەگەر لە مێردی یەکەم کوڕی نەبوو، دەبێ تەلاق بستێنێ و مێرد بە یەیکی دیکە بکا کە کوڕی لێ بێ و بیبکا بە میرات بەری بابی. ئەگەر بابی کچە، بەر لە مێرد کردنی کچەکەی بمرێ، کچەکە هەر دەبێ بۆ خۆی ئەو ئەرکە بە جێ بێنێ. یانێ مێرد بکا و یەکەم کوڕی بەنێو بابی بکا. «ب١٤ چ ١»

**سەتەر ژن**

ئەگەر کوڕێک تەمەنی لە پازدەساڵ زیاتر بێ و بمرێ و ژن ومنداڵی نەبووبێ، باب و دایکی خەرج و خەڵاتی کچێک دەدەن، بۆ پیاوێک (یانێ بە شێوەیەک کچەکە دەکڕن) ئەم ژنە پێی دەگوترێ سەتەر ژن و نیوەی منداڵەکانی بە نێوی کوڕە مردووەکە دەکرێ. و ئەو نیوەکەی تری بۆ مێردەکەی دەبێ. خودی ژنەکەش لەو دنیا بۆ کوڕە مردووەکە دەبێ.

گرینگی وەجاخ کوێرنەبوون لای زەردەشتییان لەبەر ئەوەیە کە منداڵان لەو دنیا شەفاعەتی باب و دایک دەکەن. ل، لایێکی دیکەوە ئەم شێوە ژن و مێردایەتییە نیشان دەدا کە نرخی ژن تەنیا لەبەر منداڵدار بوون بووە. بۆ وێنە، لە بۆندەهێش دا دەڵێ : پرسیان ژن هێنان چەندە سەوابە. بزانن کە هێندە زۆرە کە ناژمێردرێ، چوون ئەگەر ئەو ژنە منداڵێکی ببێ، هەر چاکەیەک کە ئەو منداڵە لە دنیادا بیکا، وەکوو ئەوەیە باب بەدەستی خۆی کردبێتی، وئەگەر منداڵی منداڵەکەی چاکە بکا، هەر وایە هەتا دنیا دنیایە. لەو دنیاش شەفاعەتی منداڵ بۆ باب لە لای خودا قوبوڵ دەکرێ. (٢ ل ١٨٠، ١٨٤بڕوانە شێوەکانی هاوسەری)

ـ ئەگەر پیاوێک ژنەکەی سەتەرژن بوو، پاش مردنی، میراتەکەی دەکەوێتە ژێردەست براکەی نادرێ بە سەتەرژنەکەی. «ب٢٣ چ ٢١»

ـ پیاوێک کە بێ منداڵ بمرێ، دەتوانێ وەسییەت بکا کە ژنەکەی بە سەتەرژنی مێرد بکا بە پیاوێکی دیکە. «ب٢٣چ٥٥» [بۆ ئەوەی منداڵەکەیان بە نێوی ئەو بکەن].

ـ ژنێک کە بە مەرجی سەتەر ژنی بە مێردی دراوە، مافی ئەوەی نییە میراتی بابی یا برای لە ماڵی مێردەکەی خەرج بکا. «ب٢٣ چ١»



ـ ئەگەر ژنی سەتەر ژن تەنیا یەک کچی هەبوو وکوڕی نەبوو، کچەکە دەبێتە میرات بەری باب یا برا. ئەگەر دوو کچی هەبوو، کچە گەورەکە ئەو مافەی هەیە. «ب٢٣چ٥»

ـ ئەگەر برایەک لە تەمەنی بلۆق تێپەڕیبێ، بەڵام بەرلە ژن هێنان بمرێ، خوشکی دەبێ بە مەرجی "سەتەر ژنی" شوو بکا، ئەگەر دوو برای هەبوو هەر دووک مردن بە نێوی برا چکۆلەکەی مێرد دەکا. «ب١٤چ١٥»

**چغر(چاکر) ژن:**

بێوە ژنێک کە سەرلەنوێ شووی بکاتەوە، بە چاکر ژن دەژمێردرێ، ئەگەر لە مێردی یەکەمی منداڵی نەبوبێ، وەک سەتەر ژن چاوی لێدەکرێ، یانێ نیوەی منداڵەکانی بە نێوی مێردی پێشووی دەکرێ و لەو دنیاش خۆی بە مێردی یەکەم دەگا. کەنیزە زێرکڕاوەکان و بەدیل گیراوەکان بە چاکر ژن دەژمێردرێن، کە لە ڕاستیدا بە مانای ژنی خزمەتکارە و لە ژێر سەرپەرستی سەرۆک ژن دایە. کوڕەکانی چاکر ژن بە منداڵی باب دەژمێردرێن و کچەکان میرات بەر نین. چاکر ژن مارەیەکی دەدرێتێ و هەتا تەمەنی حەفتا ساڵەیی کە لە ماڵدا و لەبەردەست سەرۆک ژندا کار دەکا و مزەیەکی ساڵانەش وەردەگرێ. جار ڕێک دەکەوێ کە چاکر ژنێک پاش مردنی سەرۆک ژن، بە دڵخوازی مێرد دەبێتە سەرۆک ژن. ئەم گۆڕانە دەبێتە هۆی گۆڕانی مافی منداڵەکانیشی.

**سەربەخۆ ژن:**

یانێ ژنێک کە خۆی بەرپرسی خۆیەتی و ئەوە ژنێکە کە بەبێ ئیزنی باب و دایک مێرد دەکا. ئەو لە میراتی باب و دایک بێبەری دەبێ، مەگەر ئەوکاتە کە کوڕەکەی گەورە بێ و دایکی لە بابی مارە بکا. یانێ ئیزن بە دایکی بدا کە مێرد بە بابی بکا! [دیارە ژن ئەگەر بوێرێ خۆی بڕیاری شوو کردنی خۆی بدا، وەها غەڵەتێک دەکا کە لە داهاتوودا دەبێ کوڕەکەی بۆی بشواتەوە. لە لایەکیترەوە کوڕ مافی بە شوودانی دایکی هەیە بەڵام ژن مافی بە شوودانی خۆی نییە.]

**هاوسەری ئەبداڵ:**

بە پێ باوەڕی دینی، لەو دنیا کوڕ دێ دەستی باب و دایک دەگرێ، لە پردی

چینود دەیان پەڕێنێتەوە. دیارە ئەم باوەڕە بۆ ئەوە پێک هاتبووە کە کوڕ زۆر بێ بۆ سەربازی، هەروەها وەکوو هێزی کاریش پێویست بووە (دەزانین ژنان لە کاری کۆمەلایەتی بێ بەش کرابوون). بۆیە پشت تەنیا و تەنیا بە باوک ژمێردراوە و خوێنی بنەماڵە تەنیا لە لەشی کوڕەکاندا بووە. (لە کوردەواریدا ئێستاش ئەم بڕوایانە بە توندی ماون). هەر چۆنێک بێت، ئەم بڕوایە ببووەتە هۆی ئەوە کە ئەگەر کەسێک مردبایە و منداڵی نەبوایە، ژنەکەی دەدرا بە نزیکترین کەسی پیاوەکە [وەک برا یان باب و...] ئەگەر ژنی نەبا، کچەکەی و ئەگەر کچی نەبا یەکێک لە خزمەکانیان دەدا بە خزمێکی دیکەی و ئەگەر هیچکام لەمانە نەبا لە میراتی پیاوەکە خەرجی شووکردنی ژنێکیان دەدا کە کوڕەکەی بەنێوی ئەو بکەن. هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە کوڕ یا کوڕەکانی ئەو پیاوە لەو دنیادا لە سەر پردی سەلات دەستکێشی دەبن. ئەگەر خزمانی پیاوە مردووەکە ئەم ئەرکەیان بە جێ نەهێنابا وەکوو ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان کوشتووە، چوونکە بەرەی داهاتووی بنەماڵەکەیان لە نێو بردووە.

دیارە ئەم سەودایانە هیچیان پێ خۆش بوون یا نەبوونی ژنی لا گرینگ نەبووە و هەر لە باسیشدا نەبووە و نییە.

زۆر جار پیاوی بێ منداڵ بۆ ئەوەی خەیاڵی پاشە ملەی خۆیان ئاسوودە بکەن، منداڵیان بە پارە کڕیوە و بە نێوی خۆیانیان کردووە.

**هاوسەری قەرزی:**

مێردکردنی کاتی بە پیاوێک، هەر لەو کاتەدا کە ژنی پیاوێکی دیکەیە. لەم شێوە هاوسەریەدا کە زیاتر بۆ سەرۆک ژن دەبێ (چوونکە چاکر ژن هەموو کاتێک دەکرا بفرۆشرێ یا بەکرێ بدرێ و منداڵەکانیشی هی خاوەنی ئەسڵی بوون) پیاو مافی ئەوەی هەیە، ژنەکەی بدا بە پیاوێکی دیکە بۆ بە خێو کردنی منداڵەکانی خۆی. ئەم کارە نیازی بە ڕەزامەنی ژنەکە نییە و ناشتوانێ مل کەچ نەبێ. ماڵ و دارایی ژنەکە نادرێ بە پیاوی دووهەم. پیاوی دووهەم دەبێ خەرجی منداڵەکانی ئەو ژنە بە ئەستۆ بگرێ، هەتا پیاوی یەکەم پێی دەکرێ دیسان ژنەکەی وەر بگرێتەوە. ئەو منداڵانەی کە لە پیاوی دووهەم دەبن بە نێوی مێردی یەکەم دەبن نەک بە نێوی باوکی خۆیان.



ئەم شێوە زۆر بە ڕوونی نیشان دەدا کە ژن تا چ ڕادەیەک تەنیا و تەنیا وەکوو داراییەک چاوی لێکراوە و وەکوو مرۆڤ بایەخی پێی نەدراوە.

دەکرێ وا بیر بکەینەوە کە ئەم یاسا، یارمەتی دەری ئەو پیاوانە بووە کە نەیانتوانیوە خێزانەکەیان بەڕێوە بەرن.

لە پێوەندی نێوان دەسەلات و ژندا دەکرێ بڵێین لە دەوری ساسانیدا کەس خاوەنی ژن و منداڵی خۆی نەبووە و دەسەلاتداران هەرکات ویستوویانە، ژنی جوانی یەکێکیان داگیر کردووە. بە پێ هێندێ سەرچاوە دەڵێن: کە ئەگەر کەسێک ژنی جوانی هەبا، دەبووا کون بەکون بیشارێتەوە، چوونکە ئەگەر موبدەکان یان پیاوی لەشکری تەنانەت خاوەن موڵک و کوێخا زانیبایان، ئەو کەسە خاوەنی ژنی خۆی نەبوو و لێیان دەستاند و ڕەنگە بە نرخی گیانیشی تەواو با. تا ئەو ڕادەیە کە لە ئەنەوشیرەوانی ( بەنێو عادڵ!) دەگێڕنەوە کە یەکێک لە سەردارەکانی ژنێکی جوانی هەبوو، ئەنەوشیرەوان لە نەبوونی ئەودا چووە سەر ژنەکەی. پاشان ژنەکە چیرۆکەکەی بۆ مێردەکەی گێڕاوە . کابرا دیتی ژنەکەی هیچ، گیانیشی لە مەترسی دایە. گورج ژنەکەی تەلاق دا. ئەنەوشیرەوان پێی گوت: "بیستوومە باخێکی ڕازاوەت هەبووە و ئێستا بەرەلات کردووە، بۆ؟ گوتی: جێگای پێ شێرم لە باخەکەدا دیت، ترسام هەڵم درێ. ئەنەوشیرەوان پێکەنی و گوتی ئەو شێرە چی دیکە ناچێتە ئەو باخە. (٢٧ ل ١٩٤)

**پێوەندییەکانی نێو بنەماڵە:**

ڕادەی دەسەلات و پێوەندی نێوان ژن و مێرد لە خێزاندا بە پێ یاسا لە کتێبی "ماتیکان هزاردستان"دا بەم شێوە نیشان دراوە:

- ژن دەبێ مل کەچی ئەمر وفەرمانی مێردەکەی بێ. «ب ٣٦ــچ ٦»
- ڕادەی ناوەنجی پێکەوە نووستنی ژن وپیاو سێ ڕۆژ جارێکە ولەم کارەدا ژن دەبێ گوێ لە مستی پیاو بێ، مەگەر هۆی شەرعی هەبێ. «ب ٢٠ چ ٣» [کاتی شەرعی یانێ کاتی پۆن و چل شەو دوای زایین]
- ژنی «ناریک» [چاک] ئەم نیشانە وخەسڵەتانەی هەیە: خزمەتی مێرد

وئاگاداری ماڵ وسامان. تەمکین کردن[ لەگەڵ نووستن] خاوێن ڕاگرتنی لەشی خۆی وجێگای ژیان.

ـ هەرکەس ئەم چەند نیشانەیەی هەبێ «جە»یە [ دەڵەدێوە]. جادووکردن یا بەستۆک بوون، بەرگری لە نووستن لەگەڵ مێردەکەی، لەشی خۆی وجێ ژیان خاوێن ڕانەگرتن. (١٧ ل ٥٥گێڕانەوە لە کتێبی شەشەمی دینکرد ل ٤٩٢)

بەرانبەرکێ کردن وئازاردانی شووی(باش!)وەکوو ئازاردانی فریشتەی پارێزەری زەوییە و ئەو لە پێدانانی ژنێکی ئاوا [بەسەر زەویدا] ڕەنج دەبا. (١٧ل ٥٦)

ـ سەرکردەی ماڵ بەرپرسی ژن وکوێلەی ماڵە وئەگەر ئەوانە خەتایەک بکەن نیوەی سزاکە سەرکردە دەیدا ونیوەی خۆیان دەیدەن. [جێگای سرنجە کە هەموو کاتێک ژن لەگەڵ کوێلە و ئاژەڵ و ماڵ دەخرێنە یەک ڕیزەوە.]

ـ کوڕ هەتا باڵق دەبێ، کچ هەتا مێرد بکا وژن هەتا زیندووە، خەرجیان لەسەر بابە وئەگەر باب مرد لە داراییەکەی ئەو خەرجە دەدرێ. (١٧ ل ٧٩)

ـ باب مافی فرۆشتنی خێزانەکەی هەیە. بەو شەرتە نەتوانێ خەرجیان بدا. دەتوانێ یەیکیان بفرۆشێ بۆ خەرجی ئەوانی دیکە. ئەگەر کەسێک دەستدرێژیان پێ بکا وسزا بدرێ، پارەی سزاکە بەباب دەگا. [لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق دا زۆر بنەماڵەی هەژار منداڵێکیان دەنارد بۆ شەڕ، بەو هیوایە کە بکوژرێ و بە پارەی شەهیدانەکەی منداڵەکانی دیکەیان بەخێو بکەن].

ـ ژن نوێژ کردنی بۆ نییە. نوێژی ئەوەیە کە ڕۆژێ سێ جار کاتی نوێژی بەیانی ونیوەڕۆ وئێواری، دەست بە سینگ لە پێش مێردەکەی ڕاوەستێ بڵێ: تۆخوا چ بیردەکەیەوە تا منیش وا بیر بکەمەوە. چت دەوێ تا وا بڵێم. چ دەفەرموی تا وا بکەم. هەرچی شوو گوتی ئەوڕۆژە ئەوکردارەی دەبێ. بێ ڕەزامەندی شوو، هیچ نابێ بکا هەتا خوا لێ ڕازی بێ. هەرکەس لەسەر فەرمانی مێردی خۆی بێ، ژنی "ئەشۆ"[دیندار] ە وهەرکەس نەبێ "جە" یە. (١٧ل٨٥)

ـ پرسە وعەزا بۆ ژن وپیاو وەک یەکە "پەشت" کردن [جۆرێک دوعاو نوێژکردن] بۆ هەردووکیان واجبە. تەهارەت وپارێز وبەڕێوەبردنی دابی تایبەتی مردووان بۆ هەر دووان وەک یەکە. (١٧ل١٠٦)



ـ ژن مافی ئەوەی هەیە کە موڵک وداهاتی تایبەتی خۆی هەبێ. ئەگەر کار بکا، دەتوانی مزەکەی بۆ خۆی ڕاگرێ. یا بیدا بە مێردەکەی. ئەگەر ژن وپیاوەکە قەرز وەرگرن بە جوێ حیسابیان لەسەر دەکرێ وداواکار دەتوانێ بەشە قەرزی ژنەکە بە جوێ لە خۆی بستێنێتەوە. (١٧ ل ٨٠)

ـ ژن مافی ئەوەی هەیە بێ دەست تێوەردانی مێردەکەی ماڵ ودارایی خۆی سەرپەرستی بکا و داویسەتی پێوە بکا. «ب٧چ٩»

ـ ئەگەر سەرپەرستی بنەماڵە بە بێ هۆی شەرعی خەرجی بنەماڵەی خۆی نەدا، ژنی ماڵ دەتوانێ داوای دادخوازی لە دادگا بکا. «ب١٢چ ٩»

ـ ژنی ماڵ دەتوانێ داوا بکا کە سەرپەرستی ماڵ لە مێردەکەی کە ماڵەکە خراپ ئیدارە دەکا، بستێندرێتەوە و بدرێ بە یەیکی دیکە.«ب١٢چ ١٢»

ـ ئەگەر پیاوێک قوبووڵ بکا کە بەشێک لە شتێکی دیاری کراو، بۆ ژنەکەی تەرخان کردووە، ئیتر خۆی مافی دەست بەسەراگرتنەوەی نییە. «ب٣٥چ ٢٦»

ـ ئەگەر پیاو داراییەکی دیاریکراوی بە ژنەکەی بەخشی بێ، خۆی مافی کەڵک وەرگرتن لەو داراییەی نییە، ژنەکەشی مافی ئەوەی نییە بەبێ ئیزنی مێردەکەی بیدا بە یەیکی دیکە.« ب٣٥چ١٤»

ـ پیاو تەنیا بە نووسینی پەیمان نامە دەتوانی ژنەکەی بکا بە شەریکی خۆی، ئەوجا ژن دەتوانی سەودا بکا. ئەگەر پیاو ژنەکەی تەڵاق بدا، ژنەکە دەتوانی داوای بەشی خۆی بکا. (٥ل ٦٦٢)

ـ ژن ناتووانێ داوای داراییەک بکا کە بە مێردەکەیان بەخشیوە. «ب ٣٧چ٦»

ـ ئەگەر ژنێک جەواهێرێکی لە لایەن مێردەکەیەوە پێ بەخشرا، ئەگەر مێردەکەی هەتا سێ ڕۆژ داوای نەکردەوە، ئەوە بوەتە هی خۆی. «ب٣٧چ٢٦»
[سێ ڕۆژ ئەو ماوەیە کە بۆ هەر سەودایەک وەکوو کات پەشیمانی دانرابووە]

ـ ئەگەر کەسێک لەگەڵ ژنێک کە چلەی زایینی تەواو نەبووە، بنوێ وژنەکە بە هۆی ئەوە بمرێ، پیاوەکە دەکوژرێ. (١٧ ل ١٠٠)

ـ تالیمی ئایینی کچ لە ئەستۆی دایکییەتی.

ـ ژن وپیاو لەو دنیا پێکەوە دەژین وهەر کەس لەگەڵ هاوسەری خۆی، ئەو

کەیفەی کە لەم دنیا ناتەواو بووە، لەو دنیا تەواوی دەکەن. (١٧ ل ١٠٦)

## پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

ـ ڕفاندنی ژن بە زۆری، کاری ناپاکانە. بەڵام بە دویدا ڕویشتن کاری گەوجانە و لەبیر بردنەوەیان کاری ژیرانە. چوونکە ئەگەر ژنان بۆ خۆیان ڕازی نەبن کەس کاری وەهای پێناکرێ. (٥ ل ٤٣٢) [ئەمەش یاسای ڕەدو کەوتنەکەی خۆمان]

ـ کچێک کە بە بێ شووکردن منداڵی بوایە، ڕەنگە بەخشرابا، خەرجی منداڵەکەشی لە ئەستۆی بابی کچەکە دەبوو، بەڵام ئەوەی منداڵی لەبەر چواندبا دەکوژرا. (٥ ل ٤٣٥)

ـ ژن وپیاو پێکەوە دەتوانن لە دادگا پارێزەرێکی (وەکیل ـ مەحامی) هاوبەشیان هەبێ، بەڵام ژن گەرچی سەرۆکی بنەماڵەش بێ، مافی هەڵبژاردنی پارێزەری بە تەنیایی نییە، چوونکە خاتوونی ماڵ ناتووانێ بەتەنێ خاوەنی دەسەڵاتی تەواو وبەرپرسی ماڵ بێ. «ب٢چ١٠»

ـ ئەم سێ کەسە بۆ شایەتی لە دادگا نابێ قوبوڵ بکرێن: ژن ومنداڵی نابالق وکوێلە. (١٧ ل ٨٠گێڕانەوە لە "مینوی خرد" پرسیاری ٣٨)

ـ لە کتێبی "دینکرد" دا ژنان شایانی دادیاری زانراون و بە ڕاشکاوی گوتراوە "ئەو ژنانەی کە دەرسی یاسایان خوێندووە لەو پیاوانەی کە ئەو دەرسەیان نەخوێندووە بۆ دادیاری باشترن. [دەزانین کە دادیار و مەحکەمەی ئەو کاتە لەدەست موبدەکاندا بووە، کە وابوو ئەو دەرسە تەنیا ژنێک توانیویە بیزانێ کە مۆبد بووبێ.] ژن کاتێک دەیتوانی ببێ بە موبدی کە گەیشتبایە تەمەنی نەشۆر بوون (یائسە بوون) ئەودەم دەیتوانی ببێ بە نگابانی ئاوری پیرۆز. (٢ ل ١٠٣)

ـ پیاو ناتوانێ بۆ زەمانەت کردنی خۆی لە دادگادا زێڕ وزیوەری ژنەکەی بەگرێو دابنێ. «ب٨چ١٩»

ـ ئەگەر سەرپەرستی بنەماڵە لە ئەستۆی کوڕ بێ، خاتوونی ماڵ ناتووانێ دەست لە دارایی بنەماڵە بدا. «ب١٢چ٤»

ـ ژنێک کە لەبەر کردەوەی خراپی مێردەکەی داوای دادخوازی کردوە، هەتا ڕوون



بوونەوەی ڕای دادگا لە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەیدا لادەبردرێ. «ب١٢چ١١»

ـ ئەگەر بێوەژنێک کە سەرپەرستی منداڵەکانییەتی، کارێکی بێ ئابڕوویی بکا، [نەکوتراوە بێ ئابڕویی بە چ دەگوترێ] سەرپەرستی منداڵەکانی لێ دەستێندرێتەوە وبۆ منداڵە سەغیرەکانی سەرپەرست دەگیرێ. «ب٣٨چ٨»

ـ تاوانی زینا سێسەد درهەمە. «ب٣٨چ٢٧»

ـ ئەگەر پیاوێک بچێتە سەر کچێک، کچەکە چ خزمی سەرۆکی بنەماڵە بێ چ نەبێ [کەنیز] چ بەمێرد درابێ، چ نەدرابێ، ولە پیاوەکە منداڵدار ببێ. نابێ لەترسی خەڵک منداڵەکەی لەبەر بچوێنێ. دەنا هەم خۆی وهەم بابی دەبێ سزای کوشتنی بەئەنقەست بدرێن. ئەگەر کچەکە بە پیاوەکە بڵێ وئەویش بۆ لەبەر چواندنی منداڵەکە بیباتە لای ژنە جادوو[ئەم ئێوەیان بە ئەنقەست لەو ژنانە ناوە] هەرسێکیان تاوانبارن. ئەو پیاوە دەبێ ئەو کچە سەرپەرستی بکا هەتا منداڵەکە دێتە دنیاوە [تا ئێرە باسی ئەوە نەکراوە کە دوایە دەبن بە ژن و مێرد یان نە!] ئەگەر پیاوەکە ژنەکە ڕانەگرێ ومنداڵەکە بمرێ، کوشتنی بە ئەنقەستە و لە ئەستۆی پیاوەکەیە. (١٧ ل ٣٨)

ـ هەرکەس لەگەڵ ژنی زک پڕ یا ئەوەی کە منداڵی شیرەخۆری لەبەر مەمکە، بنوێ. هەر ئازار وزیانێک بە منداڵەکە بگا لە ئەستۆی ئەوە. ئەگەر منداڵەکە لە شیر بتۆرێ یا بریندار ببێ وبمرێ سزای ئەو کەسە مەرگە، ئەگەر بە ئیزنی سەرۆکی بنەماڵە بووبێ، سەرۆک گونابارە. (١٧ ل ٦٣)

ـ ژنی کوێلە ئەگەر لەکاتی زگ پڕبووندا بفرۆشرێ منداڵەکەشی لەگەڵ دەفرۆشرێ. ئەگەر درا بە پاراستان منداڵەکەشی لە خزمەت پاراستاندا دەمێنێتەوە.

ـ هەر ژنێک لەگەڵ پیاوێکی دیکە بنوێ دەبێتە "جە" وگوناهی بە قەت جادووکردنە، ئەگەر لەگەڵ دوو پیاوی بێگانە بنوێ ڕەنج بە ئەهورامەزدا دەگا ودەبێ هەرچی زووتر بکوژرێ. (١٧ ل ٩٧)

ـ ئەگەر پیاوێک تۆمەتی زینا لە ژنەکەی بدا وژنەکەی منداڵی لە زگدا بێ ومنداڵەکە بێتە دنیاوە، هەتا تۆمەتەکە لە دادگا دەسەلمێندرێ، پیاو دەبێ خەرجی ژن ومنداڵەکەی بدا. دوایە ئەگەر زیناکار بوونی ژنەکە سەلمێندرا، تەواوی مافەکانی لێ دەستێندرێتەوە. «ب٣٦چ١٥»

ـ هەر ژنێک چوارجار لەگەڵ کەسێک جگە لە مێردەکەی بنوێ، بە مێردەکەی خۆی حەرام دەبێ.

ـ نوستن لەگەڵ ژنی بەستۆک گوناهە ولە ڕادەی نووستن لەگەڵ ژنی پۆن ومێرد بازی ولە دواوە لەگەڵ ژن جووت بووندا هاتووە. (١٧ ل ١٠٠)

## تــەلاق

ـ تەلاقی سەرۆک ژن ئاوایە کە پیاو دەبێ بڵێ: "پادشا ژنێک کە بوەتە ژنی من بە ڕەزامەندی خۆی تەلاقم دا". ئەگەر وا نەبێ یان کچەکە ڕەزای نەبێ، تەلاقی ناکەوێ. (١٧ ل ٨٦)

ـ ژن تەلاقی ناکەوێ مەگەر بە چوار شت.

١ـ تەرکی نوستن لەگەڵ مێردەکەی بکا.

٢ـ کاتی پۆن بە مێردەکەی نەڵێ ولێ بشارێتەوە

٣ـ جادووگەری بکا یا فێری بێ.

٤ـ منداڵی نەبێ. ئەگەر ئەمانە نەبێ تەلاق دان گوناهە وبۆ کوشتن دەبێ.

ـ هەر ژنێک کە چوار جار بە مێردەکەی بڵێ: "من ژنی تۆ نیم" و شەو و ڕۆژێک لەم قسە تێ پەڕێ، ژنەکە دەبێ بکوژرێ. (١٧ ل ٨٦)

ـ داوای تەلاق لە لایەن هەر کامیانەوە (ژن یا پیاو) بێ، دادگا ئەو داوایە قبووڵ دەکا. «ب٧چ١»

ـ ئەگەر دادگا، هۆی جیابوونەوە بە تەواو نەزانێ، بڕیار بە جیابوونەوە نادا، گەرچی هەر دوولایەن ڕازی بن. «ب٧چ٢»

ـ ئەگەر پیاوێک سەرۆک ژنی نەزۆکی خۆی تەلاق بدا وئەو ژنە پاش مێردەکەی منداڵی بێ. یەکەم منداڵی بە ناوبراوی پیاوی یەکەم دەژمێردرێ ولەودنیاش بە ژنی پیاوی یەکەم دەبێ. «ب٧چ٣»

ـ ئەگەر ژن وپیاو لە داراییەکی دیاریکراودا، شەریک بن ولێک جوێ بووبێتنەوە، پیاو ناتوانێ بێ ڕەزامەندی ژنە تەلاق دراوەکەی ئەو داراییە خەرج بکا یا بیدا بە یەکی دیکە. «ب٧چ٥»



ـ ژنی تەلاق دراو تەنیا حەقی وەرگرتنی ئەو داراییەی هەیە کە خزم وخوێشی خۆی وەکوو خەلاتی پێیان داوە. «ب٧چ٧»

ـ ئەگەر پیاو داراییەکی بەژنەکەی بەخشی بێ، دوایە بە ڕەزامەندی ژنەکە جیابووبێتەوە. ژن مافی وەرگرتنی ئەو داراییەی نییە ودەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە. «ب٧چ٨»

ـ مێردێک کە مافی دەست بەسەرا گرتنیماڵی ژنەکەی هەبێ. ئەگەر تەلاقی بدا ئەو مافەی نامێنێ. «ب٧چ١٨»

ـ سەرپەرستی ژن پاش تەلاق وهەتا مێردێکی دیکە بکا، لە ئەستۆی باب ودایکیەتی. «ب٧چ١٤»

ـ ئەگەر ژنێک بە فەرمانی مێردەکەی نەبێ، مێردەکەی دەتوانێ خەرجی نەداتێ. (١٧ ل ٨٦) [کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێک تەلاق دانە]

## میرات

ـ باب هەرچەندە بیەوێ دەتوانێ میرات بۆ منداڵەکانی دیاری بکا. بەڵام ئەگەر دیاری نەکرد ومرد. ئەوە کوڕی سەرۆک ژن دوو بەش دەبا وکچ یەک بەش. کوڕی چاکر ژن بەشێک (نیوەی کوڕی خاتوون وکچی چاکر ژنیش نیوەی براکەی. بەشی سەرۆک ژن وەکوو کوڕەکەیەتی وتەنانەت بە وەسییەت لەو مافە ناکەوێ،. چاکرژن هیچ مافی بە میراتەوە نییە، مەگەر بەپێ قەرارێک کە لەپێشدا درابێ. (١٧ ل ٨٠)

ـ هەر بەوشێوە کە دارایی وداواکردنەوەی قەرزی بابێک کە مردبێ لە ئەستۆی کوڕەکەیەتی، دانەوەی قەرزەکانیشی لە ئەستۆی ئەوە، چون ئەو جێگری ڕاستینەی بابیەتی ومیراتەکەی بەو دەگا. «ب٥ چ٢»

ـپاش مردنی باب ودایک، سەرپەرستی برا و خۆشک لە ئەستۆی براگەورەیە. «ب٥چ١٩»

ـ ئەگەر باب ودایک هەر دوو مردن خۆشکی گەورە دەبێتە سەرپەرستی خۆشکی بچوک. «ب٢٣چ ٨،٩»

ـ سەرپەرستی بنەماڵە پاش مردنی سەرۆک بە یەکێک لەم چوار کەسە دەدرێ. ١ـ کوڕی گەورەی حەق[هی خۆی] ٢ـ کوڕی ناونراو[بە کوڕی خۆی نێو ناوە یا گەورەی کردووە] ٣ـ ژنەکەی ٤ـ برایەک کە لە دارایی دا لەگەڵی شەریکەبەش بووە. «ب١١چ١٦»

ـ ئەگەر پیاوێک ژنەکەی خۆی ـ پاش مردنی ـ بە سەرپەرستی بنەماڵە هەڵبژاردبێ، پاش ئەوەی یەکێک لە کوڕەکانی گەیشتنە تەمەنی بلۆغ، ژن دەبێ ئەو مافەی خۆی بدا بە ئەو کوڕە. «ب١٥چ١٢»

ـ ئەگەر پیاو تەنیا یەک کچی هەبێ، ئەو کچە دەبێ شو بکا بە پیاوێک بە مەرجی "ئیوک"ژنی. «ب١٤چ١» [بڕوانە ئێوەک ژنی]

ـ کچێک کە پێش مردنی بابی منداڵی نەبێ، میراتی بابی پێ نابڕێ. «ب١٤چ٤»

ـ خۆشک ڕەنگە دوای مردنی برای ببێ بە سەرپەرستی بنەماڵەی براکەی ومیراتی پێ ببڕدرێ، بەڵام ناتوانێ جێگری پلەی کۆمەڵایەتییەکەی بێ. «ب١٤چ٨»

ـ تاکاتێک کە دایک زیندووە، کوڕ حەقی بەمێردانی خۆشکی نییە. «ب١٤چ٩»

ـ ژن مافی ئەوەی نییە جگە لە وەسییەتی شووەکەی داراییەکەی بە جۆرێکی دیکە خەرج بکا. «ب١٥چ٢٨»

ـ ئەگەر پیاوێک سەرپەرستی کردنی بنەماڵەکەی دوای مردنی خۆی بە یەیکی دیکە بدا، ژنەکەی ناتوانێ بێ ڕەزامەندی ئەو کەسە کچەکانی بە مێرد بدا. «ب١٥چ٣٢»

ـ ئەگەر میرات بەری پیاو تەنیا ژنەکەی بێ، هەموو داراییەکەی پێ دەبڕدرێ. «ب٢٤چ٦»

ـ ئەگەر ژنەکە منداڵی لە زگ دا بێ و پیاوەکە بمرێ، ئەو منداڵە پاش بەدنیا هاتن، کوڕبێ، ژن هەر ئەوەندەی پێدەگا کە پیاوەکە بەپێ وەسییەت بۆی داناوە و باقییەکەی دەدرێ بە کوڕەکە. ئەگەر دوو کچ وکوڕێکی هەبێ، پاش لابردنی بەشی



دایک باقییەکەی دەکرێ بە دوو بەشەوە بەشێکی دەدرێ بە کوڕەکە وبەشەکەی دیکە بۆ دوو کچەکە. «ب٢٤چ٩» [یانێ کچ نیوەی کوڕ دەبا]

ـ باب دەتوانێ پێش مردن وەسییەت بکا بڕێک لە داراییەکەی بدەن بە کچەکەی کە مێردی کردووە. «ب٢٤چ١٦» [واتە بە بێ وەسییەتی باب، کچی شوودار میرات بەری بابی نییە.]

ـ ئەگەر پیاو تەنیا کوڕێکی هەبێ، هەموو داراییەکەی (میراتەکەی) بەکوڕەکەی دەگا . «ب٢٨چ٣»

ـ ئەگەر ژنێک لە پیاوێکی دیکە منداڵی هەبێ، منداڵەکانی پیاوەکەی دیکە میراتی ئەم مێردەیان پێ نابڕدرێ. لەم کاتەدا، ژنەکەشی بەشێک دەبا، کوڕەکانی هەرکام دووبەش وکچەکەی بەشێک. «ب٣٠چ٨»

ـ ئەگەر کەسێک وەسییەتی کرد کە کوڕوکچەکەی بە قەت یەک میرات بەرن دەبێ وەک یەکیان بدرێتێ. «ب٣٩چ٢٢»

ـ هەرکات ژنێک کە سەرپەرستی بنەماڵەیە، لەگەڵ پیاوێک نێوانی هەبێ بە زینا دەژمێردرێ و لە سەرپەرستی دەکەوێ. «ب٣٩چ٨»

ـ بەشە میراتی کچان دەکرێ لە دارایی هاوبەشی بنەماڵە جوێ بکرێتەوە، بەڵام بۆ بەشی کوڕان ئەم کارە نابێ بکرێ. «ب٤٤چ٥»

ئەم یاسایانە و بێ ژمار یاسای سەرەڕۆانەی دیکە بوون کە خەڵکی هەژاریان کردووەتە لایەنگری "مەزدەک" کە داوای یەکسانی بۆ هەمووان دەکرد، و کاتێک ئەو جووڵانەوەیە تێک شکا، باوەشیان بۆ ئیسلام کردەوە، بەو هیوایە کە بەڵکوو یاسایێکی چاکتری پێ بێ!

دەسەڵاتی نالەبار و سەرەڕۆیانەی ئایینی یەکێک لە هۆیە بنەڕەتییەکانی ناڕەزامەندی خەڵک بوو کە گەورەترین و بە هێزترین ئیمپراتۆری ئەو سەردەمەی بە چۆکدا هێنا.

❀

# هێرشی عەرەب

بێ گومان بەدوای ئاپینی زەردەشتدا، ئاپینی ئیسلام زۆرترین دەوری لە پێک هێنانی کۆلتور و داب و نەریتی کوردەواریدا گێڕاوە. نزیک بە هەزار و چوارسەد ساڵە کە کۆمەڵی کوردەواری بە یاساکانی ئەم ئاپینە بەڕێوە دەچێ و بیر و بۆچوونی گشتی خەلک بە پێ شەریعەتەکانی ئەم ئاپینە قەوارەی گرتووە. بۆ ئەوەی بزانین لە چ بار و دۆخێکدا و بە چ شێوەیەک کوردان ئەم ئاپینەیان هەڵبژاردووە - یا خۆ بەسەریاندا سەپاوە - ، پێویستە زۆر بە کورتی چاوێک بە هەل و مەرجی ئەو سەردەمەدا بخشێنین.

ئەو مەڵبەندەی کە ئەو ڕۆ پێی دەکوترێ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەودەم لە نێوان دوو ئیمپراتۆری هەرە زەلامی رۆم و ئێراندا دابەش کرابوو. شەڕ و کێشەی نێوان ئەم دوو زلهێزە بە تایبەت لە سەدەی شەشەم ( دەورەی ساسانییەکان) دا، هەر دوویانی ماندوو و پەرپوت کردبوو و باری باج و خەرجی شەڕ، پشتی خەڵکی شکاندبوو. بە تایبەت ئەوانەی کە خۆیانیان بە داگیرکراوی ئەوان دەزانی و لەو کێشە و هەرایەدا مافی راستەوخۆیان نەبوو (وەکوو میسر و دیمەشق و ئەرمەنی و تورکەکانی باکووری خوراسان) ناڕەزامەندییان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی و خەڵک لە بیانوویەک دەگەڕان کە شان لە ژێر باری زوڵمی دەسەڵاتدارەکانیان لابەن. لە رۆم دا، جووڵانەوەی مەسیحی هاتە کایەوە و چونکە لە سەرەتادا پاڵی بە کۆیلەکانەوەدا پەرەی ئەستاند و هێزی گرت، تا ئەو ڕادەیە کە ڕۆم بوو بە دوو بەشەوە و ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزانس) لە سەدەی چوارەمی زایینی دا ئەم ئاپینەی بە رەسمی هەڵبژارد و ئیمپراتور "قسطنطنین" بۆ خۆی بوو بە مەسیحی. (ساڵی ٣١٢ زایینی) ئەم گۆڕانە بوو بە هۆی زیندوو بوونەوە و دەرمانی هیندێ لە ناتەباییەکان و بەرگری لە روخانی ئیمپراتۆرییەکە. بەم جۆرە ئەوان نە تەنیا

# بەشی چوارەم



# عەرەب و ئیسلام

توانییان ماوەی دوو سەدە بەرەنگاری ئێران بکەنەوە، بەڵکوو لە بەرانبەری هێزی تازە پشووی عەرەبانیش دا، هەتا هاتنی سەلجووقییەکان، خۆیانیان ڕاگرت . بەڵام ئێران لەو قەیرانە رزگاری نەهات، گەرچی جوولانەوەکانی مانی( ٢١٥ ـ٢٧٦ زایینی) و مەزدەک ( کوژراو ٥٢٩ زایینی) کە وڵاتیان هەژاند، سەرکوت کران، بەڵام داری کۆنی ئیمپراتۆری بە شکۆی ساسانی لەبەر پرتوکاوی قرۆڵەکەیەوە، لە بەرانبەر لەشکری پێخواسی عەرەبدا، بە چۆکدا هات. ناتەبایی ناوخۆی ساسانی ئەوەندە بەرچاو بوو کە "ئبن حارثە (مثنی)" نامەیێکی بۆ عومەر خەلیفەی دووهەم نووسی و لەوێ دا گوتی "ئێران تووشی بێ سەرەبەرەیی بووە و ئامادەیە کە داگیر بکرێ". (٢٨ ل ١٨٦) خەلک کە هیوایان بەوە نەمابوو خۆیان بتوانن کارێک بکەن، بە یاری نەدانی فەرمانڕەواکانی خۆیان، بە کردەوە، یارمەتی سوپای عەرەبیان دەدا. لە لایێکی ترەوە بە وتەی "جورجی زەیدان" «ئەوە سروشتی ئینسانە کە هیوای بە داهاتووی نادیار زیاترە لە ئێستای دیار، و دڵی بە سیمای نەدیتراو زیاتر خۆشە هەتا دیمەنی نزیک و دیتراو. بە تایبەت ئەگەر لە نێوان ئێستا و داهاتوودا جیاوازییەکی بەرچاویش ببینێ» (٢٩ ل ٤٩)

ئەم جیاوازییە ئەو دروشمانە بوون کە عەرەبان دەیاندا. (یەکسانی و برایەتی و ...) دواتر مێژوو نیشانیدا کە ئەم دروشمانە ناوەرۆکیان چۆن بووە. بەڵام لەو سەردەمەدا تەنانەت ـ بۆ ئەوەی دڵی خەڵک ڕاگرن تەنانەت جزیەیان لە خەڵکی ناموسڵمان نەدەستاند.

## بە موسڵمان بوونی کوردان

شەڕی عەرەب و ئێران لە ساڵی ١٢ هیجری (٦٣٣ ز ) دا دەستی پێکردووە کە بە شەڕی "زنجیر" بەناو بانگە. لەلایەن عەرەبانەوە خالد بن وەلید فەرماندەی سوپا بووە، ئەم شەڕە لە ناوچەی "یەمەن"ی ئێستادا روی داوە. شەڕی قادسیە لە ساڵی ١٤ هیجری (٦٣٦ ز ) دا دەبێتە هۆی گرتنی مەداین (تیسفون) پایتەختی ساسانییەکان، لە لایەن عەرەبانەوە "سەعد بن وقاص" . سەرکردەی سوپا بووە. "یەزدگردی سێهەم" پادشای ئێران هەڵات، بەڵام ئاخر شکانی ئێرانییەکان لە شەڕی



"نەهاوەند" دا بوو. ساڵی ٢١ هیجری (٦٤٢ ز) دوای ئەم شەڕە بوو کە بە ماوەی دە ساڵ، سوپای عەرەب هەموو خاکی ئێران و لەگەڵ ئەوەش کورد نشینەکانی داگیر کرد. ئەوان لە هوموو جێگایەک لەگەڵ بەرەنگاری ناوچەیی خەڵک بەرەڕوو دەبوون. ئەو بەشەی کە دەگەڕێتەوە سەر باسەکەی ئێمە، یانێ کورد نشینەکان، "مەردۆخ" لە مێژووەکەیدا، داگیرکردنی بەشێک لە کوردنشینەکان بەم شێوە دەگێڕێتەوە.

«... لە ساڵی (١٨) هیجریدا سوپای عەرەب بە ئەمری خەلیفەی دوهەم، بە سەرۆکایەتی ئیمام حەسەن [لە هیچ مێژوویێکی دیکەدا کە ئێمە چاومان پێ کەوتبێ، ئێوی ئیمام حەسەن وەک فەرماندەی سوپا نەهاتووە] و "عەبدوللە ئیبن عومەر" و "ئەبی عوبەیدە" (انصاری). و چەند کەسی دیکە لە سەردارەکانی ئیسلام. بەرەو ئێران وەڕێ کەوتن. لە عێراقی عەرەبەوە تێپەڕین و لە دەوری کرماشان دا، ئیمام حەسەن و "(خذیفە) یەمانی". و" (قثم) ئیبن عەباس عەبدوالموتەلیب" بە سوپایێکی چەند هەزار کەسییەوە بۆ داگیرکردنی "هەمەدان و "ڕەی" و مازندەران) قۆڵیان لێ هەڵمالی.

عەبدوللە ئیبن عەمەر و ئەبوو عۆبەیدەی ئەنساری ش بە پێنج هەزار سوارەوە بەرەو "شارەزوور" وەڕێ دەکەون. شەوانە لە چۆمی سیروان دەپەڕنەوە و بەیانی لە گەڵ سوپای کوردانداکە بۆ بەرەنگاری ئامادە ببوو، بەرەڕوو دەبن. لە هێرشی یەکەمدا ئەبو عوبەیدوللەی ئەنساری دەکوژرێ. لە هێرشی دووهەم و سێهەمدا ـ شەڕ سێ ڕۆژ بەردەوام بووە ـ لەشکری ئیسلام سەر دەکەوێ، کێو و دەشت لە خوێنی کوردان ڕەنگین دەبێ و شارۆچکە و دێیەکان کاول دەبن و ئاگردانەکان [مەبەست ئاگردانی پاراستانەکانی زەردەشتییە] دەکوژێننەوە. ژنان و کچان یەخسیر دەکرێن و مال و ماڵات بە دەسکەوت دەبردرێ. باقییەکەیان ئیمان دێنن و ڕزگاریان دەبێ. [ ؟!]

تەرمی ئەبوو عوبەیدە لە داوێنی کێوێک لە نزیک [شاری] سەردەشت (شارەزوور) دا نێژراوە کە ئێستا بەو ناوچە دەڵێن "ئەبا عوبەیدە".

عەبدوڵڵای عومەر. چەند مانگ لەو ناوچە ڕادەوەستێ هەتا لە جێگای ئاگردانەکان مزگەوت ساز بکا و حوکمی ئیسلام لەو ناوچانە دابین بکا. پاشان

بەرەو پاوە وەڕێ دەکەوێ، ئەو شوێنەش قەلاچۆ دەکا و تەواوی ژنان و کچان و منداڵان دەبنە دەسکەوتی سوپای ئیسلام. لەوێ سەرداری سوپای ئیسلام (عبدوللە بن عومەر) مزگەوتێکی گەورە بینا دەکا و یەکێک لە کوڕەکانی (محاذ بن جبل) لەگەڵ کۆمەڵێک لە عەرەبان لەوێ دادەنێ. کوڕی "محاذ" لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆی، ژن و کچانی کوژراوەکان داگیر دەکەن و منداڵیان لێیان دەبێ. کە ئێستا خەڵکی پاوە و دەوروبەر بنەوانی خۆیان دەبەنەوە سەر "معاذ بن جبل" و عەرەبەکانی هاوڕێ ئەو.

عەبدوڵلا ئبن عومەر لە ماوەییێکی کورت دا هەموو کوردستانی داگیر کرد و هەموو ئاگردانەکان و پاراستانەکانی وێران کرد و لە جێیان مزگەوتی کردەوە و حوکمی ئیسلامی دامەزراند.» (١١ ل ١٢٢،١٢٣)

دوایە مەردۆخ باسی ئەوە دەکا کە چۆن کوردان بە ڕواڵەت ئیسلامیان هێنابووە، بەلام لە دەروندا هەر لەسەر باوەڕی ئایینی کۆن بوون.

« ... گەرچی کوردان لەبەر ئاڵ و گۆڕی دینی تووشی شەڕی ماڵوێران کەر و بەرە لە نێو بەر بوون، بەلام لەبەر ئەوەی کە ئایینی خۆیانیان زۆر دڵ پێوە بووە، لە دڵەوە ئەو خۆشەویستییەیان هەر ڕاگرتبووە.

شەڕەکانی سەردەمی خەڵیفەکانی عەباسی ش هەموو شەڕی ئایینی بوون. لەوانە شەڕی خوێناوی ساڵەکانی (٣٠٧) و (٣٢٤) ی هیجری کە لە باکووری کوردستان ڕووی داوە، هەموو بۆ پاراستنی ئایین بووە.

«خەڵکی هەورامان گەرچی بە ڕاواڵەت ببوون بە موسڵمان و نوێژ و ڕۆژگ و دابی ئیسلامی یان بە جێ دێنا، بەلام هەتا ساڵی (٨٤٢) هیجری هەر لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون. کاتێک مەولانا "گوشایش" ... دەستی بە تالیمی قورئان و بڕوای ئیسلام لە هەوراماندا کردووە. سەرەڕای ئەوە کە هەشت سەدە و نیو لە دەسەلاتی ئیسلام تێپەڕیبووە، ئەوساش نەیانویستووە بیر و باوەڕی ئیسلام قوبوڵ بکەن و لە پەند و تالیمەکانی "پیر شاریار" کە لە بنەوانی مەغەکان و باوەگەورەی مویدەکانی ئەو ناوچە بووە، لادەن. ئێستاش گوتەیەک هەیە کە خەڵکی هەورامان لە ڕیش سپی و زاناکانیان دەپرسن "قورئان کۆنە یا پەندەکانی "پیر شاریار" ؟"

ڕیش سپی و زانایان ولام دەدەنەوە: " پەندەکانی پیر شاریار کۆنترە، قورئان



دوێنێ "گوشایشە کوێر هێناویەتی."» (١١ ل ١٢٣،١٢٤)

ئەم بابەتە لە لایەن مێژوو نووسانی دیکەشەوە دانی پێدا نراوە.

«تەنانەت لە سەدەی چوارەمی هیجری (دەی زایینی) دا لە جیبال (ڕۆژئاوای باکووری ئێران)زەردشتی دەدیترا. "موتەهەر مۆقەدەسی" مێژوو نووسی سەدەی چوارەم دەڵێ کە لە بەشی "ماسبدان" (ڕۆژ ئاوای ئێران ـ کوردستانی ئێستا) کۆمەڵێکی زۆر لە خوڕەم دینییەکان [ پێڕەوانی بابەکی خوڕەمدین، فرقەیەک لە زەردەشتی لە سەدەی دووهەم تا چوارەمی هیجری ڕاپەڕینێکیان ساز کردبووە] هەبوون.» ( ٣٠ ل ٤٦)

ئەم خۆ ڕاگرییەی کوردان ـ گەرچی تەنیا کوردان وا نەبوون ـ لە بەرانبەر ئایینی ئیسلام دا لە هەموو خەڵکی دیکەی ئەم مەڵبەندە بەرچاوترە. جورجی زەیدان پاش باس کردنی حکومەتە کوردییەکان بە تایبەت "ئەیوبییەکان" (٥٦٤ـ ٦٤٨ھ)دەڵێ: «... هەر نەتەوەیەک کە زووتر بوو بە موسڵمان، زووتریش حکومەتی خۆی ساز کرد. بەم شیوە کە دوای عەرەبان، لە پێشدا فارسەکان بوون بە موسڵمان و گەیشتنە حکومەت، پاشان تورکان و لە ئاخر هەموانەوە کوردان» (٢٩ ل ٨٢٥) دیارە کوردانیش وەک هەموو ئەوانی دیکە، لەبەر ئازاد بوون لە ژێر جزیە و باجی جۆر بە جۆر کە لە غەیرە موسڵمانانیان دەستاند و هەروەها لەبەر ئەوەی کە وەک خەڵکی ئاساییان چاو لێ بکرێ و بە سپلۆت دانەندرێن و لە کۆمەڵدا ڕێگایان بدرێ، چوونە ڕیزی موسڵمانانەوە.

دیتمان کە ئایینی زەردەشتی بۆ خۆی خەڵکی گەیاندبووە ئەو پەڕی نزمییەوە. بەلام قەلاچۆ کردنی خەڵک لە سەرەتای هێرشی عەرەباندا، وای لێکردن کە تا چەند سەدە ئەو بێزاریە لە دەسەلاتی عەربان هەر بەردەوام بمێنێ.

کە وابوو داگیر کردنی خاکی کوردان پاش تێکشکانی ئێران، لە شەڕی نەهاوەند بەم لاوە، بەرەبەرە تەواو کراوە، بەلام بە موسڵمان بوونی زۆربەی کوردان هەتا پێنج سەدە دوایە درێژەی هەبووە.

بەشێک لە کوردان هەر لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە (هەر چەند زۆر کات ئایینەکەیان بە نهێنی ڕاگرتبووە و ئەم نهێنی کارییە گۆڕانێکی زۆری بەسەر ئایینەکەدا هێناوە ـ دواتر لە بەشی ئیزەدی و کاکەییدا باسی دەکەین.) ، بەشێکی

زۆر کەمیش کە لە ژێر دەسەڵاتی بیزانس دا بوون و پێشتر ببوون بە مەسیحی، ئایینەکەی خۆیان کەم و زۆر ڕاگرت. مەردوخ دەڵێ: «خەڵکی بەشی باشووری کوردستان[ ؟] ماوەیەک بت پەرست بوون. [ئەمە دەبێ ئایینی میترائیسم بووبێ] پاشان لە ئاخرەکانی سەدەی پێنجەمی زایینی چوونە سەر ڕێبازی مەسیحی. بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە سەر ئایینی زەردەشتی. (بڕوانە تاریخ کلیسای قدیم لاپەڕە ٣٠٠).» (١١ ل ١٢١)

ئەم خۆ ڕاگرییەی کوردان لە بەرانبەر ئایینی تازەدا ـ لە باسەکەی ئێمەدا ـ دەتوانێ لەبەر ئەوە بووبێ کە هاتنی دەسەڵاتدارانی تازە و ئایینی تازە، نیزامی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کە عەشیرەتییێکی زۆر توند بووە، بە گشتی گۆڕیوە. بۆ وێنە، لە باتی سەرۆک و موبد، پێشنوێژ و کتێبی ئایینی دادەنا. پیاوانی ئەو کۆمەڵە دەترسان کە دەسەڵاتیان کەم ببێتەوە.. ئەگەر دوو یاسای ساسانی و عەرەب لەپاڵ یەک دانێین و بەرانبەرکێیان بکەین، دەبینین کە لە دەوری ساسانیدا یاسا چینایەتی بووە. بەم مانایە کە ئەو یاسا کە بۆ خەڵکی دەوڵەمەند هەبووە هەر ئەو یاسا نەبووە کە بۆ خەڵکی هەژار هەبووە. ئەگەر فەرماندەرێکی دەوری ساسانی مرۆڤێکی کوشتبا هەر ئەو سزایە نەدەدرا کە ئەگەر جووتێرێک ئەو کارەی کردبا. بەڵام لە یاسای ئیسلامدا سزای خەلیفە و مرۆڤی ئاسایی وەک یەک بوو، جا بەڕێوە دەچوو یان نا باسێکی دیکەیە.

هەروەها سەبارەت بە مافی ژن لە سەرەتادا تا ڕادەیێک گۆڕانی مافی ژن برچاو بووە. بەڵام دواتر وەک خۆی لێهاتۆتەوە، چوونکە بناخەکانی هەر دوو ئایین لەسەر یەک نیزامی کۆمەلایەتی دانرابووە.

هەرچۆنێک بێ، لەو کاتە بەولاوە، یاسای ئیسلام و دەسەڵاتی حاکمە موسڵمانەکانی عەرەب بەسەر کورد دا زاڵ بووە هەتا هاتنی مەغولەکان. ئەوانیش دواتر خۆیان بوون بە موسڵمان و یاسای ئیسلامیان هەڵبژارد. دوای ئەوە هەتا ئەو ڕۆ هەرکەس دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا بووبی، هەر بە پێ ئایین و شەریعەتی ئیسلام حوکمی کردووە.

چوونکە هەرکام لە شەریعەتەکان زانا و بلیمەت و تایبەتکاری خۆیانیان هەیە و سەرچاوەکانیان بەدەستەوەیە، ئێمە باسەکەمان بەگشتی (ئەو شتانەی کە لە



هەمووواندا وەک یەکە) دەبەینە پێشەوە و تەنیا باسی یاسا گشتییەکان،دەکەین و هەوڵ دەدەین چۆنیەتی جێ بە جێ بوونی ئەو یاسایانە بخەینە بەرچاو.

## ژن لە یاسای ئیسلامدا

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، و لە بەرانبەر یاسای ئیسلام دا، مرۆڤ پێش ئەوەی لە چ چین و توێژ و ڕەنگ و ڕەگەزێک بێ، لە سێ دەستەدا دابەش دەکرێن.

١ـ ئەوانەی کە بە موشرێک (پێڕەوی ئایینی چەند خودایی یا بت پەرستی) دەناسرێن.

٢ـ ئەوانەی کە بە پێڕەوی پێغەمبەرانی مورسەل (زیاتر جوو، مەسیحی ودواتر زەردەشتیش، بە پێ تەفسیری ئایەی ١٦ سورەی حەج ) دەناسرێن.

٣ـ موسڵمانان.

لە هەر سێ بەشەکەدا، ژن وەکوو پیاو چاوی لێ ناکرێ. باسەکەی ئێمە چۆنیەتی ژیانی ژنان و مافیان لەهەر سێ بەشەکە دا دەگرێتەوە. چوونکە هەر سێ دیەنەکە لەنێو کوردەواریدا هەبووە.

## ١ـ ژنانی کۆیلە (کەنیز)

### بەدەست هێنانی کەنیز

ئەو خەڵکەی کە ئیمانیان نەهێنابا و لەگەڵ سوپای ئیسلامدا شەڕیان کردبا ـ ئەگەر شکابان ـ پیاوەکانیان، یا دەکوژران یا دەبوون بە دیل و کۆیلە. ژنەکانیشیان دەبوون بە کەنیزی موسڵمانان.

دەزانین، بەشێکی زۆر لە تیجارەت و بازرگانی عەرەبان لەو سەردەمەدا، کڕین و فرۆشتنی کۆیلە بووە و کۆیلەداری لای ئەوان (وەکوو کۆمەڵەکانی دەور و بەریان) شتێکی زۆر ئاسایی بووە. سەرچاوەی بەدەست هێنانی کۆیلەش پێش هەموو شتێک، شەڕ و داگیر کردن بووە. دوایە کڕین و فرۆشتن و سێهەم منداڵی کۆیلەکان. (ـ لەم نووسراوەدا کە باسی "کۆیلە" کرا یانێ ژن و پیاو وەک یەک،

بەلام ئەگەر ئێوی کەنیز برا ئەوە تایبەت بە ژنانە.)

«... عەرەبانی پێش ئیسلام دیلی شەڕیان دەکردە کۆیلە، یا خۆ لە حەبەشە و دەوروبەری عەرەبستان دا کۆیلەیان دەکڕی، و لە بازاڕەکانی دیکەدا دیانفرۆشتنەوە. "قورەیش" کاریان بازرگانی کۆیلە بوو. "عەبدوللا جدعان تەمیمی" لە کۆیلە فرۆشەکانی بەناوبانگی قورەیش بوو کە لە شەڕی "فجار" دا ئامر لەشکر بوو.» (٢٩ ل ٦٦٥)

لە ئیسلامی تازە هاتووی ئەو کاتەدا، کۆیلەداری و خولام و کەنیز ڕاگرتن زۆر بە ئاسایی و وەکوو مافێکی ڕەوا چاوی لێ کراوە و دەسکەوتی هەرە گرنگی خەزا بووە. بۆیە خەزا یەکێک لە ئەرکەکانی بنەڕەتی ئیسلامە، تەنانەت دژی خزمی هەرە نزیک، ئەگەر مسوڵمان نەبێ. (بڕوانە سورەتی ئەلئەحزاب ئایەتی ٢٦، ٢٧ـ ئەلبەقەرە ئایەتی ١٩٠، ١٩١، ١٩٣، ٢١٦، ٢٤٤ـ ئەلنیسا ئایەتی ٧٤، ٨٤ ئەلئەنفال ٣٩، ٤١، ٦٧، ٦٩، ـ ئەلتەوبە ئایەتی ٥، ١٤، ٢٣، ٢٤، ٢٨، ٢٩، ٧٣، ١٢٣، و...).

«ئیبن هۆشام دەڵێ: "پاش ئەوەی تایفەی جووی "بنو قریظه" یەخسیر کران پێغەمبەر چارەنووسیانی دایە دەست یەکێک لە دوژمنە بریندارەکانی ئەوان بە ئێوی "سەعد ئیبن معاذ" دوایە ئەم مێژوو نووسە دەڵێ: «سەعد گوتی فتوا دەدەم پیاوەکانیان بکوژن و منداڵ و ژنەکانیان بە کۆیلەتی بەرن...»

ئیبن ئیسحەق لەم بارەوە دەڵێ: « پێغەمبەری خودا گوتی ئەتو سەبارەت بەمانە حوکمت کردووە... ئەوجا بۆ خۆی فەرمانی دا هەموویان لە زیندان کردن و لە مەدینەدا خەندەقیان هەڵقەند و هێنایانیان لەسەر خەندەقەکە سەریان بڕین. ژمارەیان نزیک بە حەوسەد کەس گوتراوە. ئیبن ئەسحەق لە درێژەدا دەڵێ پێغەمبەر فەرمووی ئەوانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی بلۆغ بکوژن، پاشان دارایی و ژن و منداڵەکانیانی بە نێو موسڵماناندا دابەش کرد.» (٣١ ل ٣٦)

ئەم یاسایە، (بە کۆیلەکردنی دوژمن) بە کردەوە بوو بە یەکێک لە سەرچاوە ئابوورییەکان بۆ پەرە ئەستاندنی لەشکری عەرەب.

« کۆیلەکانی پێش ئیسلام بە کڕین و فرۆشتن دەست دەکەوتن، بەلام کۆیلەی کاتی ئیسلام بە هۆی بە دیل گرتنەوە. هەر ئەوەندەی موسڵمانان (عەرەبان) بەسەر



سوپایێکدا سەردەکەوتن، یا شارێکیان دەگرت، ژنان و پیاوان و منداڵانی ئەوێیان بە دیل دەگرت، جار وا بوو لە شەڕێکدا دەیان هەزار دیل دەسکەوت دەبوو. ملی دیلەکانیان بە گوریس پێکەوە دەبەست و لە نێو خۆیاندا دابەشیان دەکردن، جار دەبوو سوارێکی عەرەب سەد پیاو و سەد ژنی دیلی وەبەر دەکەوت و لە چەند شەڕدا نزیک بە هەزار دیلی گیر دەهات. دیارە ئەمیر و سەردارەکان زیاتریان وەبەر دەکەوت. بۆ وێنە عوسمان (خەلیفەی سێهەم) هەزار دیلی هەبوو. زۆرتر وا بوو کە دیلەکانیان بەر لە بەش کردن دەفرۆشت. دیلێک بە سەد دینار یا هەزار دینار، یا پتر یا کەمتر. وا دەبوو کە ئەم فرۆشتنە چەند مانگی دەخایاند.... لە شەڕی "عەموریە"دا دیل هێندە زۆر بوو کە پێنج پێنج و دە دە، دەیانفرۆشتن. لە شەڕی "ئەرک" (ئەندەلس)دا لە بەر زۆری دەسکەوت نرخی دیلێک گەیشتە یەک درهەم و شمشێرێک بە نیو درهەم.

موسا ئیبن ئەسیر، کاتێک لە شەڕی ئەندەلس هاتەوە، سی هەزار کچی لە گەورە زادەکانی "گۆت" لەگەڵ خۆی هێنا بوو (٢٩ ل ٨٨٤)

لە دەورەی فاتمییەکاندا، کاتێک پاپۆڕەکانی شەڕ بە دیلەوە دەگەڕانەوە، وا باو بوو لە پێشدا دەورێک بە نێو قاهیرەدا دەیانگێڕان و پاشان دەیانبردنە جێگایەک بەناو مەناخ و ئەوانەی کە بەکار نەدەهاتن سەریان دەبڕین و لە بیرێکیان دەخستن کە لەنێو کەلاوەکانی قاهیرەدا بوو، پاشان پیاوەکانیان ڕادەگرت بۆ کار و فرۆش و ژن و منداڵەکانیان بە نێو خەلیفە و ئەعیان و ئەشراف دا دابەش دەکرد. منداڵەکانیان دەدا بە مامۆستایان هەتا فێری خوێندن و نووسین و شەڕ و شتی دیکەیان بکەن. ئەم منداڵانە پێیان دەگوترا "ئورابی" و دەکرا لەسەر کار و بار دایان نێن.

« زوبەیر لە هەواڵانی (صحابه) پێغەمبەر، پاش مردن هەزار ئەسپ و هەزار کەنیزی بە جێ هێشت. (٢٩ ل ٦٢)

« بەشێک لە دارایی "یەعقوب ئیبن کەلس" سەرۆک وەزیری فاتمییەکانی میسر ... ٨٠٠ کەنیزی حەرەم (بۆ لەگەڵ ڕابواردنی خۆی) بوو، هەروەها ٤٠٠٠ خولام و خۆلام بەچە (کوڕی ژێر چواردە ساڵ کە لەگەڵی ڕادەبوێران)، جگە لە خولام و کەنیزی زۆر کە وەکوو کارەکەر و نۆکەر کاریان دەکرد و پێیان دەگوترا تایفەی

وەزیری.» (٢٩ ل ٣٦٦)

« موسڵمانان (عەرەبان) کە ژماری خۆیانیان لە بەرانبەر دوژمندا کەم دەدیت، جگە لە ژنەکانی جارانیان، لەگەڵ ژنانی قەبتی و رۆمی و ئێرانی کە دەکەوتە چنگیان، دەنووستن بۆ ئەوەی منداڵیان زۆر بێ. دەستڕۆیشتوویی ببوو بە هۆی زیاد بوونی بەرە، بۆ وێنە "مۆعیرت ئیبن شەعبە" جگە لە چوار ژنی مارەکراو، ٧٦ کەنیزی هەبوو. یا مەهلەب، سێسەد منداڵی هەبوو و هەر بەم چەشنە...» (٢٩ ل ٦٨٣،٦٨٤)

## چۆنیەتی ژیانی کەنیز

«کەنیزەک ـ جاریە ـ ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلام بە دیل و تالانی دەست کەوتوون و گیراون، ئەو ژنانە چ بە مێرد بن و مێردەکەیان لە ژیاندا مابێ، یا کوژرابێ، جیاوزی نییە بۆ کڕین و فرۆشتن و لەگەڵ ڕابواردنیان،... ئەوانەی بە دیل و تالانی دەگیرێن، گرێوی مارەییان لادەچێ» [سورەتی ئەلنیسا ئایەتی ٢٤] چوونکە بوونە بەدیل و دیل مافی هیچ شتێکی نییە » (٣٢ ل ٤٣)

«... کەنیزان ئەو ژن و کچانە بوون کە لە شەڕەکاندا بە دەست موسڵمانان یەخسیر ببوون، ئەمانە دەبوونە کەنیزی موسڵمانان، گەرچی کچی پادشا و ئەعیان و ئەشراف بووبان. موسڵمانان وەکوو زێرکڕدراو ژیان دەگرتن، لەگەڵیان ڕادەبوێران، یا دەیانکردنە کارەکەر و یا وەکوو کوتاڵی بێ گیان دەیان فرۆشتن. کاتێک موسڵمانان لەگەڵ ژیانی دەوڵەمەندی ئاشنا بوون، کەنیزیان وەکوو خشڵ و زێڕ دیاری دەدا بە یەکتر. هەر کەس دەیەویست لە لای گەورە پیاوێک ببێتە خاوەن ڕێز، کەنیزێکی تالیم دەدا بەو هونەرەی کە ئەو خاوەن دەسەڵاتە پێ خۆش بوو، ئەو جار کەنیزەکەی بە دیاری بۆ دەبرد. ئەگەر زانیبای کە گەورە پیاوەکە حەزی لە جوانییە، کەنیزێکی جوانی دەکڕی و بۆی دەنارد. ئەگەر زانیبایان ساز و ئاوازی پێ خۆشە کەنیزێکی ساز ژەن و گۆرانی بێژیان دەدایێ و ماوەیێکی پێ نەدەچوو کە بارەگای خەلیفە و کاربەدەستان پڕ دەبوو لە کەنیز و خولام بەچە.

ـ ئەگەر کەنیزێک کە لای خاوەنەکەی ڕێزی هەبوو منداڵی هەبوا و گەیشتبایە دەسەڵاتێک، ئەوە دایکی دەبووە خاوەن جێگا و خاوەن ئیختیار. وەکوو ئەو خەلیفانەی عەباسییەکان کە دایکیان کەنیز بوو .... جار وابوو ژنان بۆ خۆیان



کەنیزیان پێشکەش بە مێردەکانیان دەکرد. زوبەیدە ژنی هارون بۆ ئەوەی مەیلی کەنیزێکی تر لە هارون دور کاتەوە، دە کەنیزی پێشکەش کرد، کە هەموو ساز ژەن و زۆر جوان بوون. یەکێک لەوانە "مەراجل" دایکی مەئمون، یەیکیان "ماریە" دایکی موعتسێم و یەیکی تریان "فادرە" دایکی ساڵح، کوڕەکانی هارون الڕشیدن.

کاتێک ڕاگرتنی کەنیزان بەم شێوە بوو بە باو، کۆیلە فرۆشان لە دوورترین شارەکانی دنیاوە کەنیزی ورد و دورشتیان دێنا و بە پێ ئەو تایبەتییانە کە هەیان بوو بە نرخی گران دەیانفرۆشتن، و بۆ ئەوەی بە گرانتریان بفرۆشن فێری هونەریانیان دەکردن. هێندێک فێری ساز و ئاواز و هێندێک ڕوومەت گرتن و بڕێکیش بۆ دایانی منداڵان. کەنیزی واش هەبوون کە زبان فێر دەبوون، قورئانیان لەبەر دەکرد و فێری شێعر و کاری سیاسی دەبوون. ئەم کەنیزانە لە هەموو ڕەنگ و ڕەگەزێکیان تێدا بوو. نرخیان بە پێ جوانی و کار دیاری دەکرا. دیارە ئەوەی کە بۆ ڕابواردن دیاری دەکرا، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ کارەکەری دادەنرا، نرخی جیاوازی هەبوو. (٢٩ ل ٨٨٩، ٨٩٠کورت کراوە)

«لە سەرەتادا، ئەو منداڵانەی کە لە کەنیزان دەبوون بە پەست دەژمێردران (هۆکەی شووینیزمی عەرەبی بووە) بەڵام دواتر کە پیاوی بەناو بانگ وەک عەلی ئیبن حوسەین، قاسم ئیبن موحەممەد و سالم ئیبن عەبدوڵلا، لە دایکی غیرە عەرەب پەیدا بوون ئەو ڕوانگە تا ڕادەیەک شکا... سەرەڕای ئەوەش ئومەوییەکان هەتا ئاخریش منداڵی کەنیزیان بە وەلیعەهدی دیاری نەدەکرد، و پێیان وابوو کە دەسەڵاتدارییەکەیان تێک دەچێ، ئاخریشی هەر وای لێهات، چوونکە ئاخر خەلیفەی ئومەوی "مروان ئیبن موحەممەد" کوڕی کەنیزێکی کورد بوو.» (٢٩ ل ٨٠١،٨٠٢)

« یەزید ئیبن عەبدوالمەلیک (١٠١ـ١٠٥ھ ق) لەگەڵ کەنیزێک بە نێوی "حەبابە" دەژیا و هەموو کاری دەسەڵاتداریەکەی بە دەست ئەو دابوو و لە ڕاستیدا حەبابە ببوو بە فەرمانڕەوای هەموو ئیمپراتۆری ئیسلام و هەرکەسێکی ویستبا لەسەر کاری دادەنا و هەر کەسی پێ خۆش نەبا، لای دەبرد...». (٢٩ ل ٦٧)

«کۆیلە فرۆشی زیاتر لە هەر جێگایەک لە بەغدا برەوی هەبوو. جوانترین و

هونەرمەندترین کەنیزیان بۆ ئەوێ دێنا، لەوێ پارە زۆر بوو و بە نرخی باش دەکردران. نرخی کەنیزێکی جوان و لەبار بە تایبەت ئەگەر هونەرێکیشی هەبا هەتا چەند هەزار دینار دەڕۆیشت. ژنانی خەلیفەکان لە ڕاگرتنی کەنیزدا پێشبڕکێیان پێکەوە دەکرد وئەمە ببوو بە جۆرێک خۆ هەلکێشان. جلی یەک ڕەنگیان لەبەر دەکردن و لە دەقیان دەدان. خاوەن دەسەلاتانی دیکەش چاویان لە ئەوان دەکرد. زۆر جاریش کەنیزیان تالیم دەدا کە لە بارەگای خەلیفە و پادشاکاندا جاسووسی (سیخوڕی) بکەن و دەیانکردنە داردەستی مەبەستەکانی خۆیان». (٢٩ ل ٨٩١)

«مەسعودی دەلێ: لە خەلوەتی "متەوەکلی عەباسی" دا چوار هەزار کەنیز دەژیا و متەوەکل لەگەل هەموویان دەنووست. لە خەلوەتی هارون دا دو هەزار کەنیز دەژیا کە سێسەدیان تەنیا سازیان لێدەدا وگۆرانیان دەگوت. دەولەتەکانی دیکەی ژێردەستیش چاویان لە ئەوان بڕیبوو. فاتمییەکان لە هەموو زیاتر، بۆ وێنە لە خەلوەتی الحاکم بامرالله دا دە هەزار کەنیز و خولام هەبوون و خاتوونی ولات بۆ خۆی هەشت هەزار کەنیزی لە خزمەتدا بوو کە ١٥٠٠یان کچ بوون. کاتێک سەلاحەدین کۆشکی فاتمییەکانی گرت، دوازدە هەزار ژن لەو کۆشکدا بوون کە جگە لە خەلیفە و کوڕەکانی پیاوێکی دیکەیان نەبوو.» (٢٩ ل ٩٨٦،٩٨٧)

نرخی کەنیزان :

«نرخی کەنیز لە چەند دینارەوە هەتا چەند هەزار دینار دەگەیشت. بۆ وێنە هارون کەنیزێکی بە سەد هەزار دینار و یەیکی دیکەی بە ٣٦٠٠٠ دینار کڕی، شەوێک لەگەلیان نووست و دوایە بەخشینی بە " فەزل".

ئەمین کوڕی هارون بۆ کەنیزێک بە پێ قورسایی کەنیزەکە زێڕی بژارد، کە بە گریمان دەکاتە یک ملیۆن دینار. ئەمە زۆرترین نرخێکە کە هەتا ئێستا لە کتێباندا هاتووە.» (٢٩ ل ٩٨٧)

مافی کەنیز

کەنیز مافی چییە؟ بێ گومان کەنیزیش کۆیلەیە و کۆیلە هیچ مافێکی بەسەر ژیان و لەش و گیانی خۆیەوە نییە و هەموو شتێکی بە پێ ئارەزووی خاوەنەکەیەتی. وەکوو دەلێن ئاژەلێکی قسەکەرە، جا کچی پادشای ڕۆم بووبێ بە دیل گیرابێ، یا خۆ کچە جووتێرێک.



« حوکمی دیل لە ئیسلامدا ئاوایە: خاوەن (سەبارەت بە دیلی شەڕ فەرماندەری سوپا یا خەلیفە) دەتوانێ یەکێک لەو سێ کردەوە هەلبژێرێ:

١ـ دیلەکە بکوژێ؛

٢ـ دیلەکە بکا بە عەبد [کۆیلە]ی خۆی؛

٣ـ بە پارە یا بێ پارە ئازادی بکا.

ئەگەر دیلێک لە کاتی یەخسیریدا بێ بە موسلمان، حوکمی کوشتنی لەسەر لا دەبرێ، بەلام دوو حوکمەکەی دیکە دەمێنێتەوە. ئەگەر کەسێک کۆیلەیێکی ئازاد کردبا ئەو کۆیلە دەبوو بە "مەولا" (ـ کۆ: مەوالی) [ئەندامی بنەمالەی خاوەنەکەی ـ بێ مافی میرات] ئەمە ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە پەنایان بۆ موسولمانان دێنا و لە میراتی خۆیان چاوپۆشییان دەکرد. مەولا لە کۆیلە سەرتر و لە مرۆڤی ئازاد کەمتر بووە. بۆ وێنە نەدەکرا بی فرۆشی، بەلام نەیدەتوانی ژنی ئازاد بێنێ. ئەگەر مەولایەک مێردی بە عەشیرەیەکی دیکە کردبا، دەبوو بە مەولای ئەوان. زەکاتی مەولا نیوەی ئازاد بوو و "حەد"ی شی نیوەی ئازادێک بوو. پێغەمبەر بۆ خۆی مولایەکی حەبەشی و یەکی ئێرانی و یەک قەبطی و یەک یۆنانی هەبوو.

دواتر بە پێ ئایەی ٥٧ سورەی مائدە جوو و مەسیحی لەم یاسا چوونە دەرێ و مەولاکردنیان نەهی کرا.» (٢٩ ل ٦٨٤)

ـ لە باتی دانەوەی قەرز ناکرێ موسلمانێک بکرێ بە کۆیلە، [لە ڕۆمدا خەلکی ئازاد لەبەر قەرزداری دەبوون بە کۆیلە] بەلام ئەهلی "زەمە" ئەگەر جزیە نەدەن دەکرێ.

ـ مندالی موسلمان ناکرێ وەکوو کۆیلە بفرۆشرێ.

ـ کۆیلە مافی خاوەندارێتی نییە و هەر شتێکی هەبێ هی خاوەنەکەیەتی.

ـ دەکرێ کۆیلە بە مزەکاری بدرێ (مزەکەی بۆ خاوەنەکەیەتی) بەلام ناکرێ بە لەش فرۆشی بدرێ.

ـ دەکرێ کۆیلە لە باتی قەرز بدرێ یا دانرێتە گرێو.

ـ کوشتنی کۆیلە بە دەست خاوەنەکەی تۆلەی نییە ـ تەنیا ئەگەر بێ تاوان

بووبێ دەبێ کەفارەیەک بدرێ.

ـ دەکرێ کۆیلە بنەماڵە بۆ خۆی دروست بکا، بەڵام هەر کات خاوەنەکەی بڕیاری دا، دتوانی لێکیان جوێ بکاتەوە و هەر یەکەیان بە لایەک دا بفرۆشێ.

ـ منداڵی کەنیز هەتا ئەو کاتە نیازی بە دایک هەیە، دەکرێ لە لای دایکی بمێنێتەوە.

ـ خاوەنی کەنیز هەر کات ئارەزووی لە هەر کام لە کەنیزەکانی بێ، دەتوانێ لەگەڵیان ڕابوێرێ، تەنیا ئەوەندە،بە ئەگەر تازە کڕدرابێ، دەبێ ماوەی نێوان دوو پێڕ ڕاوەستێ، نەکا منداڵی لە یەیکی دیکە هەبووبێ.

ـ کۆیلە دەتوانی بە پێی پەیمانێک خۆی بکڕێتەوە،کۆیلەی خاوەن پەیمان نەدەفرۆشرا و ئەگەر کەنیز بایە، منداڵی خاوەنەکەی نەیدەتوانی بە زۆر لەگەڵی ڕابوێرێ.

ـ کەنیزێک کە لە خاوەنەکەی منداڵی بوایە و منداڵەکە مابا ( بەو شەرتە خاوەنەکەی منداڵەکەی بە هی خۆی زانیبا ) پاش مردنی خاوەنەکەی، ئەو کەنیزە خۆ بە خۆ ئازاد دەبوو. منداڵەکەش وەکوو مرۆڤی ئازاد دەهاتە دنیا و مافی وەک منداڵەکانی دیکە بوو.

ـ ئەگەر خاوەنی کەنیزێک،چەند کەس با (بە شەریکی کڕدرا با) لەگەڵ ڕابواردنی تەنیا بە یەک کەس دەگەیشت، ئەویش بە پێی ڕەزامەندی ئەوانی دیکە.

ـ ئازاد کردنی کۆیلە کارێکی باش و خودا پەسندانە بووە.

ـ کۆیلەی ئازاد کراو کە دەبوو بە "مەولا" ئەگەر ویستبای کچەکەی بە مێرد بدا، دەبوو ڕای خاوەنەکەی خۆی وەرگرێ.

ـ موسڵمان نەدەکرا بە کۆیلە ـ گەرچی دواتر "غەز و سەلجوقی و تاتار" سەرەڕای ئەوە کە خۆشیان موسڵمان بوون، موسڵمانی لەشەڕدا گیراویان بە کۆیلەتی دەبرد. ( ٣٠ ل ١٩٨، ٢٠٣ )

ـ خاوەنی کەنیز دەتوانێ لەگەڵ کەنیزەکەی ڕابوێرێ بەڵام نیکاحی شەرعی جایز نییە. ئەگەر بیەوێ بیکا بە ژنی خۆی دەبێ لە پێشدا ئازادی بکا. ( ٣٠ ل ١٨٦ )

ئەو کەنیزانەی کە مەسیحی یا جوو یا زەردەشتی بوون، لە ماڵی موسڵمانان دا



بە ئازادی داب و نەریتی ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبرد و دەیانتوانی خاچ و وێنەی پیرۆزەکانی خۆیان هەڵگرن. ئەحمەد ئیبن سەدەقە دەڵێ ڕۆژی جێژنی شەعانین (یەکشەمۆی بەرلە جێژنی پاک) لە لای مەئمون بووم بیست کەنیزی مەسیحی خاچ لە گەردن و زونار بە کەمەر بەستراو، جێژنی خۆیان بەڕێوە دەبرد. ( ٣٠ ل ٢٠٣ )

ئەم یاسایانە شتێکی تایبەتی نین و لە ڕۆم و ئێرانی کەوناراش دا لەم شێوە نزیک بوون. دیارە بە پێی ئایەی ٤١ سورەی ئەلنێسا حوکم دراوە کە لەگەڵ کۆیلە بە بەزەیی بن و ئازاریان نەدەن.

کەنیزداری لە ئیسلامدا گەرچی وەکوو یاسا هەر ماوە، بەڵام هەر وا کە دەزانین ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ هەموو کاتێک یاسای خۆی دەسەپێنێ. ئەم یاساش ئێستا باو و دەوری نەماوە و بە کردەوە لە نێو چووە، لە هێندێ شوێنی دواکەوتووی شێخ نشینەکاندا نەبێ، کە هێشتاش قەرەواش (کەنیزی ڕەش بۆ خزمەتکاری ناوماڵ) ڕادەگرن.

## ٢ـ زەمی

لە بەشی پێشوودا باسمان کرد کە خەڵکی پێڕەوی ئایینەکانی جوو و مەسیحی و زەردەشتی بە "زەمی" دەناسران و کوردان نزیک بە چوارسەد ساڵ وەکوو زەمی ناسراون. زەمییان دەبووا باج و پیتاکی تایبەتی (جزیە) بدەن و یاسای تایبەتییان بەسەردا زاڵ بووە. بۆیە لە پێشدا باسی ئەم یاسا تایبەتییە دەکەین و پاشان دەمانەوێ بزانین خودی جوو و مەسیحی چ یاسایێکیان لە نێو خۆیاندا بۆ ژنان هەبووە. چوونکە لە لایەکەوە جوو هەر لە کۆنەوە لەنێو کورداندا ژیاون و لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە کۆمەڵی کوردەواری لە ژێر دەسەڵاتی بیزانس دا بووە و یاسای مەسیحی لەوێ برەوی هەبووە و کاتێکیش کەوتوونەتە ژێر دەستی عەرەبان زۆربەیان لەسەر ئایینەکەیان ماونەتەوە. ئایینی جوو بناخەی ئایینی مەسیحیە و ئیسلامیش بە تایبەت لە میتۆلۆژی و شەریعەت دا زۆر کەڵکی لێی وەرگرتووە. تا ئەو ڕادەیە کە زۆر لێکۆڵەرەوان ئەم سێ ئایینەی سامی بە تەواو کەری یەک دەزانن. بۆ وێنە جورجی زەیدان پاش ئاماژە کردنی ئەوەی کە لە سەرەتادا قورئان بۆ عەرەبان ئاسان بووە چوونکە زمانی خۆیان بوو و ئەگەر تێی نەگەیشتبان لە

پێغەمبەر و هەواڵەکانیان دەپرسی دەڵێ: دواتر ئایەتەکان پێویستی بە تەفسیر کردن بوو و بۆ زانینی ڕاز و ڕەمزەکانی لە "ئەهلی کتێب"یان دەپرسی. ئەم تەفسیر بێژانە جوو و مەسیحی و زەردەشتی تازە موسڵمان بوون. ئەمانە زیاتر لە تایفەی حەمیر بوون کە لە یەمەن دادەنیشتن و دوای هاتنی ئیسلام، گەرچی ببوون بە موسڵمان و بە دابی ئیسلام دەجووڵانەوە، بەڵام ئەخبار و ریوایەتەکانیان لە کتێبەکانی خۆیان وەرگرتبوو و هەر لەناویاندا مابووەوە. کاتێک عەرەبان پرسیان پێ دەکردن لە ناوەرۆکی تەلموز و تەوراتەوە وەڵامیان دەدانەوە. ـ هەر وەک گوتمان قورئان زۆر لە بۆچوونەکانی تەوراتی پەسند کردووە، بە تایبەت ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە چێکردنی دنیا و ئەفسانەی پێغەمبەرانە، لە قورئان دا دووپات بوونەتەوە و ئایینی جوو وەکوو ئایینێکی ئاسمانی ناسیوە. ـ لە باسەکەی ئێمەدا بۆ وێنە چیرۆکی ئافراندنی ئادەم و دواتر حەوا لە پەراسووی ئادەم ـ کە ژن بە یەکجاری دەکاتە ئامرازی ژینی پیاو و وەک مرۆڤێکی سەربەخۆی چاولێ ناکا ـ هەر بەو فەلسفەوە لە قورئاندا دووپات بوەتەوە کە لە تەورات دا هاتووە.

بەم شێوە کتێبە تەفسیرەکان پڕ بوو لە یاسای وەرگیراو لە تەورات و تەلموز و هەر بابەتێک کە وەڵامی دیاری کراوی لە قورئاندا نەبوو لە تەورات وەردەگیرا. بەناوبانگترینی ئەم "تەفسیر وێژە تازە موسڵمانانە" یەکێک "کەعب ئیبن مانع" ناسراو بە کەعب الاخبارە کە لە دەوری عومەردا ببوو بە موسڵمان. لە زەردەشتییەکان "وەهب ئیبن منبە"یە کە ئێرانی بووە و ئەسڵی زەردەشتییە و لەگەڵ جوو و مەسیحی دا زۆر ژیا بووە و خۆی گوتوویە کە ٧٢ کتێبی ئاسمانی خوێندووەتەوە. کە وابوو ئاماژە کردن بۆ یاسای جوو و مەسیحی ئیزنی ئەوە دەدا کە خوێنەر بەرانبەر دانانێک لە نێوانیاندا بکا.

### یاسا سەبارەت بە زەمی

### پەیمان نامەی عومەر

دەگوترێ کە ئەم پەیمان نامەیە لەکاتی گرتنی شام دا نووسراوە، چەندە بەڕێوە چووبێ یان نە، بە پێی سەردەم جیاواز بووە. هەرچۆنێک بێ ڕوانگە و بۆچوون وکردەوەی موسڵمانان سەبارەت بە "ئەهلی کتێب" نیشان دەدا.



«بە نێوی خودای ڕەحمان و ڕەحیم. ئەمە نامەی بەندەی خودا عومەر ئەمیری موسڵمانان بۆ مەسیحییەکانی شاری (...) ئەو کاتەی ئێوە [موسڵمانان] هاتنە شام ئێمە داوامان کرد کە خۆمان و منداڵمان و ماڵ و موڵکمان و هاو ئایینەکانمان ئەمان بدرین. بەو مەرجە کە [ئێمە] لەمەوبەدوا لە شار و دەوروبەری شارەکانماندا کلیسا و دەیر بینا نەکەین و ئەوانەی کە رووخاون ئاوەدان نەکەینەوە. ئەوانەشی کە لە ژێردەستی موسڵماناندایە بەکار نەهێنین. دەرکەی ماڵمان بۆ ڕێبواران ئاواڵە بکەین و ئەگەر موسڵمانێکمان لێ وەژوورکەوت سێ شەو و ڕۆژ میوانداری بکەین. لەماڵ و کلیساکانی خۆماندا جاسوس (سیخوڕ) پەنا نەدەین، هیچ شتێکی خراپ لە موسڵمانان نەشارینەوە. منداڵانمان فێری قورئان نەکەین و هەوڵ نەدەین بیان هێنینە سەر دینی خۆمان. لە موسڵمان بوونی کەس و کاری خۆمان بەرگری نەکەین. ڕێز لە موسڵمانان بگرین و هەرکات هاتنە نێومان لەبەریان هەستین. لە بەرگ و کڵاو و مێزەر و پێڵاو و قژ ڕازاندنەوە و نازناو وەرگرتن و چۆنیەتی قسەکردندا، لاسایی موسڵمانان نەکەینەوە. سواری ئەسپ نەبین. شمشێر و چەکی دیکە هەڵنەگرین. شەراب نەفرۆشین. مۆر (تەمغە) بە زمانی عەرەبی دروست نەکەین. ملاشووی خۆ بتاشین [کۆیلەی ئازاد کراویش دەبوا ملاشووی خۆی بتاشێ] و هەر بەو شێوە کە [لەپێشدا] بووین بمێنینەوە. زونار لەکەمەر ببەستین و لەسەر ڕێگای موسڵماناندا کتێبی ئایینی مەسیحی و خاچ دانەنێین. هێواش زەنگ (ناقوس) لێ بدەین. ئەگەر موسڵمانان هاتنە کلیساکەمان لەپێش ئەوان بە دەنگی بەرز دۆعا نەکەین. جێژنە ئایینییەکانمان لەماڵ نەهێنینە دەرێ. لەکاتی ناشتنی مردووماندا بە دەنگی بەرز بانگ نەدەین. لەسەر ڕێگای بازاڕی موسڵماناندا ئاور نەکەینەوە. قەبرستانمان لە نزیک قەبرستانی موسڵمانان نەبێ. لەبەشی موسڵمانان کۆیلە و عەبد هەڵنەگرین. ماڵەکانمان نابێ بڕوانێ بەسەر ماڵی موسڵماناندا.»

کە ئەم پەیمانەیان هێنایە بەردەست عومەر دەست بە جێ ئەمانەی لێ زیاد کرد.

« لە موسڵمانان نەدەن. هەموو ئەمانەم لەلایەن خۆم و نەتەوەکەمە قبوڵ کرد و ئەگەر چکۆلەترین لادانێکم کرد، ئەم پەیمانە بەتاڵ دەبێتەوە و وەک خەڵکی شەڕکەر لەگەڵم بجووڵێنەوە.» هەروەها لێی زیاد کرد «مەسیحی حەقی کڕینی

دیلی موسڵمانی نەبێ و ئەگەر مەسیحییەک لە موسڵمانێک بدا لە پەنا ئیسلام دەچێتە دەرێ»

دواتر ئەم پەیمانە لە کتێبە شەرعییەکاندا کرا بە ٦ مەرجی واجب و ٦ موستەحەب. بەم شێوە:

واجب

١- قورئان بە تانە و گۆڕانکارییەوە نێو نەبەن و نەگێڕنەوە.
٢- تۆمەت و تانە لە پێغەمبەر نەدەن و بە درۆزنی نێو نەبەن.
٣- باسی خراپی ئایینی ئیسلام نەکەن
٤- بە شرعی و ناشەرعی لەگەڵ ژنی موسڵمان نەبن.
٥- دەستدرێژی بە ماڵ و گیان و ئایینی موسڵمانان نەکەن.
٦- یارمەتی دوژمنی موسڵمانان نەدەن و پەنایان نەدەن.

موستەحەب

١- زونار ببەستن و پلاس لەبەر کەن تا لە موسڵمانان جوێ بکرێنەوە [دواتر ڕەنگی جل و بەرگ دیاری کرا ـ بۆ وێنە زەردەشتی دەبوا زەردیان لەبەر کردبا]
٢- ماڵیان بەرزتر لە ماڵی موسڵمانان نەبێ.
٣- دەنگی ناقوسیان نەبیسترێ.
٤- بەڕاشکاوی شەراب نەخۆنەوە و خاچ پیشان نەدەن.
٥- مردووەکانیان بە بێ دەنگ بنێژن.
٦- سواری ئەسپ و وشتر نەبن» (٢٩ ل ٧٣٦، ٧٤٠)

دەکرێ هەرکام لەم بڕگانە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێ، ودیاری بکرێ بۆ دانراون و چۆن بەڕێوە چوون، بەڵام لە سنووری باسەکەی ئێمە بەدەرە، ئەوەندە هەیە بزانین ئەم یاسا هەموو کۆمەڵی زەمییەکانی دەگرتەوە و کورد کە زەردەشتی بوون ناچار پێڕەوی ئەم یاسا بوون. ئەوان چ ژن و چ پیاو، بەرلە هەر شتێکی نێوخۆیی خۆیان ئەم یاسایان بەسەردا زاڵ بووە. هەتا ئەم ئاخرانە بەشێکی زۆر لەم مەرجانە بەسەر کەمینەکانی جوو و مەسیحیدا کە لە ناو ئێمەدا دەژیان زاڵ بوو. بۆ وێنە هەموویان لەگەڕکێک دەژیان و دەنگی ناقوسیان نەدەهات و ماڵیان نەی دەڕوانی



بەسەر ماڵی موسڵماندا و قەبرستانیان خوێ یە و هتد...

بۆ نیشاندانی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم یاسایە چەند بەڵگە دێنینەوە.

جەوازی ئاشتی مەسیحییەک کە لە لایەن بارەگای شەرعی "دیاربەکر" ەوە دەرچووە، نیشانده‌دا کە ئەم زەخت کردنە لەسەر زەمی یان چەند توند بووە. ئەمە لەو سەردەمەدایە کە کورد بوونەتە موسڵمان، بەڵام دیار نییە ئەو حاکم شەرعە کە ئەم جەوازەی دەرکردووە کورد بووە یانە. سەرنج بدەنە ووشە بەکار براوەکان.

« بۆکەشیشی تاقمی کافرانی سوریانی: ئەی ناحەز: وا دیارە یەعقوب نێوێکی کافر لە تاقمی ئێوە کافرانی ناحەزی مەلعون سەقەت بووە و تۆپیوە و بۆ شاردنەوەی کەلاکی گەنیوی ئەو لە ژێر خاکدا، کوێخای "بەرزن" لە ئێمە داوای دەربڕینی بەزەیی کردووە هەتا باجی دیاری کراو وەرگیرێ. گەرچی زەوی کەلاکی چەپەڵی ئەو ناگرێتە خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەوای ئەو ناوچە نەگەنێ، بە نێوی بارەگای شەرعی شەریف، ئیزن مان دا کە ئەو بە پێ ئایینی بەتاڵی خۆتان لە قەبرستانی خۆتاندا بکەنە چاڵ، هەتا زووتر بچێتە دۆزەخ. ئەم جەوازە بۆ ئەوە دەرکرا کە کەس بەرگری نەکا. ـ ٢٦ جەمادی الاولی ساڵی ١٣٠٢ هیجری ـ تەمام.» (٢٩ ل ٧٧٤،٧٧٥)

زەخت کردن یا نەختێک ئازاد هێشتنی زەمی بە پێ دەور و دەسەڵات کۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ وێنە لە دەوری "متەوەکل" و "هارون الرشید" دا هومووو کلیساکانیان داخست یا رووخاندیان ، بەڵام هادی برای هارون فەرمانیدا کلیساکانیان ئاوەدان بکەنەوە (ئەم کەف و کۆیە هیندێکیش پەیوەندی بە نێوان خۆشی یا ناخۆشی لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزانس دا هەبووە) بەتایبەت لەدەورەی شەڕەکانی سەلیبی دا مەسیحییەکانی دانیشتووی ئیمپراتۆری ئیسلامی جار جار تاڵان و قەڵاچۆ دەکران و جار واشە بە کۆیلەتی دەبردران. (٢٩ بڕوانە ل ٧٤٠، ٧٥٠)

ـ لە دەورەی مەئمونی عەبباسی دا(١٩٨-٢١٨ه ق، ٨١٣-٨٣٣ ز) لە هەموو ئیمپراتۆری ئیسلامیدا، ١١٠٠٠کلیسا دایر بووە و ژمارەیەکی زۆر کەنیسە و ئاگردان هەبوون. هەتا سەدەی سێهەمی ه ق ـ زۆربەی خەڵکی شام مەسیحی مابوونەوە. (٣٣ ل ٢٨٠)

### چەندی جزیە

« جزیە لە پێشدا بەپێی ڕێکەوت بوو و بە گشتی دادەنرا. بە پێی شار یا گوند. لە سەردەمی عومەردا کە وڵاتی ئیسلامی زۆر بەرین ببۆوە، بڕیارێکی گشتی درا کە هەر پیاوێک کە خەتی دابێ، لە ساڵدا دەبوا چل درهەمی زێو یا چوار دیناری زێڕ بدا. هەروەها بۆ یارمەتیدان بە خواردەمەنی موسڵمانان هەر ئەهلی زەمێک دەبوا مانگێک دوو مەد گەنم و سێ قسط ڕۆن بدا. دواتر دیسان گۆڕانکاری تێیدا کرا و بە پێی داهاتی خاوەن زەم دیاری کرا، بۆ وێنە: دەوڵەمەند ٤٨ درهەم لە ساڵدا و کەم دەسەڵات ٢٤ درهەم و هەژار دوازدە درهەم. ژن و منداڵ و پیاوی ئایینی و نوقستان جزیەیان لەسەر نەبووە. [ژن بە مرۆڤ نەناسراوە و جزیەی بۆ دیاری نەکراوە] هەرچی کاروباری دیوان ڕێک و پێک تر دەبوو و وڵات بەربڵاوتر دەبۆوە وەرگرتنی جزیە زۆرتر ڕێک و پێک دەکرا و بە پێی ژمارەی خەڵک و بە پێی داهات دیاری دەکرا، هەتا لە ئاخردا بوو بە ساڵێ چوار دینار. ئەگەر زەمی جەزیەی نەدابا دەبوو بە کۆیلە (٣٠ ل ١٩٩)

- لە کاتی ئەمەوییەکاندا زەمییەکان ئازاد بوون لە بەڕێوەبردنی دابی ئایینی خۆیاندا، کەنیسە و پاراستنەکانیان دایر بوو، تەنیا دەبووا جلی زەرد لەبەر کەن و سەرانەیەک بدەن کە بە پێی دەست ڕۆیشتوویی لە یەک هەتا چوار دینار بووە. پیاوانی دینی، ژنان، منداڵان، کۆیلە و پیر و لاکەفتە و نوقوستان سەرانەیان نەدەدا. (٣٣ ل ٢٨٠)
- زەمی مافی خاوەن مولکیەتی نەبووە.
- مافی بەشداری و ئەندامەتی لە کۆمەڵەی پیشەکاراندا نەبوو.
- مافی شەریکە بەش بوون لە شەریکە بازرگانییەکاندا نەبووە.
- لە دەورەی خەلیفە متەوەکل دا، دەبوا نیشانەیەک لە جل و بەرگی خۆیان بدەن.
- مەسیحی زوناری دەبەست و جوو دوو نیشانە، یەکێک لە پێش و یەک لەپاش لە جلەکانی دەدا.
- ئەگەر سوار بان و گەیشتبانە موسڵمانێک دەبووا دابەزن.



دواتر لە دەورەی عەبباسییەکاندا موالی و زەمی کە شارەزاییان لەکاردا زۆر بوو، کاری دیوانی و ئیداریان پێی دەسپێردرا و دوکتورە هەرە بەناوبانگەکان کە دەرمان کردنی خەلیفەکانیان بە ئەستۆ بووە، جوو بوون.

(بۆ چوونی فرقە جیاوازەکانی ئیسلام سەبارەت بە زەمی جیاوازە کە باسی ئێستای ئێمە نییە. بۆ وێنە پێرەوی ئیمام شافیعی دەڵێن موسڵمان ناتوانێ ماڵی خۆی بە زەمی بە کرێ بدا، بەڵام حەنەفی دەڵێن دەتوانێ. (٣٠ ل ١٩٩)

ئەمە دیمەنێکی چووک لە کردەوەی کۆمەڵی موسڵمانان بوو سەبارەت بە کەم نەتەوەکانی بندەستییان. دیارە ئەم زەختانە لە پێش هەمووواندا باری ژنانی قورستر کردووە. با بزانین ئەوان لەنێو خۆیاندا چ پێرەوێکیان بۆ ژنان هەبووە.

## یاساکانی تەورات

ماوەی نووسینی تەورات نزیک بە دووسەد ساڵی خایاندووە، بۆیە لەبەشە جیاوازەکانیدا جار جار یاسای جیاواز و جار دژ بەیەک دەبیندرێ. بە وتەی "ویل دورانت" «گەرچی شەریعەتی موسا پازدە سەدە پاش حەموڕابی دانراوە، بەڵام لە زۆر بابەتەوە هیچ پێشکەوتوویەکی تێدا بەدی ناکرێ». لەم کتێبەدا ژن بۆ هەتا هەتایە لە ئاسمان دەکرێتە دەرێ و لە ڕیزی خودا و فریشتە و مەلایەکەتدا نامێنێ. هەموو کاتێک یەک دروشم بە پیتی گەورە دەنووسرێ: "دەبێ چاوت لە مێردەکەت بێ،! ئەو دەسەڵاتداری تۆیە." تەنیا ژنێک کە لە میتۆلۆژی ئەم ئایینەدا هەیە "دایە حەوا"یە کە لە پاڵوی چەپی باوە ئادەم دروست دەکرێ بۆ ئەوەی باوە ئادەم تەنیا نەبێ و حەوسەلەی نەچێ. یانێ لەبەر پیاو ژن دروست کراوە. سێو دانە خواردی ئادەم و لەبەهەشت وەدەرکردنەکەشی کە هەموو دەزانین، گوناهی گەورەی حەوایە و ژن هەتاهەتایە دەبێ ئەو تاوانە بداتەوە. ئەو نەتەنیا لە میتۆلۆژیدا بەشی نامێنێ بەڵکوو لە کۆمەڵیشدا چیتر بە "کەس" ناژمێردرێ. بۆ وێنە:

«... ئەو کات کە مرۆڤ لە سەر زەوین دەستی کرد بە زیاد بوون، کچان بۆ ئەوان هاتنە دنیاوە ـ کوڕانی خودا کچەکانی مرۆڤیان دیت کە جوانن و هەرکامیان پێ خۆش بوو وەریان گرت بۆ خۆیان ـ و خودا گوتی ڕۆحی من هەموو کاتێک لە

مرۆڤ دا داوەری ناکا چوونکە ئەویش هەر مرۆڤە بەڵام ماوەی [ژیانی] ئەو سەد و بیست ساڵ دەبێ ـ ئەو کاتە پیاوانی زۆر بە قەڵافەت لەسەر زەوین دا دەژیان و پاشان کە کوڕەکانی خودا لەگەڵ کچی مرۆڤان تێکەڵاو بوون و ئەوان منداڵیان بوو، ئەمانە زۆرزۆرویژانێک بوون کە لە کاتی خۆیاندا بەناوبانگ بوون ـ و خودا دیتی کە شەڕی مرۆڤ لە زەویدا زۆر و...» . (سەفەری پەیدابوون بەشی شەشەم بڕگەی ١ تا ٦)

لێرە بە ڕاشکاوی دیارە کە خودا پیاو لە خۆی دەزانێ، بەڵام ژن لەخۆی نازانێ و بۆ پیاوی دروست کردووە. لە بەشی یازدەدا باسی بەرەکەت دان بە کوڕەکانی نۆحە و لە بەشی پێنجەم هەتا دەهەم دا باسی بەرە بە دوای بەرەدایە، بەڵام باسی نێوی یەک دایکیشی تێدا نییە و تەنیا کوڕ و باب. ئەمە بە ڕاشکاوی نیشان دەدا کە دایکان بە هیچ ژمێردراون.

ـ " ناسزا بە خودا مەڵێ و سەرۆکی قەومی خۆت لەعنەت مەکە." (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی دووهەم )

واتە سەرۆک لەپاڵ خودا دانراوە و ئەمە بەتەواوی پێداگرتن لەسەر پلەبەندی پیاو سالارییە. با بڵێین پیاو خۆی بە خودا دەچوێنێ.

ـ " ساڵێک سێ جار هەموو نێرینەکانت بێنە خزمەتی خودا ـ یەهوە خودای ئیسرائیل." (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی ٣٤)

ژنان لە ئارادا نین و ژن لەم داب و عیبادەتە بێبەری کراوە.

ـ بانگی بەنی ئیسرائیل بکە و بڵێ کاتێک ژنێک ژکی پڕ دەبێ و کوڕی ببێ حەوت ڕۆژ بێ نوێژ دەبێ، [لێرە وشەی نەجس ، سپلۆت بەکار بردراوە] ئەگەر کچی بوو، دوو حەوتوو. (سەفەری لاویان بەشی دوازدەهەم بڕگەی ٢)

یەکەم جیاوازی لە کاتی لەدایک بوونەوە دەست پێدەکا. دواتر ترخاندن بە پێ منداڵە و بەتایبەت منداڵی کوڕ، پیاویش بۆی هەیە چەند ژنی پێکەوە هەبێ.

ـ یەعقوب لینەی خۆش ناوێ بەڵام شەش کوڕی لێ دەبێ «... لینە گوتی خودا دیارییەکی باشی داومەتێ ئێستا شووەکەم لەگەڵم دەمێنێتەوە، چوونکە شەش کوڕم بۆ هێناوە» (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٠)



ـ لینە و راحیل ژنەکانی یەعقوب، نەتەنیا بۆ خۆیان هەتا دەتوانن منداڵیان دەبێ، بەڵکوو کەنیزەکانی خۆشیان بە یەعقوب دەبەخشن بۆ ئەوەی منداڵی زۆر بێ.

ـ «... و لەگەڵ مەدیان (کوردەکان؟) بە شێوەیەک کە خودا ئەمری فەرموو شەڕیان کرد و هەموو نێرینەکانیان کوشت ... ژن و منداڵەکانیان بە دیل گرت و هەرچی ئاژەڵ وماڵیان بوو سووتاندیان.... موسا لە ئامر هێزەکان تووڕە بوو و گوتی بۆ هەموو دیلەکانتان بە زیندووی ڕاگرتووە؟ ... هەر ئێستا هەرچی نێرینەیە بیکوژن و هەر ژنێک پیاوی بە خۆیەوە دیوە بیکوژن و هەرکام کە هێشتا کچن ڕایگرن بۆ خۆتان و لەگەڵیان جووت بن.» (سەفەری چوارەم ـ ئەعداد ـ بەشی ٣١)

ئەم بڕگە نیشان دەدا جگە لە ڕوانگەی توندی تەورات سەبارەت بە دوژمن و دیل، ژن ئەگەر کچ نەبا، تەنانەت وەکوو کەنیزیش بایەخی نەبوو. ئەم بابەتە لە چەند جێگای دیکەشدا خۆی دەنوێنێ. بۆ وێنە لە بەشی بیست و یەکدا کوتراوە کە پیاوی ئایینی دەبێ کچی باکێرە بێنێ ئەویش تەنیا لە قەومی خۆی.

تەنیا جێگایەک کە ڕێزی ژن وەکوو دایک گیراوە لە دە فەرمانی مووسا دایە کە دەڵێ "ـ ڕێزی باوک و دایکی خۆت بگرە هەتا ئەو [ژمارەی] ڕۆژەکانی ژیانت لە زەوینێکدا کە خودای تۆ یەهوە دەتداتێ زیاد بکا."و لە بەشی بیست ویەکەمی هەر ئەم سەفەرەدا فەرمان دەدرێ کە ـ" هەرکەس لە باب و دایکی خۆی بدا یا لەعنەتیان بکا سزای مەرگە"(بڕگەی ١٥ و ١٨) بەڵام دوا بە دوای ئەوە ژن دەباتەوە ڕیزی ئاژەل و کۆیلە. ـ تەماح لە ماڵی هاوسێ خۆت مەکە و ژنی هاوسێیەکەت و خولامەکەی و کەنیزەکەی و گاکەی و ولاخەکەی و هەر شتێک کە هی هاوسێیەکەت بێ تەماحی لێ مەکە."(سەفەری وەدەر کەوتن بەشی بیستەم / دەە فەرمان)

ـ ئەگەر لەگەڵت ئاشتییان نەکرد، شەڕیان لەگەڵ کردی، گەمارۆیان بدە و کە یەهوە خودات ئەوانی دایە دەست تۆ ، هەموو نێرینەکانیان بکوژە، بەڵام ژنان و منداڵان و ئاژەڵەکانیان و هەر چی کە لە شاردا بمێنێتەوە دەستکەوتە و بە تاڵانی بەرە و ئەو دەستکەوتانەی خودا داونی بیخۆ. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٠)

ژنان وەکوو دەستکەوت لەڕادەی ئاژەڵدا ژمێردراون ـ (بڕوانە بەشی پێشوو هەر ئەم یاسا سەبارەت بە کەنیز لە ئیسلامدا)

ـ ...ئەگەر لەنێو دیلەکاندا ژنێکی جوانت دیت و ئاشقی بووی ویستت بیکەی بە ژنی خۆت، بیبە ماڵی خۆت و ئەو سەری خۆی بتراشێ و نینۆک بگرێ و جلی دیلی لەبەر دەربێنێ و لەماڵی تۆدا دانیشێ، یەک مانگ بۆ دایک و بابی ئازیەتباری بکا و پاشان لەگەڵی بە و تۆ مێردی ئەو دەبی و ئەو ژنی تۆ. (سەفەری پێنجەم(تثنیە) بەشی ٢١)

لێرە چەند شت دەردەکەوێ، یەکەم ئەوەی کە دیل جلی تایبەتی لەبەر بووە و مافی سەرتاشین و نینۆک گرتنی نەبووە، دووهەم مافی ئازیەداری و بەجێ هێنانی دابی خۆیانیان نەبوود، بەشی دووهەم سەبارەت بە مارە کردنیشی، وەکوو ئەو دەستوورەی ئیسلامە کە دەڵێ: کۆیلە بۆ ئەوەی مارەی شەرعی بکرێ دەبێ لە پێشدا ئازاد بکرێ .

ـ « ئیبراهیم بە خزمەتکارەکەی گوت "قەسەمت دەدەم، بۆ کوڕەکەم لەم کەنعانیانە کە تێیاندا دەژیم، ژن نەهێنی، بچۆ بۆ زێدگەی خۆم و لەوێ ژنێک بۆ ئیسحەق بهێنە" خزمەتکارەکەش دەڕوا و کچی مامی ئیسحەقی بۆ دێنێ.» (سەفەری پەیدابوون بەشی ٢٤)

ئەمە لەلایەک نیشان دەدا کە هاوسەری نێو عەشیرەیی کە بۆ خۆی بەشێک لە پیاوسالارییە، چەند گرینگ بووە و لەلایەکی دیکەوە، ژن هێنان بێ ئەوە کوڕ و کچ یەکتریان دیبێ یا بناسن، بەڕێوە چووە.

ماردیی وەکوو نرخی ژن و موڵکیەتی باوک بەسەر منداڵدا، کە تایبەتی کۆمەڵی باوک سالاری توندە و هەروەها زینا کە دەستدرێژی بۆ موڵکی پیاوە لە هەموو شتێک زیاتر لە تەوراتدا باس کراوە.

ـ « یەعقوب عاشقی راحیل بوو و گوتی بۆ کچە چووکەکەت راحیل حەوت ساڵ خزمەتت دەکەم . ... پاشان یەعقوب حەوت ساڵ خزمەتی [بە بابی راحیل]کرد. وا پێش هات کە سەری وەخت کاتی شێوان کچەکەی دیکەی " لینە"ی برد و پێی دا و ئەویش لەگەڵی نووست ـ ... [کچی گەورەی لەباتی کچە چکۆلەکە پێی دەدەن] بەیانی دیتی ئەمە لینەیە بە لابان (بابی کچە و مامی )ی گوت ئەمە چییە، مەگەر من بۆ راحیل خزمەتی تۆم نەکرد، بۆ منت فریو دا ـ لابان گوتی لە ولاتی ئێمەدا، وا ناکەن کە چووکە بەر لە گەورە بە مێرد بدەن ـ ... ئەویشت دەدەمێ ئەگەر



حەوت ساڵی دیکە خزمەت بکەی ـ یەعقوب وای کرد و حەوتەی ئەویشی تەواو کرد، ئەوجا راحیلیان داێ.» (سەفەری پەیدا بوون بەشی بیست نۆهەم)

حەوت ساڵ کار کردن لەباتی مارەیی نرخی ئەو دەمی کچ دیاری دەکا، گەورە وەپێش چووک خستن ئێستاش لای ئێمە هەر ماوە. دیارە ئێستا ناکرێ کابرا پێی نەزانێ. گرینگ لەم بەشە ئەوەیە کە دوو خۆشک بە جارێک دەبنە ژنی یەک کەس. سەرەڕای ئەمە لە تەورات دا سنووری مەحرەمان بەم شێوە دیاری کراوە:

ـ « دایک، باوەژن، خۆشک، زڕ خۆشک، کوڕەزا و کچەزا، پور (خۆشکی باوک و دایک)، ئامۆژن، بووک، ژن برا، کچ و ئەو منداڵانەی کە ژن لە مێردێکی دیکەی بووبێ، دوو خۆشکی پێکەوە، ژن لەکاتی پۆن دا، ژنی هاوسێ، و جووت بوون لەگەڵ نێر و ئاژەڵدا.» (سەفەری لاویان بابی هەژدە)

ـ هیچ کەس ناتوانێ [دوای مردنی بابی] ژنی بابی خۆی بهێنێ .

ـ ڕەبەن بوون قەدەغە بووە و ژنی نەزۆک بە چاوی سووک تەماشا کراوە. (٢٨ ل ٣٣٨)

ـ ئەگەر پیاو دەست ڕۆیشتوو با دەیتوانی چەند ژنی هەبێ. یا خۆ ئەگەر ژنەکەی نەزۆک بایە، دەیتوانی هاوسەری دیکە هەڵبژێرێ هەتا منداڵی بێ. (٢٨ ل ٣٣٨)

دواتر بۆ بەرانبەرکێ کردن لەگەڵ پەرە ئەستاندنی مەسیحییەت دا، چەند ژنی لابراوە «ـ لە ساڵی ١٠٠٠ی زایینی دا "گرشوم ئیبن یەهودا" فەرمانی دا کە هەر جوویەک چەند ژنی هەبێ، تەکفیر بکرێ. لەوکاتەوە ـ جگە لە جوودەکانی ئیسپانیا ـ ئەم دابە بەڕێوە دەچێ. (ئەم یاسا ئەوانەی ناگرێتەوە کە ژنەکەیان منداڵی نابێ) گرشوم هەروەها تەڵاق دانیشی (بە بێ ڕەزامەندی ژن) قەدەغە کرد.» (٢٨ ل ٤٨٥)

ـ پیاو نابێ لە پشت سەر ژنەوە، ـ تەنانەت ئەگەر ژنی خۆیشی بێ ـ بەڕێدا بڕوا. چوونکە هەوای نەفسی دەیگرێ.

ـ ژنان لە کەنیسەدا دەبوو لە جێگای تایبەتی خۆیان دانیشن ـ یا خۆ لە پشتی پیاوانەوە بن و تێکەڵی پیاوان نەبن ـ لە ژمارەش دا (لە کۆ بوونەوە و شتی وادا) قەت ژنانیان نەدەژمارد. (٢٨ ل ٤٨٦)

ـ ئەگەر بابێک نەدار بوایە، دەیتوانی کچەکانی خۆی، بەر لە باڵق بوون، وەکوو کەنیز بفرۆشێ. (٢٨ ل ٣٣٨)

ـ « ئەگەر کەسێک ژنی هێنا و لەگەڵی نووست . ئەودەم بڵێ ئەم ژنە بنی نەبوو (باکێرە نەبوو) ئەوجار باب و دایکی کچە نیشانەی بەکارەتی کچەکە [دەستماڵی خوێنەکەی] بەرنە لای گەورە پیاوانی شار ـ بابی کچە بڵێ کە کچم بەم پیاوە داوە ئێستا قسەی بۆ ساز کردووە لێی دەتۆرێ و دەڵێ بنی نەبووە، کەچی ئەمە نیشانەکەیە و دەستماڵەکە لەبەردەم ئەواندا بکاتەوە ونیشانیان بدا. ئەودەم گەورە پیاوان شووەکە دەگرن و سزای دەدەن ـ سزا سەد مثقال زێوە کە دەدرێ بە بابی کچە چوونکە بەدناوی بۆ باکێرەی ئیسرائیل دروست کردووە ئەوجار ئەو ژنە هەتا کۆتایی ژیانی ناکرێ تەڵاق بدرێ و ژنی ئەو مێردە دەبێ. بەڵام ئەگەر تۆمەتەکە ڕاست بێ و نیشانەی کچە دیار نەبێ، دەبێ کچە بێنن و هەموو خەڵکی شار بەردە بارانی کەن تا بمرێ چوون لەماڵی بابی خۆیدا زینای کردووە و لە نێو ئیسرائیل دا " قەباحەت" (شووورەیی)ی پێک هێناوە، خراپە دەبێ دوور بخرێتەوە.» (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

کەوابوو مێژووی دەستماڵی خوێنی کچ کە ئەوەندە بۆ پیاوانی ئێمە گرینگە!! زۆر کۆنە و ئەوەندەش گرینگ بووە کە تاوانی بەردەبارانی بۆ دانراوە ـ تەنانەت ئەگەر ژن وەکوو کەرەسەیەکی کڕدراویش چاو لێ کرابا، ئەگەر فرۆشیار درۆی لەگەڵ کڕیار کردبێ و کڕیارکەرەسەکە بهێنێتەوە، پارەکەی وەردەگرێتەوە و دەڕوا و کەرەسەکە فڕێ نادەن و لەنێوی نابەن کەچی لێرە وەکوو گۆشتی گەنیو دەبێ فڕێ بدەن و لەم فڕێدانەدا هەموو خەڵکی شار بەشدار بن. بەردەباران کردنیش لێرەوە هاتۆتە نێو شەریعەتی ئیسلام.

لە جێگای دیکە تاوانی زینا بە ئاور سووتان دیاری کراوە.

"... خەبەریان بە یەهودا گەیاند کە بوکەکەت تامار زینای کردووە و زکیشی پڕ بووە. یەهودا گوتی بیهێنن هەتا بیسووتێنین." (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨)

ـ " ئەگەر پیاوێک لەگەڵ کەنیزەکەی کە هێشتا ئازاد نەبوو یا لەگەڵ نێوزدکەی کە هێشتا مارەییەکەی نەداوە، ڕابوێرێ، جەریمە دەکرێ بەڵام ناکوژرێ. جەریمەکەی ئەوەیە کە دەبێ کەنیزەک ئازاد بکا، مارەییەکەی بدا، یا قوربانی بکا"



(سەفەری لاویان بەشی نۆزدە)

ـ" ئەگەر پیاوێک کچێکی نێوزەد نەکراو بگرێ و لەگەڵی بنوێ و بیان گرن. پیاوەکە دەبێ پەنجا مثقال زێو بدا بە بابی کچە و کچە دەبێتە ژنی و لەهەموو ژیانیدا ناتوانی تەڵاقی بدا." (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

ـ ئەگەر کەسێک نێوزەدی کچێک نەبێ و فریوی بدا و لەگەڵی بنوێ دەبێ بیکا بە مارە بڕاوی خۆی ـ و ئەگەر بابی کچە ڕازی نەبوو کچەکەی بداتێ، دەبێ بە ئەندازەی مارەیی کچێک تاوانی پێ بدرێ (سەفەری وەدەر کەوتن بەشی دووهەم)

دەبینی کە بۆ پیاوی زیناکار تاوانی کوشتن و بڕین نییە، ڕەزامەندی کچی زۆر لێکراویش مەرج نییە و پارەی تاوانەکەش باب دەیستێنێ و ئەمە لەکاتێکدایە کە لە سێ بڕکە ئەولاتردا دەڵێ: "هەرکەس لەگەڵ ئاژەڵێک نزیکی بکا دەبێ بکوژرێ" (سەفەری وەدەر کەوتن بەشی دووهەم بڕکەی ١٩)

ـ ئەگەر کچێکی باکێرە نێوزەدی پیاوێک بێ و یەیکی دیکە "لەشاردا" زینای لەگەڵ بکا. هەردووکیان بهێننە دەرەوە لەشار و بەردەباران بکرێن هەتا بمرن. کچە لەبەر ئەوە کە بۆ هاواری نەکردووە کە کەسێک بەدادیدا بگا و پیاوەکەش لەبەر ئەوە کە ژنی هاوسێ خۆی زەلیل کردووە. ، بەڵام ئەگەر ئەو پیاوە کچەکەی لە "دەرەوەی ئاوەدانی" زۆربگیر کردبێ، تەنیا پیاوەکە دەکوژرێ. چوونکە لە بیابان بەگیری هێناوە کەس نەبووە بە فریایدا بگا. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

ـ ئەگەر پیاویک لەگەڵ ژنێکی شوودااردا زینا بکا، هەردوویان دەکوژرێن. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٢)

ـ شەکیم ئیبن حەموور دستدرێژی بە کچی یەعقوب "دینە" دەکا. پاشان نەتەنیا ئامادە دەبێ بیکا بە ژنی خۆی بەڵکوو تەواو پیاوەکانی شارەکەی خۆی خەتەنە بکا، بەڵام یەعقوب و کوڕەکانی لێ خۆش نابن و هەموو خەڵکی شار دەکوژن و ئەمە لەبەر ئەوە بووە کە لە لایەن بێگانەیەکەوە ئەم دەستدرێژییە کراوە. (سەفەری پەیدا بوون بابی سی و چوار)

### حیجاب

«... خۆی لە چارشێوێکەوە پێچا و لەبەر دەروازەی حەینام کە لە ڕێگای تەمینەدایە دانیشت ... کاتێک یەهودا ئەوی دیت پێ وابوو بەستۆکە، چوونکە

ئەو خۆی داپۆشی بوو.» (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨)

لێرە وا دەردەکەوێ کە خۆداپۆشین تایبەتی بەستۆک بووە، کە ئەمە دابی ناشوورییان بووە، بەڵام دواتر خۆداپۆشین بۆ هەموو ژنان فەرز کرابووە.

ـ ئەگەر ژنێک بێ ئەوەی سەری داپۆشیبا چووبایە نێو خەڵک یا لەبەرچاو خەڵکەوە خوری ڕستبا یا لەگەڵ پیاوێک قسەی کردبا. یان دەنگی ئەوەندە بەرز بوایە کە هاوسێ بژنەوێ ـ پیاو مافی ئەوەی هەبوو بێ ئەوەی مارەیی بدا، تەڵاقی بدا (٢٨ ل ٤٦١)

ـ پیاوی جوو نابێ لە پێش ژنێک کە موی سەری بەدەرەوەیە دەستی دوعا بەرەو خودا هەڵێنێ (٢٨ ل ٤٨٤)

## تەلاق

ـ "پیاو دەتوانێ ژنەکەی تەلاق بدا." (٢٨ ل ٣٨٩)

ـ" تەلاق بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەن ئیزن دەدرا ـ ژن بە ڕەزامەندی مێردەکەی دەیتوانی جوێ بێتەوە، بەڵام ژن بێ ڕەزای خۆی دەکرا تەلاق بدرێ." (٢٨ ل ٣٣٩)

ـ "ئەگەر ژن هەتا دە ساڵ منداڵی نەبووایە تەڵاقی ئیزن دەدرا." (٢٨ ل ٤٦١)

ـ « ئەگەر کەسێک ژنێکی هێنا و بەدڵی نەبوو چوونکە شتێکی ناشایستی لێ دیوە، ئەوە تەڵاق نامە دەنووسێ و دەیدا بەدەستیەوە و لەماڵی خۆی وەدەری دەنێ. ئەگەر ئەم ژنە ببێ بە ژنی یەکێکی دیکە، ئەو پیاوەش پێ ڕازی نەبێ و تەڵاقی بدا یا پیاوەکە بمرێ مێردەکەی یەکەم ناتوانێ دیسان مارەی بکاتەوە چوونکە ناپاک بووە و خودا ئەمە بە مەکروە دەزانێ.» (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٤)

کە وابوو لە ئیسلامیشدا ئەو شەریعەتانەی کە مارە بەجاش، بە حەرام دەزانن، زیاتر پارێزەری ئەسڵەکەن

## میرات

ـ «... ئیبراهیم تەواوی موڵکەکەی خۆی بەخشی بە ئیسحەق ـ بەڵام بە کوڕانی کەنیزەکانی دیاری دا و لە کاتی ژیانی خۆیدا لە ئیسحەقیانی دوور



خستەوە بەرەو ڕۆژئاوا.» ( سەفەری پەیدا بوون بەشی ٢٥)

کە وابوو منداڵانی کەنیز لەگەڵ منداڵانی دیکە بەشیان وەک یەک نەبوود.

ـ ئەگەر خاوەن کۆیلەیەک ژنێک بهێنێ بۆ کۆیلەکەی و ببن بە خاوەنی کوڕ و کچ ئەو منداڵانە هی خاوەن کۆیلەکە دەبێ. (سەفەری وەدەرکەوتن بەشی٢١)

ـ ئەگەر کەسێک بمرێ و کوڕی نەبێ داراییەکەی بە کچەکەی دەگا، ئەگەر کچی نەبوو بیدەن بە براکانی و...(سەفەری چوارەم (ئەعداد) بەشی ٢٧)

ـ کچێک کە میراتی پێ گەیشتووە تەنیا دەتوانێ لە قەومی خۆیاندا مێرد بکا هەتا میراتەکە هەر لەو تایفەدا بمێنێتەوە، (سەفەری چوارەم (ئەعداد) بەشی ٣٦)

ئەمە بەو مانایە کە ئەگەر مێردی بە دەرەوە کرد لە میرات بێبەری دەبێ. یەکێک لە هۆکانی مێرد بە هێوەر کردنیش هەر ئەوەیە کە داراییەکە لەو بنەماڵە نەچێتە دەرێ.

ـ پاش مردنی مێرد، ژن جگە لە مارەییەکەی میراتی دیکە نابا ـ کچ کاتێک میرات دەبا کە بنەماڵەکە کوڕی نەبووبێ، دیارە ئەرکی سەرشانی برا ئەوە بووە کە خەرجی دایک و خوشکەکانی بدا. ( ٢٨ ل ٤٨٦)

ـ « ئەگەر براکەت بمرێ ژنی براکەت بهێنە و یەکەم منداڵەکەت میراتی براکەت دەبا (ئەمە وەکوو یاسای زەردەشتییانە) ئەگەر برا بەم کارە هەڵنەستێ، ژن دەتوانێ دادخوازی لای گەورە پیاوانی قەوم بکا.» (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٥)

پێشتر باسمان کردووە کە ئەم دابە ـ تەنانەت ئێستاش ـ لە برێ ناوچەی کوردەواریدا هەر ماوە. یەیکی دیکە لە هۆکانی ئەم دابە ئەوەیە کە ژن ناتوانێ ببێتە کەفیلی منداڵەکانی خۆی.

ـ « دوایە یەهودا بە ئونا ی گوت لەگەڵ ژن براکەت دا بنوو! بەرەیەک بۆ براکەت ساز بکە ـ ئەو لەکاتی جووت بووندا تۆاوەکەی لەسەر زەوی کرد هەتا بەرە بۆ براکەی پێک نەهێنێ ـ ئەم کارە بەلای خوداوە پەسند نەبوو و ئەوی مراند» (سەفەری پەیدا بوون بەشی ٣٨)

لەم بڕکەدا جگە لە مێردکردن بە هێوەر، باسی تۆماو لە زەوی کردن هاتووە کە لە ئایینی زەردەشتیش دا گوناهێکی گەورە بووە . دەکرێ بڵێین نیشانەی ڕێزی زۆرە

بۆ پیاوەتی، وەکوو چێکەری ژیان. هەروەها بڕگەی خوارەوە:

- ئەگەر دوو پیاو شەڕیان بێ و ژنی یەکیکیان بێتە پێشێ و لەسەر شووەکەی بکاتەوە و ئەندامی نێرینەی کابرا بگرێ دەبێ دەستی ژنەکە ببڕن و بەزەییان پێدا نەیێتەوە. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٥)

- زکات بە غەریب و هەتیو و بێوەژن دەدرێ. (سەفەری پێنجەم بەشی ٢٦)

## یاسای مەسیحی

زۆربەی یاساکانی تەورات لە لای مەسیحی دەمێنێتەوە و ئینجیل زیاتر باسی پەیوەندی خودا و مرۆڤە کە لە زبانی عیساوە کوتراوە . عیسا دەڵێ: « پێتان وا نەبێ من هاتووم تەورات یا "صحف الانبیاء" بەتاڵ بکەمەوە بەڵکوو هاتووم هەتا تەواوی بکەم.» (٣٤)

سەرەڕای ئەمەش پیاوە ئایینییەکانی مەسیحی دەبوا شتێکی جیاواز لە تەورات دروست بکەن و شەریعەتێکی تازە بهێننە گۆڕێ. هەر کام لە پاپەکان بە پێ داوخواز و پێویستی سەردەم، هێندی داب و یاسای تازەیان فەرمان داوە کە هەمووی لە کتێبێکدا بە نێوی "کۆمەڵی حوکمەکانی شەرع"، کۆکراوەتەوە و کتێبی شەرعی کلیسایە کە لە ساڵی ١١٣٩ بەولاوە، بە هێندێک کەم و زیاد کردنەوە، یاسای ئایینی مەسیحی تێدا نووسراوەتەوە و بەسەر کۆمەڵی مەسیحیان دا زاڵ بووە. لە ١٩١٨دا ئەم کتێبە کراوە بە ئاخر بڕیاری شەرع. جیاوازییەکی زۆر گەورە کە لە نێوان جوو و مەسیحیدا هەیە، بوونی مریەم وەکوو ژنی پیرۆزە، لە ڕاستیدا «کلیسا بۆ خۆی پەرستنی مریەمی هان نەدا. کلیساداران مریەمیان وەکوو دژ بە ژارێک لە بەرانبەر دایە حەوا دا هێنابووە گۆڕێ. بەڵام دوژمنی کردنیان سەبارەت بە ژن کە ئەویان وەکوو "پەیکەری لاوازتر" و سەرچاوەی سەرنج ڕاکێشی زۆربەی گوناهەکان دەزانی، هەر مابوو. یانێ ئەوە خەڵک بوون کە لە باخی سەدەکانی ناوەڕاستدا، جوانترین گوڵیان بەخێو کرد و مریەمیان کرد بە خۆشەویست ترین کەسی مێژوو. ئەمە لە ڕاستیدا گۆڕینەوەی پەرستنی ژن خودای دایک بوو بە پەرستنی مریەم. وەکوو دایکی خودا. ئەم خولقاندنەی خەڵک، بەم شێوە پێک



هات کە لە ساڵی ٤٣١ دا، "سیریل" گەورە قەشەی ئەسکەندەرییە، لە بەیانێکی بەناوبانگدا کە لە "ئەفسوس"دا دای، زۆربەی ئەو پەسنانە کە خەڵکی غەیرە مەسیحی ئەفسوس لە قوڵایی دڵەوە بە ژن خودای گەورە "ئارتمیس - دیانا" یان دەدا، ئەو بۆ مریەمی بەکار برد. هەر لەو ساڵەدا شەورای ئەفسوس سەرەڕای ناڕەزامەندی دەربڕینی مەسیحییەکان، ناوبانگی "دایکی خودا"ی دا بە مریەم و ئەو پەسنەی کرد بە بڕیار. بەرە بەرە تەواو ئەو شتە ئاسکانە کە تایبەتی ژن خوداکانی دیکە وەکوو "ئاستارتە"، "کوبلە" ، "ئارتمیس" ، "دیانا" و "ئیسیس" بوو لە پەرستنی مریەمی عەزرادا کۆ بوونەوە. لە سەدەی شەشەم دا، کلیسا بڕیاری دەرکرد کە هەموو ساڵێک سێزدەی مانگی ئوت (مانگی دووەمی هاوین - گەلاوێژ) کە پێشتر جێژنی ئیسیس و ئارتمیس دەگیرا، وەکوو جێژنی ڕویشتنی مریەم بۆ ئاسمان، جێژن بگیرێ. مریەم بوو بە پیرۆزی پشتیوانی خەڵکی قسطنطنیە و بنەماڵەی ئیمپراتۆری. هیچ دەستەیەکی گەورە نەبوو کە وێنەی مریەمی وەپێش نەخرێ و لە دنیای مەسیحی یۆناندا، هیچ کلیسا و ماڵێک نەبوو (ئێستاش نییە ) کە بە وێنەی مریەم نەڕازێندرابێتەوە.

ڕەنگە شەڕەکانی سەلیبی بوویێتە هۆی هێنانی ئایینی مریەم پەرستی بە شێوەیەکی خۆماڵیتر بۆ ئۆرووپای ڕۆژئاوا.

لە ڕاستیدا خەڵک بۆ بەرەنگاری لەگەڵ زوێری و بێ بەزەیی بوونی خودایەک کە پیاوان دروستیان کردبوو، پێویستییان بە دایکێکی نەرم و بە بەزەیی هەبوو، هەتا ئەو ڕادەیە کە لە دوعاکانیاندا گلەیی خودایان بەلای دایکیەوە دەکرد و پێیان وابوو خودا ناتوانێ لە قسەی دایکی دەربچێ. خەڵک هەزاران چیرۆک و ریوایەتیان لە بەزەیی و هەستی دایکانەی مریەم دروست کرد کە لە کتێبی مەزنی ئەفسانە زێڕینەکاندا کۆ کراوەتەوە.» (٢٨ کورت کراوە ل٢ ١٠٠٤،١٠٠ )

ئەمەش چەند داب و یاسای کتێبی شەرعی مەسیحی.

« - دایکانیان هان دەدا کە منداڵەکانیان شیر بدەن

- بڕوا وا بوو کە ئەگەر کوڕ بەرلە ژن هێنان پێوەندی سێکسی نەبووبێ، دەبێتە هۆی بەئەمەک بوونی ژن و پیاو بۆ یەکتر.

- لە تەمەنی حەوت ساڵەیی دا دەکرا نێوزەد بکرێ بەڵام گواستنەوە بۆ کچ

دوازدە ساڵ و بۆ کوڕ چواردە ساڵ دیاری کرا بوو. دواتر ژێر پازدە ساڵ قەدەغە کرا.

- ئەگەر کوڕ و کچ باڵغ بوایەن، بۆ هاوسەری کردن، ڕەزامەندی باوک و دایک مەرجی پێویست نەبوو.

- مارەیی لە لایەن پیاوەوە دەدرا بە باوکی کچە و دیارییەکیش دەدرا بە کچەکە.

- لە پێشدا کوتنی بەڵێ بۆ هاوسەری لەلایەن هەردووک لاوە بەس بوو، بەڵام لە سەدەی دوازدە بەولاوە دەبوو! قەشەیەکیش لە نێواندا هەبا.

- هاوسەری لەگەڵ کەسێک کە غوسلی "تەعمید" نەدرا بوو بەرگری دەکرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هاوسەری لەگەڵ جوو، کۆیلە و تەنانەت موشریکانیش پێش دەهات و سزای نەبوو.

- هاوسەری لە نێوان ژن و پیاوێکدا کە تا چوار پشتیان جیا نەبا ئیزن نەدەدرا، واتە ئامۆزا و پورزا بۆ یەک نەدەبوون. ( ئەمە دەتوانێ دوو هۆی هەبێ یەک بەرگری لە کۆبوونەوەی دارایی لە بنەماڵەیەکدا ـ دژ بە ژیانی عەشیرەتی ـ دوو بەرگری لە نەخۆشینی هاو خوێنی.)

- بەرگری لە منداڵدار بوون قەدەغە بووە و وەکوو قەتڵی نەفس ژمێردراوە.

- سزای زینا زۆر قورس بووە. لە بڕینی گوێ و کەپۆوە هەتا کوشتنی ژنی زیناکار بەدەست شوەکەی. بەڵام ئەم کردەوە زۆر بووە و بۆ خاوەن موڵکان لە ڕاستیدا سزا نەبووە.

- ژن و مێرد هەتا مردن دەبوا پێکەوە بژین و تەڵاق نەبوو. مەگەر ژن زینای کردبا، یا یەکێک لە ژن و یا مێرد لەدین وەرگەڕاباوە.» (٢٨ ل ١١٠٨، ١١١٠)

- لە بۆ چوونی کلیسادا، ژن هێشتا ئەو حەوایە بوو کە پیاوی لە بەهەشت هێنابووە دەرێ. ئەو کەرەسەی شەیتان بوو بۆ فریودانی پیاو. تەنانەت لە کۆیلەی پیاو بە نزمتر دەزانرا.

- ژن دەبوا بێ ئەم لا و ئەولا گوێ لەمستی مێردەکەی بایە.

- ئیزنی لێدانی ژن درابوو. لە سەدەی سێزدەهەم دا وشەی " ئینساف" لەم یاسا زیاد کرا ـ ئەندازەی دارێکیش کە دەبوا بەوە لێبدرێ دیاری کرا.

- شایەتی ژن لە دادگا نەدەبیسترا.



- تاوان دانەوە (جەزا) بۆ ژن نیوەی پیاو بوو.

- ژن مافی نوێنەرایەتی موڵکی خۆی نەبووە و مێردەکەی ئەو کارەی دەکرد.

- ژن نەیدەتوانی ببێ بە دوکتور.

- ژنی دەرمان کەر بە جادوکار دەناسرا و دەسوتێندرا.

- ژن هەموو کاری نێوماڵی بە ئەستۆ بوو و لە کۆمەڵ و بازار و کشت و کاڵیشدا دەیتوانی بەتەواوی بەشدار بێ. لەو کارانەدا کە تایبەتی بە ژنان بوو، دەیتوانی ئەندامی کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان بێ.

- ژنان بۆ کاری بەرانبەر لەگەڵ پیاودا، مزەی بەرانبەریان وەرنەدەگرت.

- ژن لە جێژن و دابی ئایینیدا دەیتوانی بەشدار بێ (لە دەورانی فیئودالی ئوروپا دا ژنانی ئەشراف (خاوەن موڵکە گەورەکان) گەیشتنە ڕادەیەک لە ڕێز و پایە بەرزی کە تا ئەو دەم وێنەی نەبوو ـ دیارە تەنیا ژنانی خاوەن کۆشک و بارەگا)

- ژن دەیتوانی بەتەنێ بڕواتە دەرێ.» (٢٨ ل ١١١٢)

- لەناو مەسیحی دا ژن دەیتوانی بچێتە کلیسا، بەڵام دەبوو حیجابی هەبێ. "پولس" بە خەڵکی دەگوت «ژنان لە کلیسادا ساکت بن لە جێگایەکی خوارتر لە پیاوان دانیشن، نابێ لە کلیسا قسە بکەن ـ پیاو نابێ سەری خۆی داپۆشێ چوونکە ئەو جەلالی خودایە، بەڵام ژن جەلالی پیاوە. چوونکە پیاو لە ژن نییە بەڵکوو ژن لە پیاوە و پیاو بۆ ژن چێ نەبووە، بەڵکوو ژن بۆ پیاو چێ بووە. بۆیە ژن دەبێ لەبەر فریشتەکانیش بووە سەری خۆی داپۆشێ. (٣٣ ل ٦٩٩)

- ئایینی مەسیحی یەک ژنی دەکاتە باو و دووبارە مێرد کردن و ژن هێنان بە پەسن نازانێ، و تەڵاق تەنیا کاتێک ئیزن دەدا کە ژن یا مێرد لە ئایینی مەسیحی لابدا [ئەمە جگە لە بەرانبەرکێ لە گەڵ جوو، بەرانبەرکێیەک بووە لەگەڵ فرە ژنی لە ڕۆم دا] (٣٣ ل ٧٠١)

## ٣ـ مافی ژنی موسڵمان

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی گشتی بە پێویست دەزانین زۆر بە کورتی ئاماژەی ئەوە بکەین کە لە نێو هۆزەکانی عەرەب دا ژیانی ژن چۆن بووە. چوونکە

بەرلە هەرشتێک یاساکان لەگەڵ تایبەتییەکانی ژیانی ئەوان ڕێک خراوە.

زۆر جار دەکوترێ کە ژن لەو کۆمەڵانەدا هیچ مافی نەبووە و کچانیان زیندە چاڵ کردووە و لە قورئانیشدا ئاماژەی پێ کراوە. بۆ نمونە (سورەی تکویر ئایەی٨ و٩ـ الاسرا ٣٣) دابی زیندەچاڵ کردنی کچ ماوەیەکی زۆر کورت بووە و تەنیا لە نێو تایفەی "بەنی تەمیم بن مەڕ" دا بووە. چیرۆکەکەی بەم شێوەیە: ئەم تایفە دەبوا باجی بە "نوعمان" پادشای "حیرە" دابا. وا هەڵ کەوت کە ماوەیەک باجەکەیان نەدا. نوعمان سوپای کردە سەریان و منداڵەکانیانی بە دیلی برد. ئەم کردەوەیان زۆر لا گران بوو، ڕویشتن داوای منداڵەکانیان کرد. نوعمان داواکەیانی بە جێ نەهێنا و ئەوان داوایان کرد کە ژنەکانیان بدەنەوە. نوعمان کوتی کچەکانتان مێردیان کردووە. من بڕیار دەدەمە دەستی خۆیان. ئەگەر ویستیان بمێننەوە، دەنا لەگەڵ ئێوە بگەڕێنەوە. هەموو کچەکانی بەنی تەمیم گەڕانەوە جگە لە کچی "قەیس ئیبنی عاسم" کە لە لای مێردەکەی "عەمرو ئیبن مەشرەج" مایەوە. قەیس لەم کردەوەی کچەکەی وەها تووڕە بوو کە سوێندی خوارد لەوە بە دوا ئەگەر کچی بوو، بیکوژێ. زۆر کەسی دیکەش لە دوی ئەو بڕیارە کەوتن. بەڵام خنکانی کچان زۆر درێژەی نەبوو و یەکێک بە نێوی "سەعسەعە ئیبن ناجیە" هەستا و خۆی کردە فیدای کچان و ئەو دابە کەوتەوە. (٢٩ ل ٩١٩)

ئێمە دەزانین کە ئێستاش لە "هێند" خێزانی وا هەیە کە لەبەر نەبوونی و بێ دەرەتانی، کچەکانیان بە زیندووی دەکەنە خۆراکی دڕندان، یاخۆ زیندەچاڵیان دەکەن، یان دەیان خنکێنن. ئەمانە پێڕەوانی زۆر هەژاری ئایینی زەردشتی کۆنن. پێمان وایە ئەمە زۆر ناگەڕێتەوە بۆ ئایین و زیاتر پێوندی بە هەژاریەوە هەیە. لەو کۆمەڵە هەژارانەدا، کوڕ هەر ئەوەندە بوو بە دە ساڵ نانی خۆی دەردێنێ، بەڵام کار بۆ کچ نییە و لە کاتی مێردکردنیشدا دەبێ پارەیەکی زۆر وەک خەڵاتی بدرێ بە مێردەکەی. ئێستا ئەگەر نەخوێندەواری و نەزانین و دواکەوتوویی کۆمەڵیش لە هەژاری زیاد بکەین، تێدەگەین کە بۆ شتی وا دەقەومێ. ئەودەمیش ئەگەر شتی وا لە نێو هێندێ تایفەی دورەدەست و دواکەوتوودا هەبووبێ، زۆر غەریب نییە. بەڵام عەقڵ تێوەناچێ کچی سەیدی قورەیشیان زیندەچاڵ کردبێ. چون قورەیش ئەهلی بازرگانی بوون و ئاگایان لە شارستانیەتەکانی ڕۆم و یۆنان و ئێران هەبووە.



ئەوەش دەزانین کە لەچاو ژیانی شارستانیەتی ئەودەمدا (بۆ وێنە لە ڕۆم ) هەرچی کۆمەڵ عەشیرەتی تربوبێ نرخی ژن پتر بووە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵەکەیدا گرینگترە. هەروەک دەزانین پێغەمبەر دایک گەورەی کردوە و لەنێو بنەماڵەی دایکیدا گەشەی کردووە. بوونی ژنێک وەکوو خەدیجە کە توانیویەتی نوێنەری بازرگانی بۆ خۆی هەڵبژێرێ، نیشاندەری دەست ڕویشتوویی ژنان لەو دەورەدایە.

لە سەدەی پێنجمی زایینیدا (نزیک بە سەد ساڵ پێش ئیسلام) پەردەداری کەعبە دەمرێ. پێش مردن کچەکەی خۆی کە ژنی قەس تاجری گەورەی مەکە بووە، دەکا بە جێ نشینی خۆی بۆ پەردەداری کعبە و فەرمانداری مەکە. دواتر ئەم خاتونە بە قازانجی کوڕەکەی خۆی چاوپۆشی لەو ئەرکە دەکا. (٢٩ ل ١٣) ئەمە نیشان دەدا کە ژن تەنانەت توانیویەتی ببێ بە پەردەداری کەعبەش. هەروەها بوونی مەلا و قەشەی ژن (کاهێنە)ئەو گومانە بە هێزتر دەکا. یەکێک لە کاهێنە بەناو بانگەکان "تریفە" کاهێنەی یەمەن بووە کە دەڵێن رووخانی ئاوبەندی "مەئاربی" پێش گۆیی کردبووە. ئیتر نێوی زبراء ، سەلما ، غفیراء کە لە حمیریە بوون و فاطمە کە لە مەکە بووە. ئەمە نیشان دەدا کە لانی کەم لەباری پلە و پایەی ئایینیەوە، ژنان لەگەڵ پیاوان مافی وەک یەکیان هەبووە. (٢٩ ل ٤١٠)

کۆمەڵی عەشیرەتی و داخراوی هۆزەکانی عەرەبستان، وەکوو هەموو کۆمەڵەکانی دیکەی لەم وێنە، داب و نەریت و یاسای تایبەتی خۆیانیان هەبووە. ئەم جورە یاسا ناوچەییانە کە بە پێ هەل و مەرجی ژیان لە ئاو و خاک و کولتورێکی تایبەتیدا دادەمەزرێن، زۆر جار تەنانەت لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە جیاوازیان هەیە و ناکرێ بە گشتی چاوی لێ بکرێ. ئەگەر تایفە یا عەشیرەیەک بەسەر ئەوی دیکەش دا زاڵ بووبێ، کەمتر وا بووە کە یاساکانی خۆی بەسەریان دا بسەپێنێ. بەڵام ئایینی ئیسلام کە لە تایفەی قورەیشەوە دەستی پێکرد دەیەویست خۆی بکا بە ئایینی گشتی، و بەو بۆنەوە هۆزەکانی عەرەب لێک گرێ بدا. بۆیە دەبوا یاسایێکی گشتی دابمەزرێ کە بتوانی سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشێ. یانێ لەلایەکەوە دژایەتی زۆری لەگەڵ ئەوانی پێشوو نەبێ، لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازییەکان لەنێو بەرێ. لە باری فەلسەفەوە ڕەدی ئایینە

سەرتاییەکانی داوتەوە کە هەر هۆزە بۆ خۆی خودا و بتی خۆی هەبووە، بەلام لە کردەوەی کۆمەلایەتیدا، نوێ و کۆن تێکەلاو کران. تەنیا ئایینی جێکەوتووی ئەودەم کە لە دەوروبەریان بوو، ئایینی جوو بوو. کێشەی هەرە گەورەی سەرەتای ئیسلامیش، بە پێ مێژوو، لەگەل ئەم ئایینە بووە و هەروا کە باسمان کرد، زۆر لە یاسا کۆمەلایەتیەکانی لەم ئایینە وەرگرتووە.

دواتر کە ئەم ئایینە لە سنوری عەرەبەکان دەرچوو، دەبوا بەرانبەرکێ و پێشبڕکێ لەگەل یاسا دامەزراوەکانی مەسیحیەت لە بیزانس، زەردەشتی لە ئێران و جوو لە ناوچەکانی دەور و بەری عەرەبستان بکا. دەبوا ڕێک خستنێکی زیاتر لەوەی کە لە پێشدا پێ ویست بوو، بکرێ. ئەرکی ئەم تەفسیر و ڕێکخستنانە، خراوەتە سەرشانی زانا گەورە ئیسلامییەکان.

- « فەرز وایە کە یاسای بەکاربراو لە ئیمپراتۆری ئیسلامیدا بە "قورئان" دادەنرا، چوونکە موسولمانانیش وەکوو جووان، یاسا و ئایینیان بە یەک دادەنا. هەر تاوانێک گوناه بوو و هەر گوناهێک تاوان. بۆیە زانستی فیق ی ئیسلامی بەشێک لە زانستی دینی بوو... کاتێک سەرکەوتنەکانی هێزەکانی ئیسلام مەیدانی ئاکار و بەرپرسایەتی شەریعەتی ئیسلامی بەربلاو کردەوە و شتی تازە هاتە گۆڕێ کە قورئان لەوبارەوە ئەسرێکی نەبوو، هێندێک لە زاناکانی ئیسلامی حەدیس یان پێک هێنا، کە بە ڕاشکاوی یا بە لاوە ئەم شتانەی وەلام دەدایەوە. بۆیە حەدیث بوو بە سەرچاوەیەک بۆ فیق ی ئیسلامی. جێگای سەیر ئەوەیە کە حەدیسەکان لە حوکم و یاسای رۆمی و بیزانسی دەچوو و زیاتر دووپاتە کردنەوەی نەسل و حوکمەکانی "مشنا" و "گمارا"ی جوو بوو. (٢٨ ل ٢٨٩)

دەزانین بە دەیان هەزار حەدیس هەیە کە زۆر جار لەسەر ڕاست و درۆ بوونیان کێشە لەنێو خاوەن نەزەردا هەبووە و هەیە.

یەکێک لەو بلیمەتانە کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی شەریعەت و ڕا جۆربەجۆرەکان یاساکانی دەرهێناوە "ئیمام موحەممەد غەزالی" (٤٥٠ ـ ٥٠٥ هـ ق/ ١٠٥٨ ـ ١١١١ز) یە کە لە "نصیحت الملوک" دا مافی ژنی لە ئیسلامدا لە ژێر ١٨ خالدا کۆ کردۆتەوە. بەم شێوەیە:



**سەبارەت بەو شتانەی کە خوای گەورە ژنانی سزا داوە:**

**"چوونکە حەوا میوەی دارێکی بەهەشتی خوارد کە خوا نەهی کردبوو بیخۆن، خوای پاک لە هەژدە بابەت دا، ژنی سزا داوە.**

**١ـ پۆنی مانگانە؛**

**٢ـ زایین؛**

**٣ـ جیابوونەوە لە باوک و دایک وشوو کردن بە بێگانە؛**

**٤ـ زگ پڕ بوون؛**

**٥ـ بێ دەسەلاتی بە سەر خۆیدا (خۆی بڕیار بۆ خۆی نادا)**

**٦ـ کمتر بەش بردن لە میرات دا؛**

**٧ـ سزاواری تەلاق دان و بێدەسەلات لە تەلاق وەرگرتن دا؛**

**٨ـ شەرعی بوونی هێنانی چوار ژن بۆ پیاو، بەلام بۆ ژن تەنیا یەک مێرد؛**

**٩ـ بە دروستی کە جێ ژن لە مالە و دەبێ لە مال دانیشێ؛**

**١٠ـ بە دروستی کە لەمالدا دەبێ سەری خۆی داپۆشێ (حیجابی هەبێ)؛**

**١١ـ شایەتی دوو ژن بەرانبەر بە شایەتی پیاوێکە؛**

**١٢ـ بە دروستی کە ژن نابێ لە مال وەدەر کەوێ مەگەر خزمێکی لەگەل بێ؛**

**١٣ـ بە دروستی کە پیاو لە نوێژی هەینی و جێژنەکانی ئایینی و مەجلیسی ئازیەتی دا بەشداری دەکا و ژن نە؛**

**١٤ـ ناشایست بوون لە حوکمرانی [دەسەلاتداری] و دادیاری دا؛**

**١٥ـ بە دروستی کە شایستەیی [شیاوی] یک هەزار بەشی هەیە وتەنیا یەکێکیان شیاوی ژنە؛**

**١٦ـ بە دروستی کە ئەگەر ژن خراپەیەک بکا تەنیا نیوەی لەو عەزابەی کە لەو دنیادا بە خەلکی دیکە دەگا بە ئەو دەگا؛**

**١٧ـ بە دروستی کە ئەگەر شووەکەی بمرێ، دەبێ چوار مانگ و دە ڕۆژ ماتل بێ ئەنجا مێرد بکاتەوە [عیدە]**

**١٨ـ بە دروستی کە ئەگەر شووکەی تەلاقی دا، دەبێ سێ مانگ یان سێ پۆنی**

مانگانە ڕاوەستێ ئەودەم شوو بکاتەوە. (٣٥)

غەزالی پێشەکی بە ئاماژەکردن بۆ میتۆلۆژی ئادەم و حەوا، هەتاهەتایە ژن دەکاتە تاوانبار و قەرزداری پیاو. ئابەرانبەریەکەش بە سزای خودا بۆ ژن دادەنێ. یانێ پیاوان لەو کردوەانەدا هیچیان لەسەر نییە و ئەمری خودا بەڕێوە دەبەن.

دەکرێ خاڵەکانی غەزالی بکەین بە سێ بەشەوە.

یەکەم:

ئەو خاڵانەیە کە جیاوازی فیزیولۆژیکی و سروشتی پیاو و ژن دەست نیشان دەکەن و هیچیان لەگەڵ ناکرێ و یاسای سروشتی و "ئیلاهییە". (خاڵی ١، ٢ و ٤) بەلام نابێتە هۆی مافی تایبەتیش بۆ پیاو، بەڵکوو لە ڕاستیدا دەبێ ببێتە هۆی مافی تایبەتی بۆ ژن. بۆ وێنە منداڵ بەدنیاهێنان نەتەنیا نابێ هۆی کز و کەمی ژن بێ، بەڵکوو دەبێ هۆی ئەوە بێ کە مافی زیاتر بکرێ.

ـ خوێن لەبەرچوونی ژن یەکێک لەو گۆپالانەیە کە کۆمەڵی پیاوسالار هەموو کاتێک دژی ژن بەکاری هێناوە ڕ تەنانەت بە سپلۆتی زانیوە. (بڕوانە بەشی ئایینی زەردەشتی) ئێستاش لە کوردەواریدا ژن لە کاتی پێن دا دەڵێ لەشم پیسە. بە پێ ئایەی ٢٢١ی سورەی بەقەرە، پێن بە ئازارێک ناسراوە و حوکم دراوە کە پیاو لەو کاتەدا نزیکی ژن نەکا. ئەمە بۆتە هۆی بەڕاست زانینی چەند ژنی و سیغەکردن و لەگەڵ کەنیز و خولام نوستن و هتد....

ـ زگ پڕ بوون و زایین یەکێک لە جیاوازییە بنچینەییەکانی ژن و پیاوە، و هەروا کە غەزالی دەڵێ ئەم ئێش ڕ ژانە، سزا و عەزابی گوناهەکەی حەوایە (؟!) غەزالی خۆی لەوە دەپارێزێ کە بڵێ، ئاکامەکەی دەبێتە بەدنیا هێنانی منداڵ و ژن دەکا بە دایک. لە نێو هەموو کۆمەڵێکدا دایک بوون جێگای ڕیز بووە (زیاتر لەبەر منداڵەکە هەتا لەبەر خۆی) بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ داهاتووی مرۆڤ لەدەست دایکان دایە. لە قەولی پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە «بەهەشت لە ژێر پێ دایکان دایە» کە وابوو ناشێ ببێتە هۆی سەرکزی ژن، ئەو جورەی غەزالی بۆی دەچێ.



**دووهەم:**

**ئەو خاڵانەن کە مافی کۆمەلایەتی پێک دێنن و ڕاستەوخۆ بە ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتییەوە بەستراونەتەوە. (خاڵی ٦، ٧، ٨، ١١، ١٤، ١٦، ١٧و ١٨) ئەمانە مافی ژن لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، یانێ لە بنەماڵە و لە دەرەوەدا دیاری دەکەن و هەموو کاتێکیش لەگەڵ مافی پیاو هەڵسەنگێندراوە.**

**لەکاتی میرات بردن و شایەتی داندا، ژن دەبێتە نیوەی پیاو. لەو دنیاش بە نیوە عەزاب دەدرێ و لە قەساس دا نیوە تۆڵەی لێی دەکرێتەوە. (لە زیناکردندا هەمووشەلاخەکانی لێیدەدرێ)ـ(قەت نەکوتراوە ئەگەر ژن لەم دنیادا کاری چاک بکا لەو دنیا چی پێی دەبڕدرێ و چەندی وەبەر دەکەوێ) لە کاتی مێردکردن دا دەبێتە یەک لە چوار، لە کاتی چوونەدەرەوە لەماڵ، دەبێتە "زەغیفە" و دەبێ یەکێک ئاگای لێ بێ چوونکە بڕوای پێناکرێ بۆ خۆی بەتەنێ بێ. لە تەلاق و لەکاتی جێژن و سەرقەبران و نوێژی هەینی و دادیاری و حکومەت دا دەبێتە هیچ.**

**ـ دەکرێ وای دابنێین کە ئەودەم هەموو خەرج و ئەرکی دابین کردنی ژیان بەدەست پیاو بووە، بۆیە لە میرات دا بەشی ژن کەمتر دراوە.** (سورەی النساء ئایەی١١و ١٢)

**ـ میرات بۆ نێر دوو ئەوەندەی مێ، میرات لە ژن بردن نیوەی پیاوە، ئەگەر منداڵی هەبوو یەک لە چوار. میرات بردنی ژن چواریەکی بەجێ ماوە ئەگەر منداڵی هەبوو یەک لە هەشت. ـ ئەگەر پیاوێک چەند ژنی هەبوو هەموویان پێکەوە بە ئەندازەی یەک ژنیان دەکەوێ)**

**دیارە ئەگەر بەچاوی ئەوڕۆ سەیر بکەین، ئەرک و خرجی ژن وەکو پیاوە، بەو مانایە کە کار دەکا و کرێ خانو دەدا و... باسەکە دەبێتە شتێکی دیکە. گرێدانی نیوە بەشی میرات بە نیوە بەش بوون لە شایەتیدا زۆر زەحمەتە. ئەویان ژیانی ئابوریە و ئەمیان عەقڵی ژن دەباتە ژێر پرسیارەوە. تەنیا دەکرێ بڵێین ژیانی ئابوری لە هەموو شتەکانی دیکەشدا ڕەنگ دەداتەوە. زۆر جارمان بیستووە بە ژن دەڵێن نیوە عەقل. دیارە ئەم نیوە عەقڵەش هەر ئەوەندە بڕ دەکا هەتا شایەتی بدا. ئەگەر بیەوێ بڕیار بدا ئەو چکەش نامێنێ. (خاڵی١٤).**

**ـ تەلاق دان (البقره ٢٢٧ تا ٢٣٢و٢٣٦و٢٣٧) مافی بێ ئەم لا و ئەولای پیاوە.**

ژن و مێردایەتی قەرارێکە، معاملەیەکە کە بە پێی هەل و مەرجێکی دیاری کراو لە نێوان مێرد و بابی کچدا دادەندرێ، کە بە نرخێکی دیاریکراو ڕێک دەکەون و تەنیا مێرد ئەو مافەی هەیە کە ئەم قرارە تێک بدا، مەگەر ئەوەی کە مەرجی تایبەتی دانرابێ و پیاو ئەو مەرجەی بەجێ نەهێنێ (ئەو دەم ژن دەتوانێ معاملەکە تێک بدا) بەڵام پیاو بێ هیچ مەرجێک دەتوانێ ئەو شتەی کە کڕیویەتی چاو پۆشی لێ بکا. لە هیچ ئایینێکی پێشووتردا تەڵاق بەو ئاسانییە نەبووە کە لە ئیسلام دایە. ئەمە لە لایەکەوە بۆ بەرگری کردن لە درێژەدانی نالەباری لە نێو بنەماڵەدا باشە، و لە لایەکی دیکەوە باش نییە لەبەر ئەوەی کە بنیاتەکانی بنەماڵە سست دەکا و بە کەیفی پیاو سەروخواری پێدەکا.

بەرگری کردن لە تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد زۆر ئایە و حەدیشی لەسەرە. بۆ وێنە: «ئەگر کێشەیەکتان لە نێوانیاندا [لە نێوان ژن و پیاودا] دیت یەکێک لە بنەماڵەی مێرد و یەکێک لە بنەماڵەی ژن، ئاشتیان لە نێواندا پێک بێنن، خودا ئەوان دەکا بە دوستی یەکتر، [چوونکە] خودا دانا و ئاگایە.» (النسا، ٣٥) یان ئایەی ١٩ کە دەڵێ: «ئەگەر ژنەکانتان بەدڵتان نییە ڕەنگە زۆر شت هەبێ کە بەڵتان نەبێ، بەڵام خودا قازانجی زۆری لەو کەسە یا شتەدا داناوە.» یان حەدیشی «ابغض الطلاق عندالله الطلاق.» (گەرچی تەڵاق حەڵاڵە بەڵام خودا خۆشی ناوێ).

ئەگەر پیاو سوێندی لەسەر تەڵاق خوارد، ئەوە هەتا چوار مانگ بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە. ئەم کارە (تەڵاق رجعی) دو جار زیاتر نییە و جاری سێهەم گەڕانەوەی بۆ نییە. مەگەر ژنەکە مێردێکی دیکە بکا و لەویش تەڵاق بستێنێ، ئەوددم دەکرێ بێتەوە لای مێردی یەکەم. ئەم مەرجە بۆتە هۆی دابی دزیوی ماردبەجاش کردن. مافی ژن لەکاتی تەڵاق داندا، تەنیا مارەییە. ئەگەر پێش ئەوەی نزیکی لەگەڵ بکرێ تەڵاق بدرێ نیوەی مارەییەکەی دەکەوێ. لە هەموو ئەمانەدا پیاو سەرپشکە و ژن بۆی نییە داوای تەڵاق بکا، مەگەر هۆی تایبەتی هەبێ وەکوو شێتی پیاو، نەدانی نەفەقە، بەجێ نەهێنانی ئەرکی مێردایەتی و... کە لەم حاڵەتاندا حاکمی شەرع بڕیار دەدا.

بەپێی ئایەی ٢٢٩ سورەی بقرە، ئەگەر ژن دەست لە مارەییەکەی هەڵگرێ، دەتوانێ تەڵاق وەرگرێ. وەک فارس دەڵێن "مارەییم حەڵاڵ گیانم ئازاد". ئەمە "خەلع"ی پێدەگوترێ و پەشیمان بوونەشی نییە.



ئەگەر پیاوێک تۆمەتی زینا لە ژنەکەی بدا و نەتوانێ بی سەلمێنێ، دەتوانێ لەعن ی بکا. لەو حاڵەدا ژنیش پیاوەکەی لەعن دەکا کە تۆمەتی زینای لێداوە و پێک حەرام دەبن و تەڵاق دەکەوێ. ئەمە (لعان)ی پێدەگوترێ و بادانەوشی بۆ نییە. (٣٠ل ١٨٨)

ـ هەتا چوار ژن بۆ پیاوێک. ئەم چوار ژنە هاوتان و مافیان وەک یەکە (دیتمان لە ئایینی زەردەشتیدا ژنەکانی یەک پیاو مافیان وەک یەک نەبوو)

« دوو و سێ و چوار ژن بهێنن، بەڵام ئەگەر دەترسێن کە [نەتوانن] بە عەدالەت لەگەڵیان بجولێنەوە لە ژنێک زیاتر مەهێنن» (النسا، ئایەی ٣ و٤) ئەم حوکمە ڕەدیشی هەیە «هەرگیز ناتوانن لە نێوان ژنان دا عەدالەت بکەن، تەنانەت ئەگەر زۆر دڵیشتان پێوەبێ. کەوابوو وەدووی هەوا و هەوەس مەکەون و ژن سەرگەردان مەکەن» ( النسا، ئایەی ١٢٨ ) دیارە ئەم ڕەدە لەباری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەوە کار دەکا و ترسێک لە پێش پیاو دادەنێ. بەڵام چوونکە عەدالەت پێک هێنان بۆ خۆی شتێکی نیسبییە، بەریەرچی حوکمەکە ناداتەوە، بەتایبەت لەباری نرخی یەک بە چواری ژنەوە لە بەرانبەر پیاودا.

لە نێوان دوو مێردکردندا ماوە ڕاگرتن بۆ ژن دانەندراوە، بۆ وێنە: (مەبەست لە هێنانەوەی ئەم غونە ئەوەیە کە سنووری ئیزنەکە دیاری بکەین) پیاو دەتوانێ بە شەوێک چوار ژن بهێنێ و بەیانی هەموویان تەڵاق بدا و شەوی دیکە چواری تر بهێنێ. تاڕادەیەک کە ئیمام حەسەن ٢٥٠ تا ٣٠٠ ژنی هێناوە. ـ ڕەنگرەزێکی خەڵکی بەغدا بە نێوی ئیبن تەبیب هەشتا و پێنج ساڵ ژیا و نۆسەد ژنی هێنا.

ئیزن نەدان بە ژن کە لە یەک مێرد زیاتری هەبێ، ئەگەر لەگەڵ ڕاگرتنی ماوەی نێوان دوو مێرد کردن (خالی ١٧ و١٨) کۆ بکرێتەوە، تەنیا یەک هۆی هەیە، ئەویش زگ پڕ بوونی ژنە. منداڵ دەبێ بابی دیار بێ کێیە. نەتەنیا لەبەر ناسینەوە بەڵکوو لەبەر میرات و کەفالەت و... کە دیارە لە هەموو یاسا و ئایینەکانی مرۆڤدا تا ئێستا هەر وابووە. مەگەر ئێستا کە بەپێی گەشەکردنی زانست، دەتوانن دەری خەن کە ژن منداڵی هەیە یان نا.

ـ گوتمان ژن نیوەی پیاو میرات دەبا و لە شایەتی دانیشدا نیوە مرۆڤە و تاوان دانەوەشی نیویە. ئەمانە پێکەوە هاوپەران، دیارە ئەگەر کەسێک نیوە ئینسان بوو، ناتوانێ دادیاری بکا و ئەوەی نەتوانێ دادیاری بکا دەسەڵاتداری و حکمڕانیشی بۆ نابێ. ئەم حوکمانە هەموو پێکەوە گرێ دراون. فەلسەفەکەشی ئەوەیە کە «پیاو کارزانی ژنە، چوونکە خودا بە هێندی کس دەست ڕۆیشوویی داوە بەسەر هێندی دیکەدا چوونکە لە ماڵی خۆیان خەرجیان داون، ژنی چاک[ئەوەیە کە] فەرمانبەرە. (النسا، ئایەی ٢٤)

سێهەم:

بەشی سێهەمی خاڵەکان کولتورین، ڕواڵەتی کۆمەڵ دیاری دەکەن و بەپێ نەریتی جیاواز دەتوانن بێچمی جیاوازیان هەبێ. (خاڵی ٣، ٥، ٩، ١٠، ١٢.١٣و١٥) بۆ وێنە ڕاگرتنی حیجاب، لە لادێیەکی کوردستان نە دەکرێ و نە پێویستیشە وەکوو شاری بەغدا و تاران بێ.

ـ جیابوونەوەی ژن لە ماڵە بابی خۆی و چوونە نێو بنەماڵەی پیاو و بە ئەندامێکی بنەماڵەی پیاو ژمێران. دابێکی زۆر کۆنی کۆمەڵی عەشیرەتی پیاوسالارە و چوونکە ماڵ بە مولکی پیاو ئەژمێردراوە ژنیشی لەگەڵ خراوە. پیاو خاوەنی ژنە و ژن کێڵگەی پیاو (سورەی البقرە ٢٢٣)، ژن بۆ پیاو دروست کراوە (النحل ٧٢ ـ الروم ٢١)

ئێستاش لە کوردەواریدا ماڵ بە مانای ژنیش بەکار دەبرێ. وەک دەڵێن ماڵ و منداڵ، یا دەڵێن ماڵمان. کە ئەگەر لەگەڵ ووشەی مەڕوماڵات بەراوردی بکەین هەمووی هەر یانێ مولک، خاوەن مولکیش پیاوە. دیارە پێشتر وا هەبووە کە پیاو چۆتە سەر بنەماڵەی ژن. کە لە کوردەواریدا پێی دەکوترێ زاڤا بەندی [بەندی بە مانای لەبەند کران، کە بۆ خۆی لاتاوێکە بۆ پیاو]، یان زاوای سەرماڵ.دواتر ژن و پیاو بۆ خۆیان لە هەردوک بنەماڵە جیا بوونەتەوە و بنەماڵەیەکی دیکەیان پێک هێناوە. کەچی لەم بنەماڵەی تازەش دا ـ هەرچەند بە ڕەنج و کاری هەردووکیان پێک هاتبێ ـ هەر پیاو سەرپشکە و نێوی منداڵەکان دەچێتەوە سەر بابیان و بە ژنەکەش دەڵێن ژنی فلانە کەس. یانێ کۆمەڵ کولتوری کۆنی هەر ڕاگرتووە. بنچنەکەشی هەر ئەو حوکمەیە کە گوتمان دەڵێ پیاو کارزانی ژنە. بەڵام



لەبیر نەکەین کە ئەم حوکمە تەنیا ژن و شو ناگرێتەوە و دەبێتە خاوەن دەسەڵات بوونی باب بەسەر کچ و برا بەسەر خوشک و تەنانەت ئامۆزا بەسەر پورەزادا، هەتا ڕادەی کوشتن. (بڕوانە بەشی یاسای عێراق). هەر لێرەڕا ئەوە دروست دەبێ کە کچ لەکاتی مێرد کردندا ڕای نییە و باب یا باپیر، مام، و... یەکێک لە پیاوانی بنەماڵەی باب بڕیاری بەمێرددانی دەدا و مارەیەکەی [نرخەکەی] دیاری دەکا.

پیاوێک کە ژنەکەی کڕی ـ بەگشتی ـ چاوەڕوانی ئەوەیە کە ژنەکەی گوێ لە مست و فەرمانبەر بێ. و ئەگر نەبوو: «ئەو ژنانەی بە گوێتان ناکەن ئامۆژگاریان بکەن و لەگەڵیان مونوون و لێیان بدەن. ئەگەر بەگوێیان کردن، بەهانەیان پێ مەگرن و ستەمیان لێ مەکەن. (النسا، ٣٥)

ـ لە ماڵەوە مانەوە بەپێ ئایەی ٣٣ سورەی الحزاب بۆ ژنانی پێغەمبەرە و چارشێو بە خۆدادان و داپۆشینی لەش و خشڵ و زێڕ: بە پێ ئایەی ٢٩ سورەی نور بۆ پیاوان و بە پێ ئایەی ٣٠ بۆ ژنان. دیارە داپۆشینی لەش بۆ پیاوان و لەچاو ژناندا هەر هیچ نییە. ژن دەبێ لە نامەحرەم ڕوو بگرێ. نامەحرەمیش ئەو پیاوەیە کە سێ پشت پێیەوە دورە وەکوو ئامۆزا و پوورەزا. ژنی کافریش بە نامەحرەم ژمێردراوە. پیاوی پیر کە لە مێردایەتی کەوتووە نامەحرەم نییە. ئەمە بۆتە هۆی خەساندنی ئەو پیاوانەی کە لە نێو خەلوەتی ژناندا کاریان کردووە.

## حیجاب

بابەتی حیجاب، ئەوڕۆ لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر لەسەر زارانە و دەخرێتە بەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە. لە سووچێکی دونیا طاڵبانی ئەفغان هەموو ژنانیان بە پێ ئەم حوکمانە لەماڵ زیندانی دەکەن و لە سوچێکی دیکەش ئەوپەڕگرە ئیسلامیەکان لەسەر حیجاب ژنان وەبەر گوللە دەدەن. هەڵگرتن و دانانی حیجاب باسی ئەم سەدەی هاوچەرخی وڵاتە ئیسلامیەکان بووە. کولتوری کۆن و تازە شەڕەکەیان تەواو نەبووە. ڕەزا خان هەڵی دەگرێ و خومەینی دایدەنێتەوە. موستەفا کەمال هەڵی دەگرێ و حیزبی ڕیفاە دایدەنێتەوە. ئێمەش بەکورتی ئەم باسەی دەکەینەوە و تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین کە هۆکانی ئەم حوکمانە دەبێ چ بووبێ.

دەزانین کە خۆ داپۆشین (حیجاب) لە بابل باو بووە و ژنانی دەست ڕۆیشتوو

ڕووی خۆیان لە خەڵک شاردۆتەوە هەتا گەورەیی خۆیان بکەن بە ئەفسانە و لە پشت پەردەدا بی هێڵنەوە. ئەم دابە وەک زۆر داب و یاسای دیکەی بابل چۆتە نێو شەریعەتی بەنی ئیسرائیلەوە کە لە بابل ژیاون و دوایی لە تەوراتدا وەک یاسا هاتووە. (بڕوانە بەشی یاساکانی تەورات) گوتمان کە بنچینەی یاساکانی مەسیحیش هەر ئەوانەی تەوراتە ـ جگە لەوانەی کە حوکمی دیکەی بۆ دەرچووە باقی لە جێ خۆی ماوەتەوە.

لە بیزانس و دواتر ڕۆم و هەموو ئورووپادا هەتا سەدەکانی نێوەڕاست، ئەم یاسا زۆر بە توندی بەڕێوە چووە. تەنیا ئەرکی ژن ئەوە بووە کە خۆی بشارێتەوە و منداڵ بەخێو بکا، "کچان بە شێوەیەک لەماڵێ دەمانەوە و تەریک ڕادەگیران کە زۆر جاران تەنانەت خزمەتکارانیش نەیاندەیتن. مێرد یەکەم جار شەوی زەماوەند ڕوبەندەی بووکی هەڵدەداوە و دەی دیت.

بۆ خەڵکی ئاسایی هەتا سەدەی ١٨ و ١٩ ئەم یاسایە هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەشراف و دەست ڕویشتووان فڕێیاندا. ـ دیارە بەس لەنێو خۆیاندا.

کاتێک کۆمەڵ نیازی بەکاری ژنان پەیدا کرد و ژن هاتە بازاڕی کارەوە، ئەوە کلیسا بوو کە ناچار بە پاشەکشە بوو. ئێستاش بۆ ژنانی ئایینی کە لە کلیسا و کەنیسەدا کار دەکەن ڕاگرتنی حیجاب یەک لە مەرجەکانە.

ئایینی ئیسلام هەر لەسەرەتاوە بەرانبەرکێیەکی زۆر توندی لەگەڵ ئایینی جوو و پاشان کە بۆ خۆی بڵاوبۆتەوە و ناوچەکەی داگرتووە و بۆتە هاوسنووری بیزانس لەگەڵ ئەوانیش دا کێ بەرکێ هەبووە و دەبوا نیشان بدا کە لە ئەوان باشترە هەتا سەرنجی خەڵکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. کاتێک لە کۆمەڵێکدا خۆ داپۆشین ئەوەندە گرنگی پێدراوە کە باسمان کرد، دیارە دەبێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی چاک و خراپی. کە وابوو لەم بەرانبەرکێیەدا، دەبوا تانە و تەشەر لەخۆیان دوور بکەنەوە. یەکەم بابەتی تانەوتەشەری کۆمەڵی دواکەوتووش هەموو کاتێک، ژنانن. بۆیە دەڵێ: «وەکوو ژنانی سەردەمی نەزانین مەکەن» (سورەی الحزاب ئایەی ٣٣) یان دەڵێ: خۆیان داپۆشن با لە کۆڵان ڕێگەیان پێنەگرن. (هەمان ٥٩) دەنا لە چۆڵی عەرەبستان دا خۆ شاردنەوە لە ماڵ نە دەکرا و نە پێویست بووە.

نیشان نەدانی خشڵ و زێڕ دەکرێ ئاوا چاو لێ بکرێ کە ئەم ئایینە ـ وەکوو



سەرتای هەموو ئایینەکانی دیکە ـ لە لایەکەوە خۆی بە ئایینی هەژار و فەقیر زانیوە، لە لایەکی دیکەوە نەی ویستووە سنوور بۆ مۆڵکییەتی ماڵ و دارایی دابنێ، تەنیا گوتوویە "فیز لێ مەدەن!" واتە دڵی هەژاران مەنێشێنن. خۆ نەبەستنەوە بە ماڵی دنیاشەوە ـ لە قسەدا ـ مەبەستێکی دیکەی هەر ئایین و یاساییێکە بۆ پێشگرتن لە بشێوەی کۆمەڵ.

ئیتر دیارە ئەگەر کەسێک مافی ئەوەی نەبێ لەماڵ بچێتە دەرێ، چۆن دەتوانێ لە جێژن و نوێژی هەینی و ناشتنی مردوودا بەشدار بێ. ئەمانەش هەموو لەبەر ئەوە بووە کە ژن لە کاری کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی بێبەری بکرێ. بەڵام چوونکە لە هێندێ کۆمەڵی وەرزێری و ئاژەڵداریدا بە کردەوە نەگونجاوە، هەر گوێشیان نەداوەتێ.

ڕیوایەتێک هەیە لە وەسییەتی پێغەمبەر بۆ عەلی ئیبن ئەبی تالب. کە زۆر وەکوو سەرچاوە بەکار دەهێنرێ. ئەم ڕیوایەتەش کەم و زۆر دووپاتەی خاڵەکانی غەزالیە و لێرەدا بۆ ئاگاداری دەیهێنینەوە.

« ئەی عەلی ! ژنان بۆ نوێژی هەینی ئامادە نەبن. بانگ [ی نوێژ]و ئەزامە( ؟ ) نەدەن. نەچنە سەردانی نەخۆش و ناشتنی مردوو. لە نێوان سەفا و مەروەدا هەڕا نەکەن. سەر نەتاشن. نەبنە بەرپرسی دادیاری. پرسیان پێ مەکەن [بۆ کار]. سەری ئاژەڵ نەبڕن مەگەر ناچار بن. " لَبَیك" بە دەنگی بەرز نەڵێن. لە تەنیشت قەبران دانەنیشن و گوێیان لە خوتبە نەبێ، و خۆیان چاکەی خۆیان نەڵێن. بەبێ ئیجازەی مێردیان لە ماڵ نەچنە دەرێ. ئەگر بەبێ ئیزنی مێرد چونە دەرێ، خودا و جبرەئیل و میکائیل لەعنەتیان بکا. بەبێ ئیزنی مێردیان هیچ نەبەخشن. ئەگەر مێردەکەیان لێیان تووڕە بوو و تەنانەت ستەمی لێکردن، شەو لەدەرێ نەمێننەوە. » (٣٦)

دیارە ئەم حوکمانە بەشێوەیەکن کە جێگای تەفسیر دێڵنەوە. بە تایبەت دەست نیشان ناکرێ کە سزای کەسێک کە بەڕێوەی نەبا لەم دنیادا چییە و کێ دەبێ ئەو سزایە بدا بە تاوان بارەکە. بۆیە ئەگەر تەفسیر بێژەکان بۆ خۆیان مەبەستی دەسەڵاتداریان نەبا و تایبەتیەکانی کۆمەڵی جووتێری بەسەر بیر و ئەندیشەیاندا زاڵ نەبا، دەیانتوانی بە جۆرێکی دیکەی بگونجێنن کە ئەوەندە زەخت لەسەر ژن

نەبێ.

لە باسی کۆکراوەکەی غەزالی دا هیندێ یاسای سەرەکی نەهاتووە و نەش کرا پێکیانەوە گرێ بدەین، جا یان غەزالی ڕای لەسەر نەبووە یا بە گرنگی نەزانیوە یان چۆن بە عەزابی تایبەتی بۆ ژنانی نەزانیوە، باسی نەکردووە. هەر چۆنێک بێ ئەمانەی خوارەوەش چ وەکوو یاسا و چ وەکوو داب و نەریت لە کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا و (( لە کوردستانیشدا!)) بەڕێوە دەچن. بۆ وێنە سەبارەت بە زینا.

ـ بە پێ ئایەی ٣٣ سورەی نور، کوڕ و کچ بەر لە یەکەم هاوسەری دەبێ پاک بن! یانێ کچ کچێنی مابێ و پیاویش پێوەندی لەگەڵ ژنی دیکە نەبووبێ. دیارە بە کردەوە ئەمە تەنیا کچان دەگرێتەوە. چوونکە تەنیا کچ بە مەرجی کچ بوون بە مێرد دەدرێ و ئەگەر کچێنی نەبێ مافی مارەیی نییە و هەزار پەت پەتی بەسەر دێن. تەنانەت دەشی کوژن. پیاو دەتوانێ ژنی دیکەشی هەبووبێ یا هەیبێ، بەڵام کچێکیش بخوازێ. کەچی ئەگەر کچ بێ بە ژن ئیتر بە بێوەژن دەناسرێ و جۆرێکی دیکەی لەگەڵ دەجووڵێنەوە.

زینا بۆ پیاو و ژن سزای وەک یەکە. هەر کام سەد شەلاخیان لەبەرچاو خەڵکەوە لێدەدرێ. بەڵام مەرجی ڕوون بوونەوەی ئەم تاوانە ئەوەیە کە چوار کەس شایەتی بدەن. ئەگەر کەسێک تۆمەتی زینا بە درۆ لە کەسێکی دیکە بدا ٨٠ شەلاخی لێی دەدرێ (سورەی نور ئایەی ٢) ئەوەی زینای کردبێ، بۆی نییە لەگەڵ موسڵمان هاوسەرایەتی بکا.

دانانی چوار شایەت پاش ئەوە بووە کە تۆمەت لە عایشە ژنی پێغەمبەر دراوە.

دەکرێ بگوترێ هێنانی چوار شایەت بۆ کردەوەیەکی ئاوەها زۆر زەحمەتە و مەگەر بە دەگمەن بکرێ. ئەمە بەو مانایە کە لە ئیسلامدا ویستوویانە ڕازپۆشی زاڵ بێ بەسەر ئابڕو بردن دا. وەک یەکێک لە نێوەکانی خودا "ستارالعیوب" دانراوە. بەڵام لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شایەتی دان ئاوایە کە یەکێک شایەتی دەدا و سێ کەسەکەی دیکە شایەتی دەدەن کە بڕوایان بە شایەتی یەکەم هەیە. کەسی یەکەمیش لە دەست و پێوەندەکانی حاکمی شەرعە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە کەس ئەمنییەتی گیانی و ماڵی نەمێنێ و هەر حاکمی شەرعێک هەرچی



پێ خۆش بێ، بیکا.

ئەگەر پیاو یا ژن هاوسەریان هەبێ و زینایان کردبێ بەردەباران (ڕەجم) دەکرێن. [هەر وەک لە تەوراتدا هاتووە] ئەمە تەنیا لە بڕوای شافعی و حەنەفی و [شیعە]دایە، ڕای هەموو شەریعەتەکانی لەسەر نییە، چوونکە لە قورئاندا نییە و دواتر بە پێ حەدیس و ڕوایەت دانراوە. (٣٠ ل ١٨٠)

- ژنی موسڵمان ناتوانێ مێرد بە پیاوی ناموسڵمان بکا و پیاوی موسڵمان ئەگەر ژنی لە غەیرە موسڵمان هێنا، دەبێ بیکا بە موسڵمان.

ئەم یاسا لە دابێکی تایفەی قورەیش وەرگیراوە. تایفەی قورەیش پێش ئیسلامیش دەسەڵاتدار بوون و کاتێک کچیان لە تایفەیەکی دیکە هێنابا، مەرجیان ئەوە بوو کە ژنەکە بێتە سەر دینی قورەیش. لێرە دەردەکەوێ کە ژنی ئەو کۆمەڵە عەشیرەتییانە تەنانەت خاوەنی دینی باب و باپیرانیشی نەبووە و بە بیر و باوەڕیش دەبوا لایەنگری لە ئایینی عەشیرەتی شوەکەی بکا. دواتر ئەم خۆ بە ناوەند و گەورەتر زانینەی قورەیش هەر بەردەوام بوو و قورەیش هەموو کاتێک مافی تایبەتی بۆ خۆیان قایل بوون. (ئەو دابە بە شێوەی ڕێز لێنان لە سەید لە وڵاتی ئێمەدا هەر ماوە) گەرچی لە ئیسلامدا هەموو موسڵمانان لە بەرانبەر یاسادا بەرانبەرن، بەڵام بە کردەوە وا نەبووە. تا ئەو ڕادەیە کە دەیانگوت ژنی قورەیش هەتا شەست ساڵەیی منداڵی دەبێ و ژنانی دیکەی عەرەب هەتا پەنجا ساڵەیی. (٢٩ ل ١٦)

کاتێک عەرەب وڵاتی غەیرە عەرەبیان داگیر کرد، ئەم دابە بوو بە دابی هەموو عەرەبان و بە زمانی ئەوڕۆیی شۆوینیسمی عەرەبی پێک هێنا. عەرەب کچیان بە غەیرە عەرەب نەدەدا، بەڵام کچیان لێ دەستاندن. بە گشتی عەرەب موسڵمانی غەیرە عەرەبیان لەگەڵ عەرەبان بە هاوپەرا نەزانیوە و بە مەوالی و عەجەم و شتی وایان نێو بردون. ئەوان خۆیان بە ڕزگارکەری مرۆڤ زانیوە و فەخریان بە گەلانی دیکە فرۆشتووە. ئەم شۆوینیسمە تا ئەو ڕادەیە بووە کە دەڵێن ئیمام شافعی هەرکات تەرمێکی دەدیت دەی پرسی "کێیە مردووە؟" ئەگەر گوتبایان لە قورەیش بوو. دەیگوت "داخەکەم لە بنەماڵەکەم یەکێک کەم بۆوە". ئەگەر گوتبایان عەرەب بوو. دەیگوت "داخەکەم هاو وڵاتییەکم مرد". بەڵام ئەگەر گوتبایان موسڵمانێک

(غەیرە عەرەب) بوو، دەیگوت " ماڵی خودایە بیەوێ دەیبا و بیەوێ دایدەنێ". (٢٩ ل ٦٩٨)

عەرەبان بەو کەسەی کە دایکی عەرەب نەبوو و تەنیا باوکی عەرەب بوو، دەیانگوت "هەجین" یانێ نا ئەسڵ (زڕە) و مافی دەسەڵاتداری نەبوو. بۆ وێنە کاتێک یەزید ئبن عەلی ئبن حوسێن (ئیمام زینالعابدین ی شێعە) ئیدعای خەلافەتی کرد. هۆشام بۆی نووسی "بیستومە هەوای خەلافەتت لەسەر دایە، تۆ کە دایکت کەنیزە چۆن دەتوانی ببی بە خاوەنی ئەم ڕوتبەیە". لە کاتێکدا دایکی کچی یەزدگردی ساسانی ئاخر پادشای ئێران بوو. (٢٩ ل ٧٠٠)

لە کاتی ئومەویەکاندا، ئەگەر غەیرە عەرەبێک ژنی عەرەبی هێنابا حاکمی شار حوکمی دەکرد سەر و ڕیش و سمێڵ وجرۆی بتاشن و سەد شەلاخی لێی بدەن و ژنەکەشی پێی تەڵاق دەدا. تەنانەت ئەگەر پیاوێکی زانا و پایەبەرزیش بایە وەکوو "عەبدوللە ئبن عەون" و ژنەکەشی کچە جووتێرێکی سادە بایە. (٢٩ ل ٧٣٠)

### مارەیی

پیاو دەبێ نرخێکی دیاریکراو کە لەلایەن باوک یا دەسەڵاتداری کچەوە دیاری دەکرێ، بدا بە کچ. یا خۆ وەک قەرز لەسەر پیاوەکە دەمێنێتەوە و هەرکات ژن داوای بکا دەبێ پێی بدرێ و ئەگەر تەڵاق درا دەبێ مارەییەکەی پێی بدرێ. ئەگەر ژن چاو پۆشی لە مارەیی بکا، دەتوانێ داوای تەڵاق بکا. کە وابوو ئەم نرخە کە میزانەکەی بە ڕێکەوتنی دوو بنەماڵە دیاری دەکرێ، دەتوانێ دەورێکی زۆر گرنگی کۆمەڵایەتی بگێڕێ و لە بنەماڵەشدا گرێ و گۆڵی گەورە پێک بێنێ. بۆ وێنە پیاو هەست بە بەستنەوەی خۆی بکا، یا خۆ بە پێ نرخەکە لەگەڵ ژنەکەی بجوڵێتەوە، گرینگتر لە هەمووان گۆڕینەوەی مرۆڤە بە پارە. هۆی سەرەکی ئەمە ئەوەیە کە کچ خۆی بڕیار لەسەر خۆی نادا و خۆی خاوەنی ژیانی خۆی نییە. یەکێکی دیکە دەیفرۆشێ. ئەمە یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە لایەن مافی مرۆڤەوە وەکوو نیشانەی کۆیلەتی ناسراوە. خاڵی یەکەمی یاسای "بەرگری لە کۆیلەتی" بەم شێوەیە: «هەر ژنێک بە پێچەوانەی مەیلی خۆی بە مێرد بدرێ، کۆیلە فرۆشییە.» (٣٨ ل ٣٣)

نموونەی هەرە دەست نیشانکراوی مارەیی لەسەرەتای ئیسلامدا، ماردیی



سەکینە کچی ئیمام حوسەینە کە یەک ملیون درهەم بووە.

لە کوردەواریدا مارەیی وەکوو لە نێو عەرەبدا چۆن باوبووە هەر بەو شێوە باوە، یانێ نرخی کچ لە بێوەژن زۆرترە. مارەیی بە پێ دەستڕویشتوویی کۆمەڵایەتی بنەماڵە دیاری دەکرێ، بەڵام لە هەموو کۆمەڵێکدا وا نییە. بۆ وێنە لە نێو تورکەمەندا بێوە ژن نرخی زۆرترە و بەگشتی مارەیی بەپێ کارزانی ژن دیاری دەکرێ. کارەکەشی قاڵی کردنە. لەکوردەواریدا وەکوو زۆر جێگای دیکە بە تایبەت لە ئوروپا و ڕوسیەدا، بابی کچ لە باتی مارەییەکە خەڵاتییەک کە پێویستی ژیانی ناوماڵە، لەگەڵ کچەکەی دەخا. لە هەندێ کۆمەڵدا و لە نێو زەردەشتییاندا مارەیی نییە، بەڵام خەڵاتی هەیە. ئەم دابە وایە کە بنەماڵەی کچ دەبێ پارەیەک بدەن هەتا کچەکەیان بخوازرێ. دەکرێ بڵێین کە ماردیی لە عەرەبەود بە میرات گەیشوەتە کورد و خەڵاتی لە کۆنترەود بۆی ماوەتەوە. پێشتر (لە سەردەمی ئاغاوەتیدا) خەڵکی دەستڕویشتوو ماڵ و موڵکیان خستۆتە پشت قەباڵەی کچەکەیان.

دوو شتی تایبەت هەیە کە ژن دەسەڵاتی تێیدا هەیە. یەک ئەوەیە کە بێوەژن پرسی پێدەکرێ بۆ هەڵبژاردنی مێرد و ئەو بۆ خۆی بڕیار دەدا. دوو ئەوەیە کە ژن لەسەر ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆی دەسەڵاتی تەواوی هەیە و پیاو مافی دەست بەسەردا گرتنی نییە. ژنانی ئوروپا هەتا سەدەی ١٩ مافێکی بەم شێوەیان نەبووە.

ئەمە بوو کورتەیەک لەو یاسایانە کە هێشتاش هەر بەو ددقەی پێشوو ماوەتەوە و بەسەر کۆمەڵی ئێمەدا زاڵە.

❀

# بەشی پێنجەم



# ئیزەدی و کاکەیی

## ئایینی کوردی؟

شان بەشانی ئیسلام ئایینێکی دیکەش جێ بڕوای خەڵکی کورد بووە و هەیەکە بە ئایینی ئیزەدی و کاکەیی(ئەهلی حەق) ناسراوە. کورتە باسێک لەسەر چۆنیەتی یاساکانی ئەم ئایین یاخۆ ئایینانەش بە پێویست دەزانین.

شەریعەت و یاساکانی ئایینی ئیزەدی و کاکەیی بە ڕێک و پێکی نەنووسراونەتەوە. کتێبە ئایینییەکان شتێکی زۆر سەبارەت بە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی تێدا نییە. نووسراوەکانی دیکەش چوونکە بە مەبەستێکی دیکەوە نووسراون بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی دیاری کردنی مافی ژن، یارمەتییەکی وەها نادەن کە بشێ. ئێمە بڕێک پرسیارمان نارد بۆ ئاگاداران، بەڵام وڵامێکی ئەوتۆمان بەدەست نەگەیشت کە بشێ و بەکار بێت. دەمێنێتەوە شێوەی بەرانبەردانان و دۆزینەوەی مافی ژن بە پێ تەواشاکردنی داب و نەریتەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵانە. باشترین نووسراوەی کوردی کە لەبەردەستدا بێت "ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا" نووسینی "رەشاد میران"ە و هیچی تر.

بڕێک لە لێکۆڵەرەوان گوتوویانە کە ئیزەدی و کاکەیی دوو شەریعەتن لە یەک ئایین. هیندێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە دوو ئایینی جیاوازن، بەڵام لە بڕێک شت دا وەکوو یەک دەچن. هەر چۆنێک بێ ئێمە لەژێر دوو سەردێڕی جیاوازدا باسیان دەکەین.

میتولۆژی و نەریتەکانی ئەم دوو ئایینە، تێکەڵاوێکن لە سروشت پەرستی کۆن هەتا زەردەشتی و میترائی و دینە سامییەکان (جوو ، مەسیحی، ئیسلام). بە بێ ئەوەی بمانەوێ بڵێین کامیان لە کامیان وەرگرتووە، دەکرێ وابزانین کە ڕەوتی دەسەڵاتداری ئایینەکانیتر بەسەر کۆمەڵانی ئەو مەڵبەندانەدا کە ئیزەدی و کاکەیی لێی دەژین وای لێکردووە. (٧بڕوانەل ٨٩ ) زیاتر وا هەڵ دەکەوێ کە، لە هەر دەورەیەکدا ئایینی دەسەڵاتداران چ بووبێ، ئەوە بەشێک لە داب و نەریت و یاساکانی خۆی داسەپاندووە و خەڵک پێی ڕاهاتوون. ئەم تێکەڵاوییە لە

ئایینەکانی دیکەشدا دەبیندرێ وەک پاشمانەوەی دابی زەردەشتی و میترایی پاش بەموسڵمان بوونی کوردان لە بەشێکی دیکەی کوردەواریدا.

دوو بۆچوون هەیە، یەک دەڵێ ئەم ئایینە شاخەیەک لە ئیسلامە کە تێکەڵی باوەڕی کۆن بووە، یەیکی دی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئایینی کۆنە تێکەڵی بیروباوەڕی ئیسلامەتی بووە. ڕاستیەکەی ئەوەیە هەرکام لەو بۆچوونانە قبوڵ بکەین ـ لە باسەکەی ئێمەدا ـ ئاکام و بەرهەمیان وەک یەکە. ئەمانە ئایینی دەورانی وەرزێڕین و گرنگییەکانی کشت و کاڵ خۆیان لە ئایینەکەدا دەنوێنن. ئێمە پێشتر باسمان کردووە کە کشتوکاڵ و بەسترانەوەی مرۆڤ بە زەوینەوە بۆ خۆی یەکێک لە هۆکانی پێک هاتنی پیاوسالاری لە ڕێگای مۆڵکیەتەوە بووە، کە لەوێ باوک دەبێ بە سەرپشک و دەسەلاتداری بنەماڵە. لە لایەکی ترەوە ئەو ئایینانە کە ئەهلی حەق و ئیزەدی بیروباوەڕیان لێی وەرگرتووە، بۆ خۆیان لە ئەوپەڕی پیاوسالاریدا بوون. هەر بەم شێوە دەتوانین جێ پێ بیروباوەڕی ئەو ئایینانە (بە تایبەت ئیسلام) سەبارەت بە ژن لە نێو کۆمەڵی سەر بە ئەم ئایینانەشدا ببینینەوە.

## ئیزەدی

### میتۆلۆژی

لەباری میتۆلۆژیای چێکردنی دنیاوە، ئایینی ئیزەدی لە زروانییەکان دەکا. بەم شێوەیە کە دەڵێ "لە پێشدا هیچ نەبوو و تەنیا کات هەبوو و دوایە دنیای ڕۆح (دنیای غەیر ماددی) دروست کرا" لێرەوە بەدوا زیاتر ئەفلاتوونییە، یانێ ئەوەی لە واقیع دا هەیە سێبەری ئەوەیە کە لە دنیای ڕۆح دا هەیە. گەڕانەوەی ڕۆح لە پەیکەرێکی دیکەدا (دۆنادۆن)، شێوە بووچوونی ئایینی بوودایی یە کە ئەم ئایینەش لە زۆر کۆندا لەم ناوچانە هەبووە. ڕۆح لە پەیکەری گیانداراندا خۆی دەنوێنێتەوە هەتا دەگاتە سەرلووتکەی چاکی. بەڵام لە بوودایی‌دا ئەم دووبارە هاتنەوە حەوت جارە کە چی لێرە بۆتە هەزار و یەک جار.

ڕێزگرتن لە گیانداری تایبەتی وەکوو کەڵە شێر، جۆرێک تۆتمیزم دەنوێنێ،



سنجاقی مەلەکە تاووس کە پەیکەری تاووسێکە جۆرێک بت پەرستی و فتیشیزمی کۆن. یانێ هەم دەکرێ وای دابنێین کە ئەم ئایینە پێش ئیسلام هەبووە و پاشان گۆڕاوە، دەشکرێ بڵێین پاش ئیسلام دانراوە و شتە کۆنەکانی لەگەڵ تێکەڵ بۆتەوە. چوونکە لە دەوری ئیسلامدا زۆر ئایینی کۆن لەبەر باری قورسی جزیە، یان لەبەر خۆلادان لە زەختێک کە لەسەریان بووە، ئایینی ئیسلامیان قبوڵ کردووە، بەڵام لە ژێرەوە هەر بڕواکانی خۆیانیان ڕاگرتوە.

تاووس گێڕان (پەیکەرەی مەلەکەتاوس بە دێ یەکاندا دەگێڕن و پارە کۆ دەکەنەوە، هەر کەس زیارەتی سنجاق دەکا دەبێ پارەیەک بکا بە خێر) (٧ بڕوانە ل ١١٤) ئەم نەریتە بە تەواوی لە نێو مەسیحی دا هەیە و خاچ گێڕانی پێ دەڵێن و لە میترائیسم وەرگیراوە. سنجاق بۆ خۆی دیاردەیەکی میتراییە. سنجاخی میترایی جۆرە تەلیسمێک بووە کە خەڵک بردوویانە لە پاراستانی میترا دایان ناوە و نەزریان پێوە کردووە. (بڕوانە لاپەڕی بیست و دیەنی سنجاخ)

بە بەرەکەت و پیرۆز زانینی گڵی سەرگۆڕی شێخ عادی کە پێی دەڵێن بەراتە (٧ ل ١١٦) وەکوو وەرگرتنی مۆری نوێژی شێعەکان لە خاکی کەربەلایە. یا خۆ بە دەرمان زانینی خاکی گڵکۆی شێخ عەباس لە ناوچەی سنە.

ڕێزگرتن لە خۆر و ئاگر و ئاو و با بە تەواوی دیاردەیەکی زەردەشتییە و دیارە هەروەک دەزانین چوار ماددەکەی سروشتە کە لە یۆنانی کەونارا بە سەرچاوەی هەموو بوونەوەرێک دادەنرا و دواتر هاتۆتە لای عەرەبان و بنەمای فەلسەفە و پزیشکی چەند سەد ساڵ بووە.

جێژنی کۆمەڵی لە کاتی جێژنی میهرەکانی زەردەشتی دا دەگرن. (٧ ل ١٣٩)

وەک دەزانین لە ئیسلامدا چوار مەلایەکەتی موقەڕڕەب هەیە، بەڵام لای ئەمان حەوت مەلایەکەت هەیە، کوتوومت وەکوو حەوت ئەمشاسپەندی زەردەشتی. تەنیا ئەوەندەیە نێوەکانیان بوونەتە عەرەبی. مەلایەکەتەکان بە ئەمری خودا ئەستێرەکانیان دروست کردووە (لە زەردەشتی دا ئەمشاسپەندەکان بۆ خۆیان ئەستێرەن) بۆ وێنە مەلەکە تاوس هەتاوە و عەزرائیل مانگ و... دوایە چوونەتە جەستەی شێخەکانەوە (دۆنادۆن) و نێوەکانیان ئەمانەن (٧ ل ١١٧)

عەزرائیل (مەلەک تاوس) / دەردائیل (شێخ حەسەن) / ئیسرافیل (شێخ

شەمس) / میکائیل (شێخ ئەبوبەکر) / جبرائیل (سجادین) / شمنائیل (ناسرەدین) / نورائیل ( فەخرەدین).

کتێبەکانی ئایینی ئیزەدی زیاتر دوعا و عیبادەتن و بە بالای شێخ و سەید و پیردا کوتراون. بۆ دانانی شەریعەت دەسەلات دراوە بە پیاوە ئایینییەکان کە بە پێ سەردەم بڕیار بدەن. ئەم ڕێنوێنییەش لە کتێبی جلوەدا هاتووە کە: " بە هومموو ئەوەی لە کتێبی جوو و مەسیحی و موسڵمانان دا هەیە رازی بن ئەگەر لەگەڵ دەستوری مندا ڕێک دەکەون". (٧ ل ١٣٥) یانێ ڕێگایان بۆ کراوتەوە کە بە پێ دەستوری دەسەلاتداری سەردەم بجووڵێنەوە.

## پلە و پایەی ژن لە کۆمەڵدا

لە ئایینی ئیزەدی دا چینەکانی کۆمەڵ هۆی ئایینیان بۆ دیتراوەتەوە و هەر چینێک شێوە کاستێکی بە خۆیەوە گرتووە.

شێخ، کە بەرزترین دەسەلاتی ئایینی هەیە، جلی سپی لەبەردەکا، پشتێندێکی ڕەشی ٩ مەتری دەبەستێ، ریش ناتاشێ و تەنیا ئەو و بنەماڵەکەی مافی خوێندنیان هەیە. (٧ ل ١٢٤) ئەمە راست مەغەکانی زەردەشتی وەبیردێنێتەوە.

هەر کەسە پیرێکی هەیە و هەر پیرێک شێخ ێک (ئەمە وەک تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی دەچێ کە شێخ و خەلیفە و دێوانە و دەروێش یان هەیە کە بۆ خۆی بنەڕەتەی لە هێند ەوە هاتووە.)

فەقیر یا (قەرەباش) ئەو کەسەیە کە ژیانی بۆ بارەگای شێخەکان تەرخان کردووە. سەرۆکی فەقیران پێی دەگوترێ "کاک" ئەمە نابێ ژن بێنێ (وەکوو قەشەی مەسیحی).

کۆمەڵە ژنێک لە لالش هەمان پلەی فەقیریان هەیە کە خۆیان بۆ خزمەت کردنی گۆڕی شێخ عادی تەرخان کردووە. سەرۆکەکەیان نازناوی "کابان"ی هەیە و لە خۆڵی سەرقەبری شێخ عادی بەراتە دروست دەکا و دەی دا بە قەواڵ بۆ فرۆشتنیان (٧ ل ١٢٧،١٢٨) ئەمە یەکەم پلەی ئایینی ژنانە و بەرزترین جێگای کۆمەلایەتی ئەوانە و لەئایینی میترایی ومەسیحی (قەشەی ژنان) دەکا.



هەموو ئیزەدییەک دەبێ برا و خۆشکێکی ئاخیرەتی لە بنەماڵەی شێخەکان هەبێ و هەموو بەیانان بچێ سەریان بدا. پێویست بوونی خۆشک جێ سەرنجە (ئەگەر وای دابنێین کە ماڵی شێخەکان بەم شێوە خۆیان پاراستووە و خۆیان بە خەڵکەوە گرێ داوە، ئەو دەم دەزانین کە دەبێ ژنەکانیشیان هەر بپارێزن) خۆشکی ئاخێرە کراسی نوێ بۆ برا دینییەکەی دەبڕێ، یەخەکەشی دەبێ خڕ بێ. ئەو کەسەش دەبێ لە هەموو ڕوویێکەوە یارمەتی برا و خۆشکی ئاخێرەتی بدا. و ئەگەر میرات بەری نەبوو میراتەکەی بەو برا و خۆشکە دەگا.

## هاوسەرایەتی

سەرۆکی ئایینی و دنیایی "میر"ە کە ژن و ژن خوازی تەنیا لە نێو بنەماڵەی خۆیاندا دەکەن (٧ ل ١٢٣) ئەمە ژن خوازی پادشا ئایینییەکانی ئێران و میسری کۆن وەبیردەێنێتەوە کە دەگەیشتە ئەو رادەیە کە جگە لە خۆشکی شا کەس شایانی ئەوە نەبوو مێرد بە شا بکا. ئەوەی کە بنەماڵەکانی شێخ و پیر و فەقیر و قەواڵ و کوچەک بنەماڵەی بەستراو (ئیندوگامی)ن و ژن و ژن خوازی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دا ناکەن جۆرێک چینایەتی گرێ دراو لەگەڵ ئایین دایە و دیاردەیەکی زەردەشتیە و لە چینایەتی دەورەی ساسانی و شێوە کاستی هێند دەکا. سەرەڕای ئەوەش سنووری مەحرەمان هەر وەکوو ئیسلامە.

« پیاوی ئیزەدی نابێ بڕوانێتە ئافرەتێکی ئیزەدی نەبێ، لەناو خۆشیاندا دەتوانێ پەیوەندی تەنیا لەگەڵ ئافرەتی چین و توێژاڵی خۆیدا ببەستێ.

ئیزەدی بۆی نییە لە ئایینێکی دیکە ژن بێنێ، یا شو بە مێردی ئایینێکی دیکە بکا، لە نێو خۆشیان دا دەبێ توێژاڵ و گرووپی خۆیان بپارێزن. (ئەمە نیشان دەدا کە ئەم کۆمەڵە نەی ویستووە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ کۆمەلانی دیکە تێکەلاوی هەبێ.)

ئیزەدیزم ڕێگای پیاوی داوە شەش ژن بە دوای یەکەوە بێنێ (مەسحەفا ڕەش بەشی ٩) و زۆر بە ئاسانیش لێیان جیا بێتەوە. (ئەم ئیزنە لەلایەکەوە دەبێ بۆ ئەوە بووبێ کە ئەگەر ژن لە کۆمەڵەکەدا زیاد بوو ـ لە بیرمان بێ کە ژن نادەن بە دەرەوە ـ بێ مێرد نەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە ئایینەکانی دەور و

بەر (جگە لە مەسیحی)هەموو ئەم ئیزنەیان داوە و دیاردەیەکی کۆمەڵی وەرزێڕی پیاو سالارە.)

ژن هێنان لە لای ئیزیدیان بە "ڕەزامەندیی" هەر دوولا دەبێت. لەکاتی ڕێکەوتنیشدا زاوا دەبێ مارەیی بدات ـ پارە یان ئەسپ یان مەڕ و مالات و شتی لەم بابەتە. گەلێ جاریش ژن هێنان بە ڕێگەی "ڕەدوکەوتن" روو دەدا. کوڕ وکچە دەچن بۆ گوندێکی تر بۆ لای شێخێک یان دەسەلاتدارێکی ئەوێ و ئەو کەسە دەچێ گفتوگۆ لەگەڵ باوکی کچەکە دەکا و پێکیاندێنێ. ڕەدوو کەوتن زۆربەی، لەسەر گۆڕی شێخ عادی لە کاتی حەجی سالانەدا، دەقەومێ چونکە لەوێ کەس ناتوانێ ڕێگە لە کوڕ و کچ بگرێ بڕیاری خۆیان بدەن. (٧ ل ١٤٦،١٤٧)

ژن هێنان دەبێ بە سەرپەرشتی شێخێکی ئەوەی شێخ حەسەن بێت و ئەو مارەییەکە دەبڕێ و پیرۆزی دەکا. ژن و مێردەکەش ئەگەر لە داهاتوودا، لێک جیا بوونەوە دەبێ لە پێشدا ئەو شێخە ئاگادار کەنەوە. شێخ لە زەماوەندەکە دا ئامادە دەبێ، ئەگەر نەشیتوانی نانێک بۆ بووک و زاوا دەنێرێ و هەر یەکە نیوەی دەخوا.

کاتێک بووک بۆ مالی زاوا دێنن، بەڕێگەوە دەبێ زیارەتی گۆڕی هەموو ئەو پیاوچاکانە بکات کە دێنە پێشی. ئەگەر بە پەرستشگای مەسیحیانیشدا تێپەڕی دەبێ هەمان شت بکات و کاتێک گەیشتە جێ، دەبێ زاوا بەردێکی بچووکی لێبدا تا بکەوێتە ژێر دەسەلاتیەوە، دەبێ پارچە نانێکیشی بەسەردا بشکێنێ بۆ ئەوەی بەرامبەر بە هەژاران میهرەبان بێ. [لە بەشەکانی دیکەی کوردەواریدا زاوا پێ لەسەر پێ بووک دادەنێ و سێوێکی دەداتێ یان بۆی فڕێ دەدا، کە دەبێ نیشانەی دانەوەی سێوەکە بێ کە حەوا داویە بە ئادەم. یا خۆ هەر لەبەر زڕە شیرینییە، چوون جاری واشە شاخێکی نەبات دەدەن.] شەوانی چوارشەم و هەینی نابێ لەگەڵیدا بخەوێ. هەموو ئیزیدییەک دەبێ ئەوەی ئەزبەر [لەبیر] بێ و پەیرەوی بکات. دەنا کفر دەکا. لە مانگی نیسانیشدا ژن هێنان حەرامە چونکە سەری سالە. جگە لە کوچکەکان بۆ ئەمان ڕێگە دراوە. (٧ ل ١٤٨)

## جل و بەرگ

جلی ترادیسیۆنی ئافرەتی ئیزیدی کراسێکی درێژی سپییە و لە ژێرەوەشی شەرواڵێکی سپی و سەروپێچیشی هەر سپییە. ئەمە بە پێی سەرچاوەکان.



گەرچی ئەمە ئافرەتانی مالی میر ناگرێتەوە و ئەمان لە هەڵبژاردنی جل و بەرگیان دا ئازادن. ... بە لێ ورد بوونەوە دەردەکەوێ کە ئافرەتی ئیزیدی بۆی هەیە جلی ڕەنگاوڕەنگ بکاتە بەر، بە مەرجێ ڕەنگی شین و سەوزی تیا نەبێ، لەو حالەتەشدا دەبێ بەروانکەیەکی سپی بکاتە سەر جلەکانیەوە. هەروەها بە پێ سەرچاوەکان، ئافرەتی ئیزیدی "دەبێ هەمیشە شەروالی سپی ڕەنگی لەبەردابێ، چونکە ئەمە نیشانەی دامێن پاکییەتی. یان ئەگەر ئافرەتی ئیزیدی شەروالی ڕەنگینی تری کردەبەر مانای وایە ئایینی خۆی گۆڕیوە. هەرچی کچەکانن بۆیان هەیە جلی ڕەنگاوڕەنگ بەبێ ڕەنگی شین و سەوز بکەنە بەر و بە دەسمالی سوور یان ڕەش سەریان دەپۆشن. (٧ ل ١٥٢) جۆرێک جل لەبەر کردنی چینایەتی. ئەمە لە کۆمەلەکانی ئەورپیش دا لە کاتی فئۆدالیدا هەبووە. بۆ وێنە بنەماڵەی وەرزێر دەبوا تەنیا جلی خۆڵەمێشی لەبەر کەن.

کچی عازەو یان تازە شوو کردوو ئەگەر بمرێ جوانترین جلەکانی لەبەر دەکەن و دەیڕازێننەوە ئینجا دەینێژن. (٧ ل ١٣٣)

## تەلاق

بۆ پیاو ئەوەندە بەسە بە ژنی خۆی بلێ تۆ شێخی منی، یان پیری منی، دایک یان خوشکی منی [ئەم لەفز گوتنە لە برێک لە شەریعەتەکانی ئیسلام بە تایبەتی شافعی دا بۆ تەلاقدان هەیە] بۆ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی ژن و مێردایەتی پێیەوە نەمێنێ. ئەگەرچی بەهەمان ئاسانیش دەتوانێ بی هێنێتەوە بەلام شێخ و پیر ئەگەر سێ جاران وشەی "تەلاق" دەرحەق ژنێک بلێن، ناتوانن جارێکی تر هەمان ژن بێننەوە. هەرچی میرە، مافی ئەوەی هەیە چەندی بیەوێ ژن بێنێ. سەعید بەگ کە سالانی پەنجای ئەم سەدەیە میری ئیزەدیان بووە، لە یەک کاتدا ١٠ ژنی هەبوو. بە پێی شەریعەتی ئیزیدی، کەس ناتوانێ ئەو ئافرەتە بخوازێ کە میر تەلاقی داوە. [ئەم یاسا لە ئیسلامدا تەنیا بۆ ژنانی پێغەمبەر دانرابووە] ئەمانە دوای تەلاق دانیشیان هەر لە مالی میر دەمێننەوە و ئیزیدی بە دایکی خۆیانیان دەزانن. جێگەی سەرنجە کە ئەگەر یەکێک بەراتە بە ئەنقەست یان بە هەڵە، بە ژنی خۆی بدات یەکسەر تەلاقی دەکەوێ، بەلام ئەمە نابێتە مایەی

تەنگوچەڵەمە چونکە پیاوەکە بە ئاسانی ژنەکە دەگێڕێتەوە.

هەر کەسێک ماوەی ساڵێک دیار نەبو ژنی خوی لێ حەرام دەبێ، کەسیش ژنی پێ نادا و کافر دەبێ. [ئەمە لەبەر ئەوە نەبووە لایەنی ژنان بگرن بەڵکوو پیاویان پێی ترساندووە کە لە کۆمەڵەکەیان دوور نەکەونەوە، با کۆمەڵەکەیان بڵاو نەبێتەوە.] (٧ ل ١٣٢)

## میرات

هەر چەندە ئافرەت لە شەریعەتی ئیزیدیدا وەکو شت وایە ـ لە بەشی نۆیەمی مەسحەفا رەشدا هاتووە کە: "کچ میرات لە باوکییەوە وەرناگرێ و وەکو پارچە زەوی دەفرۆشرێ، ئەگەر مێردیشی نەکرد دەبێ هەر خزمەتی باوکی بکات تا ئەو کاتەی باوک ئازادی دەکا ـ بەڵام ئەویش وەکوو پیاو مافی جیابوونەوەی هەیە. [مافی جیابوونەوە بۆ ژن لەچاو ئایینەکانی دەوروبەردا زۆر پێشکەوتووانەترە] ئەگەر مێرد ماوەی ٤٠ رۆژ لە ژنی خۆی دوورکەوتەوە ژنەکە دەتوانێ جیا بێتەوە. ئەگەرچی لەم حاڵەتەشدا مافی داوا کردنی کەل و پەلی ناو ماڵی نامێنێ.

# کاکەیی

## میتۆلۆژی

"خوا لە نێو دوڕەالبیضاء دا بوو پاشان هاتە دەرێ و بە ئەمری ئەو دوڕڕەکە پریش پریش بووەوە و لە هەر پارچەیەکی شتێک چێ بوو، بەم وێنە ئاسمان و زەوی و ئەستێران و مانگ و خۆر چێ بوون". لە ئەفسانەیەکی چینی دا چێ کەری ڕاست بەم شێوەیە. لەوێ بوونەوەرێک بە نێو "پانکۆ" لێک بڵاو دەبێتەوە و هەموو دنیا لە پرشکەکانی لەشی ئەو چێ دەبێ. لە میترایی دا گا ـ ی پیرۆز سەرچاوەی بوونەوەرەکانە.

ئایینی ئیزەدی و کاکەیی لە باری دۆنادۆن (تناسخ) وەک یەکن، بەڵام بە گێڕانەوەی جۆر بەجۆر. حەوت مەلایەکەت لای ئیزەدی و حەوت جار پەیدا بوونی خوا لەلەشی مرۆڤدا، لەگەڵ حەوت ئەمشاسپەندی زەردەشتی (کە یەکیان



خوذایە) هەموو هەر یەک فکرەن.

جیاوازی گەورە لە نێوان ئیزەدی و کاکەیی دا ئەوەیە کە لای کاکەییەکان یەکێک لە دیەنەکانی خودا ژنە. مامە جەلالە دایکی شاخۆشین (دووهەم دیەنی خوا لە لەشی مرۆڤدایە). چیرۆکی زگ پڕ بوونەکەی وەکوو عیسای مەسیحیان وایە (پریشکی خۆر دەکەوێتە زاری مامە جەلالەوە و زگی پڕ دەبێ.) چیرۆکێکی نزیک بەوە بۆ دایکی زەردەشتیش هەیە.

... "خاوەندگار عزرائیلی کرد بە دوو پارچە، لە نێوان هەر دوو پارچەکەدا تیشکە نوورێک دەرچوو و بوو بە "کولیچە" ئینجا فەرمویەتی: "رەزبارم لە عزرائیل جیا کردەوە بۆ ئەوەی ببێ بە خاتوون قیامەت" و لایەنی مرۆڤایەتی بگرێ و داوای لێ بووردنیان بۆ بکا. عزرائیلیش ببێ بە روح کێش و ئەم کولیچەیەش لە نێوانیاندا ببێ بە ئیحسان". (٧ ل ١٨١) پێ داگرتن لەسەر دایکایەتی و بەزەیی داربوونی ژن ـ وەکوو ئەمەی بۆ مریەم دانراوە.

ئەمە تەنیا ژنێکە کە لە مەرتبەکانی سەرەوە ماوەتەوە (دەزانین کە لە ئایینی زەردەشتی دا سێ بوون) ئەم مەلایەکەتە هەموو جارێک کە خودا دێتە لەشی مرۆڤەوە دەبێتە دایکی ئەو.

حەوت تەن ئەمانەن: سەید خزر ( پیر بنیامین)/ موسی رەش ( پیر داود)/ مەلا رکن الدین دمشقی ( پیر موسی)/ خاتون دایراک ( رەمزبار)/ موستەفا داودان/ شا ئیبراهیم (ملک تەیار و ئەیوت)/ سەید ئەحمەد ( بابایادگار)

لە پێناسەی خاتون دایراک (مامەجەلالە)دا هاتووە کە دایکی سولتان ئسحاق و هاوسەری شێخ عیسا بەرزنجەیی و کچی حسێن بەگی جاف بووە. لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی دا ژیاوە و لەو ژنە پاک و بێ گەردانەی سەردەمی خۆی بووە و لە دانانی شێعر و لێدانی سازدا توانا بووە. ئەو لە ساڵی ٧٤٥ی کۆچی دا لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە (٣٧ ل ٢٥١)

پێداهەڵکوتنی رەمزبارلە بەندی ٢٤ و ٣٧ی "نامەی سەرئەنجام" دا کە کتێبێکی ئایینییە بەم شێوە هاتووە:

پیر بنیامین دەفەرموێ:

ئەی پیرە ڕەمزبار ، ئەی پیرە ڕەمزبار
دەخیلان وەتۆ ئەی پیرە ڕەمزبار
وە ئەمر خوا جام شای لەیل و نەهار
هەشت لۆقمە نێعمەت پەی تەحقیق کار
بنیە ریش دەردەم نە خوان ئەسرار
ئەز وێزێش ئەو هەشت خالق ئاسار
تاکە خوا جامان نە سڕ بۆ ئاشکار (٣٧ ل ٢٠٩)

لەم کتێبەدا هەموو ئەوکەسانەی بەناوبانگن و لە ئەفسانەکان دا هاتوون، یان پیاو چاک و پاڵەوانن وەکو گرشاسب و ڕۆستەم و سیمرغ و سلطان مەحمود و... بە تجسیدە خوداییەکان ئەژمێردراون و لە زمرەی پیاوچاکاندان. سەیر ئەوەیە کە ئەگەر ژنی چاکە پەیدا نەبوو کە ڕەمزبار بچێتە لەشیەوە، ئەوە ڕەمزبار دەبێتە پیاو. لە بەندی ٣٩ی نامەی سەرئەنجام دا ڕەمزبار دەچێتە پەیکەری پیاوەوە و بە نێوی فخرالدین ەوە دەناسرێ.

فەخرەالدین، ڕەمزبار فریشتەی بێ تەشویش
زەردەش زەردەبام قەواڵەن نەچێش. (٣٧ ل ٦٤)

لە بەندی ٢٤دا دەبێتە فاتمە کچی پێغەمبەر
"سەید موستەفا تیرش خەتەرە
فاتمە ڕەمزبار سڕش پەروەرە". (٣٧ ل ٥٧)

لە بەندی ٤٢ دا دەبێتە فاتمە لوڕە ڕەنگە لە بەندی ٢٤یش دا هەر فاتمە لوڕە مەبەست بێ و توێژەرەوەکە بە هەڵە چووبێ.

"فقیر موستەفا دەست و کەمانە
فاتمە ڕەمزبارش وانە". (٣٧ ل ٦٦)
"موستەفا چەوگا نامش بی عوریان
ڕەمزبار بی عەبداڵ نسمش بی ویران". (٣٧ بەندی ٥٤ل ٧٤)

لە یەکێک لە کراس گۆڕینەکاندا (دۆنادۆن) دەبێتە سیمورغ. دیار نییە بۆ نابێتە دایکی ڕۆستەم؟!



"سیمور ڕەزبار بی چەنی زەردەی هۆر
زاڵ دەستانش ناوەرد وە هەربۆر". (٣٧ بەندی ٥٢بڕگەی٣ ل ٧٢ )

سەیر ئەوەیەلە بەندی ٤٧ سەید موحەممەد ئۆی بە سیمورغ نێو دەبا.

"یورتەمن عەنقا، یورتەمن عەنقا
نە یانەی ئەزەڵ یورتەمن عەنقا".

بەندی ٥٥ ی نامەی سەرئەنجام بەستەیەک هەیە کە "پیر نازدار شیرازی" گوتویەتی. دیارە ژنیش توانیویەتی ببێ بە پیر. و ئەمە تەنیا ژنێکە کە وەکوو پیر نێوی براوە و سەبارەت بە پێناسەی ئاوا نووسراوە: "پیر نازدار خاتون شیرازی بە پێ یادداشتی قەرەندی لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە شیراز هاتۆتە دنیا. ئەو لە حێکمەت و فەلسەفەی یۆنانی دا شارەزا بووە و لە پیرەکان بووە و لە لاوەتی دا هاودەمی مەشایخ بووە و ماوەیەک خەریک چلە کێشی و گۆشە نشینی و تاعەت بووە، هەتا زبانی بۆ حەقیقەت کراوەتەوە، ئەو دەم تەرکی دنیای کردووە و چووەتە خزمەت سوڵتان ئیسحاق و دەرسی وەرگرتووە و بە ئەمری ئەو گەڕاوەتەوە شیراز بۆ ئیرشادی خەڵک. لە ساڵی ٧٦٤کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووە وهەر لە شیراز نێژراوە.

هەر وەک لە ئایینی زەردەشتی دا دیتمان کە بوونی ژن خوداکان بە مانای ئەوە نەبوو کە ژن زیاتر ڕێزی بگیرێ و کۆمەڵ لەو پەڕی پیاو سالاری دا بە نزمی چاوی لە ژن و مافی ژن دەکرد، لێرەش بوونی یەک چاکە لە نێو چاکەکانی کاکەیی دا نابێتە هۆی ئەوە کە مافی بەرانبەر بۆ ژن دابندرێ، یا خۆ لەچاو ئایینەکانی دەوروبەردا ڕێزێکی زیاتری هەبی. واتە لێرەش پێوەندی نێوان ژن و پیاو هەر دەگەڕێتەوە بۆ چەندی گەشەکردنی کۆمەڵەکە و ئەوەش کاری ڕەوتی مێژووە نەک چۆنیەتی ئایین.

## پلە و پایەی کۆمەڵایەتی

لە باتی شێخ لە لای ئیزەدی لێرە سەید هەیە و لە باتی پیر خەلیفە و فەقیریش دەبێتە دەروێش (چلە گرتنەکەشیان وەک یەکە)

پلەی سەیدایەتی گەرچی بە میراتە بەڵام تەنیا بۆ کوڕە و کچ ناگرێتەوە. سوڵتان ئیسحاق گوتویەتی هەر پیاو دەبن بە سەید. (٧ ل ١٨٨)

هەموو ئەهلی حەقێک دەبێ باوکێکی ئایینی هەبێ کە پێی دەڵێن "پیر" یان "یاوەر" و هەموو کاتێک دەبێ لە بنەماڵەی سەیدان بێت (٧ ل ١٨٨) و ئەو کەسە نابێ ژن لە بنەماڵەی پیری خۆی بهێنێ. (وەکوو دابی باوکی دینی لە نێو مەسیحی دا و وەکوو برا و خۆشکی ئاخێرەت لە ناو ئیزەدی دا ـ بەسەرنج دان لەم دابە دەردەکەوێ کە ئەگەر کۆمەڵ یەک بنەماڵەی سەیدانی تێدا بێ، ئەوە ئەو بنەماڵەش لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ژن و ژنخوازیان نابێ و بۆ خۆیان دەبنە ئیندوگامی.

گوێزشکاندن دابێکە کە لەوێدا پیر بۆ منداڵ دیاری دەکرێ و منداڵ سەر بە ئەو دەسپێرێ. ئەم دابە بۆ ژنان بەڕێوە ناچێ. (٧ بڕوانە ل ١٩٣، ١٩٤) یانێ تەنیا پیاو لەم کۆمەڵەیەدا دەوری هەیە و کچ لە ژماردا نییە و بیەوێ و نەیەوێ بە ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵەکەی دا ناژمێردرێ.

سەرسپاردن و گوێز شکاندن لە پاش نووسی نامەی سەرئەنجامدا بۆ هەموو کەس لە نێر و مێ بە واجب دانراوە (٣٧ ل ٥٥٥) بەڵام لە بەشەکانی دیکەدا دژی ئەمە کوتراوە.

جەم کۆبوونەوەی کۆمەڵی کاکەییە. لە جەمخانەدا کە جێگای کۆبوونەوە بە مەبەستی ئایینی و کۆمەڵایەتییە و شوێنێکی پیرۆزە؛ ـ لەوێ گۆشت و نانی نەزرکراویش دەبێ هەبێ و بەش بکرێتەوە ـ لەوێ سەید و خەلیفە کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبەن. ژن ناتوانێ لە جەم دا بەشداری بکا. لەیەکەم جەمی سوڵتان ئیساقیش دا رەمزیار ڕێگا نادرێ و ئەو موستەفا دەکا بە وەکیلی خۆی (کوڕی پێنەگەیشتووش ناچێتە جەم) (٧ ل ١٩٩) ژنان بە ئیزنی مێردەکانیان دەتوانن لە پشتی جەم کۆ ببنەوە و عیبادەت بکەن. سەرەڕای ئەمەش بە وتەی گلمراد مرادی ژن و پیاو لە شایەتی داندا مافی وەک یەکیان هەیە.

### هاوسەری و زەماوەند

هاوسەرگرتن بە ئەمری واجب زانراوە و لە نامەی سەرئەنجام دا ئاوا باسی



کراوە. (٣٧ ل ٥٦٢)

رەم و میر دانی نە پشت و پایی
وە ئیزن بابو و رەزای مامایی
جەی هەر دوو تەرەف وینا رەتایی
وشایەتی جەم و ئەمر خودایی

ـ بە مێرد دانی کچ بەدەست باب و دایکە و قسەی ئاخر بە بابە.

ـ تەمەنی شوو کردن بۆ کچ ١٣ساڵ و بۆ کوڕ ١٤ ساڵ دانراوە، بەڵام دیارە یاسای ئەو دەوڵەتانەی ئەمانی تێدا دەژین دەبێ بەڕێوە بچێ، کە وەک دەزانین زۆر گوێ نادرێتێ. وا باوە ئەوکاتەی کە داواکار بۆ کچ دێ، بابی بانگی دەکا و پێی دەڵێ کە دایکت دیتوویە خۆت لە ئاوێنەدا تەواشا کردووە، ئەوە دیارە کاتی شوو کردنت هاتووە، کەوابوو ئەو شەو ماڵە فلانکەس دێن بۆ خوازبێنی.

ئەویش ئەگەر گوتی "هەرچی ئێوە پێتان باش بێ" یانێ ئەوە رەزای داوە. بەڵام ئەگەر گوتی من دەمەوێ یارمەتی دایکم بدەم و مێردم ناوێ و چوو ئاوێنەکەی شکاند، ئەوە یانێ رەزای لەسەر نییە و بیانوویەک بۆ داواکارەکە دێننەوە.

- کوڕ و کچ ئەگەر یەکیان خۆش بوێ تەگەرە ناخەنە سەر ڕێگایان. (٧ ل ٢٠٥)

- "کاکەیی کۆمەڵێکی ئیندوگامین و پیاوەکانیان ژن هەر لەناوخۆ دێنن. بەڵام نموونەی حاڵەتێکی پێچەوانە و سەرنج ڕاکێشمان بەدەستەوەیە. سەید فەتاح ئاغای کاکەیی لە ناوچەی کەرکوک کچی شێخێکی موسڵمان و سوننە (شێخ عەلی قەرەداخی) ی هێناوە؛ گوایە پیاوانی ئایینی ئەهلی هەق ڕێگەیان بەم سەیدە داوە ئەمە بکات بۆ ئەوەی خۆی لە داو و دەزگایکانی حکومەت نزیک کاتەوە. و بیان پارێزێ، بە حسێب ئەمە سەیـ.ێکی فاسیقە و لەگەڵ دستەی قومارچی و سەرخۆشان دا تێکەڵە. ڕێی تێدەچێ ئەمە وەکو تاکتیک، هەڵوێستی ئەهلی هەق بووبێ، بەڵام شێخی قەرەداخی ;بۆن کچی خۆی داوە بە یەکێکی کاکەیی! ئەمە شایانی لێ وردبوونەوەیە. بەهەرحاڵ، ئەمە نموونەیەکی دەگمەنە و لەویش دەگمەنتر پێچەوانەکەیەتی، نەبیستراوە کاکەییەک کچی خۆی دابێ بە موسڵمانێک". (٧ ل ٢٠٦، ٢٠٧) لە هەموو کۆمەڵێکـ دا کچ بە مەبەستی سیاسی بەکار هێنراوە و بۆ نیشانەی خزمایەتی و یەک گرتوویی سیاسی بە دیاری

ناردراوە. ئەم نموونەش نیشان دەدا کە مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر گرینگترە لە دوگمای ئایینی و لە ڕاستیدا ئەو دوگمانە بۆ پاراستنی ئەو مەبەستانە دانراون.

ـ ڕەدو کەوتنی کوڕ و کچ یەکێک لەو دابە هەرە کۆنانەیە کە لەنێو ئەمانیشدا زۆر باوە و ڕەنگە هەر لەکۆنەوە لەناو کوردەواریدا هەبووبێ و پێوەندی بە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەوە نەبووبێ. لەم کۆمەڵانەش دا ڕەدو کەوتن سزای هەیە و باسی سەرە، بەڵام ئەگەر توانیان خۆ ڕاگرن پاش ماوەیەک منداڵ دەکەوێتە نێوان و بە ناوجی کردنی پیر و ڕێش سپییان دەگەڕێنەوە هۆزی باب و باپیریان

ئەگەر ژن ڕەدو بکەوێ و گیریان بێنن ئەوە هەر دوو دەکوژن. ئەگەریش گیر نەهاتن ئەوە مێردی ژنەکە بەبێ مارەیی تەلاقی دەدا و کاری پەیدا کردن و کوشتن، بە بنەماڵەی باوانی کچە دەسپێرێ.

ـ شیر بایی دەدرێ بە دایک ، ئەویش خەڵاتی بۆ کچەکەی دەکڕێ و لەگەڵی دەخا. دیارە بە پێ دەڵەمەندی و فەقیری هەر دوولا شتەکە کەم و زیاد دەکا. ئەگەر شیربایییەکە لەباتی پارە و ئاژەڵ بە چەک و ئەسب و شتی وا بدرێ، ئەوە باب دەستی بەسەرا دەگرێ.

ـ مەسەلەی کچێنی و ناموس پەرستی هەر وەک لەنێو موسڵمانان‌دا زۆر توندە و ئەگەر کچێک بە مێرد درا و کچ نەبوو، ئەوە دەینێرنەوە ماڵی بابی و شیربایی و خەرجەکەش وەر دەگرنەوە و کچە سەرشۆڕ دەبێ. ئەگەریش مەسڵەت بکرێ و کچەکە نەنێرنەوە، ئەوە ڕۆژێکی خۆشی لەماڵی شوەکەی نابێ.

ـ تەنیا دارایی ژن لە ماڵی شوو هەر مارەییەکەی خۆیە. ئەگەر شتێکی دیکەش بۆ خۆی بەکاری خۆی پەیدا بکا، ئەویش هەر بۆ ماڵەکە دەبێ و لە کاتی جیا بوونەوەدا ئەگەر لەم بابەتەوە کێشەیەک بێتە گۆڕێ، ئەوە سەید یا پیر ناوبژێری دەکەن.

ـ چەند ژنی قەدەغە نییە، زۆر جار لە نێو دەستڕۆیشتوواندا حەرەم سەراش هەبووە، بەڵام بە گشتی هەر یەک ژن دێنن. هێندێ حاڵەتی لێ دەرچێ ـ ژنەکە نەساغ بێت یان منداڵی نەبێ، ئەوا ژنی بەسەر دێ. (٧ ل ٢٠٦،٢٠٧)



ـ ژن بە بە وێنەی خوان (سفرە) نێو بردراوە و ئەمر کراوە لە خوانی دیکە نەخورێ! ئەمە خۆی ئەمر بە زینا نەکردنە، بەڵام دیار نییە سزای زینا چییە؟ ئەگەر بە پێ ڕەدو کەوتن چاوی لێ بکرێ ئەوە سزای مەرگە.

نە خوان وێتان حەڵاڵ بوەردی
مەرزی وە هامسەر وێتان بکەردی
پەی خوان مەردم دستش نەوەردی
هەرکە نە خوان وێش گیرو نەردی
گەر دەو بیەرو خوان هامسایە
هەم نێعمەت و خوان مەبو زایعە (٣٧ ل ٥٦٢)

## تەلاق

تەلاق زۆر باو نەبووە و هیچ سنوورێکیش دانەنراوە بۆ ئەوەی پیاو نەتوانێ ژنەکەی خۆی مارە بکاتەوە.

لەڕاستیدا جیا بوونەوەی ژن و مێرد لە ناو کۆمەڵی ئەهلی هەق دا دیاردەیەکی دەگمەنە، بەڵام ئەگەر روویدا بە ڕەزامەندی هەر دوو لا بێت ( لە تەزکەرەی ئەعلادا هاتووە کە ئەو ژن و مێردەی لە زەماوەندەکەیاندا گوێز دەشکێنن نابێ لەیەک جیا ببنەوە. ) لە کاتی مارەبڕین دا بەشی ژن دیاری ناکرێ بۆ "ڕۆژی جیابوونەوە" وەکوو چۆن لای موسڵمانان " موخرد" هەیە. بەڵکو پیاوی ئەهلی هەق خۆی لەکاتی جیابوونەوەدا بەشی ژنەکەی دادەنێ. ئەمە ئەگەر ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات. ئەگەر پیاوەکەش داوا بکات ئەوا ژنەکە بەشی ئەو دیار دەکا [ئەمە یەکەم نموونەیە کە دەبیندرێ لە کۆمەڵێک دا ژن بەشی پیاو دیاری دەکا] هیچ یەکێکیان مافی ئەوەی نابێ زەماوەندێکی تر بکات. ئەگەر بەشی مێرد یان ژنی پێشووی خۆی لا مابێت. (٧ ل ٢٠٧)

کوڕ هەتا سێ ساڵ و کچ هەتا پێنج ساڵ لای دایکی دەمێنێتەوە [واتە منداڵ هی بابە] لەو ماوەیەش دا باب بژیوی دایکەکە دەدا.

## میرات

سەبارەت بە میرات، هەر ئەوەیە کە لە ئیسلام دا هاتووە، ئەمە کارتێکەری دینی حاکم لە ناوچەیە. گەرچی گیروگرفتەکان پیر و سەید جێ بە جێ دەکەن.

- کاتێک مێردی ژنێک دەمرێ برای شوەکەی ئەو ژنە دەخوازێ، بەو شەرتەی خۆی ژنی نەبێ.

- ژن هەتا مێردی نەکردووە کەفیلی منداڵەکانیەتی.

بە پێ ئەوەی باسمان کرد، لەو ئایینانەشدا کە زۆر کەس بە ئایینی رەسەنی کوردی دەزانن، ژن ئەوەندە بێ بەشە کە تەنانەت بەتەواوی مافە هەرە ناتەواوەکەشی دیاری نەکراوە و وایان داناوە بە پێ هەل و مەرج، هەرچۆنیان پێ خۆش بێ، لەگەڵی بجووڵێنەوە.

# بەشی شەشەم



دەسەڵاتی تورکان

## یاسای مەغول

لە ساڵی ٦٢٨هـ (١٢٣١زایینی)ەوە کە مەغولان گەیشتوونەتە ناوچە کوردنشینەکان و دیاربەکریان داگیرکردوە هەتا سەدەی بیستەم تورکان بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا زاڵ بوون.

هەولێر و موسڵ لە ٦٣٤هـ کەوتۆتە دەستی سوپای کوڕەکانی چەنگیز و لەماوەی دوازدە ساڵدا چەند جار دەست بەدەست کراوە. لە ساڵی ٦٥٦هـ دا مەغولان بەغدایان گرت و هەموو ئیمپراتۆری ئیسلام کەوتە ژێر ڕکێفیان. لە سەردەمی مەغول دا "ئایینی ئیسلام زۆر کز بوو و خەڵک ناچار بوون تا ڕادەیەکی زۆر پێرەوی "یاسا" [قانووی مەغولی] بن کە لە بەرانبەر قورئان دا دانرابوو. (٣٩ ل ١٢٨)

مەغولان بەوە بەناوبانگن کە بە هاسانی ئایینی دیکەیان وەرگرتووە. بەشێکیان بوون بە بوودایی، بەشێکیان بوون بە مەسیحی و بەشێک بوون بە موسڵمان. سەرەڕای ئەوەش داب و نەریتی عەشیرەتی خۆیانیان هەر ڕاگرتبووە. ئەم داب و نەریتانە، کۆمەڵە یاسایەک بوون کە قورڵتای (مەجلیسی گەورەی سەرۆک عەشیرەتەکان) داینابووە و هەر حوکمێکی تازەی دابا، لێی زیاد دەکرا. بەداخەوە دەقی ئەم کۆمەڵە یاسا نەماوە. گەرچی لە سەرچاوەکانی دیکەدا باسی بڕێک لە یاساکان کراوە، بەڵام زۆر بەزەحمەت دەکرێ چۆنیەتی ژیان و یاسای سەبارەت بە ژنان بدۆزرێتەوە، چوونکە مەغولان لە نووسراوەکانیاندا هێنانی نێوی ژنانیان بە شوورەیی زانیوە. بۆ وێنە کاتێک سوڵتان "غازی ئەبو یەزید" پادشای عوسمانی نامەی بۆ تەیموور نووسیوە. لە نامەکەیدا گوتوویە "ئەگەر بەرەو ڕووت نەیەمەوە ژنەکانم سێ تەڵاقە دەدەم." کاتێک ئەو نامە دەگاتە تەیموور، سوڵتان بە شێت دەزانێ. لەبەر ئەوەی کە نێوی ژنانی لە نامەکەیدا هێناوە. "نێو بردنی ژن بەلای ئەوانەوە گەورەترین شوورەیی و لەگوناهە گەورەکان بوو تا ئەو ڕادەیە کە نێوی ژنانیان بە زماندا نەدەهات و هەرکات ژنێکیان کچی بەدنیا هێنابایە، دەیانگرت

پەردەنشینێکی زاوە" ( ٤٠ ل ١٧٦ )(ئەم دابە هێشتاش تا ڕادەیەک لە نێو ئێمەدا ماوەتەوە.)

دینی مەغولان پڕ بووە لە ئاکاری سێحر و جادو و خورافە. فتیشیسم یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەم دینە بووە. دەخیل بەستنەوە بە دار و بەرد و چاکە و کانیە ناوی پیرۆز و... شتی وا، لە ناویاندا زۆر بووە. کە لەلای ئێمەش زۆرن. هەر بەوەدا دەکرێ بزانین کە زۆر لە داب و یاساکانیان لە نێو ئێمەدا ماوەتەوە. چوونکە دووسەد ساڵ بەسەرماندا زاڵ بوون و کەس نەیوێراوە بە دژی داب و نەریتی ئەوان بجووڵێتەوە. ئێمە هێندێک لە یاسا و نەریتەکانیان دەگێڕینەوە و خوێنەر بۆ خۆی دەتوانێ بە پێ ئەو یاسانەی تا ئێستا کردوومانە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵی کوردەواریدا بدۆزێتەوە.

ـ ئەندامانی عەشیرەتەکان یەکێتییەکیان هەبووە کە پێی گوتراوە " قودا ". هیندێ کات گۆڕینەوەی کچان لە نێوان دوو عەشیرەتدا بۆ سەلماندنی یەکێتی باو بووە. (بەکاربردنی کچ بۆ مەبەستی سیاسی)

ـ چەند ژنی شتێکی زۆر ئاسایی بووە، بەڵام ژنی یەکەم هەموو کاتێک وەکوو گەورەی ژنەکانی دیکە چاوی لێیکراوە.

ـ یاسای چەنگیز دەڵێ: "کاتێک پیاوان دەچن بۆ شەڕ، ئەو ژنانەی کە لە ئوردودا دەمێننەوە، کاری پیاوەکانیش بە ئەستۆ دەگرن."

ـ ژنانی عەشیرەت بۆ خۆیان خاوەنی سامانی وەکوو ئاژەڵ و خێوەت و ئەڕابە و شتی نێوماڵ بوون.

ـ "مارکۆپۆلو" دەڵێ: ژنانی مەغول لە کڕین و فرۆشتنی پێداویستەکانی ماڵ و شووەکەیاندا سەربەستن" بە وتەی ڕوبرک: "هەموو کارەکانی نێوماڵ لە مەڕدۆشینەوە هەتا جل دورین و کەوشدۆزی و ئەوگ چێکردن لە ئەستۆی ژنانە".

ـ ئەم بابەتە ڕوونە کە لە نێو مەغولاندا دابێک هەبووە بەم شێوە کە کاتێک کەسێک دەمرد، ژنەکەیان دەدا بە براکەی. بۆ وێنە "ئالان قوا" پاش مردنی مێردەکەی سێ منداڵی دیکەی بە دنیا هێناوە.

ـ ئەو بێوە ژنانەی کە منداڵی چووکیان هەبا، هەتا گەورە بوونی منداڵەکانیان



مێردی دیکەیان نەدەکرد، خاوەن دەسەڵاتی بێ ئەم لاوئەولای ماڵ بوون و هەموو ماف و دەسەڵاتی مێردەکەیان پێ دەبڕا.

ـ لەکاتی ئیمپراتۆری مەغولدا، بێوەژنان "تیول" (موڵکێک کە لە باتی خزمەت دەدرێ) یان پێدەدرا و فەرماندەری سوپای کوڕەکانیان بە ئەستۆ دەگرت. ژنەکانی ئیمپراتۆرەکان و سەرۆک عەشیرەکان، پاش مردنی شووەکانیان، دەبوون بە جێگر و خاوەن تیول. (٤١ ل ٨٠ ـ ٩٤)

ـ بەدیل گرتنی ژنان لە شەڕدا لە نێو مەغولانیشدا وەکوو لە نێو عەرەباندا باو بووە، ژن و ئاژەڵ وەکوو دەستکەوت چاولێکراون.

ـ ژنانی بەدیل گیراویان وەکوو ماڵ و موڵک دەبەخشی. چەنگیز خان بە قورچی دەڵێ: " لە بابەت ئەو خزمەتەی بە منت کردووە، دەتوانی سی ژنی جوان لەنێو ئەوانەی کە شکستمان داون هەڵبژێری." (٤١ ل ١٧٥)

ـ کچ و بێوە ژن جگە لە خەڵاتییەکەیان، هیچی دیکەیان [لە میرات] پێ نەدەبڕا.

ـ لە نێو بنەماڵەی مەغولدا، دایک قورساییەکی تایبەتی هەبووە و پاش مردنی باب لە کاتی نێوان ناخۆشی و دووبەرەکی کوڕاکانیدا، دایک سەرپشک بووە. (٤١ ل ٢٧٤،٢٧٥)

ـ یاسای مەغولان سەبارەت بە زینای موحەسنە و قەتڵی مەغولێکی دیکە و بەجێ نەهێنانی هیندێ داب و نەریتی دیکە وەکوو دابی تایبەتی ئاژەڵ سەربڕین و خۆ شوشتن، مەرگ بووە. ( ٤٢ ل ٣٧٨)

ـ کچ میراتی لە دایک دەبرد. روبرک دەڵێ: "سیرینا" کچی منگۆ کە لە ژنە مەسیحییەکەی بوو، بەجێ ماوی دایکی بە میرات برد. (٤٢ ل ٣٨٩)

ـ کچ دەکڕدرا. [مەبەست مارەییەکە بە نەخت دراوە. لە نێو تورکەمەنەکاندا ئێستاش هەر وایە] بوک پاش مارەکردن بە ساز و دهوڵ لێدان دەگوێزرایەوە ماڵی شوو. [وەکوو ئەورۆی خۆمان] کچ دەبوا بە تەمەنێکی دیاری کراو گەیشتبا هەتا بتوانێ مێرد بکا. [تەمەنەکە دیاری نەکراوە]

ـ ژن پاش مێردکردن دەبوو بە ئەندامی بنەماڵەی مێردەکەی و پاش مردنی

مێردەکەی، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بنەماڵەی باوان، یان دەبوو بە ژنی برای مێردەکەی، یان دەبوو بە ژنی یەکێک لە کوڕەکانی مێردەکەی کە لە ژنێکی دیکە بوو. بنەماڵە، دەیانتوانی ژنی کەسە مردووەکەیان، وەکوو یەکێک لە ژنەکانی بنەماڵەی خۆیان بە مێرد بدەن بە بنەماڵەیەکی دیکە. ئەگەر ژن بەتەمەن بایە، لە ماڵێ دادەنیشت و خزمەتی نێوماڵی دەکرد.

ـ پیاو هەر چەندەی توانیبا ژنی دەهێنا و سنووری نەبوو. ئەوان دەیانتوانی بە کەیفی خۆیان بچنە لای ژنەکانیان، یان نەچنە لایان. ئەوانەی کە لەلای شوویان خۆشەویست بوون، منداڵەکانیشیان خۆشەویست بوون.

ـ دایک، خۆشکی حەق و دا و کچ مەحرەم بوون بۆ پیاو. خۆشکێک کە لە دایک یا باپێکی دیکە با، دەکرا بخوازرێ. پاش موسڵمان بوونی مەغولان، شەریعەتی ئیسلام سەبارەت بە سنووری مەحرەمان، جێ یاسای مەغولی گرتەوە.

ـ نێوزەد کردنی منداڵان باو بووە و ئەگەر منداڵەکەش مردبا هێشتا ئەو دوو بنەماڵە خۆیان بە خزمی یەکتر دەزانی.

ـ ژنی تەڵاق دراو لە لایەن مێردەکەیەوە پارەیەکی پێدەدرا.

ـ فەرمانڕواکان هەر ژنێکیان ویستبا دەبوا پێیان بدەن.

ـ ژنانی مەغول لانی کەم هەتا ئاخری سەدەی حەوتی هێجری بێ حیجاب بوون.

ـ ژنان دەیانتوانی دارایی خۆیان بە یەیکی دیکە ببەخشن.

ـ بەشێک لە دەستکەوتی شەڕ دەدرا بە ژنان.

ـ ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا بەشدارییان دەکرد. ژنی فەرمانڕواکان تەنانەت باڵوێزی بێگانەشیان میوان دەکرد.

ـ ئەگەر بوونی ژنێک لە ئوردودا پێویست نەبا، دەیتوانی بچێ بۆ شەڕ.

ـ ژن جگە لە بەخێوکردنی منداڵان، ڕاگرتن و ئامادە کردنی کەرەسەی شەڕی پیاوەکەشی بە ئەستۆ بوو.

ـ جادو کردن، کوشتنی شوو و هەموو ئەو تاوانانەی کە سزایان مەرگ بوو، بۆ



ژنیش بەجێ دەهێنرا و شێوەی کوشتنی ژنان، خنکاندن لە ئاودا بووە. (٤٢ ل ٣٧٩،٣٩)

ـ لەکاتی مردنی پیاودا خۆشەویستترین ژنەکەیان بە زیندوویی لەگەڵی دەناشت هەتا لەو دنیا پێکەوە بن. کاتێک چەنگیزخان، مرد، چل کچ لە کچانی خانەکانی پایەبەرزیان ڕازاندەوە و لەگەڵی ناشتیان. (٣٩ ل ٣٢ ـ ٣٥)

***

## عوسمانی و ئێران

دوای کشانەوەی مەغولان و تێک چوونی ئەو دەسەڵاتە مەزنە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەورانێکی خان خانی و هەرکەس بۆ خۆی هاتە کایەوە کە سەرەتای پێک هاتنی دەورانی دەرەبەگایەتی ـ بە شێوەی ڕۆژهەڵاتی ـ لە مەڵبەندەکانی کوردەواریدایە. ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ کە ـ وەکوو خەسڵەتی ئەم ناوچەیە ـ خاوەنی سمێڵ قیتی بۆ پەیدا دەبێ و لایەکی تورکەکانی عوسمانی (١٩٠٩ ـ ١٢٥٠زایینی) داگیری دەکەن و لایەکی دیکەی تورکەکانی سەفەوی (١٧٣٤ ـ ١١٤٨زایینی).

لەم دەورەدا هەرچی خان و دەرەبەگ و میری کوردە لە مەروانییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە بابان و ئەردەڵان وەک نیکیتین بۆی چووە، وردبوونەوە لە چۆنیەتییان نیشان دەدا لەو دەورانەدا "جگە لەوەی کە ئەسڵ و بنچینەی سەرۆکەکان کورد بوون، هیچ جیاوازیەکی دیکەیان لەگەڵ باقی ئەمیرنشینەکانی موسڵمان دا نەبووە و گەڕان بەدوی تایبەتییەکی کوردی دا بێ خۆیە" (٤٣ ل ٣٨٨). واتە ئەوە پێوانەی زەمانە کە پێوەندییەکان و یاسا داسەپاوەکان دیاری دەکا، نەک کورد بوون یا نەبوونی فلانە سوڵتان و ئەمیر و دەرەبەگ.

گەرچی عوسمانی و سەفەوی لەباری ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و بڕوای ئایینی و هەل و مەرجی مێژووییەوە، جیاوزیبەکی تایبەتییان لەباسەکەی ئێمەدا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو دەسەڵاتی بە تەواوی جیاواز بوون و دایمە شەڕیان پێکەوە هەبووە و شەڕەکانیشیان لە کوردستاندا کردووە و پێڕەوی دوو شەریعەتی جیاواز بوون، دوو دیمەنی جیاوزیان هەیە. بۆیە وا بە باش دەزانین باسەکە بکەین بە دوو

بەشی جیاوازەوە و لە ژێر دوو سەردێڕی عوسمانی و ئێراندا دابەشیان بکەین.

## ئیمپراتۆری عوسمانی

بە پێی "پەیمانی کورد و عوسمانی، شازدە ئەمارەتی گەورە و بچووک و پازدە سنجاق (حوکومەت)ی بۆ کوردان بە ڕەسمی ناسی بوو. ئەم میر و بەگانە سەربەخۆیی تەواویان لەناوچەی خۆیان هەبوو و سکەیان لێ دەدا و خوتبە بە نێویان دەخوێنرا. بەڵام لە کاتی شەڕدا دەبووا هێز بەرن بۆ یارمەتی سوڵتان و شان بە شانی شەڕ بکەن. هیچ کاتێکیش سنووری ژێر دەسەڵاتی خۆیان نەگۆڕن. یانێ نەچنە سەر میرنشینێکی دیکە و دژی سوڵتانیش نەجووڵێنەوە. ..."(٤٤ ل ٥٢)

عوسمانییەکان بە بنەچەکە تورکەمەن بوون و لە سەرەتادا شێوە ژیانێکی مەغولییانەیان هەبووە کە پێشتر باسمان کردووە. تەنیا شتێک کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە ئەمانە زیاتر لەگەڵ موسڵمانیەتی تێکەڵاو ببوون و بە گشتی یاساکانی ئیسلامیان لەبەرچاو بوزە و بەڕێیانەوە بردووە. نەدەکرا بەسەر وڵاتی ئیسلامدا حوکم بکەن و ئایینەکەیان لەبەرچاو نەگرن. ئەوەشمان لەبەرچاوبێ کە ئیسلام لەم دەورەدا دیمەنێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتبوو و لە دیمەنی تاڕادەیەک کۆیلەداری و نیوە کۆیلەداری هاتبووە دەرێ و زیاتر دیمەنی دەرەبەگایەتی ڕۆژهەڵاتی بەخۆیەوە گرتبوو. بۆ وێنە کاتێک دیلیان لە مەسیحییەکان دەگرت وەکوو پێشوو نەیاندەفرۆشتن، بەڵکوو دەکران بە سەرباز و تالیمی ئیسلامی و تورکی دەدران. سەبارەت بە مافی ژن گۆڕانکارییەکی زۆر بەرچاوی نەکردبوو بەڵکوو نابەرانبەرییەکان زیاتر جێ کەوتبوو.

لەبەرچاوگرتنی ئایینی خەڵک لە لای عوسمانییەکان، زیاتر لەو بارەوە گرینگە کە ئەوان بەسەر بەشێک لەوڵاتی مەسیحیش دا حوکمیان دەکرد و ئەویشیان لەبەرچاو بوو. بۆ وێنە ژنی مەسیحی لە خەڵوەتی سوڵتانەکاندا زۆر بوون. دایکی عزالدینی دووهەم کچی شازادەیەکی یۆنانی بوو و دەڵێن عزالدین بۆ خۆشی بە نهێنی ببوو بە مەسیحی. دایکی مورادی یەکەم و بایەزیدی یەکەم لە مەسیحییەکانی یۆنان بوون. یەکێک لە ژنەکانی موراد شازادە خاتوونێکی بولغاری بوو بە نێو تامارا و یەیکی دیکەیان شازادە خاتوونێکی بیزانسی بوو بە



نێو هێلێنا. سوڵتان بایەزید کچی شازادەیەکی سربی هێنا بە نێو دسپینا و... ئەمانە چاودێرییان بەسەر تەشریفاتی دەرباردا هەبوو (٤٥ ل ٥٨،٥٩) دیارە کە ئەم ژنانە پاش داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە لەبەر پێوەندی سیاسی هێنراوبوون. ئەوەش دەزانین کاتێک قازانجی دەسەڵات لەبەیندا بێ، موسڵمان و مەسیحی بوون زۆر گرینگ نییە. گرینگ ڕاگرتنی قازانجەکەیە. بەڵام نابێ لەبیر بکەین کە بوونی ئەم ژنانە و هاوسێیەتی عوسمانی و بیزانس، وەکوو ناوەندی بەهێزی مەسیحییەت، لەو کاتەدا هیچ بایەخێکی لەباری پێشکەوتوویی مافی ژنانەوە نەبووە. بە تایبەت کە دەزانین هەر لەو کاتەدا (سەدەکانی نێوەڕاست) لە وڵاتە مەسیحییەکانیشدا ژنان لەباری کۆمەڵایەتییەوە زۆر زیاتر لە ژنانی موسڵمان لەژێر تەوژمی پیاوسالاری ڕەشی کلیسادا بوون و هەر ژنێک زاری بە زانین کراباوە، بە نێوی ژنە جادو دەیان سووتاند. جیاوازییەکە دواتر لە سەدەی نوزدە و بیست دا پەیدا دەبێ، لە نێوان دوو بەرەی عوسمانی و سەفەویش دا ئەم جیاوازییە لە ئاخرەکانی ئەم دەورانەدا زۆر بەرچاو دەبێ. زەمینەی ئەم گۆڕانکارییانە لەو ڕەوتە مێژوویییەدایە کە ئەمە بەتەمایین چاوێکی پێدا بخشێنین. هەرچۆنێک بێ ئەم دڵ ڕاگرتنەی مەسیحییان لە دەورەی دووهەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا کە لە ١٤١٣ەوە دەست پێدەکا ڕوو لە کورتی دەکا و ژن و مشاوێرە مەسیحییەکان لە دەربار وەدەردەنرێن و بە گرتنی قوستەنتەنییە (ئێستامبۆلی ئێستا) پێتەختی مەسیحییەکان لە ١٤٥٣ لەکاتی سوڵتان مەحەمەدی دووهەمدا، بەتەواوی کۆتایی پێدێ.

بۆ گۆڕانی ئەو یاسایانەی کە ئەو هەموو ساڵە بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بووە، گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی پێویست بوو کە کاری شەوێک و دووان نەبوو، بە تایبەت کە دەسەڵات بەدەست هەمان دەسەڵاتدارەوە مابوو. بۆیە دەبێ بە وردی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵی ئەودەم بخرێتە بەرچاو هەتا بزانین ئەوەی ئەوڕۆ لەبەردەستمان دایە لەکوێیەوە هاتووە و چ زەمینەیەک بۆ گۆڕانی پێویستە.

سێ یاسای گۆڕانکاری(ڕفۆرمیستی) سوڵتان مرحەمەدی دووهەم، کە یەکێک لە (١٤٥١-١٤٨١) یەکێک لە (١٤٥٣-١٤٧٧) و سێیەمیان لە ١٤٨٠ دەرچوون (٤٦ ل ١١٨) بوو بە هۆی ئەوە کە داب و نەریتە جیاجیاکانی

هۆز و تایفە جۆربەجۆرەکان یەک کاسە بکرێتەوە و هەموو دەسەڵاتی ئیمپراتۆری بە یەک شێوە بجووڵێتەوە. ئەمە زەمینەیەکی دروست کرد بۆ یەکگرتووی ئایین و هێزی سوپایی، کە ئەم یەکگرتنە بۆ خۆی بوو بە زەمینەی پێک هاتنی هەستی یەکگرتوو (نەتەوایەتی )لە سەدەکانی دواتردا. بەڵام لەم کاتەدا بەر لە هەموو شتێک خۆ لە خۆیدا بە مانای ئەستاندنەوەی دەسەڵات لە خەلیفەکانی ئایینی ئیسلام و جارێکی دیکە یەک کاسەکردنەوەی دەسەڵاتی ئایین و حوکومەتە. ئیتر ئەوە ڕێبەری ئایینی نەبوو کە دەسەڵاتی دنیاییشی بەدەستەوە بوو بەڵکوو ئەوە دەسەڵاتداری دنیایی بوو کە بەڕێوەبەری ئایینیشی دەکرد. سوڵتان ببوو بە خەلیفەی ئیسلامیش. (وەکوو پاشاکانی ساسانی) دەکرێ بڵێین ئەمە سەرەتای تەواو بوونی خان خانی و ناوەندی کردنی دەسەڵاتە، کە یەکسەر کاری کردۆتە سەر دەرەبەگ و عەشیرەتەکانی کوردیش.

لە سەردەمی سلێمانی یەکەم (١٥٢٠-١٥٦٦) نیزامێکی دادیاری دانرا بە نێوی "عورفی سوڵتانی" (٤٥ ل ٢٠٨)و پێشی سەرەڕۆیی خان و میر و بەگ و مفتی یەکانی تا ڕادەیەک دەگرت، بەڵام ئەم نیزامەش وەکوو یاساکانی موحەممەدی دووهەم نەگەیشتە نێو بنەماڵە و کاری شەرع و هەر لە سنووری دەربار و سوپا تێ نەپەڕی و شەرع هەر بەدەست عولەمای شەرعەوە بوو کە بە ڕەسمی شەریعەتی حەنەفی یان بەڕێوە دەبرد. (٤٥ ل ٢٣٨)

لە کۆمەڵی سەردەمی عوسمانیدا ـ هەر وەکوو پێشتر لە خەلافەتی ئەمەوی و عەبباسی دا و هەر وەکوو جێگاکانی دیکە ـ ئایین تەنیا ڕوانگە و بیر و باوەڕی تاکەکەس یان گروپێک ، لە پێوەندی لەگەڵ خودا و چۆنیەتی ئینساندا، نەبوو بەڵکوو نەزمێکی دیاریکراو بوو لە چالاکی مرۆڤ و جێگای کۆمەڵایەتی تاکەکەس لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا. شێوەی قسەکردن، ئاکار و تەنانەت کار و پیشە. هاوسەرگرتن، کڕین و فرۆشتن، میرات و... هەموو دابێکی تایبەتی دەبوو لەگەڵ یاساکانی ئایینیدا ڕێک بکەون. لەولاشەوە هەر ئەم یاسایانە ڕێگایان بە زۆرشت دەدا کە بە شێوەی ئاسایی لە داب و نەریتدا نەدەگونجا. بۆیە ناسینی چۆنیەتی ڕێک خستنی ئەوانە پێکەوە، دەبوو بە زانستێک کە هەر کەس چاکتری لێ زانیبا پلەی کۆمەڵایەتی لەسەرەوەتر دەبوو. بە نموونە. دانانی خەڵوەتی و



ڕاگرتنی سەدان ژن بۆ یەک تاکە پیاو لە قووڵایی پێداویستییەکانی کۆمەڵەوە هەڵنەقوڵابووە، بەڵام یاسای کۆیلەداری کە بە شێوەی ڕاگرتنی جاریە لە ئیسلام دا هاتووە، ئەو ئیجازەی بۆ ڕەخساندوون. دام و دەزگای خەڵوەتی ژنانی سوڵتان ئەوەندە بەربڵاو و پڕ تەشریفات بووە کە بەرپرسایەتی حەرەم کە پێی دەگوترا "دارالسعادە" ئەوەندە گرنگ بوو کە "لە هەموو عوسمانی دا دوای سوڵتان دووکەس پلەیان لە بەرپرسی دارالسعادە سەرتر بوو. سەرۆک وەزیران و شێخ الاسلام". (٤٥ ل ٢٠٨) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی ژنانی ئەم سەردەمە لە کوردەواریدا، بڕوانە وتاری «دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانیدا » (پاشکۆی هەر ئەم کتێبە)

ڕەوتی ناوەندی کردنی دەسەڵات لە کوردەواریشدا هەر بەم شێوە بووە. میر و خانە کوردەکان ئەساسی نیزامی بنەماڵە (ژانتیلیس) یان تێک داوە و دەسەڵاتیان کۆ کردۆتەوە لە بنەماڵەی خۆیاندا. هەر میرێک چەند عەشیرەتی لەژێر ڕکێفی خۆی دانابووە. ڕاست ئەو کارەی کە عوسمانی و سەفەوی بە نۆبەی خۆیان کردویانە و دەسەڵاتیان لە میرەکان ئەستاندوە و لەدەست خۆیاندا کۆیان کردۆتەوە (٤٥ ل ٣٩٩) ئەم ناوەندی کردنە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە ڕەوتێکی مێژووە کە بۆ سەرکەوتنی چینی تازە پێکەییشتووی سەرمایەدار پێویستە و ئەو چینەیە کە دواترکەڵکی لێی وەردەگرێ ولە ئاخرەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمدا دەبێتە ڕێ خۆشکەری هێندێ ئازادی (هەرچەند ناتەواو).

کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی عوسمانیدا بە پەرە پێدانی ژیانی شارستانی و بڵاوبوونەوەی بیری ڕووناکبیرییەوە دەست پێدەکات. بۆ نموونە یەکەم ڕۆژنامە لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە ١٨٢٩ (سەردەمی مەحموودی دووهەم ١٨٠٨-١٨٣٩) لە پێنج هەزار نوسخەدا لەچاپ درا، بە نێوی "ڕۆژژمێری ڕووداوەکان"، کە زیاتر فەرمان و هەواڵەکانی دەرباری بڵاو دەکردەوە و حەوتوویەک ژمارەیەک دەردەهات. (٤٦ ل ٧٨) بە گشتی سەردەمی مەحموودی دووهەم دەورەی پێک هاتنی زەمینەی دەسەڵاتی بورژوازی و گۆڕانکاری ژیانی شارستانییە، چ لە باری لەشکری، چ لەباری باج و زەکاتەوە و چ لەباری دامەزرانی دەزگای ئیداری و دەوڵەتییەوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ئەوەندە نەبوو کە بکرێ نێوی بەرنامەیەکی

دیاریکراوی ئامانج داری لێی بنێن. چوونکە هێشتا هەموو نیزامی فێرکردن و بارهێنان هێشتا لەدەست مەلا و مەدرەسە ئایینییەکاندا بوون. مەحموود نەیتوانی دەست لەوانە بدا. بەڵام تێکۆشا کە هاوشان لەگەڵ ئەوەدا مەدرەسەی غەیرە ئایینی دابنێ بۆ بەشی سەنعەت و لەشکر. لەوانە مەدرەسەی موهەندسی دەریایی، موهەندسی لەشکری و مەدرەسەی دوکتوری، کە لە هەر دەورەخوێندنێک دا هەزار قوتابییان وەردەگرت. هەر لەو کاتەدا بۆ پەروەردە کردنی مامۆستای ئەم مەدرەسانە لاوەکانیان بەرێ دەکرد بۆ ئۆروپا. (٤٦ ل ٩٨) کەواتە پێوەندی لەگەڵ ئۆروپا هەبووە و ئەم سەردەمە کاتێکە کە شۆڕشی بۆرژوازی فەرانسە بە ئاکام گەیشتووە. بەڵام ئەم پێوەندییانە نەگەییشتە باری گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵ، گەرچی ئەگەریش گەییشتبا، دەزانین کە ژنان لە سەرکەوتنەکانی ئەو کاتەی بۆرژوازی ئۆروپاش دا هەر بێبەش بوون.

گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە بەشەکانی دیکەی ژیانیشی دەگرتەوە بۆ وێنە لەساڵی ١٨٢٩دا فینە لەسەر دانان و کۆت شواڵی ئۆرووپی لەبەرکردن بۆ هەموو ئەوانەی لە دەزگاکانی دەوڵەتی دا بوون ئیجباری کرا و عابا و مێزەر هەر بۆ ئایینییەکان مایەوە (٤٦ ل ٩٩) گەرچی بەشی ژنان هەر پێچە و ڕووبەندە بوو.

گۆڕانکارییەکان لە سەردەمی عەبدوالمجیدی یەکەمیش (١٨٣٩-١٨٦٠) دا هەر درێژەی هەبوو کە زیاتر بەدەست موستەفا ڕەشید، ڕێبەری جووڵانەوەی "لایەنگرانی گۆڕانکاری" کرا. ئەو لەم دەورەدا شەش جار بوو بە سەرۆک وەزیر و بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پشتگیری لە سەرمایەداری دەکرد. لە ساڵی ١٨٣٨دا پارلەمانی "ئەحکامی عەدلیە" جێگای پارلەمانی "باب عالی" گرتەوە. بە پێ فەرمانێک لەلایەن سوڵتانەوە کە بە "فەرمانی گوڵخانە" بەناوبانگە، ئەم پارلەمانە و هێندێ یاسای تازە هاتەگۆڕێ. ئەم یاسایانە دەسەڵاتی سوڵتانی کەم نەدەکردەوە، بەڵام سوڵتان بەڵێنی دابوو کە پشت لەیاساکان نەکا. (٤٦ ل ١١٤-١١٨) بەپێ بڕیاری تازە، بڕێک لە دەسەڵاتی شێخ الاسلامەکان کەم دەبۆوە کە پێشتر هەموو هەست و نیستی سوڵتان و خەڵکیان لەژێر فتوادا بوو. بەڵام ئەم فەرمانە هەتا کوردەواری بڕی نەکرد، کە لە ژێر ڕکێفی کەیفی شێخەکاندا بوو.

ئەگەر زانیمان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ خوێندەواری یەکێک لە مەرجە



بنەڕەتییەکانە، دەزانین کە ئەوە بێ دانانی مەکتەب و مەدرەسەی شێوە مۆدێرن، پێک نایێ. لەبەر ئەم گرنگییە بۆ پشکنینی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان چاوخشاندنێک بە چۆنیەتی دانانی مەدرەسەکانی سەردەمی عوسمانیدا بە پێویست دەزانین.

لە ١٨٤٨مەدرەسەکانی "روشدیە" دانرا، کە کوڕانی ١٠ تا ١٥ ساڵ لەوێ دەیان خوێند. ئەم قوتابییانە دواتر دەچوونە مەدرەسە پێشەییەکان کە باسمان کرد. لە ١٨٥٥ دا، ٦٠ مەدرەسەی ڕوشدیە هەبووکە ساڵانە ٣٣٧١ قوتابییان هەبوو. هەر لەو کاتەدا مەدرەسە ئایینییەکان ١٦٧٥٢ تەڵەبەیان هەبوو و مەدرەسەکانی غەیرە موسڵمان ١٩٣٤٨ قوتابی کچ و کوڕیان هەبووە. (٤٦ ل ١٩١) واتە مەدرەسە غەیرە ئایینییەکانی موسڵمانان لەم کاتەدا کچیان وەرنەگرتووە. چل ساڵ دواتر لە ١٨٩٥دا لە ٩٢٤١٧٥ کچ کە لە تەمەنی مەدرەسە دا بوون ٧٧٧٤٠ کچ لە مەدرەسەکانی موسڵماناندا دەرسیان خوێندووە و ٣٥٠ کەس لە دانشسرای ژنان (دارلعلمات) خەریک فێربوونی مامۆستایی بوون. دیار نییە کە ئەم ژمارانە چەندی هی پێتەختە و چەندی هی شارەکانی دیکەیە، بەڵام یەک شت ڕوونە کە لەو سەردەمە دا (ئاخرەکانی سەدەی ١٩) لە کوردستان ناشێ مەدرەسەی غەیرە ئایینی هەبووبێ، ئەگەریش بووبێ بۆ کچان نەبووە. "هانری بایندر" کە هەر لەو کاتەدا سەفەری بۆ کوردستان کردووە، دەنووسێ: لە مووسڵ کچە موسڵمانەکان (دیارە ئەوانەی کە زۆر دەست ڕۆیشوو بوون) دەچوونە فێرگەی مەسیحی دەیان خوێند، بەڵام زۆربەیان لە دە ساڵەییدا شوویان دەکرد و فێرگەیان بە جێ دەهێشت. (٤٧ ل ٢٦٦)

دانانی کارگە و کارخانە و پەرەسەندنی سەرمایە، بوو بە هۆی پێک هاتنی چینێک لە دوکاندار و معاملەچی و پێشەکار و سەڕاف لە شارەکاندا. پێک هاتنی ئەم چینە تازەیە لە تەنشتی فێرگەکاندا و هاوکات لەگەڵ ئەمانە بڵاو بونەوەی نزیک بە دە ڕۆژنامە و لە چاپ دانی سەدان کتێب و بەرێ کەوتنی شانۆگەری عوسمانی، زەمینەیەک بوو کە تورکەکانی لاو (ینی عثمانلی لر) تێیدا پەروەردە بوون. دانانی نیزامی مەشروتە(دەستوری) لە ١٨٧٦ کە یەکەم جار تەمەنی تەنیا ساڵێک بوو و دواتر لە ١٩٠٨دا دانرایەوە، ئاکامی کار و تێکۆشانی ئەم لاوانە بوو.

لە بەندی نۆهەمی یاسای ئەساسی ( ١٨٧٦ )دا هاتووە کە هەموو کەسێک ئازادی فەردی هەیە. ئەمە یەکەم سەنەدی ئازادی مرۆڤی ژێردەستی عوسمانییە. بەڵام نەگوتراوە کە ئەمە ژنانیش دەگرێتەوە یان نە. چوونکە باقی بەندەکان بە پێ یاسای ئیسلام حوکم دەکا.

لەبیرمان نەچێ زۆر یاسا و بەڵگەنامەی مێژوویی (بۆ وێنە بەڵگەنامەی مافی مرۆڤی شۆڕشی فەرانسە) کاتێ باسی "مرۆڤ" دەکەن مەبەستیان هەموو کەس نییە. لە یاسای ئەودەمی فەرانسەدا، ژنان و کۆیلە و خەڵکی بندەست باسیان وەکوو ماڵ و موڵک دەکرێ. کەوابوو وشەی مرۆڤ ئەوان ناگرێتەوە و تەنیا بەرەوڕووی پیاوانی ئازادی ئورووپی دەبێتەوە. لە یاسای ناپلئون دا لە لایەکەوە باسی ئازادی مرۆڤ دەکرێ، لە لایەکی دیکەوە ژن وەکوو دیارییەک دەدرێ بە پیاو.

لە ١٩٠٦ کۆمەڵەی "وەتەن و ئازادی" پێک هات و پاشان کومیتەی "یەکگرتن و پێشکەوتن". ئەمانە داوای بەڕێوەچوونی یاسای ئەساسی یان دەکرد. هەر لەم سەروبەندەدایە کە کلوبەکانی کوردی پێک دێن و بلاوکراوە بە زمانی کوردی دەردەچێ.

لە کۆنگرەی دووهەمی یەکگرتن و پێشکەوتن (اتحاد و ترقی)دا. داوای وەلانانی سوڵتان دەکرێ(٤٦ ل ٤٥٢)

لە ١٩٠٧ شۆڕش هەموو وڵاتی داگرت کە بوو بە هۆی بانگ کردنەوەی پارلەمان لە ١٩٠٨دا. ئەمجارە پارلەمان دەستی سوڵتانی لە قانوون کورت کردەوە . بەرانبەرکێ هێزی کۆن (سوڵتان و ئیسلامییەکان) لە لایەک و هێزی نوێ (یەک گرتن و پێشکەوتن) لە لایەکی دیکەوە، ئاکامی ئەوە بوو کە لە ١٩٠٩دا سوڵتان خەلع کرا و لە ئەستەمبۆڵ وەدەر نرا.(٤٦ ل ٤٧٦) دوایە هەر هێزێک لەلایەکەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و هاوکات هەوڵ دەدرا یاسای ئەساسی بگۆڕدرێ. بەڵام گۆڕانکارییەکی وەهای تێیدا نەکرا، جگە لە جێگیرکردنی زیاتری سەرمایە و ڕوون کردنەوەی بەشی سەرمایەدار لە وڵات دا. هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات و ئاخرین پرتە لە نیزامی کۆن بڕا.

ئێمە باسی بیروباوەڕ و چۆنیەتی داوخوازەکانی بزووتنەوەکانی کوردی دێڵینەوە بۆ باسێکی تایبەتی، بەڵام لێرە دەبێ شتێک دەست نیشان بکەین،



ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بزووتنەوەکانی میللی و پێشکەوتن خواز لە ناوەندی عوسمانی دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاکە، لە کوردەواریدا بزووتنەوەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵەکە. بە تایبەت چوونکە شکستی بەشاندا دێ. ئەمە نرخاندنی بزووتنەوەکان نییە. تەنیا ڕاستییەکە ڕووی داوە. یانێ ئەو جووڵانەوانە دەبێتە هۆی دابڕینی کوردەواری لە بزووتنەوە ناوەندییەکە و ناهێڵێ گەشەی ئاسایی خۆی بکا. دوایەش کە جووڵانەوەکانی کوردی دەشکێن و وڵات دەکەوێتە ژێر دەستی هێزی نوێ، گۆڕانکارییەکانی ناوەند وەکوو دیاردەیەکی نامۆ دەگاتە کوردەواری و دەبێتە زەختێکی دیکە لەسەری. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە پێویستە چاوێک بخشێنین بە ژیانی کۆمەڵایەتی ژن لەو سەردەمەی کوردواریدا، بزانین داخۆ بەشی کورد لەو گۆڕانکارییانە چەند بووە.

"ئەم سەردەمە [کە سەردەمی پێک هاتن و گەشەی سەرمایەدارییە] بە سەردەمی زێڕینی دەرەبەگایەتی (فئودالیسم)ی کورد بەناوبانگە. کۆمەڵی کورد لە دنیای دەرەوە بڕابوو، ئەمیرەکانی کورد کە بیر و بەرژەوەندیان لە سنوورەکانی ناوچەکەیان تێ نەدەپەڕی، دوور لە پاتەخت و خۆپارێز لە هەر هێرشێک کە دەسەلاتیان بخاتە خەتەر، بۆ یەکگرتوویی خەڵکی خۆیان و بەرەو پێش بردنیان هیچ شایستەیی و توانایییەکیان لە خۆیانەوە نیشان نەدا."(٤٤ ل ٥٤)

ئەمە بەڕاستی ناوەرۆکی دەسەلاتی کوردانە لەو سەردەمەدا، بەڵام ئاخۆ خەڵکی کورد لەژێر دەستی ئەو دەسەلاتەدا چۆن ژیاون. بە داخەوە سەرچاوەکان لەم بارەوە زۆر بێ دەنگن. هەرچی مێژوونووسی وەکوو شەرەفخانە، یەک جاریش ئاوری لە ژیانی خەڵکی بندەستی نەداوەتەوە و هەر باسی ئەفسانە و شەرحی دیوەخان و شەڕ و هەڵای میر و دەرەبەگانە. ئەودی گەڕۆک و دەست بە قەڵەمی لەو چەشنەیە، تەنیا توێژێکی سەری ماستەکەی دیوە و ئەی چێشتوە و بەس باسی ڕوومەتی ژنان و پیسی منداڵانیان کردووە و باقیەکەی باسی کێو و چۆم و دیواخانی ئاغایە و ئایا خواردنەکەیان خۆش بووە یان نە. زۆربەی نووسینەکانیشیان پڕە لە ڕق و قین. ئێمە بە چاولێکردن لە هەموو ئەو سەرچاوانە دەتوانین تەرحێک لە ژیانی ژنی کورد لەو سەردەمەدا بدەین کە ئەختێک لەو

تەرحە گشتییەی کە تا ئێستا باو بووە جیاواز بێ.

دەزانین کە لەم دەورانەدا یاسای ئیسلام بەسەر پێوەندییەکانی بنەماڵە و کۆمەڵدا زاڵە و گۆڕانێکی تایبەتی لە ئەسڵی یاساکان نەکراوە و تەنانەت لە هیندێ لایەنەوە توندتریش بووە. گەرچی ئەوەش دەزانین کە هەر یاسایەک لە کۆمەڵ و دەورەیەکی تایبەتیدا دیمەنێکی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێ و شەریعەت دانەرەکانیش بە پێی سەردەم لێکدانەوەی تازەی بۆ دەبیننەوە، بەڵام یەک شت ڕوونە ئەو ئەسڵانەی کە پێوەندی بە موڵکییەتی پیاو بەسەر ژنەوە هەیە و ئەو نابەرانبەرییانەی وەکوو چەند ژنی و مارە و تەڵاق و منداڵ بە مێرددان و میرات و...هتد شتهایەکی وەها توند و تۆڵ و پیرۆز بوون کە کەس دەستی لێ نەداوە. واتە کەس موڵکی خۆی بە ڕەزامەندی بەجێ ناهێڵێ.

دیمەنی ژیانی ژن بە لەبەرچاو گرتنی وتاری سەرەوە چوارن کە بە پێ جێگای ژیان و پلەی چینایەتی دەگۆڕێن. ئەم چوار بەشە بریتین لە:

١ـ ژنی خێڵ وعەشیرەت

٢ـ ژنی لادێ (غەیرە عەشیرەت)

٣ـ ژنی میر و ئاغا و دەرەبەگ

٤ـ ژنی شاری (چینی ناوەندی)

### ژنی خێڵ و عەشیرەت

ئەندامی عەشیرەت بەر لە هەموو شتێک ئەندامی عەشیرەتەکەی خۆیەتی. بەر لەوەی کورد بێ یا موسڵمان بێ یا هەر شتێکی دیکە. ئەو لایەنگری و دڵگەرمی و ئەمەک دارییە دوو لایەنەیە و هەر بەو شێوە کە ئەندامی عەشیرەت لایەنگری عەشیرەتەکەیەتی، عەشیرەتیش پشتیوانی ئەوە. ژنی پیاوێکی هاوخوێنی خێڵ، ناموسی هەموانە. ئەمە خۆ بە خۆ مافێکی تایبەتی بە ژن دەدا کە پێی سەربەرزە. بۆیە "لە کاتی شەڕدا لەدوورەوە ڕاناوەستێ بزانێ چ دەقەومێ و بەشداری دەکا" (٤٨ ل ٢٥)، یانێ لەسەر عەشیرەتەکەی دێتە دەنگ.

ژنی عەشیرەت ماڵی هەموو عەشیرەتەکە بە ماڵی خۆی زانیوە، بۆیە



پێویستی بە ئیزنی مێردەکەی نەبووە بۆ دەرەوە چوون و ئەم ماڵ و ئەو ماڵ کردن، پێویستی بە ڕووگرتن لە هەموو پیاوان نەبووە. "ژنی گەنج و جوان لەگەڵ پیاواندا دائەنیشن و قسە ئەکەن و پێ ئەکەنن بێ ئەوەی مێردیان دڵیان لێ پیس بکا و گومانیان لێ بکات. (٤٨ ل ٣٣) ئەمە ئەو شتەیە کە زۆر جار بۆتە جێگەی سەرنجی خەڵکی دیکە. بەڵام حیجابەکەیان لە سنووری ئیسلام دەرنەچووە. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداپۆشان و چارشێودۆلاخ کردنە، کە دابی شاران بووە، زیادی ئەوپەڕگرە و لە دەستوورە شەرعییەکەش بەولاوەترە. دیارە ژنی عەشیرەت بشی ویستبا خۆی داپێچێ پێی نەدەکرا، دەنا کارکردنی لێ دەبوو بە ئەرکێکی قورس. سەرەڕای ئەمەش، ڕێگای تەکیە و مزگەوت و خانەقا و دیوەخانی نەبووە.

هەموو کاری ناوماڵ لە نان کردنەوە بگرە هەتا شیر دۆشین و منداڵ بەخێو کردن و ... بە ئەستۆی ئەو بووە و "پیاو هیچ کارێکی گرنگی نەگرتۆتە خۆی تەنها بۆ شەڕ و چەکداری نەبێ". (٤٨ ل ٢٧) دیارە لە بەشی پیاو شوانی ئاژەڵ و کشت و کاڵیشی دەبێ لێ زیاد کەین. کاری نێوماڵ ژنی بەتەواوی کردۆتە دەسەڵاتداری ناوماڵ و ڕێزی تایبەتی هەبووە. ئەو "ئەمینی پیاوە و پارەی پیاوەکەش لای ئەوە و ئەو هەڵی دەگرێ". (٤٨ ل ٦٠) ئەم ڕێز و حورمەتە تا ئەو ڕادەیە بووە کە توانیویەتی وەکوو شێخ و مەلا نێوبژی شەڕ بکا. "زۆر جار دوو تیرە لە مەیدانا ئەکەونە شەڕ هەر دوولا بەیەکدا دێن و لە یەکتری ئەکوژن و خوێن ئەڕێژن. هەر کە ئافرەتێ هات و سەرپۆشی خۆی لە نێوانیاندا ڕاخست هەر دوولا پێک دێن وشەڕەکە کۆتایی دێ. (٤٨ ل ٣٠)

زینا و ڕەدوکەوتنی ژن بێ ئەم لاو ئەولا سزای مەرگ بووە و هەردوکیان دەکوژرێن و کەسیش لە خوێنیان نەپرسیوە. (ئەم دابە لە بڕێ شوێنی کوردەواری هێشتاش هەر ماوە و کەس نییە یەک دوو بیرەوەری تاڵی لەم جۆرە کردەوانە نەبێ) بەڵام ڕەدو کەوتن یان "هەڵگرتنی کچ هیچ شوورەیی نییە، ئەگەر خۆیان گەیاندە ماڵ شێخ و ئاغایەک ئەوە ڕزگار بوون و مەسڵەت دەکرێ، دەنا ئەگەر لەڕێگادا گیران، ئەوە دەکوژرێن. (٤٨ ل ٣١) دیارە ئەگەر هەردوکیان ئەندامی یەک عەشیرەت نەبان کارەکە زۆر گرێ پووچکەی تێ دەکەوت و مەسڵەت تەنیا بە دانی کچێکی دیکە جێ بە جێ دەبوو. هەر لێرە دەست نیشان بکەین کە ژن بە ژنەکردن

زۆر باوبووە. لەبەر ئەوەی کەس پارە نەدا بە کەس.

"مارەیی یا خود شیربایییەکی زۆر ئەستێن. لەسەد هەتا پێنج سەد سەر مەڕ. بۆ هەموو باوک و برا و خۆشکی بووکیش دەبێ دیاری بدرێ" (٤٨ ل ٣١)مارەیی هەموو کاتێک بە پێی پلە و پایە و دەولەمەندی دوو لایەنە دیاری دەکرێ و جگە لە (نرخی!)کچەکە ڕێز ڕاگرتنی بنەماڵەکەشە.

ژن لەباتی خوێن دان. (ئەگەر یەکێک لە بنەماڵەیەک کوژرا بێ، کوژەرەکە کچی یان خۆشکی دەدا لە تاواندا)لە نێو عەشیرەتدا هەرە زۆر بووە. ئەمە لە لایەک وەک هەمیشە نیشان دەدا کە ژن کەرەسەیەکە لەدەست پیاودا. لە لایەکی دیکەوە نیشان دەدا کە ژن لایان بە قیمەتە. کەچی جاری وایە بێ قیمەتییەکی لە ڕادە بەدەر هەیە "گرەوی پێشبڕکێ ئەسپ لەسەر کچ دەکرێ و ئەگەر بدۆڕێن دەبێ کچەی بدەن بە کابرای سەرکەوتوو"(٤٨ ل ٥٨) ڕەنگە بگوترێ لای کوردی عەشیرەت ئەسپ و تفەنگ زۆر خۆشەویست بووە بۆیە ئامادە بووە کچێکی لەسەر بدا (بۆ کوڕێکی لەسەر نادا؟!). بیرکەینەوە پیاوێک دێتە ماڵێ و بە کچەکەی یان خۆشکەکەی دەڵێ: شت و مەکت کۆکەوە ئەتۆم دۆڕاندووە بە فلانە پیاو! ئاخۆ هەستی کچەکە لەو کاتەدا چ بێ؟

لە عەشیرەتدا فرەژنی زۆر باو نەبووە مەگەر لە بنەماڵەی بەگ و شێخ و میرەکاندا. "تەلاق دانی ژنیش زۆر کەمە و بە کارێکی ناپەسەند و شوورەیی دائەنرێ. (٤٨ ل ٤٢)

ئەندامی عەشیرەت بوون بە مانای لەبیر بردنەوەی چینایەتی و دەست ڕۆیشتوویی و هەژاری نییە. "ژنە دەولەمەندە ناسراوەکان سواری ئەسب ئەبن و خۆیان چەکدار ئەکەن، ڕم بەدەستەوە ئەگرن و خۆیان ئەڕازێننەوە و پێش کاروان ئەکەون بەلام ژنە هەژارەکان منالەکانیان بە پشتیانەوە ئەبەستن و لەگەڵ کاروانەکەدا ئەکەونە ڕێ". (٤٨ ل ٣٠)

ژنی عەشیرەت هەر ئەوەی کە بە خەلات لەگەڵ خۆی بردووە بەشی بووە و میراتی لە باب و دایکی نەستاندووە. نەک مافی نەبووبێ بەلکوو داب وابووە کە بە شوورەیی زانیوە و گوتوویەتی "خێرناداتەوە". بۆ خۆیان بەخشیویانە بە براکانیان.



ژنێک کە مێردی مردبا لە بنەماڵە نەدەچووە دەرێ. سالێک ئازیەتبار دەبوو و پاشان یا مێردی نەدەکرد ومندالەکانی گەورە دەکرد یان مێردی دەکرد بە یەکێک هەر لەو بنەمالە. وەک دەزانین جار وایە بێ پرس و بە پێ داب دەبێتە ژنی برای شووەکەی کە هێشتا ژنی نەهێناوە.

## ژنی لادێ (غەیرە عەشیرەت)

ئەمانە ژنی ئەو خەلکە بوون کە سەر بە هیچ عەشیرەتێک نەبوون و تەنانەت مەلا محەممەدی بایزیدی بە جووتێر و گۆڕان نێویان دەبا و بە کوردیشیان نازانێ!!(٤٨ ل ٧٤،٧٣) کەوابوو لە پشتیوانەی عەشیرەتی بێوەری دەبن، هەژاریشی ئەگەر لێ زیاد کەین وای لێ دێ کە ئیتر ئەو ڕێز و حورمەت و ئازادیەی ژنی عەشیرەتیان نامینێ. گەرچی جگە لە هەموو ئەرک و کاری نێوماڵ، بەشداری لە کشت و کالیشدا دەکا. بەلام پیاو دایمە لەسەریەتی و بۆخۆی بەرپرسی مالە. "ژنە گۆرانەکان بەشداری هیچ (شەڕ و کاری دەرەوەی ماڵ) ناکەن و تەنها لە مالەوە ئیش دەکەن". (٤٨ ل ٧٥)

ـ "کوردە عەشیرەتەکان خزمایەتی لەگەڵ کوردە نیشتەجێیەکاندا کەم دەبەستن، ژن خواستنیان زۆر کەمە". (٤٨ ل ٧٤)

ـ بە هەرزان مارە دەکرا و بە ئاسان تەلاق دەدرا.

ڕەدووکەوتن سزای مەرگ نەبووە و بە ئاسانی مەسلەت کراوە. لە هێندێ ناوچە ئەگەر ژنێک ڕەدو نەکەوتبا تانەی لێی دەدرا ودەگوترا ئەوە کەس خۆشی نەویستووە و بێ دەست و پێ بووە، نەیتوانیوە پیاو بۆ خۆی پەیدا بکا.

پاش مردنی مێردەکەی بە هەر لایەکدا ڕۆیشتبا کەس پێشی پێی نەدەگرت. ماڵ و مولکی نەبووە کە دەست و پێ ببەستێتەوە.

باقی شتەکان هەر گشتین و لەهەموو لایەک هەر وەک یەکن.

## ژنی میر و بەگ

ئەمانە زیاتر لە کۆشک و قەلادا ژیاون. ڕێز و حورمەتیان بەسترابووتەوە بە

دارایی و بنەماڵەکەیانەوە. نەک بە کارزانی و لێهاتوویی خۆیانەوە. دەسەڵاتی چینایەتی هەبووە و توانیویەتی فرمان بە خەڵکی دیکە بکا، بەڵام لە نێو ماڵی خۆی بە ئەندازەی ژنی عەشیرەت و لادێ دەستی بەسەر نێو ماڵ و موڵکی مێردەکەیدا نەڕویشتووە. کاریان لە سەرپەرستی کردنی دایان و کلفەت و نۆکەر تێ نەپەڕیوە. لەکاتی چوونە دەرەوەدا دەبوا ڕووبەند و سەرپۆشیان هەبا. (٤٩ ل ٢١) بە ماڵ و موڵکێکی زۆر مارە دەکران و خەڵاتی زۆریشیان لە باوان وەرگرتووە. بۆ خۆیان مافی ئەوەیان هەبووە زاوت (گزیر)بگرن بۆ پێ ڕاگەییشتن بەسەر موڵکەکەیاندا، بەڵام زیاتر مێردەکەیان ئەم ئەرکەی جێ بە جێ کردووە. ژنە ئاغا بۆی نەبوە لەکاریاری [شەڕ و کێشە وماڵ و موڵک و دیوەخان]مێردەکەیدا خۆی تێکەڵ بکا. میر و ئاغا کەنیزەکیان بۆ خۆیان و بۆ ئیشی نێوماڵ کڕیوە. ئەولیا چەڵەبی نێوی ٢٢ کەنیزی لە قەڵای مەلاتیە هێناوە کە هیچیان نێوەکانیان ئیسلامی نییە.

بەئاسانی ژن دێتە سەری، بەڵام بە ئاسانی تەڵاق نادرێ. مەگەر نێوان ناخۆشییەک لەگەڵ بنەماڵەکەی پەیدا ببێ. بەدرخان کە بە عەداڵەت ڕاگرتن زۆر بەناوبانگە. بەوتەیەک ٩٠ کوڕ بەوتەیەکی دیکە ٤٠ کوڕ و چواردە کچ و بە وتەی کوڕەزاکەی ٩٩ منداڵی هەبووە (٥٠ ل ٢١) ئاخۆ ئەم هەموو منداڵەی لە چەند ژن بووبێ؟؟

بۆ تەکمیلی ئەم باسە بڕوانە وتاری «دیمەنی ژن لە مەم و زینی خانیدا»

## ژنی شاری

ژنی شارنشین لە هەر سێ یەکەی دیکە بێ بەشتر بوون. شاری ئەو کاتە بریتی بووە لە ڕاستە بازاڕێک کە دووکانی پیشەسازی و بازرگانی تێیدا ڕیز کرابووە، بە ئیزافەی کاروانسەرایەک و مزگەوتێک و حەمامێک. جا بە پێ ئەوە کە دانیشتوانی ناوچەکە چەند بووبێ و شارەکە چەند لەسەر ڕێگای کاروانان بووبێ، ئەوە گەورە یا چووک بووە. ئەم ئیش و کارانەش کە لە شاردا هەبووە هیچیان بۆ ژن نەدەبوون و ژن لە ماڵی خۆی زیندانی بووە. خەڵکەکەش کەمتر پێوەندی عەشیرەتی و خزمایەتییان پێکەوە هەبووە. ژنەکانیش زۆر بە دەگمەن لە



عەشیرەتەوە هاتبوون (عەشیرەت کچ بە شار و بۆرەپیاو نادا) ئەولیا چەڵەبی چەند دیمەنێکی لە ژنی شارەکانی ئەو کاتەی کوردستان بەدەستەوە داوە کە بەم شێوەن.

- "شاری مەلاتیە: کچان لە تەمەنی دە ساڵەیی مێرد دەکەن. ژنانی دەست ڕویشتوو بە ڕووبەندە و سەرپۆشەوە وەدەر دەکەون، ژنانی هەژار چارشێوی سپی و ڕووبەند و کڵاو ڕەق یان هەیە". (٥٠ ل ٢١)

- "دیاربەکر: لە ئاگادارانم بیستووە (بۆ خۆی نەیدیتووە)کە لە ماڵەکانی ئەم شارەدا ١٤٠ کەس لە ماڵی خۆیان حەمام یان هەیە بۆ ئەوەی ژنەکانیان بە بۆنەی حەمامەوە لەماڵ نەیەنە دەرێ". (٥٠ ل ٤٨) نە تەنیا ژنان بەڵکوو کچە چکۆلەکانیشیان نایەتە نێو بازاڕ و ئەگەر کچێک بێتە بازاڕ، خۆی و بابیشی سزا دەدرێن. هەتا بەو ڕادەیە لە ڕاگرتنی ناموسی خۆیاندا تێدەکۆشن. [!!] (٥٠ل ٦١)

- "بتلیس: حەمامی خەسرەو خان لە بتلیس بەشی ژنانە و پیاوانەی هەیە. دەگوترێ شەست ماڵ حەمامیان لە ماڵێ هەیە چوونکە پێیان خۆش نییە ژنەکانیان بچنە حەمامی دەرەوە. ئەگەر ژنێک لەبازاڕدا ببیندرێ لەگەڵ تووڕەیی خەڵک بەرەوڕوو دەبێتەوە". (٥٠ ل ١٠١)

پێمان وایە ئەوەندە بەسە بۆ تێگەییشتنی هەل و مەرجی ژیانی ژنان لە شارەکانی ئەو کاتەدا.

***

## ئێران

(١٥٠٢- ١٩١٨ز)

لە بەشی پێشوودا چاوێکمان خشاند بە چۆنیەتی ژیانی ژنی کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێردەسەڵاتی دەرەبەگایەتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا. لەم بەشەدا سەیری ئەو دیوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی دەکەین کە پاش بێ هێزبوونی مەغولان دەورانێکی هەرکەبۆخۆی پێک دێ و لە هەر ناوچەیەک، بەگ و میرێک خێودتی دەسەڵات هەڵدەدەن. هەتا دەگەیینە سەرەتای سەدەی دەیەمی کۆچی کە هەموو ئێران دەکەوێتە ژێر ڕکێفی سەفەوییەکان (١٥٠٢- ١٧٣٦) و ئەوان شەریعەی شیعە بۆ یەکەم جار لە دنیای ئیسلامدا دەکەن بە ئایینی ڕەسمی

وڵاتێک. ئەو زنجیرەیە بە دەست مەحموودی ئەفغان دوایی دێ و دیسان دەرەبەگایەتییەکی بێ سەرەوبەرە دێتە گۆڕێ. ماوەیەک نادرشا ـ (کاتی پاوشایی ١١٤٨- ١١٦٠کۆچی) وڵاتی بەدەستەوە گرت و ماوەیەک کەریم خان زەند (پاوشایی ١١٦٣-١١٩٣کۆچی) ڕۆژئاوای ئێرانی بەدەستەوە بوو. لە ساڵی ١١٩٣کۆچی قاجارەکان دەسەڵاتێکی بە هێزی ناوەندییان پێک هێنا کە هەتا شەڕی یەکەم درێژەی هەبوو.

ئێمە لە پێشدا سرنجی سیاسەت و ڕوانگەی گشتی چینی خاوەن دەسەڵات سەبارەت بە ژن لەم سەردەمانەدا دەدەین، دوایە هەوڵ دەدەین ئەرک و چۆنیەتی ژیانی ژن لە بەشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵدا نیشان بدەین.

وەکوو پێشتر باسمان کرد لە ڕاستیدا ژیان لەم دوو بەشەدا جیاوازییەکی بنچینەیی نەبووە و دەکرێ بگوترێ لە خەڵوەتی خەلیفەکانی عوسمانیدا هەر ئەو کردەوانە هەبووە کە لە خەڵوەتی شاکانی سەفەوی دا. لە لادێ و لە نێو هۆزەکانی دەوربەری دیاربەکر و گۆلی وان، ژنان هەر ئەو بەشەیان هەبووە کە لە لادێ و هۆزەکانی دەوروبەری سەلماس و سنەدا. سەرەڕای ئەو بنیاتە هاوبەشانە، هێندێک دیەنی جیاواز دەبیندرێ کە شایانی باسە.

کولتوری ئەم دەورانە تێکەڵاوێکە لە شەریعەتەکانی ئیسلام و داب و نەریتەکانی ناوچەیی. تێکەڵاوێکە لە کولتوری داگیرکەران و داگیرکراوان. ئەم تێکەڵاوییە ڕێگە بە هەموو جۆرە کردەوەیەکی چاک و خراپ دەدا. شا و چینی خاوەن دەسەڵات هەرچی پێیان خۆش بووبێ کردوویانە. لە ڕابواردن و ڕاگرتنی جاریە و خۆڵام و سازکردنی خەڵوەتیدا لاسایی خەلیفەکانی ئومەوی و عەبباسییان کردۆتەوە و هەر لەو کاتەدا ڕێگایان داوە بە شێخ و مەلا کە بە قەمچی دین و ئایین خەڵک بکوتن و باری لە کۆڵ نێن. یانێ بە گشتی یاسای زاڵ بەسەر کۆمەڵدا هەر یاسای ئیسلام بووە.

### سەفەوییەکان

دەڵێن کردەوەی کۆمەڵایەتی هەرکەس لە نێو ماڵی خۆیەوە دەست پێدەکا! با بزانین شاکانی سەفەوی لە نێو ماڵی خۆیاندا چییان کردووە. دیارە ئەوەش دەزانین



کە وتە و کردەوەی شا لەو سەردەمانەدا یاسا بووە و هەموو کەس دەبوا لاسایی ئەو بکاتەوە. وێنە بۆ نیشاندانی ئەم مەبەستە زۆرە، ئێمە یەکێک دەست نیشان دەکەین.

«حەکیمان شراب یان لە شا سلێمان کە تازە لە نەخۆشی هەستابوو قەدەغە کردبوو، ئەمە بیوو بە هۆی ئەوە کە لە سەرانسەری ئێران دا کەس بۆی نەبێ شەراب بخواتەوە. (٥١ / سفرنامە ایلچی پرس/ ل ٧٠)

ـ شا عەبباس چوارسەد تا پێنسەد ژنی لە خەڵوەتیدا هەبووە. لەمانە هەمووکاتێک چوار ژن مارە براو بوون و باقی سێغە و جاریە بوون. بەشێک لەم ژنانە لە لایەن خان و بەگی وڵاتان و لە لایەن وەزیرانی بارەگاوە پێشکەش کرابوون، بۆ ئەوەی پایە و پایەگای خۆیان قایم بکەنەوە.

ـ «خەڵوەتییەکان کاتێک زیاد لە ئەندازە پڕ دەبوون، شا دەهات هێندێک لە ژنەکانی بەسەر سەردار و دەست و پێوەندەکانی دەوروبەری خۆیدا دابەش دەکرد و پێیانی دەبەخشی. بەم شێوە خەڵوەتییەکەی بۆ تازە هاتووان سووک دەکرد. ئەوەی ژنی پێ بەخشرابوو زۆر لوتفی لەگەڵ کرابوو و ئەگەر تەلاقی دابا پێشکەشی شای دەست پێوە نابوو و دەبووا چاوەڕوانی سزادان بێ.» دیارە ئەمەش لەبەر خۆشەویستی یا چارەنووسی ژنەکان نەبووە ـ چوون لەئەوان نەدەپرسرایەوە و وەکوو دیاری دەست بە دەست دەکران ـ بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی پلە و پایەی شا بووە.

ـ «نێوزەد کردنی کوڕ و کچ لە کاتی لەدایک بووندا (ناوک بڕین) لە سەردەمی سەفەویدا باو بووە. شا عەبباس ناوک بڕاوی کوڕەکەی خۆی مارە کردووە بۆ خۆی». (٥٢ ل ٢٥٢)

ـ سانسون دەڵێ: «لە خەڵوەتی شا سلێمان دا هیچ شازادەخاتوونێک ناتوانێ ئەگەر ئەولادی کوڕی بەدنیا هێنا ئەوی بۆ خۆی ڕاگرێ و ئەگەر ژنان لەکاتی زایین دا، خواجەی خەڵوەتی بۆ خنکاندنی کۆرپەکە بانک نەکەن، خۆیان لە سزای مەرگ ڕزگار نابن. کەس ناتوانێ لەم فەرمانە سەرپێچی بکا و هیچکام لە ژنان یا خزمانی شا بەرانبەر بەم یاسایە جیاواز نەکراون.» هەروەها سانسون دەڵێ: "صدر خاصە" [گەورەترین پلەی وڵات پاش سرۆک وەزیران کە بەرپرسی خەڵوەتی کۆشک بووە] لە ئێراندا تا ئەو ڕادەیە جێگای ڕێزە کە پادشاکان کچیان لێ دەخوازن

و کچیان دەدەنێ. سەرەڕای ئەوەش کوڕەکانی خۆشکی صدرخاصە کە ژنی شا بوو بە پێی یاسای باسکراو دەکوژران». (٥٢ ل ٢٨٨) ڕەنگە ئەمە یەکەم جێگایەک بووبێ کە ژنان ئارەزوویان کردبێ کچیان ببێ. ئەم یاسایە بۆ ئەوەی دانرابووە کە دواتر لە وەلیعەهد زیاتر هیچ کوڕێک نەبێ داوای جێنشینی شا بکا.

## ژن سووتاندن

بەوتەی تاورنیە شاعەبباسی دووهەم ژن سووتاندنی لە سزاکانی دیکە زیاتر پێ خۆش بووە. هەر ژنێک کەمترین نافەرمانی کردبایە سزا دەدرا. یەک لەوسزایانە سووتاندن بە ئاگر بوو. (٥٢ ل ٢٧١)تاورنیەش دەنووسێ : خواجە باشییەکان سێ ژن لە ژنانی خەلوەتییان هێنا کە لە قسەی شا دەرچووبوون. زستان بوو و ئاورێکی زۆر لە پێش شا دایسابوو. حوکمی کرد ئەو بێچارانەیان هەر لەوێ خستە نێو ئاورگەکە و سووتاندنیان. دوایە شا ڕۆیشت ڕەحەت بۆی نووست. (٥٢ ل٢٧١) وادیارە کورەی مرۆڤ سوتاندنی ئەم شایە باش کاری کردووە چوونکە شاردن دەنووسێ: «شەوێک شاعەبباسی دووهەم پەیغام دەنێرێ بۆ یەکێک لە ژنەکانی خەلوەتی کە بێتە جێگەخەوی شا. ژنەکە بیانوو دێنێتەوە کە لە پێێ دایە. بە فەرمانی شا ژنەکە چاو لێدەکەن و دەردەکەوێ درۆ دەکا. شا کە ئەم سەرەڕۆییە (!) دەبینێ فەرمان دەدا لەکورەیەکی دانێن و هێزم لە دەوری کەلەکە بکەن و بە زیندوویی بی سووتێنن.

ژن کوشتن دابێکی زۆر کۆنە و ئێمە جار و بار ئاماژەمان پێ کردووە. لەم دەورەدا نەتەنیا شا بۆخۆی ئەوەی بە ڕەوا زانیوە بەلکوو خەلکیشی بۆ ئەم کردەوە هان داوە.

ـ «کەمانداری شا بیستی کە بلاوبۆتەوە ژنەکەی خەیانەتی پێدەکا، شا ناردبوویە سەری کە خۆی چارەیەک بدۆزێتەوە دەنا لە خزمەت ئێمەدا نامێنێ. کابرا تووڕە بوو و چووە مالەوە، ژن و چوار کچەکەی بە شمشێر کوشت. دوایە دوو کوڕ و هەموو نۆکەر و کلفەتەکانی کە دوازدە کەس بوون کوشت و بە خوێنی ئەوان مالەکەی خاوێن کردەوە. تا بتوانێ وەکوو کەوانداری شا بمێنێتەوە...

ـ ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لەگەل پیاوی غەریبەدا لە ناو جێگا ببینێ بۆی هەیە دەست بە جێ هەر دووکیان بکوژێ». (٥١ ل٥١ ) ئەم یاسا هەتا ئێستاش



هەر ماوە.

ئەمە لەگەل مالی خۆیان بەم شێوە بوون دابزانین لەگەل خەلک چۆن بوون.

ـ بە وتەی "ئنگبرت کمپفر" «کاتێک شا ئیسماعیل تەبرێزی گرت سێسەد ژنیان هێنا کە تاوانبار کرابوون خۆ فرۆشی دەکەن. شا فەرمانی دا ڕێزیان کردن و یەک یەک شەقەیان کردن (کردنیان بە دوو لەتەوە)». ئەم نووسەرە لێی زیاد دەکاکە «شا ئیسماعیل دایکی خۆشی کوشت. دایکی مێرد دەکا بە یەکێک کە دواتر دەبێتە دوژمنی شا ئیسماعیل. کاتێک دوژمنەکە شکست دەدا فەرمان دەدا سەری دایکی لەبەرچاویەوە بپەڕێنن ». (٥٢ ل ٢٣٠)

ـ دارودەستەی حاکم دەستیان لەسەر هەرکەس دانابا، دەبوا پێیان بدەن. زۆر جار خەلک لەبەر ئەوەی مندالەکانیان لە خەلوەتییەکانی گەورە پیاواندا ڕۆژ ڕەش نەبن زۆر بە مندالی بە مێردیان دەدان(٥٢ ل بڕوانە٢٤٥) کاتی واش هەبووە خەلک بۆ پەیداکردنی پارە یان خزنزیک کردنەوە لە کۆشک و بارەگا کچی خۆیان بە هەزار فڕوفێل ناردۆتە خەلوەتی شا (٥٣ ل ٨٢)

ـ لەکاتی شا تەهماسب دا یاساییێک لە ٧٠ بڕگەدا دەرچوو کە بە پێی بڕگەی ٦٣ ژنان مافی سوار بوونی ئەسپ یان نەبوو (هەرچەند پیر و لاکەفتەش بن) هەروەها مافی ئەوەیان نەبووە لە کۆلان تەواشای مەعرەکە ونەقلی دەروێشان بکەن. (٥٢ ل ٢٣١) دەکرێ بلێین ئەم دابە لەو سەردەمەوە بۆ کوردان ماوەتەوە کە پیاو سوار دەبێ و ژنەکەی بە دوی ولاخەکەدا هەل دێ؟!

## شیعە و سیغە

پێش ئیسلام سیغەکردن لەنێو عەرەبدا باو بووە و پێغەمبەریش مەنعی نەکردووە، دواتر عومەر ئەم دابەی بە بەستۆکی زانیوە و قەدەغەی کردووە. شیعە کە ڕقیان لە عومەرە ناچنە ژێر باری ئەم فەرمانە و کردویانەتەود بە داب.

لە نێو شیعەدا، جگە لە چوار ژن سیغە کردنیش هەیە کە سنووری بۆ نییە و دەکرێ ژن بۆ ماوەیەکی کورت یا خۆ بۆ ٩٩ سال سیغە بکرێ. بەم شێوەیە پیاو دەتوانێ سەدها ژنی هەبێ. پیاوان لەسەفەردا ژنیان بۆ ماوەی سەفەرەکەیان سیغە

کردووە و دوایە بە جێیان هێشتووە. خەڵکی هەژار کچەکەیان داوە بە سێغە بۆ ئەوەی پارەیەکیان وەچنگ کەوێ.

شاردن دەڵێ: هاتنە سەرکاری شێعە بوو بە هۆی ئەوە کە سێغە کردن ببێ بە داب و خەڵوەتییەکان پڕ بوون لە سێغە. سەرەڕای ئەوەش خۆ فرۆشان بە نرخێکی گرانتر لە خەرجی سێغەیەک خۆیان بە پیاوان دەفرۆشن. هەر لەو کاتەدا کە ژنان لە قەدەغەیێکی تەواودا دەژیان، لە نزیک مەدرەسەی سەفەوی ئەسفەهاندا گەڕەکێکی تایبەتی بۆ خۆفرۆشان هەبووە. لەوێ دوازدە هەزار ژنی بەستۆک لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتدا دەژیان و جگە لەمانەش لە گەڕەکەکانی دیکە زۆر ژن هەبوون بە شاراوەیی خۆ فرۆشییان دەکرد. مەشعەلدار باشی مالیاتی لە هەموو دەستاند.» (٥٢ ل ٢٣٣) شاردن لێی زیاد دەکا کە لە تەورێز چایخانەی گەورە هەبوون کە دیتم پڕ بوون لە کوڕ و ئەوان وەکوو ژنانی بەستۆک خۆفرۆشییان دەکرد. (٥٢ ل ٢٣٥)

خۆ فرۆشی لە هیچ شەریعەتێکی ئیسلامیدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدراوە، کە چی لەم دەورەدا دەسەڵاتداران سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان لە موسڵمانەتیدا ئەوپەڕگر نیشان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە چاوپۆشی لە باجی خەراباتە (فاحشەخانە)کان بکەن.

بە وتەی شاردن لە سەردەمی شاعەبباس دا زۆربەی شارەکان خەراباتی تێدا بووە و تەنیا شارێک کە قەدەغە کرابوو ئەردەوێل بوو کە قەبری باپیرەگەورەی سەفەوییەکان (شێخ سەفیەدین)ی تێیدا بوو.

ـ کەنیز کڕین و فرۆشتن و بەخشین لە دەورانی سەفەویدا وەک دەورەکانی پێشووتر باو بووە.

حیجاب

«مەغول و تورکەکانی ئاسیای بچووک گەرچی ببون بە موسڵمان بەڵام وەکوو عەرەبان لە بەڕێوەبردنی شەریعەت و ڕاگرتنی حیجابدا توند و تیژ نەبوون. ئەم ڕەوتە بە هاتنە سەرکاری "ئاقویونلو"ەکان لە ڕۆژئاوای ئێراندا کۆتایی پێ هات».
"کاترینو زنو" باڵوێزی ونیزی کە لە سەردەمی ئوزون حەسەن دا هاتۆتە ئێران لە سەفەرنامەکەیدا دەنووسێ: «لە نێو ئەوان دا داب و نەریت وایە کە ژنانیان کەس



نابینێ و ئەگەر ببیندرێن وەکوو ئەوەیە کە لە نێو ئێمەدا [ئۆرووپا] کەسێک زینای کردبێ. بۆیە ژنانی ئێرانی کاتێک دێنە دەرێ ڕووپێچێک بە دەم و چاویان دا دەدەن کە ئەوان دەتوانن ببینن بەڵام کەس ڕووی ئەوان نابینێ» (٥٢ ل ٢٢٤) دیارە وەک باسمان کردووە ئەمە زیاتر بۆ ژنانی دەرەبەگ و شاری بووە. سەرەڕای ئەمەش نیشانەی توند و تیژی یاسای ڕووگرتنە لەو دەورەدا.

هەر شایەک سیاسەتێکی هەبووە "اولناریوس" سەبارەت بە ژنانی دەورەی شا سەفی دەڵێ: «ژنان لە چارشێوێکی سپی دا داپۆشراون کە هەتا ئەژنۆ دەگا و تەنیا درزێک بۆ دیتن لەبەر چاویان هەیە». (٥٢ ل ٢٣٢)

لە دەورەی شا عەباسدا بڕێک لەم سەخت گرتنانە کەم دەکرێتەوە و ژنان (جگە لە ژنانی کۆشک) توانیویانە بێنە دەرێ و لە جێژن و سەیراندا بەشدار بن. (٥٤ ل ٢٥٦)

نادرشا کە گوایە لە کوردەکانی خوراسان بووە، ٣٣ ژنی هەبووە و لە شەڕ و لشکرکێشان دا لەگەڵ خۆی گێڕاونی.

## قاجار

ئاغا موحەمەدخان (پایەدانەری زنجیرەی قاجار) کاتێک کرمانی داگیر کرد «ئیزنی دا بە سەربازەکانی، بە ئاشکرا دەستدرێژی بە ژنانی شار بکەن. وای لێ هات لە چوار ڕێیان و لە بازاڕ بە ئاشکرا دەستدرێژییان بە ژنان دەکرد و دوایە دەیان کوشتن. زۆر باب و دایک، کچەکانیان لە سوێەی دیواری و کەندودا شاردەوە و سواخیان بەڕوودا کێشا کە دواتر دەریان بێنن، بەڵام چوونکە باب و دایکەکان کوژران، کەس نەبوو دەریان بێنێ. ڕۆژێک کە سەربازەکانی ئەم کابرا شێتە خەساوە لە دەروازەی شار دەچوونەدەری هەزاران کچی زگ پڕیان بەجێ هێشت کە دەبوا منداڵ لەبەر بچوێنن». (٥٥ ل ٢١٨)

ـ فەتح عەلی شای قاجار دوو هەزار ژنی هێناوە کە زیاتر لە ١٦٨ کەسیان لە کتێباندا نێو براون و ٢٦٢ منداڵی لەم ژنانە هەبووە. ژنەکانی لەم ڕەگەزانە بوون ـ تورکەمان، گورجی، کورد، تورک، چرکەس و فارس. ئەم شا چل ساڵ لەسەر

دەور بووە و هەموو کاتێک چوارسەد ژن پێکەوە لە خەڵوەتی ئەودا بوون. شەو بووە لەگەڵ ١٨ ژن نووستووە. (٥٢ ل ٣٤٢) تەرتیبات و بارەگای ئەم ژنانە، ئەگەر زانیمان هەر ژنە و چەند کەنیزی خزمەتکاری هەبووە، ئەوە لە قەرەباڵغییەکە تێدەگەین. بێ گومان بەشێکی هەرە زۆر لە پارەی زەکاتی خەڵکی بۆ ئەمە تەرخان کرابووە.

ـ ناسرالدین شا کاتێک کوژرا ٨٥ ژنی هەبووکە چەند جووت لەمانە خۆشکی یەکتر بوون و بە پێچەوانەی دەستوری ئیسلام پێکەوە خوازرابوون (٥٢ ل ٣٧٩،٣٦٩)

ـ دوای مردنی شاکان هێندێ لە ژنەکان لە کۆشک نەدەچوونەدەرێ، ئەمانە ڕێزیان زۆر دەبوو. بڕێک دەچوون لە دەرەوەی کۆشک ماڵیان دەگرت، یا لەگەڵ منداڵەکانیان دەژیان. ئەمانە ئەو حورمەتەی ڕابردوویان نەدەما، بەڵام جیرە و مواجبیان بۆ دەبڕدرایەوە و پێیان دەدرا. هێندێکیش مێردیان دەکرد کە ئیتر ڕێزیان بە پێ جێگا و پلە و پایەی مێردە تازەکەیان دەبوو.

ـ ژن بەشا بەخشین و دەلالی بۆ ژن، دابی هەرە ئاسایی بارەگای ئەو سەردەمە بووە.

ـ کۆیلە فرۆشیش هەبووە و بە وتەیەک لە ئافریقاوە هێنراون و بە وتەیەک خەڵکی باشووری ئێران بوون. بڕێک لە عەشیرەتە کوردەکانیش کچیان فرۆشتووە. (٥٧ ل ٢٧)

ـ ئاغا موحەممەدخان قاجار پاش شەڕی ١٢١٠کۆچی لە قەفقاز، پازدەهەزار کچی بە دیل گرت و لە بازاڕەکاندا فرۆشتنی. (٥٧ ل ٢٦)

ـ لە دەورەی ناسرالدین شادا هێشتا کۆیلە کڕین و فرۆشتن بەرگری نەدەکرا بەڵام ڕەونەقی جارانی نەبووە.

ـ لە بەشی باشووری شاری "شەماخی" بازاڕێکی گەورە و سەرداپۆشراو هەیە... لەوێ تاجری تاتار و چرکەس خەریکی فرۆشتنی شتومەکی خۆیانن، شتومەکی ئەوان بریتییە لە ئەسپ و ژن و کچانی پێ گەیشتوو و باکێرە و کوڕی زەریف کە جار وایە لە خەڵکی دیکەیان کڕیوە، یان خەڵکی ڕووسن و لە سنووری روسیەدا ڕفاندویانن و لەگەڵ خۆیانیان هێناوە و وەکوو کۆیلە بە ئێرانییەکانی



دەفرۆشن. (٥١ ل ٤٠)

ـ بازاڕی کڕین و فرۆشی کەنیز تا ئەم ئاخرانە هەر مابووە، گەرچی تەنیا کاری نێوماڵیان پێ کردوون. دیارە هەروا کە لە یاسای ئیسلام دا هاتووە، ئەگەر خاوەنەکەی ئیشتیای لێ با، لەگەڵیشی دەنووست. یەکێک لەو هۆیانە کە خاتوونەکان کەنیزی ڕەش پێست (قەرەواش)یان ڕاگرتووە ئەوە بووە کە مێردەکەیان تەماعی تێنەکا.

ـ دەست درێژی ئاغا و خاوەن هێز بۆ کچانی خەڵک ئەوەندە زۆر بووە کە خەڵک لە ترسان کچەکانیان بە دەرمان و سووتاندن و شتی وا ناحەز کردوون بۆ ئەوەی تەمایان تێ نەکەن. یاخۆ هەر بە منداڵی بە مێردیان داون. گاسپار دروویل دەڵێ: «من خۆم شاهێد بووم سەروچاوی کچێکیان سووتاندبوو بۆ ئەوەی ئاغا دەستدرێژی پێ نەکا. داروەستەی شا لە هەر کوێ کچێکی جوانیان دیتبا دەیان ڕفاند». (٥٧ ل ٩٨)

ـ فرۆشتنی منداڵی کچ: بە وتەی ناظم السلامی کرمانی "سی کچ دراوە لە باتی باج و پیتاک و پیاوەکانی دەوڵەتیش فرۆشتوویانە بە تورکەمانان".

چەند ساڵ لەمەوبەر (١٩٩٢) شتێکی وا لە بەلوچستان ڕووی دا و بە گوێرەی ڕاپۆرتێک جارێکیان نۆزدە کچ فرۆشراون بە قاچاخچییە پاکسانییەکان. دیارە ئێستا بۆ خەڵوەتییان ناوێ بەڵکوو دەیانکوژن و خوێن و پارچەکانی لەشیان دەفرۆشن بە نەخۆشخانەکان بۆ دەرمانی گەورە سەرمایەدارەکان. هۆی فروشتنیش هەموو کاتێک، چ ئەو دەم و چ ئێستا نەداری و کەسەری و داماوی خەڵکە.

ـ ژن کوشتنیش لەدەوری قاجارەکاندا هەر مابووە. " لە ئێراندا ژنی زینا کردوو بە کێرد و ئەمرازی دیکە ناکوژن بەڵکوو دەیخەنە نێو کیسەیەک و لەبان قەڵاییێکەوە فڕێ دەدەنە خوارەوە هەتا ورد و خاش بێ. (٥١ ل / سەفەرنامەی ئیلچی پرێس/ ٢٤٦)

ـ بە وتەی کۆنت گۆبینۆ: لە سەرەمی ناسرەالدین شادا حیجاب ی ژنان زۆر توند نەبوو و لە سەیران و نێو باغان و مەجلیسی ڕەوزە و تازیەدا ژن و پیاو دەیانتوانی یەکتر ببینن. (٥٢ ل ٣٢٠،٣٢١)

لە دەورەی قاجاریەکاندا، ژنان بەرە بەرە دەیانەویست بەرەو ئاستێەک بچن کە ئازادی تاک و بە کۆمەڵی خۆیان بناسن، چوونکە سەخت گرتن و دەمارگری بە ئەندازەی دەورەی سەفەوی نەبوو. سەفەر کردنی ئێرانییەکان بۆ ئۆرووپا بوو بە هۆی ئەوە کە تا ڕادەیەک فکری ئازادی بچێتە مێشکی خەڵکی پێشکەوتووی ئێرانەوە. حاجی پیرزاد لە سەفەرنامەکەیدا دەڵێ: «ماوەیەکی پێناچێ کە لە ژێر ئەم دار ناروەنانە (ی باغان)دا پیاو و ژن پێکەوە دادەنیشن و چای دەخۆنەوە و ئیتر حیجاب و پەردەیەک لە نێواندا نامێنێ» (٥٢ ل ٣٢١) بەڵام حاجی پیرزاد نەیدەزانی ئەم دابە زۆر لە بیرە تەسکەکەی ئەو گیان سەخت ترە و هەتا نیزامی کۆمەڵ نەگۆڕدرێ کولتورەکەی ڕێگای گۆڕینی بۆ ناکرێتەوە. تازە دوای گۆڕانی نیزامەکەش کۆسپی وەها لە ڕێ دایە کە ئەگەر جووڵانەوەیێکی کولتوری بەهێز نەبێ، کولتورە کۆنەکە وەکوو برینی کۆن هەر زووخاوی لێ دێ.

### پێوەندی کورد و قاجار لە ڕێگای خەڵوەتییەکانەوە:

یەکێک لە ژنەکانی فەتح عەلی شا خێرالنساء نێوێک بووە لە تایفەی بلباس و یەیکی دیکە هوما خانم کە لە جەهان بێگلوەکان بووە. چەندین ژن لە ئەفشار و زەند و باقی تایفەکانی لور لە خەڵوەتی ئەودا بوون.

یەکێک لە ژنەکانی ناسرالدین شا هوما خانم کوردستانی (والی زادە) کچی خەسرەوخان والی سنە بووە. ئەمینە ئەقدەس یەکێک لە ژنە هەرە خۆشەویست و جێگای باوەڕەکانی ناسرالدین شا کورد بووە.

### ژن و دەسەڵات

ڕێزی دایک لە نێو خێڵ و هۆزدا جار وایە ڕێگا دەدات کە دایکێک ببێ بە خاوەن دەسەڵات (دیارە لە سنوورێکی تەسک دا) بۆ نموونە لە لۆڕی بچووک دا "دەوڵەت خاتوون" ژنی عیزالدین موحەمەد چواردە ساڵ (٧٠٦ - ٧٢٠ کۆچی) سەرۆک بووە. (٥٢ ل ٢١٢) والیە خانم کچی فەتحعلی شا لە کوردستان حاکم بووە. بە وتەی سێرجان ملکم لە ١٨٠١ ژنێکیش لە مایدەشتی کرماشان دەسەڵاتدار بووە (٥٧ ل ٨٣)



ژن بوونی ئەمانە خۆی لە خۆیدا نەبۆتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک و ئەوانیش نەیانتوانیوە لە سنووری نیزامەکە تێپەڕن و هەر وەکوو ئاغایەکی سمێڵ بادراو ئەرکی ئاغایەتییان بەڕێوە بردووە. بۆ نموونە لە "گرگر"ی لای جولفا [سنووری ئێران و ئەرمەنستان] ژنێک بە نێوی حاجیە گرگری وڵاتی بەڕێوە بردووە کە بە وتەی علی قلی هێدایەت. خەڵک لێی ڕازین و لە دامەزرانی ئەزم لە ناوچەدا **دارفەلاقەی** بەناوبانگە.» (٥٨ ل ٣٠)

لە هەموو سەرچاوەکاندا کاتێ باسی ئەم ژنانە دەکەن، باسی هەڵس وکەوتی پیاوانەیان دەکەن. و هەموو کاتێکیش میراتی مێردەکەیان بووە کە بۆیان بەجێ ماوە. لە دەسەڵاتدا، ژن و پیاو هەر یەک ئەرک بەجێ دێنن. کاتێک دارفەلاقە هەیە ژن و پیاو هەر یەک فەرمان دەدەن.

### ژیانی ژن لە کۆمەڵی ئەوکاتەدا:

سەرچاوەکان زۆر کەم لە ژیانی خەڵکی ئاسایی دەدوێن. گەرچی نووسین و تۆمار کردن زۆر بووە، بەڵام کەمتر باسی خەڵک کراوە و هەر لە چوارچێوەی باس و کردەوەی دەسەڵاتدا ماوەتەوە و باڵوێز و نوێنەرەی وڵاتانی دیکەش کە هاتوون و بیرەوەرییان نووسیوە، پێوەندییەکی زۆریان لەگەڵ خەڵک نەبووە و تەنیا ڕواڵەتەکەیان دیتوە. ئەوان پاشان میوانی میر و بەگ و پاشا بوون و هەر باسی ئەوانیان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەوانە بۆ خۆیان لە چینی دەوڵەمەندی وڵاتی خۆیان بوون و ژیانی بارەگاکان سەرنجیانی ڕاکێشاوە و هەژاری و پەڕیووتی خەڵکیان بە شتێکی ئاسایی زانیوە، چوونکە لە وڵاتی خۆیان زۆر لەوە زیاتر هەبووە. کەوابوو تەنیا ڕێگا بۆ تێگەییشتنی چۆنیەتییەکان شێوەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئازادی چیرۆک و فاکتاکانە.

### گشتی:

هەر وەک لە بەشی پێشوودا دەست نیشانمان کرد، گەرچی یاسا بۆ شار و لادێ یەکسانە، بەڵام هێندێ گۆڕانکاری لەشارەکانەوە دەست پێدەکا کە پاش

ماوەیەک دەبێتە هۆی جیاوازییەکی بەرچاو. وەکوو خوێندنگە و پەرەنەستاندنی کاری پیشەیی و... لێرەدا، یەکەم باسی چەند خاڵی گشتی دەکەین کە پێوەندییان بە جێی ژیانەوە نییە، پاشان دەچینە سەر باسی جیاوازییەکان.

لە کۆمەڵی ئەو دەورەدا ماوەیەکی زۆر لە نێوان هاتنە دنیا و مێرد کردنی کچان دا نەبووە. کچان لە تەمەنی نێوان حەوت هەتا سێزدەساڵاندا بە شوو دراون و پاشان وەکوو کۆڵەکەیەکی ژیانی بنەماڵە چاو لێکراون. هۆی ئەم زوو بە مێرددانە جگە لە سوونەتی پێغەمبەر، چەند شتە.

یەکەم هۆی ئابووری بنەماڵەی هەژار، ئەوەش کە هەژار نەبوو هۆی خزمایەتی کردن و سیاسەت کردن و... ئەم دابە وەها توند بووە کە ئەگەر کەسێک کچەکەی درەنگ مێردی کردبا هەستی بە شەرم دەکرد. دەکوترا ـ ئێستاش دەگوترێ ـ کچ دەبێ لەماڵی شوو پێ بگا (باڵغ ببێ) هەتا لەدووی هەوای ئەفسانی نەکەوێ. دیارە ئەوەی کە لەبەرچاو نەگیرابێ خواستی کچەکەیە.

دووهەم، کورت بوونی نێوەنجی تەمەن بە هۆی نەبوونی پاک و خاوێنی و زانستی دەوا و دەرمان و زۆر بوونی نەخۆشی.

زوو پیر بوونی ژنانیش بۆتە هۆی چەند ژنی و ژن لەسەر ژن هێنان. هۆی زوو پیر بوونیش دیارە لەبەر بە منداڵی شوو کردن و سک و زا کردن و ئەرکی منداڵداری... بووە. لە نێو دەوڵەمەنداندا فرە ژنی مایەی شانازی بووە. بەتایبەت لەبەر فرەمنداڵی.

نەبوونی ئاگاداری لە پێشگیری، بۆ خۆی بووەتە هۆی ئەوە هەر ژنێک چەندین منداڵ (نێوەنجی ٧ منداڵ) بزێ، بەڵام بەگشتی لە شەش منداڵ دووی بۆ ماوەتەوە و باقیەکەی نەخۆشی فەوتاندویەتی. لە ١٨٥٩ تەنیا لە شاری ئەسفەهان ٨٠٠ منداڵ بە نەخۆشی هەوڵە مردوون.

ـ تەڵاق هەمووکاتێک بە تەواوی لەدەست پیاودا بووە و هیچ حاکم شەرعێک ڕێگای بە ژن نەداوە تەڵاق وەرگرێ (مەگەر هۆی شەرعی بووبێ)، بەڵام هەر چۆنێک بووبێ بێوەژن بوون ئەوەندە ناخۆش بووە کە ژن بە هەموو زیللەت و سەرشۆڕییەکی ماڵی شوو ڕازی بووە و نەی ویستووە جوێ بێتەوە. ئەگەر ژن گەڕاباوە ماڵی بابی هەر سەرکۆنە دەکرا (ئێستاش دەکرێ)، نەبوونی کار بۆ پەیدا



کردنی بژیو، و بە کزی و شەرمە چاولێکردنی بێوە ژن لە کۆمەڵدا هەموو هۆی ئەم مل دانەی ژنە.

لە نێو عەشیرەتدا تەڵاق کەمتر ڕووی داوە. هەژارانیش چوونکە نەیانتوانیوە مارەیی بدەن و ژنێکی دیکە بێنن، زۆر کەم توخنی تەڵاق دان کەوتوون.

## لادێ وعەشیرەت

لە دێهات و لە نێو خێڵ و عەشایردا هەل و مەرجی ژیان لە چاو خەڵوەتییەکاندا، باشتر بووە. لەبەر ئەو ڕەنج و ماندووبوونەی کە ژن لە بەشداری لەکاردا کێشابوویەتی، ڕێز و قوربی لای پیاو زیاتر بووە. قەدەغە بۆ هاتنەدەرەوەی ژنان نەبووە و بە هۆی کارکردنەوە، نەشی توانیوە ببێ.

لەنێو عەشیرەتدا ئەوەی دەست ڕۆیشتوو بووبێ و مەڕ و ماڵاتی زۆرتر بووبێ، ژنی زۆرتری هێناوە هەتا هێزی کارکەر زۆرتر بێ، بەڵام بە گشتی خەڵکی هەژار و نێوەنجی هەر یەک ژنیان هەبووە. باقی چۆنیەتییەکان هەر ئەوانەن کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد. نموونەیەک بە دەستەوەیە کە دەکرێ بە پێی ئەوە بزانین ژنان چەندە دەورێکی کەمیان لە بڕیاردان دا هەبووە، و سنووری کردەوەیان چەند بووە. دەزانین ئەو هەموو شەڕ و هەرایە کراوە، یەک جاریش پیاو لە هاوبەشی ژیانی خۆی نەپرسیوە کە ئایا ئەتۆ ڕازیت من ئەو شەڕەی بکەم؟ یاخۆ کوڕەکەت بە کوشت بدەم؟ یان خۆت ماڵ وێران بکەم؟ یا دوژمن بهێنمە سەرت کە بە دیلی بت بەن؟! و... بەڵام هەموو جارێک یەکەم قوربانی ژنان بوون، ئەم نموونەیە " لە بەیتی "قەڵای دمدم"ە کە چەند بەیت گوتەی ژنانی تێدایە. هێمن ئەم بەیتانەی بە سۆزی شاعیری بەیت بێژ زانیوە و پێی وا نییە ئەو گوتانە گوترابێ. هەر چۆنێک بێ، دەبێ شتێکی کەم و زۆر لەو چەشنە هەبووبێ، کە مێشکی دانەری بەیتەکەی خوراندبێ. ئەو بەیتانە بە ئێمە دەڵێن کە بۆ ژنان جگە لە کلۆوزانەوە و چاو لەدەستی پیاو بوون زیاتر، لە کارەساتێکی وەکوو دمدم دا، هیچ ئەرکێکی دیکەیان بۆ دانەنرابووە ـ نەک نەیانبووبێ ـ لە ئاخریشەوە بەشیان خۆ حەوا دان لە چل کەوانەوە بووە. (یاخۆ ئەوەیان لێی چاوەڕوان کراوە.)

بەیتی دمدم

......

چەند گریان ئەو خاتوونانە،
لێیان تێک چوو جێ و مەکانە،
خولایان بێت پشتیوانە.

خاتوونێک دێتە مەیدانێ،
لە دڵی خانی دەدا تانێ:
لێت حەرام بێ جێی کابانێ،
ئاو نییە بکەین شێلانێ.

خاتوونێک دێ و دەبەزی:
رەبی، خانە، مارت گەزی؛
لێم رەش بوون سەر و کەزی

خاتوونێک دێ بە فەقیری،
چۆکێ دەدا لە پێش میری،
خان، سەلا، لە منی فەقیریی!
خان ئاو نییە پێی بکەین هەویرێ؛
خان حەیفە تۆ بی مودەبیرێ

خان بە خەزایە مەشغوولە

......... (٥٩ ل ٢١٠)

دەکرێ سەدان دێڕ لەسەر ئەم چەند بەیتە بگوترێ، هەر لە ڕقی ژنانەوە لەو شەڕە هەتا هەست بە ماڵوێرانی و فەقیری و جیاوازی چینایەتی و... کە لەسەر جیاوازی گوتەی ژنەکاندا دەردەکەوێ. هیواداریـن لە دەرفەتێکی دیکەدا لێکدانەوەیەکی تایبەتی لەسەر بکەین.



نموونێکی دیکە لە خوارەوە دێنینەوە کە ناکامی ئەو کارەساتە نیشان دەدا یا لە جێگایەکی دیکە ڕووی دابێ. دیارە ڕاستەوخۆ ئەمەک و باوەڕی ژنەکەش دەردەخا.

«دوای گرتنی قەڵای علی خان لە لای مەراغە. ژنێکی ئاوس [زگ پڕ] لەگەڵ کچولەیەکی ٦ ساڵەدا، پیاوێ بە توندی قسەی ناشیرینی لەگەڵ کردبوو. پیاوەکە بۆ خۆ شوشتن چوبوە حەمام، بەڵام کە هاتە دەرێ بینی ژنەکە سەری کچکۆلەکەی خۆی بڕیوە و کێردێکی کردوە بە زگی خۆی دا و ئەو منداڵەشی کوشت بوو کە لە زگی دابو، ئەیویست خۆیشی بکوژێ، ئەوانیش دەستیان ئەگرت و وتی "دوای مێردەکەم منیش ژیانم ناوێ" سەری خۆی بڕی». (٦٠ ل ٣٢) [بەڵام بە بیریشیدا نەهاتوە کە کێردێکیش لە کابرا بدات.]

## شـــار

### حیجاب و لەماڵ وەدەرکەوتن:

چەند شت تایبەتی بە ژیانی شارنشینییەوە هەیە کە دیمەنی شار دیاری دەکا و لەهەر کۆمەڵێکدا دەتوانێ جیاواز بێ. بۆ وێنە بازاڕ و دووکان کە پێوەندی بە ناوەندی بازرگانییەوە هەیە. پێشەسازی کە پێوەندی بە پێشکەوتوویی و هەروەها کەم و زیادی دانیشتوانی ناوچەوە هەیە و لە کۆتاییدا بنکەی فێرکردن و بارهێنان، کە ڕادەی پەرەسەندنی ژیانی نوێ دیاری دەکا.

ئەو شارانە کە زیاتر ئایینی بوون ژن زیاتر لەژێر زەخت دا بووە و چارشێو توندتر بووە (بڕوانە دیمەنەکانی ئەم بەشە) و لە ماڵ هاتنەدەرەوە دژوارتر. چەند ژنی زیاتر و تەڵاق هاسانتر. بەڵگە بۆ ئەم وتە زۆرە، هەر ئێستاش شاری قۆم و کەربەلا لەگەڵ سنە و سلێمانی جیاوازی هەیە. نموونەیەک لەم ساڵانەی ئاخر دێنینەوە: لە سنەدا هەتا ساڵەکانی ١٩٧٠ رستوران نەبوو و ئارەق تەنیا لە دوو سێ دووکانی جوو و ئەرمەنی دا دەفرۆشرا و ئەمانە پیاڵە فرۆشییان نەدەکرد. ساڵانی پێشووتر هەر لەم شارە ئیمام جومعە شەوانی شەمۆ لەبەر مزگەوت ڕادەوەستا و ئەوەی سەرخۆش با، دەیخستە حەوز. لەکاتێکدا هەر لەو ساڵانەدا لە سەقز و مەهاباد و تەنانەت بانە و مەریوان ڕستوران هەبوو و خەڵک بە ڕاشکاوی

دەیتوانی دانیشێ بخواتەوە. بە پێچەوانە لە سنە هەر لە کۆنەوە خەرابات هەبووە کەچی لە شارەکانی دیکە نەبووە.

"تاورنیە" سەبارەت بە ژنانی چینی نێوەنجی دەڵێ: «ژنانی ئێران تەنیا مێردەکانیان دەیان بینن. ئەوان تەنیا بۆ حەمام چوون لەماڵ دێنە دەرێ و چارشێوێک بە خۆدا دەدەن کە تەنیا دوو کون لەبەر دوو چاویان هەیە بۆ دیتن. ئەگەر کەسێک ببێ بە میوانی ماڵێک ئیتر ژنان نایەنە سەر سفرە. ژنان بە تەواوی کوێلە و خولامی پیاوەکانیانن». (٥٢ ل ٢٣٢)

لە سەردەمی قاجاردا ژنان زۆر چوونەتە دەرێ بۆ نێو بازاڕ و دووکان ـ بە پێچەوانەی شارەکانی کوردستان لە عوسمانی ـ و بازاڕ بە بۆنەی ئەوانەوە قەرەباڵغ دەبوو. ژنانی دەوڵەمەند نەدەچوونە بازاڕ و خۆیان بە شتی دیکەوە دەخلافاند.

لە بەشی شیعە نشین دا چوونە دەرەوە بۆ بەشداری کردن لە تازیەی مانگی موحەڕەم ڕێگا درابووە. بە تایبەت ژنانی هەژاری شارەکان بۆ وەرگرتنی خواردەمەنی و نەزری ڕۆیشتوونەتە جێگای تازیە.

ڕۆیشتنە سەرچاکە و زیارەت یەکێکی دیکە لە هاتنەدەرەوەکانی ژنان بووە، بەڵام لە هەموو ئەم شوێنانە جێ ژن و پیاو جوێ بووە، تەنانەت لەکاتی دانیشتن لە سەیران دا، هەموو کاتێک ژن و پیاو جوێ دانیشتوون. ژن و پیاو هەرچەند مەحرەمیش بوایەن پێکەوە سواری یەک داشقە (دروشکە) نەدەبوون. (٥٧ ل ١١٠)

هەرچۆنێک بێ چوونەدەرەوە لەماڵ و سەفەرکردن بە بێ ئیزنی شوو نەبووە و نەکراوە. ـ ئێساش وا دانراوە کە کاتێک پیاو قوبوڵ دەکا کە ژنەکەی کار بکا، ئەوە ئیزنیشی داوە لەماڵ بچێتە دەرێ. سەفەر کردن ئێستاش ناکرێ.

"هاتووچوو لە سنوورەکانی ئێران بۆ هەموو ئێرانییەک کە خولام یا مەئمووری دەوڵەت نەبێ ئازادە و تەسکەرەی پێویست نییە جگە لە ژنانی ئەرمەنی کە بە بێ تەسکەرە ناتوانن لە وڵات بچنە دەرێ و ئەمە بۆ ئەو ئەرمەنییانە کە دەیانەوێ بە ژن و منداڵەوە سەفەر بکەن ئەرک و خەرجێکی زۆری هەیە". (٥١ ل / سێر جان مولکم/ ٩٣) دیارە جزیە وەرگرتن لە غەیرە موسڵمان هەبووە و ژنی ئەرمەنیش هەموو کاتێک جێگای تەماعی بارەگادارانی ئێران بووە.



## کـار

دەزانین کە لە سەردەمی شاعەباسدا پێشەسازی و بازرگانی زۆر پەرەی ئەستاندبۆوە و هێزی ژنان وەکوو هێزی کار لە بەشی مافورە کردن و هەورێشم ڕستن و پارچە و شتی وادا بەکار هێنراوە.

بەشێکی زۆری بازاڕی ئەو کاتە شتی دەستکرد وەکوو مافورە، قوماش، بەڕە، تاوڵ، جاجم و... بووە کە هەموویان بەرهەمی دەستی ژنانن. ئەوە نیشاندەدا کە ژن چ دەورێکی گەورەی لە ژیانی ئابووری کۆمەڵی ئەو سەردەمدا هەبووە. کەچی پارەکەی نەچۆتە گیرفانی خۆی وئەم بەشدارییە مافێکی تایبەتی بۆ دیاری نەکردووە. تەنیا ئەوەندە بووە کە ئەوەی بەرهەمی ڕەنجی زۆرتر بووبێ، (وەکوو کرێکارێکی باش) ڕەنگە مێردەکەی قەدری زۆرتر گرتبێ. واش هەیە کە بە پێی ئەوەی هەرکەس چەندە لە ژیانی ئابووریدا بەشداربێ لە بڕیاردانیشدا بەشداری هەیە. بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەمە لە سنووری نێوماڵ تێناپەڕێ و ناگاتە سنووری بڕیاری کۆمەلایەتی. ئەوەش بڵێین کە عەقڵی تیجارەت لە کوردەواریدا ئەوەندە نەبووە کە کارگەی گەورە بۆ ئەم بەرهەمانە دابندرێ و هەر لەنێو چوارچێوەی ماڵاندا مابۆتەوە.

"هینریش بروگش" کە لە سەردەمی ناسرالدین شادا سەفەری ئێرانی کردووە، باسی فرۆشتنی مافورە لە گوندێکی نزیک هەمەداندا دەکا دەڵێ: «لێرە قاڵی و قالیچە بە کێشانە دەفرۆشن. مەنێک بە پێنج قەرانە. دەلاڵ و کڕیار لە تاران و هەمەدانەوە دێن و دەیکڕن. مافوورەیەکی گەورە سێ مەن دەکێشێ و دەکاتە ١٥ قەران کە بە پێ ئەو کار و خوریەی کە تێ چووە نرخێکی زۆر کەمە» (٥٧ل٤٨)

زۆر جار ژنان کاری خۆیان بە ساڵ پێش فرۆش کردووە بە ئاغا یان گەورە تاجرێک. ساڵێکی تەواو بە پارەیەکی نانە زگ کاریان بۆ خاوەن کار کردووە.

سواڵی و دەست فرۆشی یەکێک لە کارەکانی ژنانی هەژاری شارەکان بووە.

خۆفرۆشی لە هیچ تئۆریێکی ئابووریدا بە کار دانەنراوە، بەڵام ئێمە دەزانین کە یەکێک لە داهاتە هەرە گەورەکانی مافیاکانی ئەوڕۆ لەم شوێنەوە دابین دەبێ و

لە زۆر وڵات زەکاتی ئەم تیجارەتە زۆرتر لە هێندێ تیجارەتی دیکەیە. لە کۆنیشدا نموونە بەدەستەوەیە کە هەر وا چاوی لێکراوە. وەک ئەوەی سەبارەت بە ئەسفەهان گوترا. لە سەردەمی قاجاریش دا هاتووە کە لە سەردەمی ناسرالدین شادا، تەنیا لە تاران ساڵێک چواردەهەزار تمەن باج لە ژنانی بەستۆک دەستێندرا. (٥٧ ل ٥٤)

بە پێ ڕاپۆرتێک: بۆ تالیم دانی ژنانی بەستۆک و ژنە دەڵاڵەکانیان، خانوویەکی تایبەتی دیاری کراوە بە نێوی (توقیف خانە) لەوێ ژنانی گەنج جلی فەقێ و سەربازان دەشۆن و ژنانی پیریش مردووشۆری دەکەن. (٥٧ ل ٥٤)

کارەکانی دیکەی ژنان لەشاردا بریتی بووە لە جامەداری لە حەمامی ژنانە، کیسەکێشی و ڕوومەت گرتن، مامانی کردن و دایانی کردن بۆ ماڵی دەوڵەمەندان.

لە سەردەمی ئەحمەد شادا ژنان لە ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنی دا دامەزرابوون و بۆ هەواڵ کۆ کردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگرتن.

### خوێندەواری

خوێندن و زانیاری لە ژێر دەستی مەلا و لە حوجرەی مزگەوتاندا بووە و شتێکی گشتی نەبووە و خەڵک مەگەر ویستبێتی کوڕەکەی ببێ بە مەلا دەنا نەیناردۆتە خوێندن. دەکرێ بڵێین سیستمی ژیانەکە وا بووە کە پێویستییان پێی نەبووە. لەو لاشەوە هەتا نەخوێندەوارییەکە بمێنێ کۆمەڵ بەرەوپێش ناچێ و پێویستییەکە پێک نایێ. (ئەم دەبێتە هۆی ئەو و ئەو دەبێتە هۆی ئەم) بیری فێرگەی نوێ و خوێندنی غەیرە ئایینی بۆ منداڵی دەوڵەمەندان لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە باسی فەرەنگ (ئۆرووپا) و ڕۆیشتن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کاتی ناسرەالدین شا دا (پاوشایی١٢٦٤-١٣١٣کۆچی) دێتە گۆڕێ.

"دانش" یەکەم ڕۆژنامەی ژنان بووە کەلە ١٩١٠زایینی، ژنێک بە نێو دوکتور کحاڵ لە سی ژمارەدا دەری کردووە (٥٧ ل ١١٢) لەو کاتە بەولاوە چەند ڕۆژنامە و کۆمەڵی ژنان پێک هاتووە و جووڵانەوەی ژنان هەست پێ کراوە، گەرچی هەر لە توێژی سەرەوەی کۆمەڵدا بووە. هەمووشیان پاش ماوەیەکی کورت



بە هۆی دەمارگری مەلاکانەوە داخراون. لە ساڵی ١٣٢١ کۆچیدا، ژنێک بە نێو "توبا ڕوشدیە" لە ماڵی خۆی لە تاران مەدرەسەیەکی کچانە دادەنێ کە ڕۆژی چوارەم فەراشەکانی حکومەت دێن و بە جنێودان دایدەخەن (٥٧ ل ١٣٠) دەوڵەتی دواکەوتوو، ئایین دارانی دواکەوتووتر.

«ژنانی چینی دەستڕۆیشتوو بە گشتی خوێندەوارییان هەیە و لەگەڵ شێعر و ئەدەبی وڵاتی خۆیان ئاشنان و زۆربەیان قەرائەت قورئان [ نەک ماناکەی ] دەزانن» (٦١ ل ٨٩) ئەمانە مامۆستای تایبەتییان هەبووە کە هاتوونەتە ماڵێ دەرسیان پێ گوتوون و هەمووش مەلا بوون. دەزانین لە شارە گەورەکان قوتابخانە هەبووە کە مەلا دەرسی قورئانی داوە. جاری واش بووە مەلا ژنیش لە ماڵێ دەرسی بە کچان داوە. کچان بە گشتی هەتا ٧ ساڵەیی چوونەتە قوتابخانە، بەڵام هیچ زانیارییەک بەدەستەوە نییە کە چەند کەس بوون و لە چ چین و توێژێک بوون.

مەدرەسە بە شێوەی نوێ دانان، لە لایەن مسیۆنێرە خارجیەکانەوە دەست پێ کراوە. قەشەی ئینگلیسی و ئامریکایی کە لەوێ بوون بۆ کچانیش فێرگەیان داناوە. موسڵمانەکانیش توانیویانە لەوێ بخوێنن، بەڵام بە دەگمەن کەسێک ئەو ئامادەییە هەبووە کە کچەکەی بنێرێتە بەردەست مەسیحی دەرس بخوێنێ. لە یەکێک لەو مەدرەسانەدا کە ٧٧ قوتابی هەبووە تەنیا یەک موسڵمانی تێیدا بووە. (٥٧ ل ١٢٥)


لە کوردستان یەکەم فێرگە بە شێوەی نوێ لە سنە بە هۆی جوولەکانەوە دانراوە (٢٤ ل ١٧١)

لە ١٣٢٤کۆچی دا شۆڕشی مەشرووتە سەر دەکەوێ ولە ١٣٢٨ پارلەمان بڕیار دەدا کە ٤٦ مەدرەسە بە خەرجی دەوڵەت دابندرێ و لە بڕیارەکەدا دیاری دەکەن کە دە دانە لە مەدرەسەکان کچانە بن و هەتا پێنج ساڵ بخوێنن. هەر لەم ساڵەدا فێرگەیەکی شەوانەڕۆژی بۆ کچانی هەژار و بێ کەس دادەندرێ لە لایەن کۆمەڵەی "وطن" [نیشتمان] دوە کە ١٠٠ کچ لەوێ تالیم دەدران (٥٧ ل ١٣٣) ئەم جۆرە مەدرەسانە تەنیا لە پێتەخت و یەک دوو شاری گەورەدا بوون و بەو مانا نییە کە فێرکردن و بارهێنان بە شێوەی ڕێک و پێک دەستی پێ کردبووە. بەشێکی هەرە زۆری کوردەواری بگرە نەوەد لە سەدی لە ژێر چەپۆکی نیزامی عەشیرەتی دا

بووە کە تەنانەت بەشی هەرە زۆری سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ خۆیان نەخوێندەوار بوون. ئەگەر بلیمەتێکی وەکوو ماهشەرەف خانم (مەستوورەی ئەردەڵان) (١٢٢٩-١٢٦٤ کۆچی) هەڵکەوتووە، بەو مانایە نییە کە ئەو ئیمکانە بۆ خەڵکی دیکەش هەبووە. ئەو ژنی خوسرەوخانی ئەردەڵان والی سنە بووە ولە هەل و مەرجێکی زۆر تایبەتیدا ئەو هەلەی بۆ ڕەخساوە کە فێری خوێندن بێ.

بەشێکی زۆری تاوانی نەخوێندەواری ژنان دەکەوێتە سەرشان مەلاکان کە گوتوویانە مەدرەسە (بە شێوەی نوێ) منداڵ بێ دین باردێنێ، و خەڵکیش باوڕیان پێیان کردووە. لەو سەردەمەدا هەرکەس مەدرەسەی دانابا دەیانگوت بێ دینە و فتوای بابی گەرییان لەسەری دەردەکرد. بۆ وێنە "سید علی شوشتری فتوا دەدا کە "دانانی مەدرەسەی کچان دژی شەرعی ئیسلامە" و تەکفیر نامەیەک بە دژی مەدرەسەی کچان دەردەکا و بۆ خۆشی هەتا بەستنی مەدرەسەکە لە "شاولەزیم" مان دەگرێ. ئاخۆ ئەگەر ڕێگایان بە خوێندنی کچان دابا ئێستا چەند "مەستورە"مان هەبوو.

❀



باسەکەمان گەیشتۆتە سەدەی بیستەم، سەدەیەک پڕ لە گۆڕانکاری لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵدا. بۆ باس لەسەر چۆنیەتییەکانی ئەم سەدە، لێکۆڵینەوەیەکی هەرە بەربڵاو پێویستە چوونکە هەر بابەتێک بۆ خۆی بۆتە زانستێک و دەبێ تایبەتکاری ئەو زانستە لێی بکۆڵێتەوە، بە تایبەت باسی ژنان و خەباتیان بۆ ئازادی یەکێک لە بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکانی سەدەی هاوچەرخە، تا ڕادەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەم سەدە سەدەی وریا بوونەوەی ژنانە و خەباتیان بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان و پەیدا کردنی دەور لە کۆمەڵدا و پاشەکشە کردن بە دەسەڵاتی پێنج هەزار ساڵەی پیاوان کە گەیشتۆتە قۆناخێکی تایبەتی. ئەم باسە بە یەک کتێب و دووان نابڕدرێتەوە. لەخۆیەوە دیارە کە ئەم چکە نووسراوەش دەرفەتی پێڕاگەیشتنی ئەم هەموو ئەرکەی نییە. ئێمە باسەکەمان لەسەر ڕووداوەکانی یاسایی لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە درێژە دەدەین و هیوامان ئەوەیە کە ژنە زانستکارەکانمان قۆڵی لێ هەڵکەن و هۆکار و ئاکامی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە شێنەیی بپشکێنن و دەستمایەیەک بدەنە دەستی ژنانی لە هەموو لایەکەوە بەشخوراوی کوردەوە.

ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە لە ئورووپا کرابوو، پاش نزیک بە سەد ساڵ گەییشتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هێزی تازە پشوی تیجارەت و پێشە دەستی کرد بە داوا کردنی بەشی خۆی لە دەسەڵاتدا. هێزی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی کۆن پاش بەرگری و شەڕ و هەڵایەکی زۆر ئاخری گیانی دا بە دەستەوە و لە تورکیا جێگای بۆ جەمهوری چۆڵ کرد و لە ئێران بۆ مەشروتە (دانانی پارلەمان ـ دەستوری).

لە هەر دوو لا یاسای ئەساسی (بنچینەیی) دانرا و بە ڕواڵەت دەبوا یاسا بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بێ، نەک تاکە کەس و تاقم. بەڵام ئەم یاسا بۆ خۆی تەنیا جێگای بۆ پیاوی خاوەن پارە کردەوە و چینەکانی کرێکار و جووتێر و لەسەرەوەی هەموان ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ لە کەرەمی ئەم یاسایانە کە پیاوانی خاوەن

دەسەڵاتی کۆن و نوێ دایان نابوو، بێ بەش بوون. بۆ وێنە لە ١٩٢٠ پارلەمانی میللی تورکیا دامەزرا و هەموو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و لە ١٩٢٤ خەلافەتی بۆ هەتاهەتایە لە یاسادا کوژاندەوە و لە کۆنفرانسی لۆزان خۆی وەکوو جەمهوری تورکیا ناساند، بەڵام پارلەمان بەس نوێنەرانی چین و توێژە دەستڕۆیشتووەکانی تێیدا بوو. بەم شێوەیە: نوێنەرانی پێشوو و نوێنەری لەشکر و ئیدارەکانی دیکەی دەوڵەتی ٤٠٪. پیشەوکار ٢٠٪ زەویندار و تو‌جاری دەوڵەمەند ٢٠٪ و ڕێبەرانی دینی ١٧٪ (٤٦ ل ٦٤٠)

هێزی نوێ نەیدەتوانی گەشەکردنی سەرمایەکانی دابین بکا ئەگەر هەموو دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبا و ئۆرگانەکانی سەر بە خۆی پێک نەهێنابا. بۆیە حاکمانی تازە دەستیان کرد بە گۆڕانکاری لە هەموو بەشەکاندا و یەک لایەنە کردنەوەی دەسەڵات. پێش هەموو شتێک سوپای یەکگرتوو و مۆدێرن بۆ پارێزگاری لە بازاڕەکان. وا دانرا بوو کە ئەم لەشکرە فەرمان لە دەوڵەت بەرێ نەک لە تاکەکەس. دوایە خوێندن و بارهێنان بۆ ئیشی نوێ لە کارگە و کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکاندا. پاشان پێک هێنانی کۆمەڵێک کە بتوانێ بەرهەمی کارگە و کارخانە مەسرەف بکا. واتە گەشەکردنی ئابووری تەنیا یەک لایەنی نییە، دەبێ گەشەکردنی تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵی لەگەڵدا بێ. هەموو بینای سیاسی و کولتووری تەنانەت ڕەوانی (پسیکۆسوسیاڵ)یش بگۆڕێ. دەنا پێشکەوتنەکە ناتەواوە و دەلەنگێ و قازانجی تەواو نادا.

ژنان لەم سەردەمەدا وەکوو هێزێکی هەرزانی کار (بۆ بازاڕی کار نەک بۆ کاری ئێوماڵ) دەکەونە بەرباس. خاوەن دەسەڵاتی نوێ دەبوا ئەم هێزە لە زیندانی ماڵ و شەرمە و حیجاب ڕزگار بکا هەتا بتوانێ بەکاری بهێنێ. بەڵام کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگای ئەم گۆڕانکارییەدا بوو. ئەوەش یاسا و شەریعەتی ئایینی بوو کە ئاخر پێگەی هێزی کۆن بوو و بەم هاسانییە چۆڵی نەدەکرد. کۆمەڵ و مێژوو مەنتیقی خۆیان هەیە و کەرەسەی گۆڕانکاری لەکاتی خۆیدا دێتە بەردەست و پلە بە پلە هەل و مەرجەکە ساز دەبێ. بۆ وێنە:لە ساڵی١٩٢٤ لە تورکیا هەموو قوتابخانەکانی ئایینی داخران. هەر لەو ساڵەدا هەموو دادگا ئیسلامییەکان کە قازی شەرع یان هەبوو داخران و قازی شەرعەکان خانەنشین کران. (٤٦ ل ٦٣٩)



هەر وەها لەبەرکردنی عابا قەدەغە کرا. ئاخری لە ١٩٢٨ ئیسلام وەکوو دینی ڕەسمی وڵات لە یاسای بنچینەیی لابرا و پێویستی حوکمە شەرعییەکان لە لایەن پارلەمانەوە لە یاسادا سڕایەوە.

لە نەوامبری ١٩٢٨ فەرمانی پارلەمان لە سەر گۆڕینی خەتی عەرەبی بە خەتی لاتین دەرچوو و لە نیوەی ساڵی دواییدا هەموو ڕۆژنامەکان بوون بە لاتین. خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو کەس بوو بە ئیجباری و بە خۆڕایی. (٤٦ ل ٦٤١)

لە ئێران دا یاسای مەشروتە دەستی لێی نەدرا بە پێ یاسای مەشروتە، ئەسڵی دوهەمی زیادکراو (متمم)ی یاسای ئەساسی، دەبوا پێنج کەس لە مەلا پایەبەرزەکان وەکوو چاودێر داندرێن کە پارلمان هەر بڕیارێکی دەرکرد ئەوان چاوی لێ بکەن کە لەگەڵ ئیسلامدا (بە گوێرەی هەر ئەم یاسایە مەبەست شەریعەتی شێعەیە) یەک بگرێتەوە. دیارە ڕەزا شا زۆر گوێ نەدەدایێ.

چەند بڕگەی دیکەی یاسای ١٩٢٤ تورکیا سەبارەت بە ژنان سەرنج ڕاکێشە:

١- یاسای نیزامی یەکگرتوو بۆ فێرکردن و بارهێنان (١٩٢٤) لە مەدرسەکاندا کوڕ و کچ تێکەڵ بوون.

٢- بە پێ یاسای مەدەنی ژن و پیاو لە باری هاوسەرایەتی ، تەڵاق و کەفالەت و میراتەوە مافی یەکسانیان هەیە. ژن و پیاو هەردوک دەتوانن داوای تەڵاق بکەن. ئەگەر جوێ بوونەوە دادگا بڕیار دەدا کە منداڵەکان بە کێ بدا. ئەگەر یەکیان بمرێ خۆ بە خۆ کەفالەتی منداڵان دەدرێ بەوی دیکە. وەکوو کۆن نییە کە باپیر یان مام ببێتە کەفیل. پیاو و ژن وەک یەک میرات دەبەن. ژنی بێ مێرد یان کچ دەتوانێ بە ئازادی کار بۆ خۆی پەیدا بکا و بنەماڵە ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێ، بەڵام ژنی شوودار دەبێ لەگەڵ مێردەکەی ڕێک کەوێ و بڕیاری بنەماڵە زیاتر بە پیاوە. ئەگەر ژن پێ وابێ مێردەکەی چاک بەڕێوەی نابا دەتوانێ سکاڵا بکا. ژن هەموو جۆرە بیمە (پارێزە)یەکی کۆمەڵایەتی وەکوو پیاو هەیە پارێزەی تایبەتی دایکانەشی هەیە.

٣- یاسای یەک جۆر کردنی جل و بەرگ. ١٩٢٦کە لە ڕاستیدا جۆرێک لابردنی حیجاب بوو.

چەند ژن هێنان لە یاسای تورکیادا لابرا و تەڵاق دەبوا بە حوکمی دادگا بێ و ژنان لە بڕێک هەل و مەرجدا مافی تەلاقیان پێدرا.

لە(١٩٢٦) دا مارە و تەڵاق دەبوا لە دەفتەرخانەی رەسمی کرابا و مارەی شەرعی وەکوو مەرج لابرا.

لە ٢٥ نەوامبری ١٩٢٥ دا ژنان هان دران کە چارشێو لەسەر نەکەن (لابردنی حیجاب) بەڵام ئەگەر لە سەریان کردبا قەدەغە نەبوو.

لە ١٩٢٩ یەکەم خاتوونی جوانی تورکیە هەڵبژێرا. (٤٦ ل ٦٤٠)

لە ئێراندا هەر ئەو سیاسەتەی تورکیا لەبەر چاو گیرا. دانانی جلی یەک جۆر ولابردنی حیجاب لە ١٧ دی [بەفرانبار] ١٣١٤ /١٩٣٦دا دەست پێکردنی گۆڕانکارییەکان بوو، بەڵام لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر کەمی ژنان لە کارگە و کارخانە دەستیان بەکار کردبوو، جگە لەوە مافی چارشێو لەسەر کردنی لە ژنان دەستاند، هیچ مافێکی دیکەی نەدەدانێ و کۆمەڵ هەر بە یاسا کۆنەکان مافی ژنی دیاری دەکرد. دەم و دەزگای دینی و مەلاکان دژایەتییەکی زۆریان دژی لابردنی حیجاب کرد، بەڵام زۆریان پێ نەشکا پێشی پێ بگرن. هەرچۆنێک بێ ئەم تەکانە لە لایەک ژنانی وریا کردەوە و لەلایکی دیکەوە دەری خست کە دەم و دەزگای دینی چەندە دژی ژنە.

ناکۆکییەک کە پێک هاتبوو ئەوە بوو کە ژیانی شارستانییەت پێ بە پێی گەشەکردنی سەرمایە و هاتنی دەستکردەکانی ڕۆژئاوایی نەبوو و هەوڵ دەدرا لە هێندێ بەشدا ناوەرۆکی تازە لە قاڵبێکی کۆن و لە هێندێ بەشی دیکەدا قاڵبی کۆن و ناوەرۆکی تازە لە پاڵ یەکدا جێ بکەنەوە. ئەمە ئەو دژلەگەڵەیە کە هێشتاش ئەخۆشینی ئەو وڵاتانەیە.

یەکێک لە گۆڕانکارییە سیاسییە گرنگەکان لەهەر کۆمەڵێکدا، دانی مافی دەنگدانە. کەسێک کە مافی هەیە دەنگ بدا بەو مانایە کە بە مرۆڤێکی تەواوی ئەو کۆمەڵە دەناسرێ. گەرچی لە وڵاتانی وەکوو وڵاتی ئێمەدا خەڵک بە وتەی "رۆسو" "هەر ئەوڕۆژە کە دەنگ دەدەن مرۆڤن و پاشان دەبنەوە کوێلە"، بەڵام



دەنگدانی ژنان خاڵێکە بۆ بەشداری و لە ژمارە هێنانی ژنان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. واتە ددان بەوەدا نان کە ژنیش هەیە و مافێکیشی هەیە.

لە ساڵی ١٩٣٤ دا مافی دەنگدان و دەنگ وەرگرتن لە تورکیا بە ژنانیش درا. مافی دەنگدان لە ١٩٣٠ بۆ شارەوانییەکان و لە ١٩٣٣ بۆ شەورای دێ و لە ١٩٣٤ بۆ پارلەمانی میللی درا بە ژنان. هەروەها بۆ وەرگرتنی کار و خزمەتی ئیدارەکانی دەوڵەتی مافی یەکسان لەگەڵ پیاو درا بە ژنان (٤٦ ل ٦٤٠) کەچی لە ئێران دەبوو هەتا ١٩٦٣ چاوەڕوان بکرێ هەتا فەرمانی مافی دەنگدانی ژنان دەرچێ کە بوو بە هۆی هەرای سەرێشکە ئیسلامیەکانی قۆم. ئەوان هێشتا گۆڕانی سەرمایەدارییان نەچووبووە مێشکەوە، ئەوە بەشێک بوو لە ڕیفۆرمێک کە دەبوا بە دژی دەرەبەگایەتی لە ئێران دا کرابا هەتا پێستەی پێویست بۆ سەرمایەداری پێک بێ. واتە هێزی کار کە گرێ درابوو بە زەوینەوە ئازاد بکرێ و بێتە نێو کارگە و کارخانەوە. دواتر کە خۆیان هاتنە سەرکار دژایەتییان لەگەڵ دەنگدانی ژنان نەبوو، چوونکە یەکەم نەیاندەتوانی پێشی ڕەوتی مێژوو بگرن و بەشداری ژنان لەکۆمەڵدا لەوە ترازا بوو کە ئەوان بتوانن کۆتایی پێ بێنن. دووهەم دەیانزانی ژنان دەنگ بۆ دەسەڵاتی ئەوان دەدەن.

بەم شێوە هەلی لەبار بۆ بەشداری ژنان لە کۆمەڵدا پێک هات گەرچی بەشێکی زۆر کەم بوو، بەڵام لەچاو هەل و مەرجی پێشووتردا هەنگاوێکی گرینگ بوو. چەند نموونە ئامار نیشان دەدا کە چۆن لە ماوەیەکی کورت دا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەرفەتی خوێندن و کاریان بۆ هەبووە.

لە ١٩٢٣ هەتا ١٩٤٠ ژمارەی قوتابییان لە تورکیا بوو بە سێ بەرانبەر. لە ١٩٤٠دا ١١.٢٪ ژنان خوێندەوارییان هەبووە. دیارە هەرچی لە ناوەندەوە دوورتر بان نەخوێندەوارییەکە زۆرتر دەبوو (٤٦ ل ٦٤٣)

هەتا کۆتایی شەڕی دووهەم خوێندەوارانی وڵات ببوون بە ٣٠ لەسەد کە لە شارەکاندا ٦٠ لەسەد بوو. ژمارەی کرێکارانی کارخانە لە ١٩٢٣ بوو بە ٢٥ هەزار لە ١٩٤٠ بوو بە سێسەد هەزار و دوو بەرانبەری ئەوەش لە کارگە چوکەکاندا بوون.

لە ساڵی ١٩٥٦دا لە ئێران ٣١٪ ژنی شارنشین هەیە، بەڵام دواتر خەڵک ڕوویان کردە شار بۆ کار. بیست ساڵ دواتر بووە ٤٦٪. هەروەها لە ١٩٥٦دا ٧,٣٪ ژنان خوێندەوارییان بووە بەڵام بیست ساڵ دواتر بووەتە ٣١٪. هەر بە پێی ئەم ئامارە لە ١٩٦٦دا ١٨,٤٪ی ژنانی دە ساڵ بەرەوسەرێ خەریک خوێندن بوون، دە ساڵ دواتر ئەم ژمارە بووەتە ٣٠,٨٪.

لە ئێراندا بە پێی ئاماری ڕەسمی دەوڵەت لە ١٩٧٢دا ٨٩٠ هەزار ژنی کرێکار هەبووە. لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا ٢٠١ هەزار ژن کاریان کردووە و هەشت ملیۆن کابانی ماڵ بوون. هەر بە پێ ئەم ئامارە ژمارەی پیاوی نەخوێندەوار ٦٠٪ بووە و ژنان ٧٥٪ (٦٢ ل ٤٤) بەشێکی زۆر لەم کرێکارانە لەبەشی پارچە و مافورەدا کاریان کردووە. لە ١٩٥٦دا ٢٢٣٠٠٠ژن لەم بەشانەدا کاریان کردووە، بیست ساڵ دواتر بۆتە ٤٣٨٠٠٠کەس. (٦٢ ل ٤٤) وەک دەزانین ئەم ئامارە نێوەنجی یە و لە هەموو جێگایەک وەک یەک نەبووە. بۆ وێنە لە ١٩٧٦ لە شاری سنەی ٩٦ هەزار کەسی تەنیا ٢٢٠٧ ژن کاریان هەبووە، لە بەرانبەر ٢٤٩٥٤ پیاودا. (٦٣ ل ٤١)

پێ بە پێ ئەمانە چۆنیەتی کار و پیشە و تیجارەت و ڕێگاکێشان و بەتایبەت سەرمایەی بانکی بەرەوپێش چووە و بوژاوەتەوە. ئەوەی گرینگە بزانین کە لە بەشی سیاسیدا ژنان بە دەگمەن نەبێ ڕێگا نەدراون. جار جار یەک دوو ژنیان بردۆتە پارلەمان، کە ئەویش ڕەنگیان هەبووە و دەنگیان نەبووە.

ئەم ڕەوتە هەروا سەربەرەژوور نەڕۆیشت، پاش ماوەیەک بازار تێکمە بوو. گەشەی کارگە و کارخانە و دایرەی دەوڵەتی وەڵام دەرەوەی ژماری دانیشتوان نەبوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد و پێویستی بە کار و کەرەسەی ژیان هەبوو. نالەباری ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە کڕیاری نەوت و کاری هەرزانن، کاری کردە سەر بازاڕی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێکاری خۆی نواند. کرێکاری کورد و تورکی ئاڵمان پارەیان پێی دەدرا کە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

ئەگەر زانیمان خاوەن کار هەموو کاتێک لە قازانجی زیاتر دەگرێ و یەکەم قازانج ئەوەیە کە مزەی کەمتر بە کاریگەر بدا، ئەوە دەزانین هەموو کاتێک دەبێ لەشکرێکی بێکار ڕاوەستێ کە بە نرخی هەرزانتر ئامادە بێ بۆ کار. یەکەم ڕیزی



ئەم لەشکرە ژنان پێکی دێنن. لە وڵاتانی وەکوو لای ئێمە کە دیکتاتۆرییەکی بێ ڕەزا لەسەر کارە و خەڵک ناتوانێ بە دانانی سندیکا و کۆمەڵە و حیزبی سیاسی و شتی لەم بابەتە بەرگری لە مافی کۆمەڵایەتی و مافی کار بۆ خۆی بکا، بازاڕ هەر بە شێوەی دڕندانەی سەردەمی کۆن دەمێنێتەوە و هەرکەس بەهێزتر بێ و زیرەک تر بێ، ئەوە ئەو دەیباتەوە. واتە ژنان کە دەرفەتی ئەوەیان لە کۆمەڵدا پێ نادرێ کە خۆیان ئامادەی شەڕی ئەو مەیدانە بکەن، یەکەم دۆڕاون. لە لایەکی ترەوە گۆڕانەکە ئەوەندەی نەخایاندووە کە کار بکاتە ناو بنەماڵە و ڕوانگەی کولتوری خەڵک، بۆیە ئەو بە کەم ژماردنەی ژن هەر ماوە. مەبەست ئەوەیە کە یەکەم قوربانی نالەباری ئابووری وڵاتان، ژنانن. بۆ ئەوەی بە ژنان بڵێن جارێکی دیکە بچنەوە ماڵێ ، دەبوا گۆڕانێک لە یاساکاندا بکەن نەکا ژنان ئەم گۆڕانە بە ناحق بزانن. بۆیە دەبینین لەتورکیا، لە ١٩٤٩ جارێکی دیکە دانانی قوتابخانەی ئایینی ئازاد دەکرێ و لە مەدرەسە ئاساییەکاندا دەرسی دینی دادەنرێتەوە. زانستگای دینیش جارێکی دیکە دانرایەوە. (٤٦ ل ٦٧٨) لە ١٩٥١ بانگ دان بە تورکی لاچوو و جارێکی دیکە زمانی عەرەبی بوو بە زمانی دین.

یاسای بنچینەیی تازەی تورکیا کە لە ١٩٦١ دانرا سەبارەت بە مافی ژنان ئەوەیە کە دەست نیشان دەکا کە هەموو دانیشتوان بێ لەبەرچاو گرتنی جنس دەتوانن لە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا و لە سوپا (لەشکر)دا خزمەت بکەن. بەڵام چەندە ڕێگایان پێ دەدرێ باسێکی دیکەیە. لە بەرانبەردا بە پێ (بڕگەی ٣٦)بنەماڵە وەکوو بنکەی کۆمەڵایەتی تورکیە ناوبراوە و بە ئەرکی دەوڵەت زانراوە کە هەر شتێک لە دەستی دێ و بە چاکی دەزانێ بۆ پشتگیری لە بنەماڵە و پشتیوانی دایک و منداڵ بە جێ بێنێ. یانێ ژن و منداڵ دیسان پێکەوە گرێ بدەن و ئەرکی سەرەکی ژن بە منداڵ بەخێو کردن دانێن. ئەمە کاتێک زیاتر خۆی دەنوێنێ کە بزانین هەر لەم یاسادا دەڵێ: کار دەبێ لەگەڵ توانایی کارگەرەکە یەک بگرێتەوە و کاردان بە منداڵ و ژن بە پێ ئەم یاسا دەبێ ئیزنی تایبەتی بۆ وەرگیرێ (بڕگەی ٤٣) (٤٦ ل ٦٩٤)

لە ئێران ڕەوتەکە زۆر بەرچاوتر و نالەبارترە. پاش ئەوەی جمهوری ئیسلامی هاتە سەرکار ئەگەر بزانین لەم بیست ساڵەدا ژمارەی دانیشتوان بوەتە دو بەرانبەر

و بەشێکی زۆری سەنعەت لە قازانج کەوتووە، دەزانین کە دەبوا ژنان بگێڕنەوە ماڵێ. لەم بوارەدا سیاسەت وابوو کە ئەو ژنانەی کە کاریان هەبوو خۆیان خانە نشین (تەقاعود) بکەن، لە ڕێگای کرینەوەی خزمەتەکەیانەوە.

لە٢٩ مانگی ژوەنی ١٩٦٠دا فەرمانی حیجابی ئیجباری لە لایەن خمینی یەوە دەرچوو. سزای بێ حیجابیش لە لایەن حاکم شەرعەوە ٤٥ ڕۆژ زیندان یان ٧٦ شەلاخ و ٢٠٠٠تمەن جەزا دیاری کرا.

دیارە چۆنیەتی حیجابەکەش بۆ خۆیان دیاریان دەکرد. قەدەغە بوونی هەرجۆرە ڕازاندنەوەی سەر وچاو و لاک لە ناخون دان و لە پێ کردنی دەرپێ تەنگ و بەدەرەوەبوونی قژ، و هتد...

– ژنان هان دەدران بۆ ئەوەی کاری نێو ماڵ بکەن و خودی ژنان ئەو فکرەیان بۆ پەیدا بێ کە جێگایان لە ماڵە. یانێ فێرکردنێک لە ڕێگای تلەویزیۆن و ڕادیو وگۆڤارەکانەوە هاتە گۆڕێ، کە ژن خۆیان نەیەنە دەرێ بۆ کار. بۆ وێنە لە کتێبی سەرەتایی منداڵاندا باسی کار و پێشە کراوە، بۆ پیاو ٢٧ کار ژمێردراوە کە لە دەرەوەی ماڵە. بەڵام بۆ ژن تەنیا مامۆستایی قوتابخانە وەکوو ئیش و کار نووسراوە. یانێ منداڵان فێر دەکەن کە بزانن ئیشی ژن تەنیا لەماڵدایە.

– ئازاردانی ژنان بە بیانوی حیجاب و جێگای کاری جیاواز و نەدانی پارێزە ونەبوونی جێگا بۆ ڕاگرتنی منداڵ و ... ڕەوشتێکە کە ژنان ناچار بکەن لە ماڵ دانیشن. ئەوان لە زۆر جێگای زانستی دا وەکوو بەشی زانستی و تەکنیک و هونەر، مەنعی یاساییان هەیە.

"بە پێ بڕگەی ١١١٧ ی یاسای مەدەنی پیاو ئەگەر کاری ژنەکەی بە مەسڵەحەت نەزانی دەتوانێ پێشی پێ بگرێ.

لە یاسای سەربازی دا دەڵێ (بڕگەی ٣٢) ژن تەنها بۆ بەشی دەرمان و نەخۆشخانە دابندرێ و جێگای کاریشی لەگەڵ مێردەکەی بەراورد بکرێ.

ژن دەتوانێ ببێ بە پۆلیس بەڵام تەنیا بۆ کاری تایبەتی وەکوو زیندانی ژنان.

ژن سەربازی کردنی ئیجباری بۆ نییە.

بە پێ یاسای دادیاری، ژنان مافی دادیاری و قەزاوەتیان نییە. یاساکە دەڵێ.



قازی لە نێو ئەو پیاوانەدا هەڵدەبژێرێ کە ... دواتر بەشێک وەک تێ بینی لێ زیاد کراوە کە ڕێگا دەدا بە بەرپرسی ئیدارەی دادیاری کە بۆ کاری ئیداری و یارمەتی دانی قازی ژن بەکار بهێنرێ.

بڕگەی ١٥ی پشتیوانی بنەماڵە دەڵێ: ژن [ئەگەر مێردەکەی ئیزنی کارکردنی نەداتێ] بۆی هەیە سکاڵا بکا، هەروەها پیاو دەبێ ئەو ناڕەزاییەی خۆی بە دادگا بڵێ. ئەگەر دادگا ڕای لەسەر بوو ئەوە بە خاوەن کاری ژنەکە دەڵێ کە وەدەری نێن. دیارە مەسڵەحەتی بنەماڵە هەموو کاتێک پیاو دیاری دەکا و ئەمەش بە پێ بڕگەکانی دیکە دەردەکەوێ.

بەپێ ئەسڵی ١١٥ یاسای ئەساسی سەرۆک جەمهور دەبێ پیاو بێ. وەزیر بە پێ بڕگەی١٣٣ نەکوتراوە دەبێ حەتم پیاو بێ، بەڵام هەتا ئێستاش پاش ٢٠ ساڵ یەک وەزیری ژن دابین نەکراوە.

لە جەمهوری ئیسلامی دا هەموو بڕیارێک لە کۆتاییدا دراوەتە دەست عولەمای خاوەن ئیجتهاد(ئەسڵی دووهەم و سێهەمی یاسای ئەساسی) و تا ئێستاش نەدیتراوە ژنێک بووبێ بە موجتەهێد. دیارە ئەوانیش نگابانی شەریعەتی ئیسلامین کە لە پێشدا هەبووە و ئێمەش بە درێژی باسمان کردووە. بە پێ ئەسڵی ٩٨ لێکدانەوەی یاسا هەر بە ئەستۆی شۆرای نگابانە کە لە پێنج ئایەتوللە دروست بووە.

بڕگەی ١١٠٦ یاسای مەدەنی دەڵێ "نەفەقەی ژن لە ئەستۆی پیاوە و ئەمە ماڵ و جل و خواردن و کەرەسەی پێویستی ناوماڵ و... دەگرێتەوە. بڕگەی ١١٩٩ نەفەقەی ئەولاد لە ئەستۆی باوکە ئەگەر باوک نەبوو باپیر و مام و... یانێ ژن بە پێ یاسا لە دەوری ئابووری ماڵ وەدەرنراوە و رسق و ڕۆزی دراوەتەوە دەست پیاو. واتە مافێک لە ژن ئەستێندراوەتەوە، بەڵام هیچ مافێک بە پیاو نەدراوە بەڵکوو ئەرکی لێ زیاد کراوە. ئەمە زۆر کۆسپی کۆمەڵایەتی دروست دەکا و دەبێتە هۆی ئەوە کە کوڕان هەتا ماڵ و حاڵی باشیان نەبێ نەتوانن ژن بێنن. ڕەبەن بوونی ئەوانیش نالەباری کۆمەڵایەتی دیکە دروست دەکا. (٦٤ ل بڕوانە ١٤٠ـ١٧٠)

ئێستاش چەند بڕگە یاسای دیکەی ئێران وەکوو نموونە دێنینەوە کە یاساکانی سەردەمە کۆنەکان وەبیر دێننەوە.

ئەگەر پیاوێک ژنەکەی لە کاتی زینا دا ببینێ و ژنەکەی خۆی و پیاوەکەی دیکە بکوژێ جەزا نادرێ، بەلام ئەگەر ژنێک لە هەل و مەرجێکی هەر بەو چەشنەدا قەتل بکا جەزا دەدرێ. بڕگەی ١٧٩ یاسای جەزا (٦٢ ل بڕوانە٤٢)

قەساس: ژن و پیاو لە قەساسدا وەک یەک نین و ژن نیوەی پیاوە بە پێی بڕگەی ٢٠٩ یاسای جەزای عام ئەگەر پیاوێک ژنێک بە قەست بکوژێ قەساس دەکرێ بەلام بنەماڵەی ژنەکە دەبێ نیوەی خوێن بایی کابرا بدەن. ئەگەر نەیان بێ کابرا قەساس ناکرێ.

تاوانی قەتلی قەستی یان غەیرە قەستی ژنی موسلمان نیوەی پیاوە. بڕگەی ٣٠٠ هەر ئەو یاسایە.

بە پێی بڕگەی ١٠٤٣ یاسای مەدەنی نیکاحی کچ بە دەست باوک و یا باپیرە. ئەگەر ئەوان ڕایان لەسەر نەبێ کچە دەتوانێ بچێتە دادگا و ئەگەر کێشەکەی بردەوە دادیار مارەی دەکا (٦٢ ل ٤٢).

شایەتی دوو ژن بەرانبەر بە پیاوێکە و .........

## عێراق

ئەو بەشە خاکە کە ئەوڕۆ پێی دەکوترێ عێراق، و دوای شەڕی یەکەم لە عوسمانی جیاکرایەوە، ئینگلیس دەستی بەسەردا گرت. ولاتانی ئورووپاییش هەرچی لەنێو خۆیاندا پێوەندییەکانی کۆمەلایەتی گەشەی کردبێ، دیسان لە ولاتانی ژێردەستیاندا لە چین و توێژە هەرە دواکەوتووەکان پشتیوانی دەکەن و فوو بە کوانووی کولتوری کۆن ودواکەوتوودا دەکەن. وەک دەزانین لە تورکیە هەتا ئاخر پشتیوانییان لە خەلیفەی عوسمانی دەکرد و لە عێراقیش پشتیوانی بنەماڵەی فەیسەل بوون. واتە ئەوان ڕاگرتنی ئەو نیزامە کۆنەیان بە قازانجە و دەستی لێ نادەن یا خۆ دەبنە هۆی هەرە دواکەوتوتر بوونی.

بۆ وێنە: لە ١٩٥٢ (کاتێک کە خوێندن بۆ هەموو خەلکی ئینگلیس بە کچ و کوڕەوە ئیجباری بووە) لە هەموو پارێزگای هەولێر ٧٥٩ و لە پارێزگای سلێمانی ١١٣٢ کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی. لە هەولێر ٣٩ مامۆستای ئافرەت و



لە سلێمانی ٤٩ مامۆستای ئافرەت بۆ دەرس گوتنەوە هەبووە (٦٦)

دوای ئینگلیسییەکانیش کێشەی سیاسی ناوخۆ هەتا ماوەیەکی زۆر ڕێگای نەدا کە هێمنی و دەرفەتێکی وەها بێتە گۆڕێ کە خەلک بیپەرژێ بیر لە یاسای مەدەنی بکاتەوە. هاتنە سەرکاری بەعس کە ڕیشەی لە نێو عەشیرەت گەریدا بوو ئەو فەرهەنگە عەشیرەتی ئیسلامییەی ئەوەندەی دیکە کردووە بە یاسایی و زیاتر دای سەپاندوە.

ئێستاش چەند بڕکە لە یاساکانی عێراق بۆ بەراورد لەگەل ولاتانی دەوروپشتی و بەراورد لەگەل مێژوو.

* بڕیارێ ژمارەی ٣٨١٨ ـ جنایات ـ ١٩٧٢

قەتلێک کە بۆ بەرگری لە ئابڕو کرابێ، هۆیەکی باشە بۆ کەم کردنەوەی سزا.

«گۆڤاری " النشرەالقضائیە، ژمارەی سێهەم، سالی چوارەم.»

* بڕیاری ژمارەی ١٥٠، ٢٠٤، ٣٠٤، کۆمیتەی عام ١٩٧٩

برایەک کە خۆشکەکەی لەسەر ئەوەی کە لەگەل پیاوێک بووە وزکی پڕ بووە بکوژێ کارێکی باش وشەریفی کردووە. تەنانەت ئەگەر کوژراو پاش ئەو کارە بووبێ بە مارەکراوی پیاوەکە. لە بەر ئەوەی کە بوەتە هۆی ئابڕو چوونی بنەماڵە وخزم وتایفەکەی شایانی مردنە وکوشتنی واجبە.

«گۆڤاری " الاحکام العدلیە " ژمارەی چوار سالی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٣٤٢ جنایات ١٩٧٩

قاتلێک کە کچی مامی خۆی کوشتبێ ئەگەر کوژراوەکە لە مالی باوکی هەلاتبێ ولەگەل کەسێک کە خۆشی ویستووە، بێ ئیزنی بنەماڵەکەی یا کەسێکی تایفەکەی مارەکرابێ.[ ڕەدوو کەوتبێ ] کارێکی باش وشەریفی کردووە، چوونکە بە پێ داب ونەریت کوژراو بوەتە هۆی ئابڕو چوونی بنەماڵە وتایفەکەی خۆی. بۆیە سزای مەرگە.

«گۆڤاری "٠الاحکام العدلیه " ژمارەی سێ ساڵی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٦٩٠ ـ تمیزیه ـ ١٩٧٩

ئەگەر شایەتێک بتوانێ بیسەلمێنێ کە کوژراو ژنی بەستۆک بووە وئەمە بۆتە هۆی کوشتنی، قەتڵی ڕووداو بە کارێکی باش وشەریف دەژمێردرێ. (لەم ئاخرانەدا ئەم بڕیارە لە کوردستاندا زۆر قوربانی داوە، دیارە بە بێ ئەوەی بیسەلمێنن کە بەستۆک بووە )

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژماردی دووەم ساڵی دووهەم.»

* بڕیارێ ژمارەی ١٤٨٨ جنایات ١٩٧٦

ئەگەر ژنێک کاری خراپی کردبێ ونەگەڕابێتەوە ڕێگای ڕاست، یا لە ڕێگای ڕاست لای دابێ، ئەگەر قاتڵ لە سەر ئەوە کوشتبێتی ئەم کارە بە شەریف دەژمێردرێ. تەنانەت ئەگەر کوشتنەکە ماودیەکی زۆر دوای کردەوە خراپەکە ڕویدابێ.

«گۆڤاری " الاحکام العدلیه ژمارەی چوارەم ساڵی دوهەم.»

* بڕیاری ژمارەی ٦٧١ جنایات، ١٩٧٦

ئەگەر باپێک کچەکەی خۆی لـ بەر ئەوە کوشتبێ کە کچەکەی شەو چوەتە ماڵ کەسێکی گومان لێکراو. هەر ئەوشەوە لە ماڵەکە بیهێننە دەرێ و پۆلیس ئاگادار کرابێ، بەڵام بە هۆی بەرگری کردن لە ئابڕو کوشتبێتی ئەم کردەوە باش وشەریف لە قەڵەم دەدرێ.

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژمارەی چوار ساڵی حەوتەم .»

* بڕیاری ژمارەی ١٢٨ کۆمیتەی عامی دووهەم ١٩٧٥

کوشتنی ژنێک کە لەگەڵ پیاوی [نامەحرەم] نووستووە بەمانای پاک کردنەوەی سەرشۆڕی لە بنەماڵە وخزمانە، وئەم کردەوە باش وشەریفە وسزای کوژەر دەبێ



سووک بێ. بەڵام ئەگەر پیاو خەتای کردبێ وکوژرابێ دادگای ئاسایی پێک دێ و تەنیا بەپێ دەستوری ١٣٢ [ عەفوات ] دەکرێ سزای کوژەر کەم بێتەوە.

«گۆڤاری الاحکام العدلیه ژمارەی سێهەم، ساڵی شەشەم.» (٦٥)

دەبینین کە لەم یاسایانەدا هەموو پیاوانی بنەماڵە هەتا ڕادەی کوشتن دەسەلاتیان بەسەر ژنانی بنەماڵەکەدا هەیە. دەزانین لە یاسای ئیسلامدا بۆ زینا چوار شاهێد فەرز کراوە کەچی لەم یاسایەدا پیاوە بۆ خۆی بڕیار دەدا و پێویستی بە دادگا و شایەت نییە. واتە لە یاسای عێراق دا نەریتی عەشیرەتی زاڵە بەسەر ڕوانگەی یاسادانەردا. دیارە پاش ئەو چاوخشاندنە بە مێژوودا دەزانین کە ئەم جۆرە ڕوانگە و ئەم کولتورە کە بەسەر کۆمەڵدا زاڵە، چۆن شکڵی گرتووە.

سوریە

ڕاستییەکەی ئەوەیە بە پێ ئەو سەرچاوە زۆر کەمەی کە سەبارەت بە سورییە بەدەستمانەوەیە، هیچ جیاوازییەک لەگەڵ عێراق نابینین. بە تایبەت کە فکرەی بەعس لە هەردوو وڵاتەکە حاکمە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە بڵێین کوردان لەوێ جگە لە تەحەمولی هەموو سەرەڕۆییەک، دەبێ تەحەمولی ئەوەش بکەن کە بە کورد نەناسرێن و ناسنامەشیان نەدەنێ. بۆ خۆتان دەتوانن بەراورد بکەن، کاتێک کە لە وڵاتەکانی دیکە ژنی کورد ناسنامەشی هەیە و بە مرۆڤ دەناسرێ و ئەو هەموو زوڵم و زۆرە دەبێ قوبوڵ بکا، لە جێگایێکی وەکوو سوریە کە هەر بە مرۆڤیشی نازانن، دەبێ ژیان و مافی چۆن بێ؟ ئەوەندە هەیە کۆمەڵی سوریە زۆر زیاتر لە عێراقیش عەشیرەتی ماوەتەوە، (بە تایبەت بەشی کوردەوارییەکەی) و عەشیرەتی ڕۆژگاری ئەمڕۆش تەنانەت ئەو خاڵە باشانەی کە لە ڕابردووی دووردا هەیبووە لەدەست داوە و جگە لە نەگبەت هیچی بۆ مافی مرۆڤ تێیدا بەدی ناکرێ.

***

## دیمەنی ئەورۆ

ئێستا بە گشتی هەل و مەرجی ژیان و مافی ژنان ئاوایە کە لەو وڵاتانەی کە کورد تێیدا دەژین، دەسەڵات دەسەلاتی یاسای کۆنەپەرستانەیە، کە لەگەڵ شارستانییەت و کەرامت و بیری مرۆڤی ئەورۆیی بەدوورە. ئەگەر یاساکەشیان رێگا بدا، کولتووری دیکتاتۆری و باوک سالاری وەها زەختی زۆرە کە نەتەنیا نایەوێ رێگا بە هاتنە گۆڕی بەرانبەری ژنان و پیاوان بدا، بەڵکوو پێش بە هەر جۆرە باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی بەرانبەر دەگرێ.

دەزانین کە سەدەی بیستەم سەدەی خەباتی کورد بۆ بەدەست هێنانی چارەنووسی خۆی بووە. کەم و زۆر، بە هەر ڕوانگەیەکەوە کە بووبێ، لە هەر حاڵەتێکدا، جووڵانەوەیەک هەر هەبووە. لە شۆڕشی ئاراراتەوە بگرە هەتا ئێستا، جووڵانەوەیەکی چەکداری لە پاڵ جووڵانەوەیەکی ڕووناکبیری دا خۆیانیان هێناوەتە ئەم قۆناغە. جاری وایە جووڵانەوە ڕووناکبیرییەکە ملی بۆ هێزە چەکدارییەکە کەچ کردووە و جاری واش بووە جووڵانەوە چەکدارییەکە پرسی بە ڕووناکبیرەکانی کردووە، بەڵام پێوەندی ئەم دوو بەشە ئەوەندە نەبووە کە پێکەوە هەوڵ بدەن جێگرێک بۆ ئەو فەرهەنگ و نیزام و یاسا دواکەوتووە پەیدا بکەن کە خۆیان لەگەڵ (بەشێکی دا) شەڕیان هەبوو. هەوڵ بدەن بێچمێکی دیکە جگە لەوەی کە هەیە بە کۆمەڵانی خەڵک نیشان بدەن. لەم بوارەدا ئەگەر بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئاکامی قسەکە دەبێتە ئەمە کە: لە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردیدا نەدیتراوە کە مەسەلەی ژنان وەکوو مەسەلەیەکی جیدی بێتە گۆڕێ و باسی لەسەر بکرێ و ڕێگا چارەیەک پیشان بدرێ. ـ جا با دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشی بەتەواوی نەبووبێ.

" هیچ نیشانەیەک لە بەشداری ژنان لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و یا لە دەزگای دەوڵەتی ئەودا نییە، تەنیا ژنێک بە نێوی حەفسە خان کە لە خزمەکانی



شێخ مەحموود بووە جێگایەکی تایبەتی هەبووە و سەرپەرستی پێڕاگەییشتن بە کاروباری ئەو ئینگلیسییانە بووە کە بە فەرمانی شێخ مەحموود گیرابوون، (٦٧ ل ٤٠ ـ٦٢)

"هیچ نیشانەیەک بەدەستەوە نییە کە لە جمهوری مەهاباد دا ژنێک سەرپەرستی کارێکی حیزبی یان هێزی پێشمەرگە بووبێ، یەکێتی ژنان پێک هاتبوو لە ژنانی دەستڕۆیشتوو و هەر گەڕەک بەرپرسێکی هەبووە."

ـ " لە پەخشانێکدا کە سەبارەت بە "ڕێنوێنی ژنان" نووسراوە، نووسەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ژنی باش ئەو ژنەیە کە ژنێکی مل کەچ بۆ پیاوەکەی بێ. (کوردستان ژمارە ٢٧، ٢٥ مارس ١٩٤٦ ل ٣) (٦٧ ل ٤٠ ـ٦٢)

لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦ز)دا "رەئیسی هیئەتی میللی کوردستان حاجی باباشێخ" دوو بڕیاری دەربارەی دوو مەسەلەی کومەلایەتی گرنگ بڵاو کردۆتەوە: ڕەدوکەوتن و پرسەی مردوو.

ڕەدوکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە.

لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بە مێرد، گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە، ڕاکێشێ دەبێ بکوژرێ. بەزۆر ئەگەر کچێکیش ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما کچی خوازبێنی بکا و مانیعی شەرعیش نەبێ، بە مێرد نەبێ و کچە لە رەزای بێ جەزای نییە وەگەرنە لە ٣ مانگەوە تا ٣ ساڵ حەبس دەکرێ" (ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧ ١٣٢٤/ ) (٦٨ ل ١٥٠)

" لە دەورەی بارزانیدا فدراسیۆنی ژنانی کوردستان پێک هات، بەڵام لە شەڕی ٧٥ دا ژنان بەشدارییەکی وەهایان نەبوو. هیچ نیشانەیەکیش نییە کە ژنان لە ڕیزی خەبات و حیزبدا دەورییان هەبووبێ. (٦٨ ل ١٥٠)

ئەم وێنانە نیشاندەری کزی دەوری ژنان لە جووڵانەوەکانی کوردەواریدایە. هەروەها نیشاندەری ڕوانگەی بەکەم گرتنی ژنان لەو شۆڕشانەدایە کە خۆیانیان بە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕیش زانیوە. لە هیچ پێڕەو پڕۆگرامێکی حیزبە کوردییەکاندا نەدیتراوە کە لەسەر بەرانبەری و هاوبەشی ژنان دوابێتن. لانی هەرە زۆرەکەی ئەوەیە کە نووسیویانە. "مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو". بەڵام قەت لە نووسراوە و پەخشانەکانیاندا بەرەو ئەوە نەچوون کە بڵێن مەبەستییان لە

یەکسانی چییە؟ ئایا پشتیوانی لەوە دەکەن کە پیاو و ژن وەک یەک میرات بەرن. ئایا تەلاق هەر بەدەست پیاو دەبێ و ژن دەبێ دانیشێ بزانی کەی مێردەکەی فرێ دەداتە نێو کۆڵانان؟ ئایا... ئایا ژنیش بۆی هەیە ببێ بە رێبەری حێزبێک یاخۆ بێتە نێو سەرکردایەتی حێزبەکەی ئەوانەوە؟ (ئەو شتەی کە تا ئێستا نە دیتراوە و نە بیری لێی کراوەتەوە!)... نە هیچ کام لەمانە وەڵام نادرێتەوە. پێویستیش نییە دانیشین بزانین ئەگەر ئەوان بوون، بە حکومەت چ دەکەن. کردەوەی ئێستایان رێنوێنی داهاتوویە. هەموو ئەندامانی بەرێوەبەریان پیاون، هەموو کاربەدەستانی دیکەش لە هێز و لە جێگاکانی دیکە پیاون، ئەگەر جاروبار ژنێک لە بەشێکی تایبەتی ژناندا بووبێتە بەرپرس ئەوە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سکرێتێر یاخۆ بنەماڵەی رێبەراتیدا هەبووە. ئەگەر بەشی ژنان، یان رێکخراوی ژنان دانرابێ لەبەر ئەوە بووە کە بە قەولی خۆیان "موشکلەی ژنانمان لەکۆڵ بکەنەوە" نەک بۆ دانی مافی سەربەخۆیی ژن. یا خۆهاندانی ژنان بۆ خەباتی بەدەست هێنانی مافی خۆیان. ئیتر بە کردەوە لە هەل مەرجی وەک رەدو کەوتن و شتی وادا، یاسا عەشیرەتییەکان کاری کردووە و بەشی ژن، کوژران بە بێ لێپرسینەوە بووە. دیارە هەر کەسێک لە بیر و تەمەنی خۆیدا دەیان نموونەی لەبیرە و پێویست بە هێنانەوەی نموونە نییە. ئەم کەم و کورییە لەبەر ئەوە نییە کە پیاوی کورد بە ئەنقەست نایەوێ ماف بدا بە ژنەکەی. بەڵکوو هەروەک پێشتر گوتمان هەموو کۆمەڵێک رابردوویەکی هەیە کە زەمینەی ژیان و بۆچوونەکانی ئەورۆی بۆ پێک هێناوە و پێوەندییەکانی کۆمەڵی ئێستاشی بە پێی ئەو قۆناخە مێژووییە کە تێیدا دەژی، تایبەتییەکانی خۆی هەیە و لە هێندێ سنوور تێ ناپەڕێ. بۆ وێنە ناکرێ بە خەڵکی قەڵادزە بڵێین بۆ نۆپێرا چێ ناکەن. یان بۆ لە سلێمانی و سنە بالێتی ژنان چێ نەبووە. ئەمانە پێویستی بە پێشکەوتنێکی هەمە لایەنەی کۆمەڵ هەیە.

زۆر جار هەر بە پێی ئەم چۆنیەتییە، ژنان بۆ خۆیان پشتیوانی لەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە دەکەن کە ئەوان دەچەوسێنێتەوە. ڕاست وەکوو پشتیوانی کردنی خەڵکی ڕەش و ڕوت لە دیکتاتۆرەکانی وڵات. واتە خەڵک بەو قۆناخە لە ژیانی ئابووری و کولتوری نەگەیشتوون کە بتوانن هێندێ ئەرک ڕاپەڕێنن. لێرەدا ناکرێ بڵێی ئەوە تەنیا خەتای پیاوانە یان خەتای ژنان خۆیانە. ئەوان هەردوو لە هەل و



مەرجێکدا دەژین کە ئەو پێوەندییانەی بەسەردا سەپاندوون و ئەوە بە ئاسایی دەزانن. تەنیا چارەش ئەوەیە کە هەردوو خەبات بکەن بۆ گۆڕانی هەل و مەرجەکە، هەم لەباری ژیانەوە، هەم لەباری بیروبۆچوونەوە. گۆڕانی هەل و مەرج تەنیا بەو مانایە نییە کە دەوڵەت بگۆڕدرێ یان دەوڵەت دابندرێ یان دەسەڵاتدارەکە بگۆڕدرێ، یان دیکتاتۆرەکە بە زمانێکی دیکە بدوێ. ئەمانە گۆڕانی بێچم و قالبەکەیە و ناوەخنەکەی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئێمە بە کردنەوەی ئەم باسە لە مێژوودا هەوڵمان دا کە ئەم ڕاستییە نیشان بدەین. بەڵگەکەش ئەوەیە کە ئێستا لەکوردستانی ژێر دەسەڵاتی کورددا دیاری دەدا. باسی کوشتنی بێ بەزییانەی ژنان بە تۆمەتی بەستۆک (مەڵێ برسی)، ناکەین چوونکە ئەوە کاری پیاوانە و ئیزنی پیاوە سیاسییەکانی لەپشتە، باسی ڕێکخراوی ژنان دەکەین کە گوایە دەبێ هەوڵ بدا مافی ژنان (لەو ئازادییە هەڵ کەوتووەدا کە کورد خۆی حاکمی خۆیەتی) بستێنێ!!

«... لە ساڵی ١٩٩٢دا (سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم) ژنان داواکارییەکیان بەرز کردەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک بڕگە لە یاسای شەخسی عێراقی کە حکومەتی هەرێم بڕیاری دابوو بە بێ دەستکاری پەیرەوی بکات. سەرچاوەی ئەم هەوڵە باوەڕهێنان بوو بەوەی کە یاسا دەتوانێ کار لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بۆیە دەبێ گۆڕانەکان لە سەرەوەڕا بڕیاریان لەسەر بدرێت. "داواکارییەکەی ژنان بریتی بوو لە قەدەغەکردنی فرەژنی، یەکسانی لە شایەدی داندا، یەکسانی لە میراتگرتن، دانئان بە مافی ژن لە تەڵاقداندا. ئەم داواکارییە لە لایەن گشت ڕێکخراوە سێکیولەرەکان [غەیرە ئایینی] (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ئەوکات دروست نەببوو) و ئەندامە ژنەکانی پەرلەمان و سێ هەزار و چوارسەد ژنەوە ئیمزا کرا و خرایە بەردەمی پەرلەمان. بەڵام پەرلەمانی (بەناو دیمۆکراتی) کوردی کە لەتەک حەوت ئەندامی ژن، حەوت مەلای سەر بە هەر دوو حیزب (پێنجیان سەر بە پارتی و دوویان سەر بە یەکێتی)ی تێدا بوو دەنگی بۆ نەدا، بۆیە ئاواتی ژنان لەوکاتەوە کەوتە ژێر پێوە و مافەکانیان زیاتر و زیاتر پێشێل کران.» (٦٩)

ئەونموونەمان لەبەر ئەوکەسانەی هێنایەوە کە پێیان وایە هەموو مافێک ئەو ڕۆژەی دابین دەبێ کە کورد دەسەڵاتی خۆی هەبێ. ئەمەش خۆ دەسەڵاتی!!

با ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕووناکبیرەکانی کورد کە زیاتر لە هەموو شتێک خۆیانیان بە سیاسەتەوە بەستۆتەوە، خۆیان بۆ شتی وەک مافی ژن ماندوو ناکەن. لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی هاتۆتە گۆڕێ کە هەموو شتێک دەبەستێتەوە بە مەسەلەی کوردەوە و کوردیش دەبەستێتەوە بە فەرهەنگێکی کۆنی عەشیرەتی ـ لادێیی یەوە کە ئێستا چی دی لە مێتشک و زەینی ئەم بەناو ڕووناکبیرانەدا نەبێ لە هیچ گوندێکی وڵات دا نەماوە. هەر شتێکی تازە بێتە گۆڕێ بە دوو وشەی "ئەوە کوردی نییە"، فڕێ دەدەن و خۆیان لە دنیای ڕاستییەکانی مرۆڤی پێشکەوتووی ئەوڕۆ تەریک دەکەن. فەرهەنگی ناسیۆنالیستی ئەمانە دیەوێ ئەوەی لە تاریک خانەی مێژوو خراوە بەنێو فەرهەنگی کوردی زیندوو بکاتەوە و هەموو بۆچوونێکی دیکە بەنێو دژایەتی لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردی هەتک دەکا. زاراوەی "ئەمە کوردی نییە" لە بەرانبەر هەر گۆڕانێک دا دادەنێ و ئەوەش لەوێوە دێ کە خاوەن دەسەڵات نایەوێ دەسەڵاتی خۆی بخاتە کایەوە و زیندوو کردنەوەی دابی عەشیرەتی و عەشیرەت بە کورد زانین و بناخەی میللی لە سەر تان و پۆی فەرهەنگێکی بەرتەسکەوە دانان، گێلەشێوێنی کردن بۆ دەسەڵاتی پیاوسالاری و چینایەتییە. «لەڕاستیدا دژایەتی لەگەڵ ژنان و مافیان هەر لەو شوێنەوە دێ کە دژایەتی لەگەڵ دیمۆکراسی دێ. بە وتەیەکی دیکە، مافی ژنان بەشتێکی ئەساسی لە ڕەوتی دیموکراتی کردنی گشتی کۆمەڵە» (٧٠ ل ٣٦٠، ٣٧٠)

***

# کۆتایی

ژن لە ڕۆژگاری ژیانی سەرەتایی مرۆڤ دا دەسەڵاتداری بنەماڵە و کۆمەڵ بوو، تەنانەت خوداش بە ژن دەناسرا. لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵدا پلەوپایەی ژن گۆڕدرا و پیاو جێ گرتەوە. ژن لە پێشدا بوو بە کەسی دووهەم، بەڵام هێشتا شەریکەبەش بوو. دواتر بەرەبەرە دەوری کەم کرایەوە هەتا لە سەردەمی کۆیلەداریدا بوو بە کۆیلەیەکی تەواوی پیاو. لەم ڕەوتەدا یاساکانی کۆمەڵ لە یاسا ئایینییەکاندا خۆی دەنواند و دەسەڵات لە ئاییندا بەرحەق بوونی خۆی دەدیتەوە و ماف لە یاسا ئایینییەکاندا ڕەنگی دەداوە. هاتنی کۆیلەداری و پاشان هاتنی ئایینە سامییەکان و زاڵ بوونیان بەسەر بەشێکی زۆر لە دنیادا، ژن لە (میتۆلۆژی) بیرە ئاسمانییەکانیش وەدەر نرا و بوو بە شتێک لە بۆ پیاو دروست کراوە. یاسای ئەم خاوەندارییەتییە وەکوو هەموو خاوەنداری و موڵکییەتێکی دیکە بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ گۆڕانکاری بەسەرداهات. بەرە بەرە پیاو مافی کوشتنی ژنەکەی لەدەست دا و دواتر مافی چەوساندنەوەش سنووری بۆ دانرا و بەرتەسک تر بوو. هەتا ئەوەی کە لە سەدەی بیستەمدا بۆ بەرەوپێش بردنی زیاتری کۆمەڵ ناچار بوو دان بە هێندێ مافی بەرانبەردا بنێ. یەکەم مافی خوێندن و مافی کار و مزەی بەرانبەر لە کاری بەرانبەردا، کە هێشتاش کۆتایی نەهاتووە. ئیتر مافی دەنگ دان هاتە گۆڕێ و دوایە باسی تەڵاق و مافی لەبەرچواندنی منداڵ و بەرانبەری لە میراتدا. ئەمانە لە زۆر وڵاتاندا سەپاوە. تەنانەت کلیسا کە ڕۆژێک ئەگەر ژن دوو قسەی ژیرانەی کردبا بە تاوانی ژنە جادو بوون دەی سوتاند، ئەوڕۆ ناچار بووە دان بەم مافانەدا بنێ. دیارە هەتا بەرانبەری تەواو ڕێگایەکی دوور لە پێشە. چوون دانانی یاسا بۆ خۆی گەرچی هەنگاوێکی بەرزە، بەڵام لە دانانییەوە هەتا بەڕێوەبردنی ماوەیەکی کەم و زۆر دەخایەنێ و هەتا بێتە کولتور زۆری پێدەچێ.

وەک ئانتوان فوگ ئاماژە دەکا "مەسەلەیەک کە ئەوڕۆ دەبێ پێ لەسەر داگیرێ بە ئاکام گەیاندنی مافی بەرانبەری بەدەست هاتووە. یانێ دەبێ کارێک بکەێ کە

بەشداری ژنان لە کۆمەڵدا بەڕاستی بێ نەک تەنیا لەباری یاسایییەوە لەگەڵ پیاوان بەرانبەر بن» (٧٠ ل ٣٦٠، ٣٧٠)

هەروەک دەزانین لەم بوارەشدا وەکوو بوارەکانی دیکە، کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە یەکسانی ناڕواتە پێشێ. لە کاتێکدا کە لە وڵاتێک ژن لە بنەماڵە و کۆمەڵدا خۆی بڕیاردەری خۆیەتی، لە وڵاتێکی دیکە باب و برا و پیاوانی خزم (بە یارمەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا) بۆیان هەیە بشی کوژن. و لە وڵاتێکی دیکە بە ڕەسمی ژن نیوەی پیاوە. بەداخەوە کوردەواری لە نێو ئەو بەشەی دنیادا هەڵکەوتووە کە هێشتا باسی مرۆڤایەتی و مافی بەرانبەری ژن و پیاو خەونی بەتاڵە و بە کردەوە ناکرێ و قەدەغەیە. بۆیە لەسەرشانمانە کە ئەم قەدەغەیە بشکێنین و بۆ بەرانبەری خەبات بکەین. چ لە بنەماڵەدا، چ لە کۆمەڵدا، چ دژی دەسەڵاتداری فارس، چ تورک، چ عەرەب، چ کورد. چ موسڵمان، چ مەسیحی، چ زەردەشتی، چ لائیک.

تەواو

پاییزی ١٩٩٨ ژیلا، تەیفور.

## سەرچاوەکان


١) شناخت وهویت زن ایرانی در گستره تاریخ وپیش ازتاریخ / شهلا لاهیجی، مهرانگیز کار/ انتشارات روشنگران ١٣٧١.

٢) زن به ظن تاریخ / بنفشه حجازی / انتشارات شهر آفتاب ١٣٧٠.

٣) منشا، خانواده ومالکیت خصوصی ودولت / انگلس / مسعود احمدزاده / انتشارات چریکهای فدائی خلق.

٤) کرد در دائرةالمعارف اسلامی / گروه شرق شناسی / فتاح قاضی/ مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی ١٣٦٣.

٥) تاریخ اجتماعی ایران / مرتضی راوەندی / انتشارات امیرکبیر/ جلد١(چاپ چهارم)

٦) سرنجێک لە میتۆلۆژیای کورد / جەماڵ نەبەز / بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست وهونەر ١٩٨٦.

٧) ڕەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستاندا / ڕەشاد میران / چاپخانەی مەنسوور.

٨) تاریخ تمدن (مشرق گاهواره تمدن) / ویل دورانت / گروه مترجمین/ جلد١.

٩) تاریخ ماد / دیاکونوف / کریم کشاورز / انتشارات پیام.

١٠) ایران از آغاز تا اسلام / گیرشمن / دکتر محمد معین / انتشارات علمی وفرهنگی.

١١) تاریخ کرد وکردستان / آیت الله محمد مردوخ کردستانی / انتشارات غریقی / سنندج.

١٢) تاریخ ایران / حسن پیرنیا، عباس اقبال / کتابخانه خیام.

١٣) کرد / رشید یاسمی / چاپ چهارم.

١٤) ماهنامه چیستا/ شماره ١٠١ سال ٧٢.

١٥) اوستا/ جلیل دوستخواه / یەسنا ٤٦/ ١.

١٦) «دین زرتشت و نقش آن در جامعه ساسانیان / فرشته عبداللهی/ انتشارت ققنوس.

١٧) حیات اجتماعی زن در تاریخ ایران / دفتر اول: قبل از اسلام/ وهاب ولی

١٨) اوستا «ئابان یەشت برگەی یەکەم.

١٩) وەندیدا/ فەرگەردی ١ برگەی ١٠.

٢٠) ماهنامه چیستا/ شماره ٨٣،٨٢.

٢١) پژوهشی در اساطیر ایران/ مهرداد بهار.

٢٢) بۆند هێش، (بند هش) / مهرداد بهار / تەیفور/کتابی ئەرزان.

٢٣) ویس و رامین / دکتر محجوب.

٢٤) سفرنامه جکسون / منوچهر امیری / انتشارات خوارزمی

٢٥) "ماتیکان هزاردستان" "قانون مدنی زرتشتیان در زمان ساسانیان"/ گرد آورنده و ترجمه: "موبد رستم شهرزادی/ انجمن زرتشتیان تهران.

٢٦) شایست و ناشایست/ بەشی ١٠/ برگەی ١٩.

٢٧) پوشاک باستانی ایرانیان/ ضیا پور.

٢٨) تاریخ تمدن / ویل دورانت / گروه مترجمین / بەرگی ٤.

٢٩) تاریخ تمدن اسلام / جرجی زیدان / علی جواهر کلام / انتشارات امیر کبیر /١٣٦٩.

٣٠) اسلام در ایران / ایلیا پاولویچ پتروشفسکی/ کریم کشاورز / انتشارات پیام.

٣١) تاریخ اجتماعی ایران/ مرتضی راوندی/ انتشارات امیر کبیر / جلد٢ .

٣٢) ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا/ عبدالخالق مەعروف.

٣٣) تاریخ تمدن / ویل دورانت/ جلد ٢

٣٤) ئینجیل لوقا بەشی ٢

٣٥) Reay Tannahill / Sex in history / محسن مینوخرد/ نقطه ژماره ١

٣٦) مجله سیاست خارجی ویژه مطالعات زنان





٣٧) نامه سرانجام (کلام خزانه)/ دکتر صدیق صفی زاده/ انتشارات هیرمند

٣٨) شیرین عبادی / آرش شماره ٥٨

٣٩) دین و دولت در عهد مغول

٤٠) زندگی شگفت آور تیمور / ابن عربشاه/ محمد علی نجاتی / شرکت انتشارات علمی و فرهنگی

٤١) نظام اجتماعی مغول / ب ولادیمیر تسوف / ترجمه شیری بیانی .

٤٢) تاریخ مغول در ایران / برتولد اشپولر/ ترجمه محمود میرآفتاب

٤٣) کرد و کردستان / واسیلی نیکیتین/ محمد قاضی

٤٤) کوردەکان / کەندال نەزان / ئیبراهیم یونسی

٤٥) تاریخ امپراتوری عثمانی/ استانفورد جی. شاو/ جلد١

٤٦) تاریخ امپراتوری عثمانی/ استانفورد جی. شاو/ جلد٢

٤٧) سفرنامه هانری بایندر/ کرامت الله افسر

٤٨) عادات و تقالید الاکراد/ مەلا مەحمودی بایزیدی/ شکریە ڕەسول

٤٩) سیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی / فاروق کەیخوسرەوی

٥٠) جنبشهای ملی کرد/ کریس کوچرا/ ابراهیم یونسی

٥١) نگاهی دیگر به دیاری کهن / سفرنامەی کمپفر / سعید رهبر

٥٢) پشت پردەهای حرمسرا/ حسن آزاد

٥٣) رستم التواریخ

٥٤) زندگانی شاه عباس اول / نصرالله فلسفی/ جلد٢

٥٥) آسیای هفت سنگ / باستانی پاریزی

٥٦) زن در دوره قاجار/ بشری دلریش / (گێڕانەوە لە تەقی زادە)

٥٧) زن در دوره قاجار / بشری دلریش

٥٨) مهدی قلی خان هدایت / خاطرات و خطرات

٥٩) ئوسکار مان / تحفه مظفریه/ هێمن

٦٠) کورد و عەجەم/ صالح محمد امین

٦١) خاطرات لیدی شل

٦٢) زن در اسارت جمهوری اسلامی/ بهرام رحمانی

٦٣) سحر قهرمان/ نیمه دیگر ژماره ٩

٦٤) زنان در بازار کار ایران/ مهرانگیز کار

٦٥) انترناسیونال شماره٥

٦٦) د. کەمال مەزهەر / ئافرەت لە مێژوودا / بەغدا ١٩٨١

٦٧) زن در عرصەسیاست و جنگ / سحر قهرمان/ نیمه دیگر شماره ٩

٦٨)حکومەتی کوردستان/ نەوشیروان مستەفا ئەمین

٦٩) باری ژنی کورد لە کوردستانی عێراق لە دوای شەڕی کەنداو/ نەزەند بەگیخانی/ گزینگ ژمارە ٢٢

٧٠) ئانتوانت فوک/ ٣٦٦ نقل عقل مدرن/ رامین جهانبگلو/ نشر فرزان

❀



## دیمەنی ژن لە "مەم و زین"ی "خانی" دا

ه یەکێک لە شێوەکانی زانین و لێکدانەوەی چۆنیەتی ژیانی هەر سەردەمێک، لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەیە. بە گشتی دەتوانین بڵێین هەر بەرهەمێکی هونەری دەستکەوتی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگایەکی ئینسانییە لە کات و سەردەمی خۆیدا. هەر بەو چەشنە کە ژیان و چۆنیەتی پەیوەندییەکان و بیروڕاکان و داب ونەریت و یاسا لەو بەرهەمانەدا ڕەنگ دەداتەوە، خودی بەرهەمەکانیش بە پێ ئەو هەل ومەرجە خولقاون. بۆیە دەبێتە ئاوێنەی نیشاندەری سەردەمی خۆی.

ه بە پێ ئەوەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە چ بێ، شێوەی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە جیاوازە. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بزانین ئەحمەدی خانی چۆن دیمەنی ژنی لە کۆمەڵی سەردەمی خۆیدا نیشانداوە و لەم ڕێگایەوە کونەوەجێک بۆ ڕوانین لە هەلومەرجی ژیان و دەوری ژن لە کۆمەڵی ئەو سەردەمەی کوردەواریدا بکەینەوە.

یەکەم شێوە کە بۆ ئەم مەبەستە باوە، ئەوەیە کە وشەی بەکاربراو بۆ پەسنی خاوەن ڕۆڵەکان چن و لەکۆکردنەوەی ئەوانە چ ڕوانگەیەک بەدەست دێ؟

دووهەم: بە پێی لێکدانەوەی ڕووداوەکان چ شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؟

سێهەم: خاوەن دەورەکان بە چ بیرو وبڕوایەکەوە بەرەنگاری ڕووداوەکان ـ لەو بابەتەدا کە مەبەستی ئێمەیە ـ دەبنەوە. بیروباوەڕی دانەر بۆ خۆی چۆنە؟ چوونکە هەرکام لەمانە نوێنەری بەشێک لە بیروڕاکانی کۆمەڵی سەردەمی خۆیانن.

لەم لێکۆڵینەوەدا لە هەر سێ ڕێگا کەڵک وەرگیراوە و تا ئەو جێگایە کە

چیرۆکەکە ڕێگای داوە هەوڵ بۆ مەبەستەکە دراوە.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە لەو "مەم و زین"ەی کەلک وەرگیراوە کە هەژار پەراوێزی لێی نووسیوە (چاپی ئەنستیتوی کورد لە پاریس). ئەو مەم و زینەی کە هەژار بە زاراوەی باشور (سۆرانی) دایڕشتۆتەوە جیاوازی لەگەڵ مەم وزینی خانیدا زۆرە و گۆڕانکاری زۆری تێیدا کراوە. ڕەنگە بۆ لێکۆڵینەوەی بیروبۆچوونی خودی هەژار و سەردەمی ژیانی ئەو بەکار بێ، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەمی خانی دەست نادا.

خانی لە داڕشتنی چیرۆک و تەنانەت لە بەیتەکاندا ئاگای لە یاسای نووسین و گرنگی وشە هەبووە ولەبەر ڕازانەوە و بە بێ مانای تایبەتی خۆیان بەکاری نەبردوون، بۆیە دەکرێ هەر وشەیەک کە دایناوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم گرنگی دانە دەگاتە ئەو جێگا کە ٥٨ بەیت بەس بەباڵای قەڵەمەکەیدا دەڵێ و چاک و خراپ لە ئەو دەزانێ. (بریا سێسەد ساڵ پاش خانی ئەو ڕیزدانان بۆ وشەو قەڵەمە لای ئێمە هەر مابا)

***

دوو خوشکی میری بوتان دەورگێڕی ژن لە چیرۆکی خانی دان "ستێ و زین". دانەر ئەم دوو خوشکە لفەدووانەیە بەم وشانە دەناسێنێ.

• نازەنین، حۆری، خۆر، شیرین، لەبەردڵان، دڵڕفێن، لێوسور، گوڵ روخسار، سورگوڵ، چاومەست، پەری، برۆکەوان، مامز، گەروقومقمۆک، نینۆک خەناوی، ئەستێرە، شەوچرا، ڕازاوە، مانگ، دڵارام، پەریزاد، شۆخ، شەککەر دەم، زێڕین کەمەر، کەمەر باریک، مەمک هەنار، سەروی باخچان، خونچەدەم، ناسک بەدەن.

• دەبینین کە تەواوی وشەکان پەسنی جوانی و ڕازاوەیی و ڕێکوپێکی دەموچاو و لەشی ئەم دوو کچەن و هەمووی دەسکردی سروشتن و هیچ پەیوەندی بە هونەر و کردەوەی خۆیانەوە نییە. پەسنی کاراکتێر و ئەخلاقیان بەم وشانە دەردەبڕێ:

بەشەرم، داوێن پاک، باکرە، خۆپارێز، گوڵی داوێن پاک، سەروی پاکژی



شەرم.

بەم جوانی و خو و خەسڵەتەوە تەنیا کاریان ئەوەیە دڵی خەڵک بڕفێنن و بیان کەنە شێت وشەیدای خویان.

نالان دەکرن جەماد و حەیوان
تالان دەکرن نەبات و ئینسان

ئینسان لێرە مەبەست پیاوانە

کەس نینە نە طالبی جەمالێ
کەس نینە نە ڕاغیبی ویصالێ

کەسیش لێرەدا هەر مەبەست لە پیاوانە، چونکە لە بەیتی دواییدا کەسەکان نێو دەبا:

گەر شێخن، ئەگەر مەلا و میرن
دەروێش و غەنی وەگەر فەقیرن
«بەیتی ٤٢٠ـ٤٢٥»

لە کاتێکدا خەمی ئاشقی دایگرتوون، پێچەوانەی هەر ئەم پەسنانەیە کە لە چۆنیەتی حاڵیاندا دەکوترێ:

بێحاڵ، مەلال، ڕەنگ زەعفەرانی، ژاکاو، خەمگین، پەشێو، وەڕەز، تێشکاو، شێت ، خونچەی دڵتەنگ.

بە پێی ئەمانە دەتوانین بڵێین ژن لەوپەڕی بەرزی دا بەس دەگاتە ئەو جێگا کە نرخی تەنیا بە پێی جوانییەکەی بێ. هەموو کەسەکانی چیرۆکەکەش لە تایەن (دایان) و خزمەتکاری خەڵوەتی(حەرەم)یەوە بگرە هەتا میر و خەڵکی بازێر هەموو هەروا بیردەکەنەوە و خانی بۆ خۆشی هەر لەسەر ئەو بڕوایەیە. بۆ وێنە:

ـ کاتێک زین لە پاش مێرد کردنی ئەستێ، خەمی ئەوین دایگرتووە، کەسەکانی دەوروبەری تەنیا مۆژیارییەک کە پێی دەکەن ئەوەیە کە "خۆ بڕازێنەوە و دڵان بڕفێنە!" کەس باسی خۆ خڵافاندن بە کارەوە یا هەوڵدانێکی دیکە ناکا، "خانی"ش ئەرکێکی دیکەی بۆ دیاری ناکا جگە لە فرمیسک ڕشتن و

ئاخ هەڵکێشان. «بەیتی ١٢٠٠تا١٢٤٨». دەردەکەوێ کە ژنان ـ لانی کەم ژنە بەگزادان، هیچ کارێکیان نەبووە جگە لە خۆ ڕازاندنەوە و لە خەڵوەتیدا ئەسیر بوون.

ـ کاتێک میر ـ بەڕواڵەت ـ بۆ ئاشت کردنەوەی زین دێ و لەگەڵی دەدوێ، جوانییەکەی زین بە تاوانبار دەزانێ نەک کردەوەکانی.

حوسنا تەیە ئەو کری گرفتار
حوببا تەیە ئەو کری بریندار
زولفا تە ل دەست و پێ وی بەستی
عەقرەب صیفەتا دڵی وی کەستی
«بەیتی٢٠١٣و٢٠١٦»

ـ کاتێک زین لە سەر گڵکۆی مەم دانیشتووە و لەگەڵی دەدوێ، باسی جوانییەکەی خۆی دەکا کە بە ئەمانەت ڕایگرتووە و تەسلیمی دەکا. یانێ خۆشی تەنیا شتێک کە خۆی پێی دەناسێنێ هەر ئەوەیە.

بادامی سیاه و چەشمی شەهلا
نار و بیهو، سێف و، شاخی باڵا
خوەش ڕەنگ و ب لەززەت و بەطامن
بێ شبهە لە غەیرێ تە حەرامن
«بەیتی ٣٦ـ٢٢٣٥»

لە تایەیکی دیکەی تەرازوی ئەم دوو کچەدا، دوو کوڕ دەوری ئەویندار ان دەگێڕن. "تاژدین" کوڕی وەزیرە و "مەم" کوڕی میرزایەکی بارەگا. کە هەرچەند برا نین، بەڵام لە برا نزیکترن. پەسنی ئەم دوو کاراکتێرەش لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا بەم وشانە دەکرێن:

دیندار، بەجەرگ، بە هەیبەت، سەرداری خاوەن دیوان، بەخشندە، ژیر، شێر، مانگی چواردە، پەهلەوان، گودەرزی زەمانە، سەروەری کوڕان، پیاوەتی، ئازایی، لاوچاک، هەڵۆ، بەبەزەیی، شەهین، ئاوێنەی جەماڵی ذات، سەربەرز، میرزا، کێوی گران، دەریای بێ کەف وکۆ.



تەواوی ئەم وشانە پەیوەندییان بە کردەوەی ئەوانەوە هەیە و کارکردی کۆمەلایەتییان هەیە. ئەمە نیشاندەدا کە دەوری گشت لایەنی پیاو لە کۆمەڵدا چەند بووە. تا ئەو ڕادەیە کە خانی "بووکی جیهان بۆ کوڕێک دەزانێ کە شیرێکی بەدەستە و شێر دڕە «٢١٠ـ ٢١٥»

لە کاتی ئەوینداریدا ئەم وشانەیان بۆ بەکار دەبرێ.

چاودۆڕاو، پەڕپڕوزاو، نیمچە شێت، مەخمور، سیامەست، نەخۆش، بریندار، لاواز، دڵ شەکەت، جەرگ سوتاو، بێ تاقەت.

ئەم وشانە هیچیان بە ناتەواوی خاوەنەکەیان نادرێتە قەڵەم، بەتایبەت کاتێک لێی زیاد دەکرێ کە (کچان لێیان بوونەتە جەللاد و قاتڵ)«٢٦ـ٦٢٤»

لەم هاوتاییەدا زۆر بەڕوونی جێگای کوڕ و کچەکان دیاری کراوە. بۆ وێنە لەم بەیتەدا لە زبانی تاژدینەوە:

ئەم شێرن و ئەو خوە دو غەزالن
پڕ عەیبە کو ئەم ژ بەر بناڵن

بە بڕوای من ئەمە بیروڕای سەردەمە و خانی بۆ خۆی لە زمانی "مەم" دوە وەلامی دەداتەوە: ئەگەر ئەوین هات ، شێریش چۆک دادەدا .

لە کاتی دووری و پەژارەدا گوتمان کچان دەژاکێن و سیس دەبن، بەڵام پیاوان عەقڵ و خیرەد و شعور و حیس و حەرەکەتیان دەکەوێتە مەترسیەوە! بێ ترس دەتوانین بڵێین کە ئەم پەسنانە بۆ ژن قایل نەبوون، بۆیە سەبارەت بە ئەوان بەکار نەبراون.

بەرانبەردانانێکی تر بە پێی ئەو ئامرازانە دەکرێ کە ژن یا پیاو بەکاری دێنن. لە ئامرازی ژنانە تەنیا ئەم شتانە نێویان هەیە کە ئامرازی خۆ ڕازانەوەن. وەکوو سووراو و کل و تانجی زێڕ و ژێرچەنە و ملوانکە و خرخاڵ و... لە بەرانبەردا بۆ پیاوان ئامرازی شەڕ باس کراوە، وەکوو زرێ، قۆلبەندی ئاسن، تێغی جەوهەردار (دەبان) شیر، گورز.

ئێستاکە بزانین ئەم پیاوانە کە شێر و شێردڕ و خاوەن عەقڵ وکەرامت و

خاوەن بڕیارن و چەکی جۆربەجۆریان پێیە، لە بەرانبەر ئەو ژنانەدا کە لە ژووریّ ڕاگیراون و تەنیا پەسنیان جوانییە و تەنیا کاریان خۆ ڕازاندنەوە، لە ڕووداوەکاندا چۆن بەرەوڕووی یەک دەبنەوە.

*

سرنجدانی ڕووداوەکان جگە لەوەی هێندێک لە داب و نەریتی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەخەنە ڕوو، جیاوازی بەرەنگار بوونەوە و بۆچوونی کاراکتێرەکانی ژن و پیاو و هەروەها دانەر نیشان دەدەن.

دوو خوشکی میر جلی پیاوانە لەبەر دەکەن و بۆ سەیرانی نەورۆز لەماڵ وەدەر دەکەون. ئەمە نیشان دەدا کە کچە بەگزادان نەیانتوانیوە بە ئاسایی بچنە نێو خەڵک و هاتووچووی نێو بازاڕ بکەن.

لە لایەکی ترەوە، هەر لەو ڕۆژەدا، مەم و تاژدین جلی ژنانە لەبەر دەکەن و دەچنە سەیران بۆ دیتن و هەڵبژاردنی کچان. یانێ بۆ خەڵکی ئاسایش ژوانی کچ و کوڕ شتێکی قەدەغە بووە وبە هاسانی نەیانتوانیوە چاویان بەیەک بکەوێ. لە ڕۆژی نەورۆزیشدا سنووری دیاریکراو بۆ چاوپێکەوتنی کچان و کوڕان هەبووە.

لیکن نە ب توهمەت و ب موننەت
بەلکی ب طەریقی شەرع و سوننەت

وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە، تاژدین و مەم گەرچی خۆشەویستی میر بوون و هاتووچووی بارەگایان کردووە، بەڵام ستێ و زینیان پێشتر نەدیبووە، کە بە وتەی دانەر، باسی جوانیان لە هەموو عالەم بڵاو بۆتەوە. کاتێک مەم و تاژدین لەگەڵ ستێ و زین لە سەیراندا یەکتر دەبینن، گەرچی مەستی بادەی یەکترن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵک بەسەریاندا دێ ناچارن لێک جوێ ببنەوە. «ب٥٨٥»

جلی ژنانە لەبەر کردنی پیاوان لای پیاوانی کورد زۆر بە شوورەیی زانراوە و بیستراوە کە سەرداری لە شەڕدا دۆڕاویان کاتێک بە یەخسیری بردووە، جلی ژنانەیان لەبەر کردووە ( من پێم وایە ئەم نەریتە لە مغولانەوە بە کورد



گەیشتووە) کە وابوو دەکرێ بڵێین خانی ویستوویەتی دژی ئەم دابە بجووڵێتەوە، گەرچی تەنیا بۆ خولقاندنی ڕووداوەکە کەڵکی لێی وەرگرتووە و لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا کەم کووڕی خولقاندووە. بۆ وێنە مەم و تاژدین لە بیریان دەچێتەوە کە جلی ژنانەیان لەبەردایە.(یا خۆ خانی لە بیر دەکا) و لە پیاوێک دەپرسن کە چ باسە؟ هەر وەها لە یەکەم ژوانی ئەواندا ئەم کز بوونە بە تەواوی خۆی نیشان دەدا.

یەکەم ژوان: دوو کوڕ بە جلی ژنانەوە ئاشقی دوو کچ دەبن کە جلی پیاوانەیان لەبەردایە، لە ڕواڵەتدا وای لێدێ کە دوو کوڕ دڵ بە دوو کوڕی دیکە دەسپێرن، یا خۆ دوو کچ دڵ دەدەن بە دوو کچی دیکە. ئەمە خۆ لە خۆیدا موشکلەی "هێموسیکسواڵیتە" دێنێتە گۆڕێ، کە خانی ئاگای لێبووە و دواتر لە زبانی تایەنی کچەکانەوە سەر کۆنەی کچان دەکا کە کچ بۆ کچ نابێ «٦٩٥ـ ٧٠٠» بەڵام سەرکۆنەی ئاوەها بۆ کوڕان لە چیرۆکەکەدا نییە (لە یەک دوو جێگا خانی باسی غیلمان و کوڕە لاو، لە خەڵوەتی میردا دەکا بۆ وێنە:

حوری وی دە جەننەتی گەلەک بون
غیلمان وی د حەضرەتی مەلەک بون

یا خۆ پیاوە پیرەکە بە تاژدین و مەم دەڵێ کە ئەو دوو کوڕە عەقل و دینی خەڵکیان ڕفاندووە، بە پێ ئەمانە دەکرێ بڵێین کە نێربازی ئاسایی بووە. دیارە خانی گرفتەکەی خۆی بە جۆرێکی تر حەل دەکا، لە زبانی هەر دوو لاوە، کوڕ و کچەکان بە پەری و حۆری نێو دەبا. ئەوین دەکاتە شتێکی ئاسمانی کە پەیوەندی بە جل و ڕواڵەتەوە نییە. ئەمەش لە چوارچێوەی بیری قەدەری (چارە نووسی) بوونی چیرۆکەکەدا دەگونجێ. بەڵام یەک دوو شت هەروا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەگەر بیر بکەینەوە کە کچان لە نێو خەڵکدا ڕوویان گرتووە و پەچەیان بە بەردەمی خۆیاندا داوە (کە دەبێ وا بووبێ) دەکرێ بڵێین بەم شێوەیە مەم و تاژدین سمێڵی خۆیان شاردبۆتەوە. بەڵام کاتێک ئەنگوستیلە دەگۆڕنەوە، دەبووا ژن و پیاو بوونی ئەوانە بۆ یەکتر دەرکەوێ چوونکە ئەنگوستیلەی پیاو و ژن جیاوازی هەیە.

دوای ئەوە کە ئەویندارەکان بە هۆی تایەنەوە بۆ یەکتری دەناسرێنەوە ،

کچەکان وەڵام دەنێرن کە پەردەی حەیا ـ کە بوونی بۆ کچان لازمە ـ بەرگری لەوە دەکا کە ئەوان دەست پێشخەر بن، بەڵام ئەم پەردە لە کۆنەوە بۆ پیاوان نییە و پێویستە ئەوان بێنە خوازبێنی. «بەیتی ٨٥٨ ـ ٨٥٧»

لە پێشدا خوازبێنی بۆ تاژدین دەکرێ (دیار نیە لەبەر چی مەم یش هەر ئەو کاتە خوازبێنی ناکا ـ ڕەنگە، تەنیا بۆ خولقاندنی ڕووداوەکانی دوایی بن) و میر لەبەر ئەوەی کە تاژدین لە شەڕدا لە پشتی ڕاوەستاوە و بەکەڵکی دێ ئەم داواکارییەی زۆر پێ خۆشە و پێشوازی لێدەکا. ئەمە بە شێوەیەک ژن و مێردایەتی سیاسییە کە لای بەگزادانی ئەو سەردەمە ـ و ئێستاش ـ زۆر باو بووە. لێرە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکرێ کە میر لە خوشکی پرسی بێ کە ئایا ئەو پێی خۆشە مێرد بە تاژدین بکا یا نە؟ دیارە ئێمەی خوێنەر دەزانین، بەڵام خۆ میر نازانێ. واتە میر خۆی بە خاوەن بڕیار دەزانێ و پرسینی ناوێ. ئەم خاوەن بڕیار بوونەی پیاو لە ئاستی کچ و خوشک و هەموو ژنانی بنەماڵەدا، دوواتر لە باسی زین دا زیاتر خۆی دەنوێنێ.

خەڵاتی بووک بە تێر وتەسەلی باس کراوە ( سەد کارەکەر و دووسەد خزڵام، دوڕ، پڕ بە پێستی گایەک ، بارە یاقوت، بە خەروار زێڕ و...)بەڵام باسی مارەیی نییە . دەکرێ بڵێین لانی کەم میر مارەیی وەرنەگرتووە، یا خانی نەیویستووە ئەو پەرییە کە باسی دەکا بە پارە بگۆڕێتەوە، یا خۆ دژی مارەیی و فرۆشتنی کچ بووە، چونکە دەزانین مارەیی دان بە تایبەت لای دەوڵەمەندان هەر لە پێش ئیسلامیشەوە لە ناوچەدا هەبووە. لە باتی ئەمە زێڕوەشانی بووکی بە زێڕ و گەوهەر هێناوە بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندی زاوا.

لە هەموو پێوەندییەکاندا خانی ئاگای لەوەیە کە وتەکانی دژی ئایین و دابی سەردەم نەبێ، بەڵام لە هیندێ شتدا بە ئەنقەست لا دەدا و بیروڕای خۆی دەکاتە مایەی ڕووداوەکان. بۆ وێنە: سەرەڕای ئەوە کە مەی لە ئیسلام دا حەرامە، بەڵام لە هەموو مەجلیساندا باسی دەکا. بەتایبەت ئەو کاتەی کە تاژدین و ستێ دەچنە پەردەوە لە ناو ئەو شتانەدا کە بۆیان داناون مەی هەیە و هەردوویان دەخۆنەوە. مەی خواردنی ژن ـ با شەوی بووکێنیش بێ ـ دانانێکی بوێرانەیە و نیشانەی ئەوەیە کە زۆر شت لە پەنادا کراوە کەچی بە



ڕواڵەت قەدەغەکراو بووە. بەگشتی باسی شەوی یەکەمی زاوا و بووک بەو جۆرەی خانی هێناویە وبە ئاشکرایی باسی "سێکس" دەکا، داهێنانێکی زۆر پێشڕەوانەیە و دەکرێ بڵێین نووسەرانی کورد ئێستاش ناوێرن ئاوا باسی سێکس لە چیرۆکەکانیاندا بکەن. سەرەڕای ئەوەش،لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شەوەدا و هەروەها لە ژوانی مەم و زیندا بە ڕاشکاوی باسی گرنگیدان بە کچێنی و حەرام زانینی پێکەوە نووستن پێش زەماوەند هاتووە. «بڕوانە بەیتەکانی ١٥٧١تا ١٥٧٦ »لە دابی شەوی یەکەمدا و لە پێوەندی لەگەڵ کچێنیدا باسی پێخەسو (بەر بووک) نییە، باسی مەحرەمان هەیە و باسی مەم کە لە پشت دەرکە دادەنیشێ. دەکرێ وای دانین کە ئەم دابە لای بەگزادان باو نەبووە، یا خۆ خانی نەیویستووە تا ئەو ڕادەیە چیرۆکەکەی کز بکا.

لەوەودوا ستێ لە چیرۆکەکە دەچێتە دەرێ و نێوی نابردرێ مەگەر لە دوو جێ. یەک، ئەو کاتەی کە تاژدین دەیەوێ ماڵەکەی ئاور بدا کە ستێ نێوی هەیە، بەڵام لە بڕیارداندا دەوری نییە. دووهەم ، لە ناو ئەو کەسانەدا کە لەگەڵ زین دەچنە زیندان بۆ سەردانی مەم نێوی ئەویش هەیە. ئەمە خۆ بە خۆ نیشانەی ئەوەیە کە کچ پاش مێرد کردن کەسایەتی خۆی لە دەست دەدا و ئیتر لە ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵ دەچێتە دەرێ و تەنیا بە نێوی مێردەکەی و بنەماڵەکەیەوە بوونی هەیە. کە وابوو بە هەڵکەوت نییە کە لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا، باسی برایەتی کردنی تاژدین بۆ مەم هەیە، باسی هەوڵدانی ئەو بۆ ڕزگاری مەم هەیە، بە باڵای برایەتیدا هەڵکوتن هەیە، بەڵام یەک وشە نییە کە ستێ بۆ زین کارێک بکا، خوشکیەتی بنوێنێ، یا خۆ لە بیری شتی وادابێ و لانی کەم خەمی بۆ بخوا. یانێ پێیان وابووە ئەم جۆرە کارانە لە ژن ناوەشێتەوە و لە کۆمەڵدا ئەم دەورەیان بۆ قایل نەبوون.

هەرچەند لە تراژدیادا چارەنووس بەسەر کردەوەی مرۆڤدا زاڵە، بەڵام تراژدیەکە لەبەر ئەوە دەقەومێ کە ئینسان ئاگای لە چارەنووس نییە. ئەم ئەسڵە لەگەڵ فەلسەفەی قەدەری بوونی خانی دا بەتەواوی ڕێک دەکەوێ، کەچی هێندێک پێشزانینی کردووە کە کەلێنی خستۆتە چیرۆکەکەوە. ئەم

پێشزانینانە ئەمانەن کە: مەم و زین هیچ هەوڵ بۆ بەیەک گەیشتن نادەن. باسی خوازبێنی کردنی مەم لە زین نییە، تەنانەت پێش ئەوەی کە میر بزانێ و "بەکر" ئاژاوە بنێتەوە. خەمەکەیان وا باس دەکرێ کە دەڵێی ئەوان دەزانن قەت بەیەک ناگەن. یان زین پێش ئەوەی سەری مەم بدا و تەنیا بە بیستنی مەرگی مەم، وەسیەت دەکا و خەڵاتی دەبەخشێ و خوێنەر لە مەرگی خۆی ئاگادار دەکا.

لە هەوڵنەداندا زین زۆر تەسلیمتر و دەست بەستراوترە. بۆ وێنە زین خەمی خۆی بە شەم و پەپوولە دەڵێ، کە چی مەم پای چوونە دەرەوەی هەیە و بۆ چەم و ڕووبار و ـ با ـ پەژارەی خۆی باس دەکا. لە باسی تەنیا ژوانیاندا زین بۆ خەم ڕەواندنەوە و سەیری باخ دەچێتە دەرێ، بەڵام مەم بۆ دیتنی زین بەرەو باخی میر دەڕوا. ئەم دیمەنە جگە لەوەی کچان لە بڕیاردان بۆ ژوان بێبەش دەکا، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بە دڵیشیاندا نایێ کە هەوڵێک بۆ خۆیان بدەن.

لەو کاتەدا کە میر بە سەریاندا دێ، ئەوە زین ە کە دەبێ بشاردرێتەوە، شوورەییەکە لە پێشدا ڕووی لە ئەوە. هەلێکیش بۆ مەم کە خۆی بکاتە قەڵغان و پیاوەتی بنوێنێ. هەروەها هەلێک بۆ تاژدین کە برایەتی بنوێنی (برایەتییەک لە میر سەبارەت بە زین ی خوشکی ناوەشێتەوە) سەیرتر ئەوەیە ئەم ژوانە هێندە گوناه بووە کە دەبێ بۆ داپۆشینی ماڵێک ئاور بدرێ «بەیتی ١٦١٠ هەتا ١٦٢٤»

ئەم بێ کردەوە مانەوەی مەم و زین لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا بەردەوامە. (نە زین وەک مەنیژە دەچێتە سەرچاڵی بیژەن، نە مەم وەک فەرهاد سینگی کێوی بێستوون هەڵدەدڕێ ـ لەم بابەتەوە مەم و زین زیاتر خۆی لە لەیلی و مەجنون نزیک دەکاتەوە) دوای ئاشکرابوونی دڵدارییەکەیان لە مەجلیسی شەترەنجدا میر فەرمانی گرتنی مەم دەدا. تاژدین و براکانی ڕادەپەڕن، بەڵام مەم بۆ خۆی هیچ ناکا، دەڵێی ئەویش خۆی بە تاوانبار دەزانێ، یا خۆ ئاگای لە چارەنووسی خۆیەتی ـ دواتریش لە نێوان تاژدین و براکانیدا تەنیا عارفە کە دیەوێ وەڵامی میر بە شیر بداتەوە ـ هەروەها زین هیچ هەوڵێک بۆ ڕزگاری مەم نادا، تەنیا کاری خەم خواردنە و ئاوات خواستن. تا ئەو ڕادەیە کە بۆ دیتنی مەم ئاوات بە



کۆت و زنجیر و زیندان دەخوازێ، «١٨٧٠ ـ ١٨٧٥» کەچی هیچ تەکانێک نادا کە بەم ئاواتەی بگا. وەک بڵێی ئەم ئەرکە بۆ ژنان دانەنراوە. ڕۆیشتنی بۆ زیندان و سەردانی مەم یش دوای داوای میر و ئیزنی ئەو بە جێ دێ و زین بۆ خۆی دەست پێشخەر نییە.

هاوتا و یاری مەم، تاژدینە و بۆ زین یش، ستییە. کەچی ئەو هەر ئاگاشی لە خوشکەکەی نییە و خوشکیەتی لە هیچ کوێ باسی نییە.

بە ڕواڵەت ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی تووڕەیی میر و لە ئاکامدا پێک نەگەیشتنی زین و مەم، دوو زبانەیی کردنی بەکری بەدکارە، بەڵام بەکر چ هەستێکی میر هەڵدەخرێنێ کە ئەو بەو شێوەیە تووڕە دەبێ و گرێی بنچینەیی تراژدییەکە دروست دەکا؟ «هەستی خاوەنداری (مولکییەت) و خاوەن دەسەڵاتی بەسەر ماڵ و مولک دا» زین بە مولکی میر دەژمێردرێ، کە وابوو تاژدین مافی ئەوەی نییە بڕیاری لەسەر بدا. هەروەها مەم (کوڕە میرزایەکی بێ قابل) مافی ئەوەی نییە چاوی لە ماڵ و مولکی ئەو بێ و ئەگەر هەڵەیەکی وەها بکا، کۆت و زنجیر دەکرێ و لە زیندان دەخرێ. لەم بەینەدا تەنیا کەسێک کە مافی قسەکردنی نییە و لێشی ناپرسرێتەوە و خۆشی ناوێرێ باسی بکا "زین"ە. خانی بە تاوانبار نەزانینی میر و تەنیا تاوانبار زانینی بەکر ئەم خاوەندارییە بە حەق دەزانێ. بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی ئەوین و ئەوینداریش دەگرێ کە لای میر و ئەوانیتر نە تەنیا بایخێکی وەهای نییە، بەڵکوو دەتوانێ تاوان بێ. بۆیە گەورەترین پاڵەوانییەک کە مەم دەیکا، ئەوەیە کە خۆشەویستی خۆی ئاشکرا دەکا و دەوێرێ بە ڕاشکاوی بیڵێ، کەچی بوێری ئاوا لە زین ناوەشێتەوە. تەنیا نەخۆش کەوتنیەتی کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی ئەوینی. میریش بۆ بەرپەرچ دانەوەی تووڕەیی تاژدین و براکانی و بە مۆژیاری بەکر ڕوو لە زین دەکا و ڕەزا دەدا کە زین بڕوا مەم لە زیندان دەربێنێ، دەنا زین هەر بە هیچ دانراوە.

خاوەندارێتی پیاو بەسەر ژندا لەلایەن ژنیشەوە قەبووڵ کراوە وبە بەشی خۆشی ڕازییە. ئەمە لە پێوەندی نێوان میر و زین دا بەم شێوەیە باس کراوە:

کەی پادشەهی ڕوحان و قەلبان

هەمشیرە بوییی فیدا و، قوربان
قوربانی تە بن هەرۆ دو صەد زین
ئەز هێڤی دکم نەبی تو غەمگین
شاهم ب مرا مەبە مونازیع
ئەز بومە ب حیصصەیا خوە قانیع

هەروەها زین لە سەر گۆڕی مەم یش باسی خاوەنیەتی مەم بەسەر گیان و روحی خۆیدا دەکا و جوانییەکەی تەنیا بە موڵکی ئەو دەزانێ «بەیتی ٢٣٥٤_٢٣٣٩»

دوایین داوا و ئارەزووی زین ئەوەیە کە سەرەخۆشیەکەی وەکوو زەماوەند بێ (ئاخر ئارەزوویەک کە پیاوان بە ژنانی ڕەوا دەبینن) داوای خەڵاتیش دەکا، بەڵام بە میری دەبەخشێ و گەردنی ئازا دەکا. گەرچی ئەم داوا و بەخشینە کەوتووەتە بەشی دووەمی چیرۆکەکەوە کە فەزایەکی دیکە بە سەر چیرۆکەکەدا زاڵە.

لەو کاتەوە کە هەواڵی مەرگی مەم دەگاتە بارەگای میر، چیرۆکەکە پڕ دەبێ لە ڕەمز و ڕاز و دیمەنی ئەکسیری، کە زۆربەیان لەگەڵ واقیع ناگونجێن. وەکوو:

– هاوبەندییەکانی مەم دەرچوونی ڕوحی مەم، کە شەوقدار بووە، دەبینن.
– زین وەکوو عیسا مەم زیندوو دەکاتەوە و لەگەڵی دەدوێ، پاشان مەم دەمرێتەوە.
– زین بەسەما کردن وەپێش تەرمی مەم دەکەوێ و...

ئەوین بە تەواوی لە پەیوەندی خاک دەردەچێ و دەبێتە عیرفانی. مەم چاو لە هەرچی دەکا زین دەبینێ، لە زیندان دەبێتە چلەکێش و سۆفیانە دەمرێ ... ئەمە ئەو کاتەیە کە خانی لە وتەی مەم دا شیعری بەرزی خۆی بۆ ڕزگاری دەڵێ.

ئەز ناچمە حەضرەتا چو میران
ئەز ناچمە بەندەیی ئەسیران



ئەڤ میرە، وەزیری یا مەجازی
ئەڤ شوعبەدە و خەیاڵبازی
بیلجوملە بەطال و بێ بەقانە
بێ عاقیبەتن، هەمی فەنانە
میرێ کو مرن هەبت نەمیرە
مەعزولی هەبت ئەوی ئەسیرە
ئەم چونە حضورێ میرێ میران
وی حاکمێ حاکم و فەقیران

که بە تەواوی دووپات کردنەوەی ئەو شیعرەی "سەعدی"یە
رسد آدمی بە جائی کە بجز خدا نبیند/ بنگر کە تا چە حد است مقام آدمیت
(ئینسان دەگاتە ئەو جێگا کە جگە لە خودا نابینی/ ببینە هەتا کوێ دەگا پلەی ئینسانی)

هەرلەم کاتەدایە کە زین بەکر دەبەخشێ و دەڵێ ئەگەر ئەو نەبا ئێمە بەم جێگا بەرزە نەدەگەیشتین.

لەم بەشە دایە کە خانی ئەوینی سەرزەمینی بە شەرم دەزانێ و ڕەتی دەکاتەوە:

حەیوان صفەت ئەم بکەین زینایێ
بیهودە د مەسکەنی فەنایێ
تەڕدامەن و سەرنگون و مەردود
شەرمەندە بچینە پێشی مەعبود

لەم بەشەشدا گەرچی مەم و زین بە ـ کۆ ـ نێوی خۆیان دەبەن و تاکەکەسی بۆ ئەوان نامێنێ، بەڵام هێشتا لە هاوتایی نێوان زین و مەم دا بارەکە بەلای مەم دا قورسترە و ڕێزی زیاتر دەگیرێ و زین بە بۆنەی ئەوەوە دێتە پێشەوە.

شین بۆ مەم زۆر بە ڕازاوەیی و بە شێنەیی(لە ٤١بەیتدا) کوتراوە کەچی بۆ زین تەنیا پێنج بەیت کوتراوە، گەرچی دەڵێ ئەوەی بۆ مەم کرا بۆ زینیش کرا.

باسی شینی تاژدین بۆ مەم هەیە، بەلاّم باسی شینی ستیّ بۆ زین نییە.

مەم بە خۆ ڕنین و سینگ کوتان دەبەن و دەینێژن و لەو دواش هەموو سالێک (هەتا قیامەت) لەو ڕۆژەدا ئەو بیرەوەرییە دووپات دەکەنەوە و شین دەگێڕن. (شتێک وەک "عاشوورا" لای شیعە). شتی وا بۆ زین نییە.

هەروا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد زین لەسەر گۆڕی مەم باسی ئەوە دەکا کە جوانییەکەی خۆی تەنیا بۆ ئەو ڕاگرتووە و دەیەوێ تەسلیمی بکا و دڵەودوایە کە نەکا مەم لێی قوبوڵ نەکا.

تەرکیبی وجود: جیسم و جانن
مولکێ د تەنە بەبێ خودانن
نوقصان ببتن ژ حوسنێ مویەک
بەلکی تو بکی لە من توسویەک
گاڤا کو ل من بکی عیتابێ
زانم کو نەشم بدەم جەوابێ

واتە بوون و مەرگی زین بە بڕنەی مەم دوە مانا پەیدا دەکا و لەو ئەوینە عیرفانییەشدا ئەو بە پلەوپایەی مەم ناگا و بەدووی دەکەوێ. (لە هەموو مێژووی عیرفاندا باسی یەک ژنیش نییە)ژن بە تەنێ و بە بێ سەبەب (کە سەبەبی زین لێرە "مەم" ە) دەستی بەو بارەگا ناگا.

لە ئاخر دیمەندا خانی بە تەواوی فەلسەفەی قەدەری (چارەنووسی) خۆی دەچەسپێنێ و لە باسی چەقلی مەم و زیندا داری گۆڕی "بەکر" دەکاتە کۆسپی پێک نەگەیشتنی دوو داری گلکۆی مەم و زین و دەڵێ: ئەوەی سروشتی خراپ بێ لە هەر دوو دنیا هەر خراپە و بە هیچ شتێک چارە ناکرێ. «بڕوانە بەیتی ٢٤٠٥ تا ٢٤١٠» کە وابوو چارەنووسی ژنیش هەر ئەوەیە کە بۆی دانراوە. ...

بەلاّم چیرۆکەکە تەواو نەبووە. خانی یەک قسەی پێ ماوە کە دژی ئەم حوکمەی ئاخریشە. خانی لەو دنیاوە ،خەبەر دێنێتەوە. مەم و زین لەوێ هاوتا و بەرابەرن و بەکریش بەخشراوە و خزمەتیان دەکا (دیارە لەو دنیاش ئەرباب و خزمەتکار هەیە و پیاو خراپان دەبنە خزمەتکار ـ ئەمە هەر هەمان فەلسەفەیە



کە هیندێ تناسخ ی تێکەڵ کراوە) دەکرێ وای دابنێین کە خانی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوەی ئێمە بە چارەنووسی دادەنێین کردەوەی خۆمانە و بە پێ داب و نەریت خۆمان دەست و پێ خۆمانمان بەستووە و لە ئەستۆی چارەنووسی دادەنێین. دەنا ئەگەر چارنووس لە لای خوداوە دێ، ئەوەتا لە بارەگای ئەودا شتی وا نییە و ژن و پیاو دەتوانن ـ ئەگەر لەم دنیا بەو پلە لە ئەویننداری گەیشتن و ئەو "گەنجینە"یان دیتەوە، هاوتا و هاوشان بن. دەش توانین وای دابنێین کە خانی هیوای بە کۆمەڵی ئەو سەردەمە نەبووە (ئێستاش با هەر هیوای نەدەبوو) بۆ ئەوەی ژن و پیاو ببنە هاوتا و کوتوویەتی مەگەر لەو دنیا شتی وا ڕوو بدا.

دوو وشەش بۆ ژنێکی تر کە دەوری لە چیرۆکەکەدا هەیە بڵێین، ئەویش تایەنی زین ە. ئەم ژنە بە پێچەوانەی پیرەژنەکەی شیرین و فەرهاد نەتەنیا کاری خراپ ناکا( خانی ئەم دەورەی داوە بە پیاوان) بەڵکوو خزمەتی ئەویندارەکان دەکا و بەیەکتریان دەگەینێ، کەچی هێشتاش لای خانی هەر بە ناقۆڵا وبەلاّی ئاسمانی و لەلای هەژار بە دێو و فەرهادکوژ نێو براوە. بۆ؟!

تەیفور
هاوینی ١٩٩٥






وێنووسی "سەراو" پەیکەرەی دایکی مەزن لە کوردستاندا.





بێچمی جۆر بە جۆر لە
پەیکەرەی "دایکی مەزن





بەردوتینەی "سەرپێڵ زەهاو" ٢٦٧٠- ٢٥٥٠
ژن خودا "نی نی" بە دەستێک دوژمنانی پەت
کردووە و بە دەستێکی دیکە تانجی پادشاهی
دەدا بە ئانوو پادشای لۆلۆبی.




سنجاخی دیمەنی "کیریشا".
ژن خودای فراوانی لە حالی
زاییندایە و مەمکی خۆی لە
مشت گرتووە. ئایینی
کیریشا "ئانایە" بووە.



"سنجاخ " وەکوو پوولێکی چکۆلە بووە بەسەر میخێکەوە. نەخشی ژن خوداکانی بەسەرەوە بووە. ژنان نەزریان کردووە و ئەو سنجاخەیان لە نێو بەردی دیواری پاراستان چەقاندووە کە نەزرەکەیان بێتە دی.
ئەم سنجاخانە بە فراوانی کە لۆڕستان دۆزراوەتەوە.





خاتوونێکی دەرباری ساسانی






جل و بەرگی خاتوونی ئەشکانی.




خاتوونێکی پارسی.



چارشێو و چارشێوەوڕاخ، شەرمە (حیجاب) لە
دەورەی "سەفەوی" و "قاجار" لە ئێراندا.











کچێکی دەرەبەگ و ژنێکی لادێیی کورد
سەرەتای سەدەی بیستەم.







بەشداری ژنان لە کۆماری کوردستاندا.

